# التوحيد

## لەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا

نووسینی

عبدالقادر توحیدی

www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

# التوحيد
# کتێبی یەکتا پەرەستی

نووسینی
عبدالقادرتوحیدی

ناوی کتێب : التوحید
نوسەر : مامۆستا عبدالقادر توحیدی
نەخشە سازی : دەنگی غریبان
تیراژ :٢٠٠٠

ژمـــارەی سپاردن : (٨٩٩)سالّی ٢٠١٢

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الامين محمد وعلى آله واصحابه الغرالميامين وتابعيهم باحسان الي يوم الدين وبعد

## پێشەکی

پێویستە بۆ چاورۆشنی پێش ئەوەی کە بچینە سەر ئەسڵی مەبەست بە کورتی ئەمانە بزانین

١ ـ اللە سبحانەتەعالا مرۆڤی تەنها بۆ بەندایەتی دروست کردوە وەك ئەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ /جنۆکەومرۆڤم هەر بۆبەندایەتی دروست کردوە﴾[١] ئەم بەندایەتیەش بە دوو شتەبە دۆستایەتیو بە دوژمنایەتیە (الولاء والبراء) یەکەم پێویستە موسڵمان دۆستایەتی لە گەڵ خواو پێغەمبەرەکەی و موسڵمانان هەبێ و خۆشیانی بوێ چونکە اللە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ / هەرکەسێك خوداو پێغەمبەر(ﷺ)وباوەڕداران بکات بەدۆستویارمەتی دەری خۆی ـ ئەوکەسە حیزبی خوایە ئەوسا بەبێگومان حیزبی خوا هەر خۆیەتی سەرکەوتو﴾[٢]

وە پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەفەرموێ : { وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى أَمْرٍ إِذَا أَنْتُمْ فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ} سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن،وە باوەڕیشتان نیە هەتا یەکترتان خۆش

---

[١] ـ سورة الزاريات / ٥٦

[٢] ـ سورة المائدة /٥٦

نەوێ ، ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لەسەر شتێك ئەگەر بیڵێن خۆشەویستی لە نێوانتاندا دروست دەبێ زۆر سەلام بکەن لەنێوان خۆتاندا )[1]

٢- ئەبێ دوور بکەویتەوە لە فریودەرو سەرکەش و خوا ناشراوەکان چونکە اللە ئەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ / بەحەقیقەت بۆ هەمو گەلێك پێغەمبەرمان ناردوە کەپێیان بڵێ: کە خودابپەرستن و لەتاغوت دووربکەونەوە﴾[2] وە ئەوە مانای (لااله الا الله) یە پێشەکی دەبێ مرۆڤ خۆی پاك بکاتەوە لەوتاغوتانەو پاشان خۆی بڕازێنێتەوە بە ناسینی پەروەردگاری تاك و تەنها .

٣ - ئەبێ بزانی کە تۆ خاوەنی ئاینێکی بەناوی ئیسلامەوەو هەر ئەو ئاینەش راستەو باقی ئاینەکانی تر کاتی بوون،نابێ لە پاش هاتنی قورئان پەیڕەوی لە هیچ ئایین و پەڕاوێکی تر بکرێت چونکە اللە ئەفەرموێ :﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَآمَنُوا بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ / وە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناو کرداری چاکیان کردو باوەڕیان هێناوە بەوەی کە ڕەوانەکراوە بۆ محمد ﷺ کە قورئانە، - کە هەر ئەوەش تاکەڕێبازی ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارییانەوە بۆیان هاتوە - اللە خراپەکانی لەسەر لابردنو کاروباریشی بۆ ڕێکخستن﴾[3]

---

[1] - مسند امام احمد ، صحیح مسلم ، سنن ابی داوود ، سن الترمذی ، سنن ابن ماجه عن ابی هریرة

[2] - سورة النحل /٣٦

[3] - سورة محمد / ٢

وه ئەفەرموێ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ / وە هەر کەسێك ڕێبازێك بێجگە لە ڕێبازی ئیسلام هەڵبژێرێت ئەوسا با بزانێت هەرگیز لێی وەرناگیرێت و ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا لە ڕیزی زیان لێکەتوانە﴾[1].

٤ ـ ئەبێ بزانی پارانەوە، بەندایەتی و عیبادەتە وەك اللە ئەفەرموێ : ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ / پەروەردگارت فەرمویەتی، بانگم بکەن وەڵامتان ئەدەمەوە﴾[2]

وە پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرموێ : ( الدُّعاءُ هُوَ العِبادَةُ / پارانەوە هەر خۆی عیبادەتە) کەواتە نابێ لە غەیری اللە بپارێیتەوە چونکە عیبادەتەو عیبادەتیش تەنها شایستەی اللەیە و هیچ کەسێك نە پیاو چاك و نە پێغەمبەرو نە فریشتە خاوەنی ئەو مەقامە نیەو نابێ بۆیان بەکار بهێنرێت.

٥ ـ بزانە گەورەترین تاوان و گەورەترین ستەم هاوبەشی دانانە بۆ اللە ج لە زاتیدا ج لە سیفاتیدا ج لە کردارەدا، اللە سبحانە ئەفەرموێ :﴿لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّآ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ / بە ڕاستی کافر بوون ئەو کەسانەی کە وتیان، اللە سێ هەمی سێ یەکانە واتە خوا و

---

[1] ـ سورة ال عمران /٨٥

[2] ـ سورة غافر / ٦٠

عیساو مەریەم ، وە جگە لەیەك خوای تاك‌و تەنها کەالله یەهیچ خوایەکی ترنییە، خۆ ئەگەر واز نەهێنن لەوەی کە دەیڵێن با چاك بزانن ئەوانەی لەوان کە ئاوا خوانەناس بن سزایەکی دەردناکیان پێ دەگات و ئازاریان دەدات ﴾[1].

وە ئەفەرموێ :﴿ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ / بێگومان شیرك تاوانێکی گەو رەیە﴾[2].

٦ ـ پێویستە بزانی عیبادەت بۆ الله واتە ئەنجامدانی شتێك کە الله پێی خۆش بێت لە کردارو وتار چ بەئاشکرابێت چ لە ناو دڵدا بێت ، جا ئەگەر ئەو شتانە بۆ غەیری الله بو، یان بۆ اللەو بۆ غەیری الله بو ئەوە الله وەری ناگرێت و کابرا ئەبێ بە موشریك ، بەڵکو ئەبێ ئەو کردارو وتارە دوو مەرجی تێدابێت، پاك و خاوێن بێت و تەنها مەبەست الله بێت.﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ / وە ئەمانە ئەمریان پێ نەکرابو مەگەر تەنها بەوەی کە بەندایەتی الله بکەن بەشێوەیەکی پاڵفتەیی‌و دڵسۆزانەو خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ ئەوزاتە بەگوێرەی ئەو یاساو بەرنامەیەی کە بۆیان هاتوەو لادەن لە هەمو ڕێبازێك‌و تەنها ڕێبازی الله بگرنەبەر﴾[3] وە ئەبێ موافق بێت لەگەل دەقە شەرعیەکاندا وەك پێغەمبەرمان (ص)ئەفەرموێ { مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ/

---

[1]- سورة المائدة / ٧٣

[2]- سورة لقمان / ١٣

[3]- سورة البينة / ٥

هەرکەسێك شتێك بکات کە بڕیاری ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوسا ئەو شتە وەرناگیرێت}[1] .

٧ ـ بزانە کە ئیسلام کۆناکرێتەوە لەگەڵ ئایینێکی تردا چونکە خۆی تەواوەو پێویستی بەوە نیە بە شتێکی تر پڕ بکرێتەوە ، وەك پەروەردگار خۆی ئەفەرموێ : ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا / من ئەمڕۆ تەواوم کردوە بۆتان دینەکەتانو نیعمەتی خۆمم تەواو کردبۆتانو رازیم لێتان کە ئیسلام دینتان بێت﴾[2] .

وە پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەفەرموێ :{ مَنْ سَمِعَ بِي مِنْ أُمَّتِي أَوْ يَهُودِيٌّ أَوْ نَصْرَانِيٌّ فَلَمْ يُؤْمِنْ بِي لَمْ يَدْخُلِ الْجَنَّةَ / سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە هەر کەسێك لەم ئومەتەم بان جو یان فەله ناوی منی بیست و باوەڕی پێ نەهێنام ناچێتە بەهشتەوە}[3]

٨ ـ بزانە کە وشەکانی ناو پەراوە فیقهیەکان زۆربەیان خاوەنی دوو مانایە ، مانایەکی لۆغەوی ( زاراوەی ) و مانایەکی شەرعی ، لە ئایەت و فەرمودەکاندا بە هەردوو مانا هاتون بەلأم زۆربەیان مانا شەرعیەکەیەتی و دەبێ لە مانا کردندا ئەوە بزانرێت تا بەهەڵەدا نەچیت و هورتان و فەرموده ، فەرمودەو فەرموده نەدەیت بەگژ یەکدا — بۆ نمونە :

---

[1] - صحیح مسلم و غیره

[2] - سورة المائدة / ٣

[3] - صحیح لغیره

وشەی ( الصلاة) لە لوغەتدا بە مانای دوعایە بەلآم لە شەرعدا کە وترا مەبەست ئەو عیبادەتەیە کە بە اللە اکبر دەست پێ ئەکات و بە سەلامدانەوە کۆتایی پێ دێت.

وشەی ( الزکاە ) واتە پاک و خاوێنی و بوژانەوەبەلآم لە شەرعدا بریتیە لەو ئەندازە مالەی کە لە چەندین شتی دیاری کراو بە رێژەیەکی دیاری کراو دەدرێت بە یەکێك یان زیاتر لەو هەشت تاقمەی کە خوای گەورە لە سورەتی تەوبەدا باسی کردوە.

وشەی ( الصوم ) واتە بێ دەنگی و قسە نەکردن ، بەلآم لە شەرعدا بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جیماع بە نوێتی رۆژو لە پێش نوێژی بەیانیەوە هەتا بانگی مەغریب .

وشەی ( الحج ) واتە قەسد کردن و بزیاری ئەنجامدانی شتێك ، بەلآم لە روانگەی شەرعەوە واتە قەسدی مالی خوا کەبەپۆشینی پۆشاکی تایبەتوبە (لبیك اللهم لبیك ..) دەست پێدەکاتو بەتەواف مالێ ئاوایی کۆتایی پێدێت بەو شێوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆی دیاری کردوین .

وشەی ( الجهاد ) واتە تێکۆشان بەلآم لە روانگەی شەرعەوە واتە غەزا کردن بۆ بەرز کردنەوەی ئالای لا اله الا اللە، بزانە کەئەم پێنج وشانە بەکەمی لە دەقەکاندا بە مانای زاراوەیی هاتون .

وشەی ( الاسلام ) واتە خۆدان بەدەستەوە وە تەسلیم بون ، بەلآم لە روانگەی شەرعەوە ئەگەر خۆی بەتەنیا وترا واتە کیتاب و سونەت واتە ئاینی خوا ، بەلآم ئەگەر لە بەرانبەر ئیمانەوە وترا ( اسلام ) واتە شایەتی دانی بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی نیە بێجگە لە اللە

وه شایەتی بدەیت کە محمد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە ، نوێژو زەکات و رۆژو حەج بکەیت. ئەوکاتە ئیمانیش واتە باوەڕ بون بە زاتی الله و سیفات و کردارەکانی و باوەڕبون بە فریشتەکانو باوەڕبون بە پەڕاوەکان کە ئاخریان قورئانەو باوەڕبون بە تەواوی پێغەمبەران (علیهم السلام) و باوەڕبون بە رۆژی قیامەت و قەزاو قەدەر، کە ئەمانە شەش بناغەی ئایینی ئیسلامن ٠

وشەی ( الکفر ) واتە داپۆشین و سڕینەیی و پێ نەزانی، لە شەرعدا واتە باوەڕنەبون بە یەکێك لەو شتانەی کە بە چاکی زانراون لە ئیسلامدا وەك ئەو شەش بناغەی ئایینەو نوێژو رۆژو زکات و حەج، یان گاڵتە کردن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی و بە نیشانەکانی خوا ٠ لێرەدا وتراوە کوفری کەمتر لە کوفر کە ئەگەر مەبەست کوفری لۆغەوی و کوفری شەرعی بێت ئەوە چاکەو کێشەیەکی نیەو هەندێ کەس گوناحێك دەکات بەوە کافر نابێت بەڵام لەو بارەوە پێی بوترێت کافر راستەچونکە راستیەکی داپۆشیوەو ناحەقێکی ئەنجام داوە وەك بەجوتیارئەوترێت کافر چونکە دانەوێڵەکان ئەشارێتەوە ئەمە ئەو کافرە نیە کە لە ئایین دەرچوبێت. جا هەندێ جار کەسانێك لێرەدا بەهەڵە دا دەچن کوفرێك کە مرۆڤ لە ئایین دەردەکات و بە خوا نەناس ناو ئەبرێت ، بە کوفری بچوکتر لە کوفر(کفر دون کفر) ناو دەبەن و وا دەزانن کە ئەمە ئیتر کابرای پێ کافر نەبوەو نابێ چونکە هەروەکو ئیمان زیادو کەمی هەیە شیرکو کوفریش گەورەو بچوکیان هەیە،لەدۆزەخیشدا جێگای خراپو خراپ ترینش هەیەکەواتە

كوفر بەمانا شەرعيەكەى هەر كوفرەو مرۆڤ لەسنورى باوەڕ دەر دەكات ئەگەرچى كافرى پيس‌وپيستريش هەيە.

وشەى ( الاستغاثه ) داواى يارمەتى، كە ئەمەش دوو جۆرە يەكەم : داواكارى لە كەسێك كە زيندو بێت و توانای هاتن بە دەمەوەى هەبێت‌ونيشەكەش لەتوانای ئەودابێت ئەمە دروستەو هيچ تاوانێكى تێدانيە . دووهەم : داواكارى لە مردو كە توانای هيچى نيە يان داواى شتێك لە كەسێكى زيندوبكەيت بەڵام ئەو شتە لە توانای ئەودا نەبێت وەك داواى رۆزى و منالّ پێدان و شيفاو ئەو شتانەى كە تەنها لە دەست الله دان ، ئەم جۆرەيان شيركەو مرۆڤ لە ئايين دەر ئەكات.

٩- بۆ نوسينى ئەم باسە سەرەتا ويستم ئايەتەكانى شيرك لەهەموسورەتەكانى قورئاندا بهێنم بەڵام لەبەر ئەوەى كەباسەكە زۆر درێژ دەبو ئەوەم نەكرد بەڵكو گوڵبژێرێكم كرد هەرچەند بەم شێوەش تيكرارى زۆرى تێدايە بەڵام پێويستە تا تێبگەيت كە اللەسبحانەوچەند گرنگى بەومەبەستە داوەونيشى زياتر لە يانزەسالّى پێغەمبەرمان (ﷺ)بوە كەچى ئەمرۆ خەڵكى گوێى پێنادات‌و بەسادە دەيگرێت‌و لەناوەراستەوە خۆى بەئايينەوە خەريك ئەكات ئەوەتە ئەوەندە ناشارەزايە لە ئايين لەسەر تەركى بيدعەيەك هاتوهاوارێكى زۆرو بێ جێ ئەكرێت بەڵام واز هێنان لەو هەمو سوننەتانە بەڵكوتەركى ئەوهەمو واجبانە كەس ناهەژێنێ‌و لەوانەيشە بەوكارەبێ سەروبەرانەيشى خوا بەقەرزارى خۆى بزانێ ؟!!

١٠ ـ چونکەمەبەستمان پێگەیاندنو تێگەیاندنی خەڵکەو وشەی خوا یان خودا مانای وشەی (الله)یە، دورگیرمان نەکردوە لەبەکارهێنانی وشەی خوا چونکە پێمان دروستەو مانای اللەیە لەزمانی کوردیدا . پێش هەموشتێك بەهیوای رەزامەندی پەروەردگاری جیهانم، پاشان هیوام سود وەرگرتنی برایانوخوشکانی هاوزمانمە.

عبدالقادر توحیدی

# ز

## بە ناوی اللە ی زۆربەسۆزو بێنیهایەت میهرەبان

ئەی خوای بێ وێنەو تاك و تەنها درودو رەحمەتی خۆت بڕژێنە بەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری پایە بەرز (ﷺ) و یارو پەیڕەوانی دا هەتا هەتایە ٠

براوخوشکانی هاوزمانو خواناس بۆ ناسینی یەکتا پەرستیو زانینی گرنگی پلەی تەوحید لەروانگەی پەیامەکەی اللە وە، پێدا چونەوەیەکی خێرا بەسەر هەندێك لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزدا کە لە بارەی یەکتا پەرستیەوە دابەزیون ئەکەین تا بە جوانی بزانین موشریك کێ یەو بە چی دەبێ بە موشریك و باوەڕدار کێ یەو کەی بیرو باوەڕەکەی سودی پێدەدات ؟ تا پوختەیەکی تەوحید کەوەك سەر وایە بۆ لەش بزانین ، بۆیە پێم باش بو بابەتێك بە زمانی کوردی تایبەت لە بارەی عەقیدەوە بنوسم چونکە وڵاتانی ئیسلامی زۆر دواکەوتون لە بواری بیرو باوەڕی راست و دروستەوە و دورن لە تێگەیشتن لەو ئیسلامەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی بە تایبەت لە بارەی یەکتا پەرستی و تەوحیدەوە بەتایبەتی تر وڵات و ناوچەی ئێمە کە یەکێکە لەو وڵات و ناوچانەی کە زۆر دوا کەوتون لە بواری تەوحید و عەقیدەی پوختی ئیسلامیەوە، واتە ئیسلام ناناسن لە ڕێگەی قورئانەوە تا لەسەر تێگەیشتنێکی پاکی عیلمی و راست و دروست کە وەك ئەرکێکی سەرەکی و سەری هەمو فەرزەکانە لەسەری بڕۆن و کارو کردەوەو عیبادەتی ڕۆژانەیان لەسەر ئەو بنەمایە دابنێن ٠ هەر تاکێك لە وڵاتی ئێمەدا کە کاتێ رو ئەکاتە ئیسلام لە ڕێگای

نوێژو رۆژو ئەخلاق و چەند شتێکی ئاسان رو ئەکاتە دین واتە لە ناوەراستەوە دەست ئەکات بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئایین و بە مەنهەج و تێگەیشتنێکی عیلمی ناچێتە ناو ئیسلامەوە، دەبێ خاوەن باوەڕ یەکەم جار اللە بناسێ ئینجا پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بناسێ بە ناسینێکی پیرو باوەڕ نەك بە عادەتو پەیڕەوی لەباوباپیران ئینجا بەتەواوی ئیسلام بناسێ و ئیشی لەسەر بکات و ئەمرو نەهیەکانی جێ بەجێ بکات هەروەك چۆن ئەسحابەکان لە سەردەمی مەکەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)یەکەم شت فێری وشەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهَ) ی کردن و پێی فەرمون ( قُولُو لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهَ تفلحوا ) تەنها وشەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهَ) ئەگەر حەقی خۆی بدەنێ ئەبێت بە مایەی رزگار بونتان لەَ قیامەتدا نزیکەی سیانزە سالّ لە تەمەنی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ پەروەردەکردنی خەلکی بوە لەسەر مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهَ)و ئازاردانی موسلّمانان لە لایەن موشریکانەوە لە سەر ئەم وشەیە بوە جا ئەوەی کە موسلّمان بوایە ئەو وشەیەی بە تێگەیشتنێکی تەواوەوە وەر دەگرت بەلاّم کابرای موشریك و کافریش بە تێگەیشتنی خۆی وەری دەگرت و ئەی زانی کە ئەمە داوای چی ئەکات و دژایەتی ئەکرد بۆ مانای وشەکە کەواتە ئەتوانین بلّێین کە تاکی موسلّمانی ئەمرۆ عیلمی بەو وشەیە نیە و شارەزای نیەو نازانێ داواکاری چیە و مەرجەکانی نازانێ ، جا ئەو قسەیە کە وتراوە ئەبو جەهل و موشریکەکانی سەردەمی مەکە زۆر شارەزاوتێگەیشتوتر بون لە مانای (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهَ) تا زۆربەی موسلّمانانی ئەم سەردەمەی خۆمان کە نوێژ ئەکات و رۆژو ئەگرێت و حەجیش ئەکات قسەیەکی راستوبەجێیە؟!ئەبو

جەهل دەيزانى بەباوەڕهێنان بە وشەى (لا إلهَ إلاّ اللهَ)دەبێ واز لەتاغوت بهێنێو تەنهافرمانى الله جێ بە جێ بكات، بەلاّم موسلّمانى ئەمرۆ دلّى پرە لە خۆشەويستى بۆ بێجگە لە الله و هەولّى دابين كردنى ياساو بەرنامەيەك ئەدات كە دژى بەرنامەو ياساى الله يە و خۆيشى بە موسلّمان دادەنێ واتە تاكەكانى ئێمە ئيسلام ئەناسن بەلاّم لە رێگەى تەوحيدەوە نيە ئەنها لە روانگەى چەند عيبادەتێكى وەك نوێژو چونە مزگەوت و هەندێ داب و نەريتى ئيسلامى ئەويش بە تێكەلاّو كردنى دەيان بيدعەوە چونكە بناغەى ئايينەكەى دانەمەزراوە لەسەر ئەساسى ناسينى الله لە روى يەكتاپەرستى و ئيخلاسەوە ، وە نخۆشى هەرەگەورەوگرانى موسلّمانانى ئەمرۆ نەبونى تەوحيدو يەكتا پەرستيەكى راستوخاوێنە ٠ بەداخەوە ئەو خەلّكەى كە ئەمرۆش خەريكى فێر كردن و شارەزا كردنى خەلّكيە لە دينى خوا هەر لە نوێژو رۆژو چەند ئادابێكى ئيسلاميەوە دەست پێ ئەكات نەك لە تەوحيدەوە ٠ هەر لەبەر ئەوەشە كە زۆرێك لەم خەلّكە دينێكى حەماسى وەردەگرێت بەلاّم دەى بينى پاش ماوەيەك وازى لێ دێنێ ٠ واتە لە بناغەوە كە يەكتا پەرستيە دەست پێ ناكەن ٠ كە پێچەوانەى دعوەى پێغەمبەرانە كە هەميشە لە سەرەتاوە لە يەكتاپەرستىو تەوحيدەوە دەستيان پێ كردوە ٠ وە زۆربەى خەلّكى نازانێ مانای (لا إلهَ إلاّ اللهَ) چيە جا دەبينى زۆربەى خەلّكى موسلّمانە بەندايەتى خۆى تايبەت ناكات بە اللەوە و توشى شيرك و بيدعەو خەرافيات دەبێت ، لەبەر تێنەگەيشتن لە وشەى (لا إلهَ إلاّ اللهَ) ٠ بەراستى ئەركى سەر شانى هەمو پێغەمبەران (عليهم السلام) فێر كردنى ئەم

وشەیە بوە بە خەڵك، تالیّی تێ بگەن و بە گوێرەی مانای ئەو رەفتار بکەن • وە بە دڵنیاییەوە ناش توانین هاو شێوەی ئەسحابەکان دروست بکەین تا نەگەڕێینەوە سەر فێر بونی بنەڕەتی ئیسلام و کار پێ کردنی کە یەکتا پەرستی راستەقینەیە واتە دەبێ پێشەکی فێری مانای (لا إله إلا الله) ببین ئینجا ئیشی پێ بکەین چونکە خوا ئەفەرموێت: ﴿ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ /واتە بزانە بێگومان پەرستراوی راستەقینە تەنها هەرالله یە ﴾[1] ، بەڵێ هەروەك لەم ئایەتەوە دەفامرێت چوار شت پێویستە کە مرۆڤی موسڵمان ئەنجامی بدات ، یەکەم : زانست • دووەەم : ئیش پێ کردن بەم زانستە • سێهەم : بانگەواز کردن بۆ ئەم ئایینە • چوارەم : ئارام گرتن لەسەر ئەو ئەزیەت و ئازارەی کە توشت دەبێت لەسەر گەیاندنی ئەم ئایینە • بەڕاستی کۆمەڵگەی سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند پێویستی بە تێگەیاندنی تەوحیدو عەقیدە هەبوە ئەم کۆمەڵگەی ئێمەش ئەوەندە پێویستی بە تێگەیشتن لە تەوحیدو عەقیدەو یەکتا پەرستی خاوێن هەیە • رەحمەت لە حوزەیفەو ئیبنو عومەر کە فەرمویانە "ئێمە لە پێشدا ئیمانمان وەر گرت ئینجا قورئان " پێچەوانەی خەڵکی ئەمڕۆی خۆمان کە قورئان وەرئەگرن پێش ئیمان • دەبێ قورئان خوێندنەکەت لەسەر ئەساسی عەقیدە بێت ، ئەمڕۆ خەڵکی قورئان لەبەر دەکات ئینجا تەفسیر دەخوێنێت بە بێ عەقیدەی پاك ؟! ئەبێت بە لە بەرکەری قورئان بەڵام هیچ لە عەقیدەکەی تێناگات یەڵکو بازرگانی بە

---

[1]- سورة محمد / ١٩

قورئانەوە دەكات و دەڕوات لەسەر قەبرستانەكان بە پارە دەی خوێنێتەوە بەڵام خۆی لە ناو عەقیدەیەكی شیرگی دا دەژی و ئامادەش نیە خۆی چاك بكاتەوە چونكە نازانێ كە نازانێ واتە جەهلی مورەكەبی هەیە ؟!! ئینجا وەكو ئەو كابرایەی لێ دێت كە حواری گەورە لە قوڕئاندا باسی ئەكات و دەفەرموێ: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ۚ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ / وێنەی ئەو كەسانەی كە تەوراتیان پێ هەڵگیراو پاشان بەو ئەركەی كە تەورات داوای لێكردوبون هەڵنەستاون وەكو وێنەی ئەوكەرەوایە كەبارێ پەڕاوی هەڵگرتبێت هەر چۆنێك ئەو كەرە سوود لەو پەڕاوانە وەرناگرێت ئەوانیش ئاوەهان، ئەمە وێنەیە بۆ ئەو كەسانەی كەگوێ بە یاسای خوا نادەن بۆیە دەفەرموێ: وێنەی ئەو گەلەی كە باوەڕیان نەهێناوە بە نیشانەكانی خودا زۆر خراپەو خوایش گەلی ستەمكار ڕێنمایی ناكاتو نایخاتە ڕیزی خۆشبەختانەوە ﴾[1] جا دەبێ سەرەتا شارەزای ئەم ئایەتە ببیت و هەوڵی ئەنجامدانی بدەیت ، وە خوای خۆت بە تەواوەتی بناسی ، بزانە كە كاری پێغەمبەرمان (ﷺ) لە سەرەتادا دوو شت بوە یەكەم : پاك كردنەوەی خەڵك لە پەیڕەوی كردنی جگە لە خواو پوچەڵ كردنەوەی ئەو بۆچونە هەڵەو نا دروستەی كەخوای خۆیان لە گۆڕەپانی ئیش و كاری ڕۆژانەی خۆیاندا وەلانابو، وەلە شتانی تر پەیڕەویان دەكرد كە ئەمە بە واتای شەرع – تەخلیە و تەحلیەی پێ ئەوترێت • ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئاوێك بخۆین پێویستە پێشەكی قاپی ئاوەكە خاوێن بكەینەوە

[1] - سورة الجمعة / ٥

ئینجا ئاوی تێ بکەین بۆ خواردنەوە ، ئەگینا ئەگەر قاپەکە پیس بێ ئاوە پاکەکەیش پیس ئەکات واتە ئەبێ دڵ و دەرون و میشکی مرۆڤ لە پیسای کوفرو شیرك رزگار بکرێت ئینجا نەمامی خودا پەرستی تێدا بنێژین کە دوو هەمیان بە تەحلیەو تەعلیم ناو ئەبرێن ، کە مانای(لااله + الا الله ) سەرەتا نەفی کردنی هەمو جۆرە بۆ چونێکی هەڵەیە لە بیرو باوەڕو خودا ناسیدا ئینجا دان نانە بە خودایەتی خودای گەورە و میهرەبان دا بەومانایەی کەلەئیلاه دا هەیە، کە ئەمە ئیشی سەرەکی نزیکەی سیانزە ساڵی تەمەنی پێغەمبەرمان (ﷺ) بوەو بەهەموتواناییەوە داکۆکی لەسەر ئەم ئەسڵە سەرەکییە کردوە ئینجا بەشەکانی تر کە لەراستیدا شەرحو رافەی (لااله الا الله) یە، هێواش هێواش هاتوونو بە خەڵکی راگەیاندون ، بەڵام بەداخەوە لە کۆنەوە ئەم ئەرکە سەرەکیە ناودەرونیە زۆر گرنگی پێ نەدراوە ئەوەندەی کە گرنگی بەروالەتی مەسائیلی عەمەلی و فەرعیەکان دراوە ، مرۆڤی بەناو موسڵمانی ئەمرۆ بۆ ئەنجام دانی ئیشێکی بیدعە چونکە شەیتانی لەگەڵدایە ئەوەندە سورە تەنانەت ئامادەیە دڵی چەندین موسڵمان عاجز بکات کەبەقەتعی حەرامەبەڵام کاتێ کە بەرەو یەکتا پەرستی بانگ دەکرێت خۆی لێ ئەدزێتەوەو دەیان ناوو ناتۆزەی ناڕەوایش بە گابرای راست وڕێ دا دە چەسپێنێ و دەڵێ توند ڕەوە یان ئیسلامی سیاسی و چەندین ناوی تر کە لەراستی دا تەنها نەزانی و نەناسینی ئایین و دوور کەوتنەوەیە لێی و هیچی تر ، نالێ پێغەمبەرمان (ﷺ) سیانزە ساڵی مەکە چی کرد تەنها نوێژ فەرز بوە ئەویش پاش دە ساڵ و لە شەوی میعراج دا کەواتە راستە ئەمرۆ ئیسلام

لە ناوەراستەوە دەناسین نە ئەوەڵ و نە ئاخری نازانین و ناینناسین پەڵکو دژایەتی هەردوولایشی دەکەین و خۆیشمان بەلاوە موسڵمانە؟!.

بە پشتیوانی خوای گەورە لەمەو دوا بە درێژ تر لەمبارەومباس دەکەین ٠ هیوا دارم کە بەوردی بیخوێننەوە و سودی لێ وەر بگرن جا ئەوەی کە راستەو پێکاومانە ئەوە تەنها لە خواوەیە، وە ئەوەیش کە نەم پێکاوە هەڵەی منەو داواکارم خوای خاوەن سۆز بەزەیی پێمدا بێتەوەو چاو پۆشیم لێ بکات ، ﴿إِنْ أُرِيدُ إِلَّا ٱلْإِصْلَٰحَ مَا ٱسْتَطَعْتُ ۚ وَمَا تَوْفِيقِىٓ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ / جگە لەچاکسازی ئەوەندەی کە بتوانم مەبەستێکی ترم نیەو سەرکەوتنیشم لەمبوارەدا تەنها بەدەست اللە یە، پشتم هەربەو قایمەوهەربۆلای خۆی ئەگەڕێمەوە﴾[1].

برایان و خوشکانی هاوزمانم ، دروست بونی مرۆڤ و جنۆکە هەربۆ پەرستنی ئەو زاتە تاك و تەنهایەو هیچی تر ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ / جنۆکەو مرۆڤم هەر بۆ بەندایەتی دروست کردوە ﴾[2] بەرزی و نزمی مرۆڤ لەو پەرستنەدایە کێ بەندایەتی چاك و پاکی کرد بەرزو بە رێزەو کامیش لەو بەندایەتیەدا سەرپێچی کرد نزم و ریسوایە و ئاژەڵ لەو بەنرخترە ، بناغەی ئەم بەندایەتیەش لە ناسینی خوای تواناو زاناوە دەست پێ ئەکات ٠ هەر کەسێك خوا بەو شێوەی کە لەلایەن زاتی خۆیەوە یان پێغەمبەرەکانیەوە -علیهم السلام- باسکراوە بناسێت و

---

[1]- سورة هود / ٨٨.

[2]- سورة الزاريات / ٥٦

بەندایەتی بۆبکات بەهشت جێگایەتی، وە هەر کەسێکیش بەو شێوە نەیناسێت با بەندایەتیش بکات بە هەڵەدا چوەو رۆژی دوای دەستی خاڵیەو دۆزەخ جێگایەتی خۆ ئیشێك نەوەندە گەورەو گرنگ بێ شایستەیە کە مرۆڤی خواناس قۆڵی مەردانەی بۆ هەڵبکات و بە چاکی بیناسێ و لە هەڵس و کەوتی رۆژانەیدا رەنگ بداتەوە ، جا منیش وەك خەمخۆرێکی ئەم ئاینەودڵسۆز بۆ موسڵمانان بە تایبەت هاوزمانانم پوختەیەك لەو بناغەی ئایینە ئەخەمە پێش دەمتان بەڵکو سودی لێ وەربگرن و منیش وەبەر دوعای خێری ئێوەی خۆشەویست بکەوم، وە ئەڵێم تەواوی سوپاس هەر بۆ اللە یە کە پەروەردگاری جیهانیانە، ( و بە نستعین ) وە تەنها لەو داوای یارمەتی ئەکەین ( وعلیه نتوکل ) وە هەر بەو پشت دەبەستین • پاشان ئازیزانم سەرەتا لەم داستانەی قورئانەوە دەست پێ ئەکەین کە ئەفەرموێ :﴿ أَوْ كَالَّذِي مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْيِي هَٰذِهِ اللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ مِائَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِائَةَ عَامٍ فَانظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَانظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ آيَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَانظُرْ إِلَى الْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ ئایا هەوالی ئەو کابرایەت پێ نەگەیشتووە کە بە لای گۆندێکدا تێ پەڕی کەهەموی کاول ببوون و داروبەردی کەوتبو بەسەریەکداو خەڵکەکەی هەمویان مردبون، جاوتی: خوا ئەمانە چۆن زیندو دەکاتەوە؟. پرسیار دەکات بۆ ئەوەی چۆنیەتی

زیندوبونەوەی بۆ دەرکەوێت ـ ئەوساخوای گەورە ئەو کابرایەی سەد ساڵ مراندووە کە خواردنو خواردنەوەو کەڕێکی پێ بو بۆسواری پاشان زیندوی کردەوە و فەرموی: چەندێکە لێرەدا ماویتەوە؟وتی: رۆژێك یان تاقێکە من لێرەم، وەختی تەماشای گوێدرێژەکەی دەکرد کە هەر ئێسقانەکەی مابوو پێی وابوو دەمێکە لێرەیە، بەڵام کە تەماشای خواردنەکەی دەکرد کە نەگۆڕابوو پێی وابوو کە زۆر نەماوەتەوە بۆیە وتی: تاقێکە، خوا فەرموی: نەخێر وانیە کە تۆ دەزانیت بەڵکوئەوە سەد ساڵە تۆ لەوێدا ماویتەوە، دەی بیر لە تواناودەسەڵاتی ئێمە بکەرەوە و تەماشایەکی خواردن و خواردنەوە کەت بکە کە هیچ گۆڕانکاریەکیان بە سەر دا نەهاتووە ـ دەڵێن: تریێ و هەنجیر و ئاوی میوەی پێ بووە ئەمانە هیچ کامێکیان نەگۆڕابون ـ جا خوای گەورە لە رێگای فریشتەوە پێی فەرمو: تەماشای کەرەکەت بکە کە چی لێ هاتوە و چۆنی درست دەکەینەوەو ئێمە تۆ و بە سەر هاتەکەت دەکەین بە بەڵگەی زیندوو کردنەوە بۆ خەڵکو تەماشای ئێسقانەکان بکەو بزانە چۆنی راست دەکەینەوە لە پاشدا بە گۆشت ئێسقانەکانی دا دەپۆشین دەڵێن: ئێسقانی ئەو گوێ درێژە بە راست و بە چەپ دا پەرتوبڵاو ببوو ئەوەندەمابوە کەسپی ببوو خوای گەورە بایەکی نارد هەموی کۆکردنەوەوهەر پارچەیەکی لە شوێنی خۆیدا داناو بوو بە کەرێکی ئێسقانی و لە پاشدا خوا دای پۆشی بە گۆشت و رەگ و پێست و فریشتەیەکی نارد فوی کرد بە هەردوو کونە لوتی دا کوتو پڕ بە فەرمانی خوا سەرانەی ، ئەم کابرایە دەڵێن: عوزەیر پێغەمبەر بوە، جاکاتێ کەئەمەی هەمو بە چاوی

خۆی دی وچۆنیەتی زیندوبونەوەی زانی _ وتی: من دەزانم خودا دەسەڵاتی بە سەر هەمو شتیك دا هەیەو لەم زەمانەدا کەس ئەو زانایيەی منی نیە چونکە من بە چاوی خۆم زیندوو کردنەوەم دیوە﴾[1].

ئەم داستانە چەندین حیکمەتی تێدایە بۆ زۆربەی خەڵکی ئەفام و نەزان و لەدین تێنەگەیشتو و ئەوانەی کە هاوار لە غەیری خوای گەورە دەکەن ولێیان دەپارێنەوە ، پێیان وایە کە بەردێك یان دارێك یان قەبرێك یان پیاو چاکێك یان پێغەمبەرێك دوای مردنی وەلامی داواکاریەکانیان ئەداتەوە کاتێ کە بانگیان لێ ئەکەن و لێ یان ئەپارێنەوە، یان شیفای نەخۆشیەکەیان ئەدات ، یان داوای منداڵ لە قەبرێك ئەکەن ، پێیان وایە کە ئەمانە واسیتەن لە بەینی خەڵك و خوادا ، پاك و بێگەردی بۆ خوای تاك و تەنهاو بێ شەریکە ، غەیری خوا ، هیچ کەس شتێك لە پەنهانی نازانێت. من تەنها ئەوەندە دەپرسم کە: ئایا ئەگەر پێغەمبەرێك، خوای گەورەو خاوەن دەسەڵات سەد ساڵ بیمرێنێت ، ئینجا دوای (١٠٠) ساڵ زیندوی بکاتەوە و پرسیاری لێ بکات چەندێکە لێرە ماویتەوە ؟ وەلام بداتەوەو بڵێت خوایە رۆژێکە یان نیوە رۆژێکە جا ئەگەر پێغەمبەرێك ، کە پێغەمبەری خوا بێت وگەورەی هەمو وەلی وشێخان بێت و و دوستی خوا بێت سەد ساڵ بمرێت نەزانێت چەندە مردوە و ئەم سەد ساڵە ئاگای نە لەم دنیایەو نە لەو دنیا بێت بەنەسی ئایەتی قورئان ، ئەی مرۆی نەزان چ کەسێکی تر هەیەکەلەوپێغەمبەرە گەورەتربێت ئاگای لە پارانەوەو داخوازیەکانی ئێوەبێت؟ دڵت پاك بکەرەوە لەژەنگی بۆچونی

---

[1] - سورة البقرة / ٢٥٩

هەڵەو دڵنیابە کەبێجگە لە خوای خاوەن دەسەڵاتو زانا هیچ کەس شتە شاراوەکان نازانێت.

ئازیزانم قورئانی پیرۆز شەش هەزارو دووسەدو ئەوەندە ئایەتەیە خۆ هەر نەبێت زیاتر لە دوو هەزار ئایەتی باسی عەقیدەیە ، کەچی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی بەناومۆسڵمانی ئەمڕۆ توشی نەخۆشی شیرك بوون ، بۆ؟ چونکە لە قورئان وردنابنەوە ، وە لە خوایەك ناپارێنەوە کە زیندووەو نامرێ ، بەڵکو لە مردوو داوادەکەن ؟! خۆ ئەگەر ئێوە دەڵێن ئەوانەی کە ئێمە داوای یارمەتیان لێ دەکەین ئەوانە واسیتەمان بۆ دەکەن لەلایەن خوای گەورە ، ئایا تۆ نازانی کە واسیتە تەنها لە حوکمی زاڵم دا هەیە ؟ خۆ خوای گەورە سیفەتی زوڵمی نیە تاکو پێویست بە واسیتە بکات بەڵکو یەکێك لە سیفەتە کانی خوای گەورە داد پەروەریو عەدالەتە ، ئاشکرایشە هەر حوکمێك کە عەدالەتی تێدابوو پێویستی بە واستە نیە!. بیر بکەرەوەو باش بزانە کە بەڕاستی لە هەر شوێنێك دا واسیتە هەبو بە یەقین بزانە کە لەوشوێنەدا زوڵم زاڵە بەسەر عەدالەت دا ئایا نازانیت کە بەو هەڵس و کەوتەت پەروەردگاری میهرەبانت بە پیاوێکی ستەمکارەوە چواندوە ؟ئەی خوا نافەرموێ: ﴿ فَلَا تَضْرِبُوا۟ لِلَّهِ ٱلْأَمْثَالَ / تمونە لەسەر خوا مەهێننەوە﴾[1] ؟ بەراستی ئەگەر بەجوانی لەم قورئانە بە نرخە وردببیتەوە چاك بۆت دەر دەکەوێ کە موشریکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) هیچ کەسیان ئینکاری خالیقێتی خوای نەکردوە

---

[1]- سورة النحل / ٧٢

، ئەوەتە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ﴾ یا محمد (ﷺ) ئەگەر پرسیار بکەیت لە دارو دەستەی ئەبو جەهل کە کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردوە ؟ ﴿ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾ بەدڵنیاییەوەئەڵێن : الله ﴾[1].

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ / وە ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت و بڵێیت کێ دروستی کردون بێگومان ئەڵێن: الله ، دەسا بۆ ئاوەها لەراستی لادراون ﴾[2] ئینجا خوا ئەوانەی کەموشریکن بە کافر ناویان دەبات و ئەفەرموێ :﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ / ئەی محمد(ﷺ)بڵێ: ئەگەر ئێوە شتێك ئەزانن زەوی‌و ئەوەی کە لەناویدایە مۆڵکی کێیە﴾[3]؟ ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ / زۆر بەزووی ئەڵێن: مۆڵکی (الله)یە بڵێ: دەی ئیتر هەر بیر ناکەنەوە،﴾[4] تاکەی خۆتان لەگێلی ئەدەن جا ژیربن وبیر بکەنەوەو هەنگاوی کوێرانە مەنێن مادامێك خۆتان دان بە خاوەنیەتی (الله)دا دەنێن دەی ژیر بن‌و هەر بەندایەتی ئەویش بکەن. هەمو ئەبو جەهلەکان دەزانن کە زەوی مۆڵکی خوایە، جا ئەگەر بەمۆڵکی خوای دەزانن و ئەوەی لە ناویشی دایە هەرمۆڵکی خوایە بۆ ولاّت بە ولاّت و شار بەشار بە دوای گۆڕی

---

[1]- سورة الزمر /٣٨

٢- سورة الزخرف /٨٧

[3]- سورة المؤمنون / ٨٤

[4]- سورة المؤمنون /٨٥

ئیمامزادەو پیاوچاکان دا دەگەڕێی و نەزریو قوربانی بۆ دەکەی ئایا پەند وەر ناگرن؟ ﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ / بڵێ کێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە﴾[1] ؟ ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ / بەم زوانە ئەڵێن : اللە یە . بڵێ: دەی ئیتر هەر لە خوا ناترسن؟﴾[2] جارێکی تر پرسیار دەکاتو دەفەرموێ : ﴿ قُلْ مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ المؤمنون ٨٨ / ئەی محمد(ﷺ)بڵێ: دەسەڵاتی هەمو شتێك بەدەست کێیە لە حاڵێکدا کە ئەو پەنا ئەداتو پەنای لێ نادرێت ئەگەر ئێوە بزانن؟﴾[3] ﴿ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ / بەم زوانە دەڵێن: ئەویش هەرمولکی (اللە)یە، بڵێ: دەی چۆن وا فریو دراوو سیحر لێکراون، کە حەقو راستیتان لێ بوە بەقسەی پڕوپوچو درۆو نەفامیتان لێ بوە بە عیلمووزانیاری ؟﴾[4]

دەی بۆ هیچ ترسێکتان لەخوا نیە و عیبادەتی غەیری ئەو دەکەن ؟ ئەمە چۆن عەقڵێکە کە ئا لەو زاتە گەورەو بەهێزە ناترسن بەڵام لەکەلاومروخاومیەك وگۆڕێکو ئیسقانەرزیوەیەك ئەترسن؟! جا چاك بزانە کە لەسەردەمی دابەزینی قورئان لەمەکەدا کەس ئینکاری بوونو خالیقیەتی خوای نەکردوە جا زۆر نەفامی وا هەیە کە دەڵێت کاکە خۆ

---

[1] - سورة المؤمنون / ٨٦
[2] - سورة المؤمنون / ٨٧
[3] - سورة المؤمنون / ٨٨
[4] - سورة المؤمنون / ٨٩

ئێمە ناوی خوا دەبەین چۆن کافر دەبین ، ئەبو جەهلیش دەی وت کە خاوەنی حەوت ئاسمانەکان خوایە و دەرگای کەعبەی گرت وداوای لە خوا کرد کە کێ راستە سەری بخات خواش دوعاکەیشی لێ وەرگرت و پێغەمبەری (ﷺ) سەر خست چونکە ئەو راست بو ، ئەی چۆن کافر بو ؟ تەنها لەبەر ئەوە کافر ن چونکە عیبادەتیان تایبەت نەدەکرد بە خوا، کابرا نوێژ ناکات رۆژو ناگرێت حەج ناکات زەکات نادات بەڵام وڵات بە وڵات لە دوای گۆڕی ئیمامزادەو پیاو چاکان و قەبری ئەنبیاکان دەگەڕێت، ئەی نەفام نافەرمانی خوات کردوە ئینجا دەچیتە لای بەندەکانی خوای گەورە کە کێشەکانت بۆ چارەسەر بکەن ؟! ئای چەند ئەزانی ، تۆ دەزانی کە خوای گەورە نە لە ربوبیەت وەنە لە خالقیەت شەریکی نیە ئەی بۆ لە ئولوهیەت دا باوەڕ ناکەیت ؟ ﴿ بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ / ئاوەها نیە کە دەیڵێن بەڵکو ئێمە راستیمان پێدان بەڵام ئەوان شوێنی قسەی پڕوپوچ و درۆ کەوتن، بێگومان ئەوان درۆزنن﴾[1]

ئینجا موشریکەکان ئەیان وت، یا محمد (ﷺ) ئێمە دەزانین کە ئەوانەی ئێمە هاواریان لێ دەکەین ولێیان دەپارێینەوە ئەمانە خوا نین ئەمانە تەنها واسیتەن لە نێوان ئێمەو خوای گەورەدا﴿ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ / ئیمة بەندایەتی ئەمانة ناکەین مەطەر بۆئەوەی کة لة خواوة نزیکمان بکەنەوة﴾[2] ﴿ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ / وە

---

[1] - سورة المؤمنون / ٩٠

[2] - سورة الزمر / ٣

ئەڵێن ؛ ئەوانە شەفاعەتمان بۆ دەکەن لەلایەن خواوە، ﴿[1] بەڵێ ئەوانە نوێژیان ئەکرد بەلاّم خوا دەفەرموێ ؛ ﴿ وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً ﴾ / نوێژو پارانەوەکانیان هیچ سودو کەڵکی نەبو بۆ ئەوان چونکە تەنها هەر سوت لێدان و دەست لەیەکدانێك بو ﴾[2] ئازیزانم موشریکەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ؛ خزمەتی مالّی خوایان دەکرد بەردەوام ئاویان بە حاجیانی مالّی خوا ئەدا ، هەمیشە تەوافی مالّی خوایان دەکردو حەجیان ئەکرد ، نەك تەنها تەوافیان دەکرد تەنانەت بە رووتی تەوافی بەیتیان ئەکرد ئەیان وت ناپێت ئەو بەرگ و لیباسەی کە ئێمە گوناحمان پێوە ئەنجام داوە تەوافی مالّی خوای پێ بکەین ، بەڕوتی تەوافیان دەکرد لەبەر زۆر ڕێزلێنان لە مالّی خوا بە بۆچونی خۆیان !! کەچی خوا بە موشریك‌وکافرناویان ئەبات.

کافر؛ ناوێکی گشتیە بۆ هەر کەسێك کە خوا هەر نەناسێت یان بیناسێت‌و شەریکی بۆدابنێت ، بەلاّم موشریك ئەوەیە باوەڕی بە خوا هەیەو عیبادەتی خوا ئەکات ، باوەڕی بە ربوبێتی خوا هەیە بەلاّم لە ئولوهیەتدا هەڵەو نەزانن لەگەل خواپەرستیەکەیشیدا پەنا بۆ غەیری خوا ئەبات و هاوار لە غەیری خوا ئەکات و بەندایەتی بۆغەیری خوا ئەکات، پێی وایە غەیری خوا دەتوانێت کاریگەر بێت لەم بونەوەردا جا ورد بەرەوەو پرسیارێ لە خۆت بکەو بڵێ ؛ باشە خۆ کاتێ کە ئەو مردوە زیندو بوو ئەگەر لە دوری یەك کیلۆ مەتر بانگت بکردایە گوێی لە تۆ

---

[1] ـ سورة یونس / ١٨
[2] ـ سورة الأنفال / ٣٨

نەدەبو و ئاگایشی لێ نەبدەبو ، ئەی چۆن ئێستا کە مردوە ئاگای لە تۆیە و دێت بە دەمتەوە؟!( وَمَا يَعْلَمُ الْغَيبَ الا الله/جگە لەخوا هیچ کەس نهێنیەکان نازانێ) یەکێکی تر لە سودەکانی ئەم چیرۆکە قورئانیە ، زانای‌و توانایی الله یە کەئاوو خۆراك سەد سالّ ماوەتەوە لەو چۆلّ و بیابانەدا وەك خۆی‌و پاراستویەتی و هیچ گۆڕانکارییەکی وایان بەسەردا نەهاتوە کە ئەم پیاوە شك بخات کە ماوەیەکی زۆرە لێرەیە ، دەی ئێستا لەگەلّ ئەم هەمو پێشکەوتنی زانستە دا نەتوانراوە بە بێ ئامێر ئاو و میوە ماوەیەکی زۆر کوڕت تر لەویش بپارێزرێ لە خراپ بون و لە ناوچون ٠

کەرەکەی جگە لە ئێسقانە رزی و هیچی تری نەمابو کە چۆن هەموی یەك خستەوەو وەك خۆی لێ کرد ، بەڵێ، بەو شێوەیە لە چۆنیەتی زیندو بونەوە تێمان دەگەیێنێ ، پێم وایە بۆ ئەو مەبەستە ( هەر کەسێ کەسە ئیترئەوەی بۆ بەسە ) ئینجا بۆ زیاتر رونکردنەوە لەوەی کە کەس غەیب نازانێ بێجگە لە الله تەماشای مێوانەکانی ئیبراهیم و لوت – علیهما السلام – بکە ٠ الله دەفەرموێ :﴿ وَلَقَدْ جَآءَتْ رُسُلُنَآ إِبْرَٰهِيمَ بِٱلْبُشْرَىٰ قَالُوا۟ سَلَٰمًا قَالَ سَلَٰمٌ فَمَا لَبِثَ أَن جَآءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ / وەبەڕاستی نێررراوەکانی ئێمە هاتن بۆلای ئیبراهیم بەموژدەوە چ موژدەی کوڕ پێدانی پان لە ناو بردنی ئەوگەلە ستەمکارەو رزگارکردنی لوت پێغەمبەر علیه السلام بێ، کەهەمویان هەر موژدەیەو مایەی شادمانی دڵی ئیبراهیمە علیه السلام جا ئەو مەئمورانە لە شێوەی چەند لاوێکی چالاك و جوان هاتنەلای و وتیان: سلام علیکم ئەویش وتی: سلام علیکم زۆری پێ نەچو بە هێواشی چوو

گوێرەكەيەكى(گۆلك)ى برژاوى بۆ هێنان و بۆى دانان كە بيخۆن بەڵام ئەوان نەيان خوارد ﴿[1]. ﴿ فَلَمَّا رَءَآ أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّآ أُرْسِلْنَآ إِلَىٰ قَوْمِ لُوطٍ / جا كاتێك كەدى ئەوان دەستى بۆنابەن ونايخۆن كەئەو نەيزانى كە ئەوانە مەئموری خودانو خواردنيان ناوێ ، لە بەر ئەوە پێى ناڕەحەت بوو، وەبەمرۆڤى نيەت چاكى نەزانين، چونكە مێوان ئەگەر خواردنى بۆ دانراو نەيخوارد بەلگەيە لەسەر ئەوە كە رەئى چاكى نيە سەبارەت بەو خاوەنْ ماڵە، لەبەر ئەوە ترسێك هات بە دڵيداو ئەوانيش هەستيان پێ كرد، وتيان: مەترسە ئێمە مەئمورين و رەوانەكراوين بۆسەر گەلى لوت بۆ ئەوەى لە بەينيان ببەين، جالەو كاتەدا ئيبراهيم عليه السلام دانيشتبو لە ناو ميوانەكانيدا. دەى بۆ بير ناكەيتەوە لە ئيبراهيم پێغەمبەر- عليه السلام — و مێوانەكانى جا ئەگەر پێغەمبەرێكى وەك ئيبراهيم و خليل الله بێت و نەزانێت ئەوانە مەلائيكەن تاكو بە خۆيان خۆيان ئاشكرا نەكرد ئەى دەبێ چ كەسێكى تر لەو بەرزو بەڕێزتر بێو غەيب بزانێتو كەرامەتى هەبێت و هەر بە كەيفى خۆى لەبارەى نهێنيەكانەوەقسەبكات ؟ خۆ دەبينى هەمان جەماعەت چون و بوون بە مێوانى لوت پێغەمبەر، نەئيبراهيم توانى زوتر بەشێوەى موعجيزە هەواڵى ئەوانە بەلوت عليەالسلام بدات ،ونەلوت زانى كە ئەوانە فريشتەن تاكو ئەوان خۆيان بۆ لوت ئاشكرا كرد ؟! جا بۆ لوت پێغەمبەر نەى زانى كە ئەوانە مەلائيكەن و لە ماڵى ئيبراهيمەوە هاتوون بۆ لای ئەو ؟ ئايا دەبێ بڵێين : كەرامەتى نەبو؟

---

[1]- سورة هود / ٦٩

نەخێر ، ئەڵێین هیچ کەس غەیب نازانێ تەنانەت پێغەمبەرانیش ، وە ئەو شتانەی کە ئەوان ئەیڵێن ئەوە غەیب زانین نیە بەنیسبەت ئەوانەوە بەڵکو خوا راستەو خۆ یان لە ڕێگای فریشتەوە ئاگاداریان ئەکاتەوە ﴿[1] ، ﴿ وَلَمَّا جَآءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيٓءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَٰذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ / کاتێك کە نێررراوی ئێمە هات بۆلای لوت زۆر ناڕەحەت بو،وەئەو ڕۆژەی بەڕۆژێکی خراپ و تەنگ زانی، دنیای لێ هاتەوەیەك و نەیدەزانی چی بکاتو وتی: بەڕاستی ئەمە ڕۆژیکی زۆر سەختەو بەڵایەکی گەورەیە﴾[2]. ئەمیش وەك ئیبراهیم پێشەکی نەی دەناسین و نەپدەزانی فریشتەو مەئمورن و بۆ لەناو بردنی گەلەکەی هاتوون و ئەوان هیچیان پێ ناکرێ بەرانبەری ئەو مەئمورانە، بۆیە ئاوا بەو شێوەیە بەو میوانانەی غەمناك بو. ئەمەش بەڵگەیەکی زۆربەهێزی تیرە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێك غەیب، نازانێت بێجگە لە اللە ئەوەبو کە ئەو دوو پێغەمبەرەبەڕێزە نەیانزانی کەئەوانە فریشتەنو بەشەرنین تا خۆیان پێیان وتن! هەی براوخوشکی کوردم زۆرچاك لەم ڕوداوەراستەقینانە وردبنەرەوەو ئایینەکەت بناسەو کوێرانە هەنگاو هەڵمەگرەوقڕیوی داستانی خەیاڵی و پڕو پوچ مەخۆوخۆت مەکە بە سوتەمەنی دین قڕۆشان، دنیا چەند ڕۆژێکەوبەزووی ئەڕواتوپەشیمانی پاش لەدەسچونی ژیان هیچ سودێکت پێ نادات.

---

[1]- سورة هود / ٧٠
[2]- سورة هود / ٧٧

## چیرۆکێکی تری قورئانی

ئێنجا چیرۆکێکی تری قورئانی دەخەینە ڕوو کە ئەمانە پێغەمبەر نەبون بەڵام ئاشکرایە کە وەلی و دۆستی خودا بوون ، خوا ئەفەرموێ ؛ ﴿إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا / کاتێك ئەوکۆمەڵە گەنجە بەرەو لای ئەشکەوتەکە ڕۆیشتن و وتیان، ئەی پەروەردگارمان لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەتو سۆزی خۆتمان بۆ بنێرە و ئەوەی کە خەیری ئێمەی تێدایە بۆمان بکە ﴾[1]، ئەمانە کۆمەڵە گەنجێك بوون کەوازیان لە ڕێبازی هەڵەی باوباپیرانیان هێناو گەلەکەی خۆیانیان بەجێ هێشتوەو ئیستا پەنایان هاوردوەتە ناو ئەو ئەشکەوتەو بەم شێوەیە لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە، جا پەروەردگاری بەسۆز وەڵامی دانەوەو فەرموی ؛﴿ فَضَرَبْنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمْ فِى ٱلْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا ﴿١١﴾ ثُمَّ بَعَثْنَٰهُمْ لِنَعْلَمَ أَىُّ ٱلْحِزْبَيْنِ أَحْصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓا۟ أَمَدًا / ئێمە ئەوانمان بۆ چەند ساڵێکی ژمێررراو لەوئەشکەوتەدا خەواندو پەردەمان دا بەسەر گوێیاندا کەهیچ نەبیسن ، پاشان لەو خەوە زیندومان کردنەوە بۆ ئەوەی بەچاو ببینرێتو ئەو زانیاریەی ئێمە، بۆ هەموان ئاشکراببێت کە کام لەو دووحیزبە ماوەی مانەومکەیان ئەزانێ تاهێزو گەورەیی ئێمەیان بۆدەرکەوێت ﴾[2]، ئەودوو حیزبە مەبەست یارانی ئەشکەوت وخەڵکی شارەکەن کە میژوی بەسەرهاتی ئەوانیان ئەزانی.ئەی نازانی کە ئەوانەی

---

[1]- سورة الكهف / ١٠

[2]- سوره الكهف / ١١- ١٢

ئەشکەوت(اصحاب الکهف) کەدۆستانی الله وسەروەری هەموشێخێکن خوای گەورە سێ سەدو نۆسالّ خەواندنیو کاتێ کە خەبەری کردنەوە پرسیاریان لە یەکتر دەکرد کەچەندێکە نووستوین؟ ئەوە بو وەك لەپاشدا ئەزانیت کە چۆن لەو بارەوە بێ ئاگان و شتێکی راستودروست نازانن ، کە بە شایەتی قورئان ئەوانە ئەولیاو دۆستانی راستینی خودا بوون ، چونکە دەیان وت ،﴿ لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا ۖ / هەر گیز جگە لە خوا کەسێکی تر ناکەین بە خوای خۆمان وە جگە لەو کەسی تر ناپەرستین و بانگ لە کەسی تر ناکەین﴾[1] دەی بۆ بیر ناکەیتەوەو چاك لەم قۆزنانەی خۆت وردبیتەوە کە هیچ گومانی تێ دانیە ؟! ئەوان جگەلە خوای خۆیان هەواری کەسی تریان نەدەکرد. پەنایان بۆ غەیری خوا نەدەبر بۆیە بوون بە ئەولیاودۆستانی خودا جائەگەر ئەوە بۆ راستکردنەوەی مرۆڤە لاڕێو عەقیدە پوچەکان نەبێ ئەی دەبێ خوای گەورەو خاوەن دەسەلاّت ئەم هەمو دمونانەی بۆچی لە قورئان دا باس کردبێت ؟ ئایا ئەبێ ئەوانە تەنها حکایاتو داستان گەلێك بن بۆسەرگەرمیوکات بردنەسەرو هیچی تر؟! ٠ بۆ بیر ناکەیتەوە لە رۆژی قیامەتدا کاتێ کە خوای گەورە پرسیار لە پێغەمبەران دەکات ﴿ ۞ يَوْمَ يَجْمَعُ ٱللَّهُ ٱلرُّسُلَ فَيَقُولُ / ئەو رۆژەی کە خوای گەورە هەمو پێغەمبەران کۆ دەکاتەوە کە رۆژی قیامەتەو دەفەرموێ؛ ( مَاذَآ أُجِبْتُمْ ) چۆن جواب دراندەوەو چیتان لە گەلدا کرا؟

---

[1] ـ سورة الكهف / ١٤

(قَالُوا ) دەڵێن، (لَا عِلْمَ لَنَا إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ ) خوايە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەو بارەوە نیە بە بێگومان تۆ هەرخۆت زانای هەموو نهێنیەکانیو هەر خۆت دەزانی چییان کردوەو چۆن وەڵاممان دراوەتەوە﴾[1] ، ئەی موسڵمان وردبەرەوە، مەگەر پیاو چاکان و ئەولیاکان لە پێغەمبەران زاناترو شارەزاترن خۆ ئەوە وەڵامی پێغەمبەران و ئیعترافیانە کە لە پاش مردنی خۆیان ئاگایان لە هیچ نیە بە نەسی ئایەتی قورئان؟ جافەرمو جەنابت وەڵامی خۆت بدەرەوە ؟! بەسیەتی خۆ خەڵتاندنو خەڵك فریودان بەداستانگەلی بێ سەروبەرو پڕوپوچو بۆ پارویەکی چەوری دنیا ئەوەی کە رۆزی تۆیە هەر پێت دەگات بۆ بەحەرامی دەیخۆیت؟ ئەمە پێچەوانەی ئەو فەرمودەیە نیە ئەگەر راست بێ کە پێغەمبەرمان لە هەفتەیەکدا دوو جار لە کرداری ئومەتی ئاگادار ئەکرێتەوە ، چونکەئەوە ئاگادار کردنەوەی خودایە نەك غەیب زانین ٠ ئینجا خوای گەورە بە پێغەمبەر ئەفەرموێت ،﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَالِمُونَ / لەم بارەیەوە تۆ هیچ شتێکت بۆ نیە یان تۆبەیان لێ قەبوڵ بکەیت یان سزایان بدەیت خۆ بە راستی ئەوان زوڵمیان کردوە لە خۆیان﴾[2]. واتە تۆ تەنها پێغەمبەرێکی و تەبلیغ دەکەیو پەیامی ئێمە رادەگەیەنی، ئیترە دەست خۆمانە چی لەوان بکەین.

---

[1]- سورة المائدة / ١٠٩

[2]- سورة ال عمران / ١٣٨

بەڵێ بەدەیان نمونەی تر ئەتوانی لەم قۆرئانە دەر بهێنی و بیری لێ بکەیتەوە . هەمو ئەمانە کە باس ئەکرێت تەنها بۆ ئەوەیە کە بەتەنهایی خوا بپەرستی و تەنها هاوار لەخوا بکەیت و تەنها ئەو بە ئامادەوچاودێری هەموکردارو وتارو نوێتی خۆت بزانیت ، وە هەر داواکارییەکت هەیە داوا لە خوای خۆت بکەیت و تەواوی دەسەلآت تایبەتی خوایە و هیچ کەسی تر ئاگای لە هیچ نیەو هیچی پێ ناکرێت تا خوا ماوەی پێ نەدات . پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرموێت: { إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ/ واتە: هەر کاتێك کە مرۆڤێك مرد – چ پێغەمبەر بێت چ ئەولیا چ پیاو چاك کرداری دوایی دێت مەگەر لە سێ رێگاوە یەکەمیان: چاکەیەك کە پاش خۆی بمێنێتەوە وەك مزگەوتو پردو بیرو نخوشخانە ،دووهەمیان: زانیارییەك کە پاش خۆی سودی لێوەر بگیرێت. سێهەمیان: منالی چاکی کە دوعای خێری بۆ بکات}[1]

ئایا دەزانیت ئەگەر پێت وابێ کە غەیری خوا کەسێ شتێك دەزانێ و ئاگای لە شتەکان و داواکاریەکانی جەنابتە ، ئەوەلە گەل قەدەری خوا دا یەك ناکەون ؟ کە باوەڕ بەقەدەر، روکنێکی ئیمانە ، ئەگەر بڕیار بێت هەر پیاو چاکێك و پێغەمبەرێك کە بەداخەوە بە هۆی نەزانین و نەناسینی شیرك و ئیمانەوە رۆژانە بە هەزاران خەڵك رویان تێ دەکەن و داوای هێنانەدی مەبەستەکانی خۆیانیان لێ دەکەن ، ئەگەر ئەوانە بە بێ ئیزنی خودا دەورێکیان هەبێ و هەرکەسەو ئیشی خۆی بکات ، ئیتر

---

[1]- رواه مسلم

قەدەری کەونی بێ مانا دەبێ و لە کار نەکەوێت ؟! وە ئەگەر ئەوانە دەوریان هەبێ و هەرکەسێك واسیتە بۆ خەڵکێك بکات ، دەی ئەبێ ئەم هەموو تاقی کردنەوەی مرۆڤە بۆ چیە لە دنیاداوچ سودێکی هیە؟ تۆزێك بیر بکەرەوەو خۆت لە خەرافیات و شیرك دور بخەرەوە ، دڵنیابە کە بڕیاری اللە حەقە کە دەفەرموێ :﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ / بەراستی اللە لە هەمو گوناحو تاوانێك خۆش ئەبێت ، بەڵام لە شیرك قەت خۆش نابێت﴾[1] شێخ عەبدولقادری گەیلانی کە یەکێك بوو لە بەندە سالّحەکانی خوا سەری خۆی لەسەر تاتە بەردە گەرمەکانی کەعبە دادەناو دەگریاو هاواری اللە دەکرد و دەی وت : ئەی خودایە ئەگەر لە گوناحەکانی عەبدولقادر خۆش نابی و لە رۆژی قیامەتدا بەو هەموو گوناحانەوە حەشرم بکەی دەی خودایە بە چاو کوێری حەشرم بکە لەبەر شەرمەزاری گوناهەکانم تاکو دۆست و برادەرو خەڵکی نەبینم بۆ کاتێ سلێمان پێغەمبەر لەگەل لەشکرەکەی رۆیشت بۆ شوێنێك ، وەك اللە دەفەرموێ :﴿ وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ ﴾ / سەردانی باڵندەکانی کردو وتی : ئایا من بەپو نابینم یان ئەو لە نادیارانە کە بەپوی لێ دابڕا و چوو بو بۆ شاری سەبەء، فەرموی : کوا بەپو سلێمانە بۆ نای بینم ؟ ﴾[2] ، بۆ، سلێمان پێغەمبەر نەی زانی بۆکوێ رۆیشتوە ، تا بەپو نەگەڕایەوە چیرۆکی نادیار

---

[1] - سورة النساء / ٤٨

[2] - سورة النمل / ٢٠

بونی خۆی بۆ نەگێڕایەوە و باسی ئەو گەلە رۆژ پەرستەی نەکرد ، سلێمان(علیه السلام) بۆ نەی زانی قەومێك هەیە لە سەبەئدا رۆژ ئەپەرستن؟ ٠بۆ دایکی مریەم کاتێ وەسیەتی کرد کە منداڵی بو بیکات بە خزمەتکاری بەیتولوقەدەس بەلأم کاتێ منداڵی پەیدا بو بینی کە کچە بۆ نەی زانی کە کچە کاتێ کەلە ناو رەحمیدابو؟ بۆ کەرامەتی نەبو یان غەیبی نەزانی ، خۆ زۆر لە خۆی دوور نەبو؟ وە کاتێ جوبرەئیل هات بۆ خزمەتی مریەم کە یەکێکە لە ئەولیاکانی خوا، بۆ فەرموی ٠﴿ قَالَتْ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا / وتی،بەنا ئەگرم بەرەحمان لەتۆ ئەگەر تۆ لەخواترسیت﴾[1] بۆ مریەم وەلی نەبو خاوەنی کەرامەت نەبوو ، ئەی بۆ نەی زانی کە ئایا ئەمە بەشەرە یان فریشتەیە ؟ ئاشکرایە مریەم یەکێکە لە ئەولیا بەرزو بە رێزەکان و خوا بە لوتفی خۆی لە میحرابدا رۆزی بۆ دەنارد ٠ ئایا کاتێ زەکەریا داوای منداڵی کرد دوای چەندین سالّ ئایا داوای لە کێ کرد ؟ ئایا داوای لە پێغەمبەران و پیاوچاکان کرد ؟ ئەی قورئان نا فەرموێ، ﴿ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيًّا / کاتێ کە بە شێوەیەکی نهێنی هاواری کردە لای پەروەردگاری خۆی﴾و ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ ٱلْعَظْمُ مِنِّي وَٱشْتَعَلَ ٱلرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيًّا / وتی، ئەی پەروەردگارم بەراستی ئێسقانم هەموی لاوازبوەو سەرم هەموی سپی کردوەو دەزانم بە شێوەی سروشتی تازە منداڵمان نابێ بەلأم تۆ توانات

---

[1]- سورة مریم / ١٨

هەیە کە ئەو نیعمەتەم پێ ببەخشیت ﴾[1]. بۆ پەنای نەبردە سەر قەبری پیاو چاك و ئەنبیاکان ، بۆ کاتێ زەکەریا پێغەمبەر لەناو کۆڵکەدارێکدا بە مشار شەق کرا نەی توانی خۆی نەجات بدات ؟ بەڵام کاتێ کە جەنازەکەی بەخاك سپێررا بەداخەوە لەلای نەزانان بو بە هەمە کارە ؟! بۆ یەحیا پێغەمبەر سەربڕینی کرا بە مارەی ئافرەتیك بە دەستی جولەکەو نەی توانی دیفاع لە خۆی بکات کە خۆی پێغەمبەر بو بابیشی هەر پێغەمبەر بو(علیهما السلام)، بۆ بابەکە نەی توانی کورەکەی لە مەرگ بپارێزێت ؟! زۆر جار شێخ بە موریدەکانی دەڵێ ئەگەر توشی هەر گیرو گرفتێك هاتن بانگم بکەن یان جار بەجار بیرم بکەنەوەو من بێننەوە پێش چاوی خۆتان، خۆ شێخ، فەقیرە خۆی موحتاجی چوار فلسی موریدە ، هەرکات مورید هات بۆ خزمەتی شێخ ، پێشەکی چاوی لە دەستی موریدە بزانێ چی بۆهێناوە ، شێخ و مورید هەمویان فەقیرو هەژارن بەرامبەر بە الله ، جا ئەگەر شێخ موحتاجی چوار فلسی ئێوەیە یان چاوەڕێی دوو پێستە پەنیری ئێوەیە، دڵت خۆشە کە شێخ گرفتەکانت بۆ چارەسەر دەکات!!

ئێمە هەمومان فەقیرین بەرامبەر بە دەرگای خوا چۆن دەکرێت داوای شت لە کەسێك بکەیت کە خۆی فەقیر بێ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ / ئەی خەڵکینە ئێوە موحتاجونیازمەندن بەالله کە الله هەر خۆی بێنیازودەوڵەمەندو سوپاسکراوە﴾[2] کەی پێغەمبەری

---

[1] - سورة مریم / ٤

[2] - سورة فاطر / ١٥

خوا(ﷺ) به سەحابەکانی فەرموە ئەگەر توشی هەر گرفتێك بوون بانگی من بکەن مەگەر وەلیوشێخەکان بەدەسلاّت ترنو پایەبەرزترن لەپێغەمبەر؟ بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ لە سەفەرێکدا بون خاتوون عائیشەی دایکی ئیماندارانیان لێ دابڕا ،جا چەند کەسێکی منافق قسەی خراپیان هەلّبەست بۆ عائیشە خۆ یەك مانگی بەسەردا رۆیشت و پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچی لەم بارەوە نەزانی تاکو خوای گەورە وحی کردە لای ؟ خۆ ئاشکرایە کە پێغەمبەر(ﷺ) سەروەری ئەولیا و شێخوپیاوچاکانەولە هەمویان گەورەترە بۆ جارێك یەکێك لە پێغەمبەرانی خوا بانگی پێغەمبەرێکی پێش خۆی نەکردوە، بۆ هیچ پێغەمبەرێك وەسیەتی نەکردوەبۆگەلەکەی خۆی، کەئەگەر توشی هەر گیرو گرفتێك بوون بانگم بکەن ؟ بۆ نوح پێغەمبەر علیه السلام بانگی ئادەمی نەکرد؟ بۆ ئیبراهیم بانگی نوحی نەکرد ؟ بۆکاتێ یوسف کەوتە ناوبیرەکەوە هاواری باپیرە گەورەی خۆی ئیبراهیم پێغەمبەری نەکرد ؟ ئەی ئەم هەموو پێغەمبەرانە ئەولیای خوا نین؟ وە شێخی هەموشێخان نین ؟ ، بۆ کاتێ یوسف پێغەمبەر علیه السلام خستیانە ناو بیرەکەوە یەعقوب پێغەمبەر علیه السلام نەی زانی چی بەسەر هاتوە؟ ، بۆ کەرامەتی نەبوو کە بزانێ لە ناوبیرێکدایە لە بیرەکانی کەنعان بۆچی ئەملاو ئەولای دەنواڕی؟ ٠ بۆ کاتی تۆفانەکە نوح پێغەمبەر – علیه السلام - نەی توانی دیفاع لە کوڕەکەی بکات و لە خنکان رزگاری بکات کە جگەر گۆشەی خۆی بوو بۆکاتێ کە یونس پێغەمبەر -علیه السلام - کەوتە ناو دەریا وە لە ناو دەریادا کەوتە سکی حوتەوە ، بۆ بانگی ئادەمی

نەكرد؟ بۆ بانگى ئيبراهيم پێغەمبەرى نەكرد ؟ بۆ بانگى نوح پێغەمبەرى نەكرد؟ بۆ خۆى پێ نەجات نەدرا ؟، ئەو يونس پێغەمبەرەى كە ئەمرۆ هەزاران خەڵكى نەزان گۆڕەكەيان كردوە بە جێگاى بەندايەتى پەنا بەخوا ؟ خۆ ئەو بۆ رزگار بونى خۆى تەنها رووى لە خواى گەورە كرد وەك خوا فەرموێ:﴿ فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ / جا هاوارى كردو وتى: بە راستى ئەى خوايە جگە لە تۆهيچ پەرستراوێكى ترى راستەقينە نيەو پاكىو بێ خەوشى بۆ تۆيە بە راستى من لە كۆمەڵى ناحەقان بووم﴾[1] بۆ ئەو كابرايەى كە لەسەردەمى موسا پێغەمبەردا – علیه السلام - كوژرا موسا نەى زانى كێ كوشتويەتى تاكو خواى گەورە چەند رێنمايەكى پێدا ، بەڵێ ، كاتێ موسا پێغەمبەر رۆيشت لەگەل خدردا بەفەرمانى خواى گەورە ، خۆ كاتێ كە خدر كەشتيەكەى كون كرد موسا نەيزانى مەبەستى چيەو كاتێ منداڵەكەى كوشت موسا نەيزانى بۆ چى كوشتى ، وە كاتێ كە ديوارى لاى ئەوگوندەى كە مێواندارياں نەكردن، راست كردەوە موسا نەيزانى بۆچى وا دەكات؟ وە لە هەمويانداا موسا پرسيارى كرد هەر چەند دەبو پرسيارى نەكردايە ، بەڵام چونكە رواڵەتەكەى بەلاوە ناشەرعى بو هەر پرسيارى لێ دەكرد كە بۆ چى ئەوە دەكەيت؟ وە موسا نەيزانى تا هەواڵى پێدا كە، خوا تێى گەياندوم • خۆ موسا پێغەمبەر -علیه السلام - يەكێكە لە پێغەمبەرە ئولول عەزمەكان ئەى بۆ هيچى لە غەيبى نەزانى ؟ خۆ كەليمو الله و ئەوليا بو نەك شێخ بەڵكو شێخى هەمو شێخان بو....

---

[1] - سورة الأنبياء / ٨٧

بەراستی ئەو هەمو پێغەمبەرانە رەوانە کراون تەنها بۆ ئەوەی کە خەڵك رێنمای بکەن بۆئەوەی کە خوای خۆیان بە تاکی بناسن و تەنها روو لە خوای خۆیان بکەن و هەرتەنها لە و بپارێنەوە ، ئەگەر ئێمە واز لەو هەمو قسانە بێنین تەنها روو لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بکەین بەسمانە بۆ کۆتای هێنان بەو هەمو شیرك و خەرافیاتانەو تەنها خوای تاك و تەنها بناسین و رو لەو بکەین و بە فەرمانی ئەو ئیشەکانمان ئەنجام بدەین چونکە ئەو دروستی کردوین و هەر خۆی دەزانێ چی باشە بۆ ئێمە.

## گەشتێکی تر بە ناو گوڵزاری قورئاندا

ئینجا فەرمون با پێکەوەگەشتێك بکەین بە ناو گوڵزاری قورئاندا و لەهەر سورەتێك لەم قورئانە بەرزو پیرۆزە دەستەگوڵێك بچنین چونکە هەر گوڵەو بۆنو رەنگی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەتی سورەتە مەکیەکان کە هەمویان لە بازنەی یەکتا پەرستیدا دەخولێنەوە .

ئازیزانم خوای گەورە چەندین پێغەمبەری بۆ بەشەریەت رەوانە کردوە کەهەمویان بۆ یەك مەبەست رەوانە کراون کە ئەویش خوا بەیەك زانینەو بەندایەتی بۆ کردنیەتی بەو شێوەی کە خۆی دیاری دەکات و لە رێگای پێغەمبەرانیەوە فەرمانی پێ کردوە ، بەڵام مرۆڤ هەمیشە بەشێکی کەمی نەبێت فریوی شەیتان و نەفسی خواردوە و لەو مەبەستە پیرۆزە لای داوە و خوایانێکی لە چەشنی خۆی بەڵکو کەمتریشی داناوە بۆ خۆی و بەندایەتی کردوە بە هەمو جۆرەکانیەوە و سەرەنجام پاشە رۆژی

خۆی خراپ کردوە ، فەرمون با لەگەڵ قورئاندا بین کە خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا / ئەم ئینسانانە غەیری خوایان هەڵبژاردوە بە مەعبود بۆ خۆیان ، نەی فەرموە هەڵیان بژاردوە بێجگە لە اللە رازق یان مالك تەنها ئەفەرموێت (وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ) بێجگە لە اللە مەعبودانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە ئەم مەعبودانەش (لَّا يَخْلُقُونَ شَيْـًٔا ) هیچ شتێکیان خەڵق نەکردوە ، (وَهُمْ يُخْلَقُونَ) بەڵکو خۆشیان مەخلوقن، مەعبودانێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە کە (وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا)ئیختیاری زەرەر و قازانجی خۆیان نیە تەنانەت ناتوانن بە خۆیشیان سوود بگەیەنن تاکو سوودوزیانیان بۆ خەڵکی تر هەبێت!! زۆر بەداخەوە کە خەڵکی ئەوەندەی ئەمڕۆ لە قەبرو چاکان دەترسن ئەوەندە لە خوای گەورە ناترسن کە بەنەسی ئایەتی قورئان هیچ زیانو سودێکیان بەدەست نیە ، وە هەرکەسێك عەقیدەی وابێت کە قەبرێك یان دارێك یان بەردێك یان بەندەیەك لەبەندەکانی خوا خۆیان راستەوخۆ بەبێ ماوەپێدانی خوا زیانو سوودیان هەیە ئەوە بەراستی لە شیرك و گومڕاییەکی تەواو دایە چونکە ئەوانە(وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ) خاوەنی مەرگ و ژیانو حەشرو نەشری هیچ کەسن نین﴾[1] خوای گەورە ئەفەرموێت: ئەمانە

---

[1]- سورة الفرقان / ٣

مرۆڤانێکی سەیرن جۆرە پەرستراوێکیان بۆخۆیان هەڵبژاردوە کە هاوارو بانگیان لێ ئەکەن و خێرو نەزرییان بۆ ئەکەن کە هیچ شتێکیان بەدەست نیە، جا بزانن کەموشریك هەرگیز نابێت بە موتەقیو کافر هەرگیز نابێت بە خاوەن تەقوا ئەگەرچی ئاوی حاجیان بدەن و مالی خوا ئاوەدان و جوان بکەنەوە نەك مزگەوتەکانی دنیا تەنانەت کەعبەش ئاوەدان بکەنەوە نابن بە خاوەن تەقوا ، چونکە سەرەتا ترین پلەی تەقوا دەست کێشانەوەیە لە کوفرو شیرك لە دوای ئەم قوناغە ئینجا جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەیە و دوور کەوتنەوەیە لە شتە قەدەغەکراوەکان (التخلیه والتحلیه )، لەوانە پشت کردنە هەموو پەرستراوێکە جگە لە الله ، وە ئەفەرموێ ، ﴿وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا/ یادی پەروەردگارت بکە بە بەندایەتی کردنی و خۆت لە شتانی تر ببچڕە بە بچڕاندن﴾[1] سەراپا مرۆڤ دەبێ روی لە خوا بێت ، تەنانەت خوا پەرسنی راستەقینە خۆی لە شتە موباحەکانیش دەپارێزێ نەوەك لەوێوە بکەوێتە ناو قەدەغەو حەرامەوە واتە دەبێ مرۆڤ خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ خواو بۆ ئەنجامدانی بڕیارەکانی و دور بکەوێتەوە لە قەدەغە کراوەکانی کە خراپترینیان هاوبەش دانانە بۆ خوای تاك و تەنها کە بەوە ئەبێت بە موشرك و بۆ هەمیشە لە ناو دۆزەخدا دەمێنێتەوە ، بەڕاستی باوەڕدار ئەو کەسە نیە کە بڵێ خوا نان و رزقمان ئەدات کافریش دەڵێت خوا نان دەدات، بەڵکو بەندەگی راستەقینەو باوەڕدار ئەوەیە کە مرۆڤ تەواوی ئەحکام و فرمانەکانی خوای گەورە لەسەر خۆی بە پێویست بزانێ

---

[1] - سورة المزمل / ٨

وبەگوێرەی توانای جێ بەجێیان بکات و هەمو ژیانی دەبێ گوێڕایەڵی فرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بێت کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر هەمان گوێڕایەڵی و بەندایەتی خوای گەورەیە نەك بەرنامەی ژیانت هەندێکی لە خوا بێ و هەندێکیش لە بەشەری وەك خۆت ، لە راستیدا ئەوە نەناسینی خواو بەرنامەکەیەتی • هەروەك خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ / هەرکاتێ داعیانی تەوحید دەعوەتی خەڵکی بکەن بۆ ئەوەی کە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نیە بێجگە لە اللە ئەوانە خۆیان بەگەورە دەزانن‌وئەوراستیە وەرناگرن﴾[1] و ﴿ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓاْ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ / جا ئەڵێن : ئایا ئێمە پەرستراوانی خۆمان وازلێ بێنین بۆ خاتری یەك شاعیری شێت ؟﴾[2] کە ئەمڕۆش زۆر بەداخەوە ئەگەر بەکەسێك بڵێی واز لەو قەبر پەرستیە بێنەو روو لە خوای خۆت بکە لە وەڵام دا دەڵێن : باب و باپیرانی ئێمە ئاوەهایان کردوە ئایا ئێمە واز بێنین لەو پیاو چاکانەی خۆمان ، کە بە پێغەمبەرانیان دەوت شێت بەڵام ئەمڕۆ بە داعیانی ئایین دەڵێن وەهابی یان ئیرهابی یان توند ڕەو چی و چی تر تاکو بەم ناوو ناتۆرانە خەڵکی لە قورئان و سونەتی پێغەمبەر(ﷺ) دوور بخەنەوە ، موشریك کە خوای گەورە بە پادشای گشتی دەزانێت پێی وایە بۆ هەر کارێك یەك ئیدارەی دروست کردوە کە بە قەولی خۆیان فلانە پیاو چاك بۆ پەیدابونی منداڵ و فلانە بۆ نەخۆشی ژانە سك و فلانە پیاو چاك بۆ چاك کردنەوەی

---

[1] - سورة الصافات / ٣

[2] - سورة الصافات / ٣٦

شێتان وفلانی بۆ ژانی دان ...هتد. وه به گومانی پوچ و بێ بنەمای خۆیان بۆ هەر مەرام و مەبەستێکی خۆیان یەکێکیان دیاری کردوه هەر ناوەها لەگەڵ خوا پەرستیەکەی دا عیبادەتی گیانی و مالّی و زمانی بۆ جگە لە خوا ئەکەن و شەریك بۆ خوا دروست ئەکەن ، بە بێگومان کە خوای گەورە سبەی لە قیامەتدا هەم موشریکان و هەم ئەوانەی کە لە دنیا لێیان دەپارانەوە لە مەیدانی مەحشەردا بۆ لێپرسینەوە کۆ دەکاتەوە. وەك دەفەرموێ : ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ / ئەو رۆژەی کە خوای گەورە موشرکان‌و ئەو کەسانەش کە ئەو موشرکانە ئەیان پەرستن و بەچاودێرو‌تکاکاری خۆیان دەزانن و هاواریان لێدەکردن و سوجدەیان بۆ ئەبردن و نەزرو خەیراتیان بۆ ئەکردن‌و پێیان وابو کە ئەوانە شتێك لە غەیب دەزانن و لە رۆژی قیامەتدا شەفاعەتیان بۆ دەکەن کۆدەکاتەوە وەکو فریشتەکان و عیسا پێغەمبەر و عوزەیر پێغەمبەروهەمو پیاوچاکانێك کەخەڵکی هاواری بۆ هێناون بەمردوی‌و و جنۆکەکان ﴾[1] ، لەراستیدا لەسەرەتادا هیچ موشریکێك پەیکەرێکی دروست نەکردوە بە مەیلی خۆی و بۆ خۆی نەی کردوە بە مەعبود بەڵکو هەمو ئەو چاکانە بوون کە کردبویان بە عیبادەت گا و ئەیان پەرستن کە لەکۆندا بتیان پێ ئەوت ئینجا ناوی بتیان گۆڕی بە موجەسەمە ، بت شتێك نیە کە ئەم مرۆڤە عاقڵە بە دەستی خۆی چاکی کردبێت و پاشان بە ناو نیشانی پەرستراو بە خەڵکی بناسێنێ ، بەڵکو هەمو موجەسەمەکانی ئەو سەردەمە موجەسەمەی فریشتەو پێغەمبەران و

---

[1] - سورة الفرقان / ١٧

پیاو چاکان بوون ئەو سێ سەدو شەست بتانەی کە لە دەروناوی کەعبەدا بون هەمویان موجەسەمەی ناوداران و پیاو چاکان بون موجەسەمەی ئیبراهیم پێغەمبەر و هابیل و ئیسماعیل بو، ئەم موجەسەمانە کاتی خۆی بەردێکی سادە بوون هەر لە سەردەمی بەردەوە بەدرێژای مێژو ئەم بەردانە سودی چاك و خراپیان لێ وەرنەگیرا بەڵام کە نەکرابون بە پەیکەر کەس نەی دەپەرستن کاتێ کە وەك وێنە جوان کران ئینجا بون بە پەرستشگای خەڵك وەك وێنەی پێغەمبەران – علیه السلام – جا ئەوکاتە پەرسترا ، کەواتە هیچ موشریکێ لە دنیادا بەردی بێ مەبەستی نەپەرستوە بەڵکو خاوەنی موجەسەمەکەی پەرستوە خاوەنی گومەزە یەکەی (گومبەت)ی پەرستوە، خاوەنی قەبری پەرستوە ، ئەمە جگە لە زیانی کابرای بەندایەتی کەر بەندایەتی بۆکراوەکانیش دووچاری زەحمەت ئەبن چونکە پەروەردگار هەمو ئەوانە لە دادگای خۆیدا ئامادە ئەکات و بەرانبەر بەو خەڵکە رایان دەگرێت ئەگەر پیاو چاکیش بن و دەفەرموێ ؛ ئێوە کاتی خۆی بەو خەڵکەتان وتوە کە ئاواتان لە گەڵدا بکەن ؟ ئەوەتە قورئان ئەفەرموێ ؛ ﴿ ءَأَنتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِى هَٰٓؤُلَآءِ / جا خوای گەورە پێیان ئەفەرموێ؛ ئەی پێغەمبەران ئەی ئەولیاکان، ئەی شێخەکان، ئەی جنۆکەکان ئەی پیاو چاکان ئێوە ئەو هەمو بەندانەی منتان گومڕا کردوە ؟ ( أَمْ هُمْ ضَلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ) یان هەرخۆیان لە شەقامەراستەکەی حەق گومڕابون بێ ئەوەی ئێوە گومڕاتان کردبن ؟﴾[1]

---

[1]- سورة الفرقان / ١٧

بەڵێ لەرۆژی قیامەتدابەدڵنیاییەوە ئەودادگاییە رووەدات‌و خوای گەورەش نەترسی لەکەس هەیەو نەشەرم لەکەسیش دەکات، جائەوکەسانەی کە ئەوجۆرە بۆچونەهەڵەیان هەیە با پێش ئەوەی کەبگەن بەودادگایە بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری تاك‌و تەنهای خۆیان‌و داوای لێ خۆشبونی لێ بکەن‌و خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆ بەندایەتی ئەوزاتە، ئەمە مەحکەمەی ئەحکەمولحاکمینەو دادگای عەدلی اللە یە ، پێغەمبەران و پیاوچاکان و ئەنبیا و ئەولیا هەمویان بەیەك دەنگ هاوار دەکەن و وەڵامی خوای گەورە ئەدەنەوەو خەڵکانی هموشریك بە درۆ ئەخەنەوە وەك ئەفەرموێ :﴿ قَالُوا۟ سُبْحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِى لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا / وتیان پاك و بێ عەیبی بۆ تۆ، شتی وانابێ‌و لەئێمەناوەشێتەوە کە جگە لە تۆ هیچ دۆستێك بۆ خۆمان بگرین بەڵام تۆ گوزەرانت بۆ ئەوان‌و باو باپیرانیان ئەوندە خۆشکردوە – کە بە مشە ئەخۆن‌و ئەخۆنەوە – تا یادی تۆیان لەبیر نەما. وە ئەوان گەڵێکی فەوتاون ﴾[1] _ ئەمڕۆ موسڵمان سبحان اللە ئەکات بەڵام بەداخەوە نازانێ مانای چیە؟ - مانای اللە پاکە، بەڵام خوا لەچی پاکە ئایا ئەو پاکیە لەلەش و پۆشاك مەبەستە ؟ نەخێر خۆی تێمان دەگەیەنێت کە لە چی پاکە ئەفەرموێت ، ( سبحان اللہ عما یشرکون ) اللە لە شەریك پاکەو تەنهایەو نیازی بەکەس نیەو بێ شەریکە نە لە زاتی دا شەریکی هەیەو نە لە سیفات و کردارید‌ا جا زاتێك کە لە

---

[1] - سورة الفرقان / ١٨

کردارەکانیدا شەریکی نەبێت ئەی تۆ چیت دەوێ لە پیاو چاك و قەبرو ئەولیاو فرشتەکان شتێکت دەوێ کە خۆی نەی کات و کرداری ئەونەبێ ؟ کە پەلکە گلاێەك لە درەختێك جیا نابێتەوە ئەگەر کرداری اللە نەبێ ، دەی تۆ شتێك شك ئەبەیت کە بکرێ لەم بونەوەرەدا کە ئیشی خوا نەبێ و بەبێ ئیرادەی ئەو بکرێت ؟ دەی ئیتر داوای چی ئەکەیت لە غەیری خوا ؟ جا اللە هەروەکو لە زات و سیفات و کرداریدا هاو شێوەو هاوبەشی نیە لە بەندایەتیشدا نابێ کەس بکرێت بە شەریکی .

## کامەیە بەندایەتی ؟

بەندایەتی بریتیە لە گوێڕایەڵی و پەیڕەوی کردن بە هەمو شێوەکانیەوە بۆ نمونە : ئەگەر کەسێك وتی لە م مانگە بچۆرە دەر ئەگەر دەرچویت بەندایەتیت بۆ کردوە یان وترا ئەمڕۆ بە فلانە کەس بڵێ بڕی ، ئەگەر وتی بڕی ئەوە بەندایەتی ئەو فەرماندەرەی کردوە واتە بەندایەتی تەنها نوێژو رۆژو حەج و زەکات دان و سوجدە بردن نیە ، وابزانی ئەگەر ئەمانە نەکەیت بۆ کەسێك بەندایەتیت نەکردوە بۆی ، نەخێر بەندایەتی گوێڕایەڵیە ئەوەتە خوای گەورە ئەفەرموێ ﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ / ئایا تۆ نابینی ئەوکەسەی کە ئارەزواتی خۆی کردوە بە خوای خۆی ﴾[1] ئایا کەس بوە کە ئارەزواتی خۆی دانابێت و سوجدەی بۆ بردبێت ، ئاشکرایە شتی وا نیە و نەبوە ئەی چۆن خوا ئەفەرموێ ئارەزواتی خۆی کردوە بە ئیلاهی خۆی،چونکە مانای ئیلاه واتە

---

[1] - سورة الجاثية / ٢٣

گوێڕایەڵی بۆکراو و پەیڕەوی کراو ، عەرەب خۆیان ئەم مانایان چاك زانیوە بۆیە هیچ کامیان دژایەتی ئەوەیان نەکردوە کە الله رۆزی دەرو دروستکەرو دەسەلاّت دارو خاوەنی خۆیان و ئاسمانان و زەویە ، بەلاّم دژایەتی ئەوەیان کردوە کە پەیڕەوی لێ بکەن و بە گوێرەی فرمانی ئەو هەڵس و کەوت بکەن کە مانای ئیلاهە ، وەپێغەمبەرمان(ﷺ) تەنها باوەڕهێنان بەوەی بەمەرج گرتوە لە سەر دۆستایەتی ئەوان کە ئەگەر بڵێن ( لا اله الا الله/ هیچ ئیلاهێکی راستەقینە نیە جگە لە الله) هیچ نیگەرانییەك نامێنێ لە نێوان ئەوو ئەو خەڵکەی مەکەدا ، بەلاّم ئەوان بە ئاشکرا وتیان شەڕی ئێمە لەسەر ئەوەیە جا ئەمڕۆ خەڵکی لە عیبادەتدا خەڵکانی تریان کردوە بەشەریك بۆ الله و ئەو کارەی کە خوا لە ئەوانی دەوێ ئەوان بۆ ئەنبیاو ئەولیاوسەرگەورەکانی خۆیان دەیکەن وەکو مەسیحیەکان عیسایان کردوە بە شەریك وجولەکەکان عوزەیریان کردوە بە شەریك و موشریکانی مەکە فریشتەکانیان کردوە بە شەریکی خوا، وە ئەم ئومەتەی پێغەمبەرمان(ﷺ) کاتێ کە لە قورئان دور کەوتنەوە زۆربەیان ئەنبیاو ئەولیاو پیاوچاکانیان کرد بە شەریکی الله، چونکە پێیان وایە کە ئەو پیاوچاکانە کارسازن و بیتاقەی بەهەشت و جهنم بەدەست ئەوانە جا بەم شێوەیەش بون بە ئازار دەری ئەوانیش چونکە خوای گەورە لەم پیاوچاك و وەلیانەی خۆی دەپرسێتەوە وەك لە پێشەوە باسمان کرد ، ئەوانیش لە وەلاّم دا ئەڵێن پەروەردگار کەی شیاوە بۆ ئێمە کە بێجگە لە الله هەڵبژێرین ؟ خوایە ئێمە بەندەی تۆین هەمو خێرو چاکەمان تەنها بە دەستی تۆیە جا چۆن دەستور ئەدەین کە ئێمە بکەن

بە شەریك بۆ خواو لە ئێمە بپارێنەوەو داواکانیان لە ئێمە بکەن لە کاتێکدا کەئێمە خۆمان موحتاجی تۆین ، هۆی سەرەکی گومڕا بونی ئەوان ئەوەبو کە تۆ نازو نیعمەت و دەسەلآت و مندالّت دا بە ئەوان و ئەوانیش لە خۆ بای بوون و هاوبەشیان بۆ تۆ دانا ﴿ مَتَّعْتَهُمْ وَءَابَآءَهُمْ حَتَّىٰ نَسُوا۟ ٱلذِّكْرَ وَكَانُوا۟ قَوْمًۢا بُورًا /. ئەو پەڕی ئیمکاناتی دنیات پێدان تا وایان لێ هات کە قورئانیان لەبیر چویەوە و ئەوان گەلێکی فەوتاون﴾[1] .

بەردەوام موشریکان ناوی غەیری خوایان لەسەر زمانە لە هەستان و لە دانیشتن و لە داواکاریەکانیاندا تاجارێك بانگی خوا بکەن دەیان جار بانگی غەیری خوا ئەکەن . خوای گەورەو میهرەبان لەم قورئانە پیرۆزەدا لە بێی بسم الله تاکو سینی ناس، هەرئەوە بە هەمو خەڵکی رائەگەیەنێ کەتەنها بانگی من بکەن ﴿ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ / جا تەنها الله بپەرستن کە ئاینت بۆ ئەو خاوێن کەیتەوە و کەس نەکەی بە هاوبەشی، وە( أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ ) ئاگادار بن ئاینی بێ غەل و غەش تەنها ئاینی خوایە ﴾[2] بەراستی ئێمەدەڵێین نە وانیە ئێمەئەزانین کەئەولیاکانی تۆتواناى زۆرشتیان هەیەو بەگوێت ناکەین هەر بانگ لەوان دەکەین! تەماشای هەمو سیرەتی پێغەمبەران و ئەولیاکانی خوای گەورە بکەو بزانە ئەوان چۆن بوون و لە سیرەتی یوسفی کوڕی یەعقوب سرنج بدەن کە ئاخرین موناجاتی یوسف بۆ بارەگای خوا چ بوە ؟! خۆی پێغەمبەر،

---

[1] - سورة الفرقان / ١٨

[2] - سورة الزمر /٣

بابی پێغەمبەر، باپیری پێغەمبەر، بابی باپیری پێغەمبەر بوە ، یوسف چی ئەفەرموێت یەکەم جار دان ئەنێت بە نیعمەتەکانی ئەوزاتەداو ئەفەرموێ:﴿ ۞ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ /ئەی پەروەردگارم دین و دنیات بەمن داوە(أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ) تۆ ئەیخوایە دۆست و سەرپەرستی منی لە دنیاو لە دوارۆژدا ( تَوَفَّنِي مُسْلِمًا ) بم مرێنە لەسەر ئیسلام ، ئازیزانم پێغەمبەرانیش دەترسن و تەمەنا ئەکەن کە حوسنی خاتمەیان هەبێ ، بزانە کە عاقیبەت خێری چەند گرنگە، ( وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ )وە بم گەیەنە بە کاروانی سالحان وەکو یەعقوب و ئیسحاق و ئیسماعیل و ئیبراهیم﴾[1] ، ئەم پێغەمبەرە بەرێزە کێ بە وەلی و سەرپەرستی خۆی دەزانێت لە دنیاو لە قیامەتدا؟ ئەفەرموێ : (أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ) بە داخەوە ئەمرۆ خەڵکی بانگی ئەوەلیاو پیاو چاکان دەکەنو هەریەکەو ئەولیایەکی کردوە بە پشت و پەناو هاواری بۆ دەبات لە دەوروبەری دەریاکان دەستیان گرتوە بە خدر و لەبەنگلادیشو ئەفغانستانەوە بگرە هەتا ئاخر وڵاتی رۆژ ئاوای ئیسلامی لە هەر شارێك دەستیان گرتوە بە پیاو چاکێكوئیمام زادەیەك بۆنمونە لە عیراق وە کو نەبی یونس علیەالسلامو شێخ عەبدولقادری گەیلانی وئیمام موسای کازم..و.. وە لە هەر شوێنێك عیبادەتگایەکیان داناوە، وە هەر گۆرێك کە کەس نای ناسێ لەناوخۆیاندا دابەشیان کردوە هەریەکێکیان داناوە بۆ

---

[1] - سورة یوسف / ١٠١

چارەسەری گرفتێك،وەیسی قەرەنیش بوەبەسەدان کەس‌و لەزۆرێ لە ولاتانی ئیسلامیداگۆڕی هەیەوخەڵکی لەدورو نزیکیەوە دەچنە سەر ئەوگۆڕانەوداوای شتیان لیدەکەن؟! ، ئینجا لە ساحەی مەحشەر کەلەگەڵ ئەو موشریکانە گوفتوگۆ ئەکرێت لەلایەن خوای گەورە ئیعلام ئەکرێت کە( فَقَدْ كَذَّبُوكُم )ئەوانەی کە لە دنیا ئێوە هاوارو بانگتان ئەکردن و حەیوانتان بۆ سەر ئەبڕین و نەزرو خەیراتتان بۆ ئەکردن و بە شافیعی خۆتانتان ئەزانین وا ئەمڕۆ خۆیان ئێوە بەدرۆ دەخەنەوە) ٠ وە ئیعلامی بێزاری خۆیان لەو خەڵکە دەکەن کەلە دنیادا هاوارو بانگیان ئەکردن وە پێیان وابو کە ئەوانە لە قیامەتدا شەفاعەتیان بۆ ئەکەن ٠ هەروەك لە سورەتی سەبەئدا ئایەتی ژمارە (٤٠) لە بارەی ئەهلی مەکەوە هاتوەکە مەلائیکەیان ئەپەرست لە رۆژی قیامەتدا الله هەمویان کۆ دەکاتەوە وەك ئەفەرموێت، ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ ﴾ بیخەرەو بیریان ئەو رۆژەی کە خوا هەمویان کۆدەکاتەوە پاشان بە فریشتەکان ئەفەرموێ : ئایا ئەوانە هەر بەندایەتی ئێوەیان کردوە بە پارانەوە لێتان و نەزر بۆ کردنتان و چاوەڕوانی خێر لێ کردنتان و لابردنی شەڕ لێیان ، جا ئەوانیش ﴿ قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم ﴾ / هاوار ئەکەن وئەڵێن ؛ ئەی خوایە تۆ وەلی و سەرپەرستی ئێمە بوی و چارەسەرکەری هەمو گیرو گرفتەکانمان ، وە ئەو خەڵکانە درۆ ئەکەن ئێمەیان نەپەرستوە (بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ / بەڵکو ئەوانە جنۆکەیان پەرستوە،( أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ )کە زۆربەیان باوەڕیان بەو جنۆکانە بوە

و لەوان فەرمانیان وەرگرتوە﴾[1] ئەڵێن جنۆکەکان زۆر جار ئەچونە ناو بتەکانیانەوەو دەنگیان لێوە دەهات ، جا خەڵکە نەزانەکان ئەیان وت ئەوە فریشتەیە لەوێوە قسەمان لەگەڵدا دەکات ، بەو شێوەیە زیاتر ڕێگەیان لێ هەڵە ئەبو و چیان پێ دەوترا پەیڕەوییان دەکرد ٠ جا وەك باسمان کرد عیبادەت ئەو پەیڕەوی کردنەیە و ئەو شتە هەرچی هەبێ بە ئیلاهە دانەنرێت وامەزانە کە عیبادەت تەنها نوێژ بۆ کردن و سوجدە بردنە نەخێر پەیڕەویت لە هەرچی کردوو فرمانی هەر چی و هەر کەسێکت ئەنجام دا ئەوە عیبادەتە ، جا ئەگەر پەیڕەوی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بو ئەوە چاکە ئەگینا ئەوی تر هاوبەش دانانە بۆ خواو تەواوی کردارە چاکەکانی تری ئەگەر هەیبێ هەڵدەوەشێتەوەو بە بێ تەوبە کردن و پەشیمان بونەوە لەو ئیشە نادروستانەی ناچێتە بەهەشت بەڵکو دۆزەخ جێگایەتی، لە شوێنێکی تردا خوای گەورە ئەفەرموێ:﴿ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴾ ئەوانەی کە بێجگەلە خوا دەیان پەرستن جگە لە شتانێکی مێ شتێکی تر نین ٠ وە ئەوان هەر شەیتانی سەرکەش دەپەرستن﴾[2] ٠ خۆ کەس شەیتانی دانەناوەو سوجدەی بۆ ببات بەڵام بە گوێی خەتەراتەکانی شەیتان ئەکات واتە شەیتانی پەرستوە و دوورە لە خوا پەرستی با بیشڵێت من باوەڕدارم ، خوا ئەو باوەڕەی لێ وەرناگرێت. خوای گەورە کەعبەی داناوە بە شوێنی تەواف و تەوافیش واتە بەندایەتی کردن بۆ خوا چونکە ئەوە ئەنجامدانی فرمانی

---

[1] - سورة سباء / ٤١

[2] - سورة نساء / ١١٧

خوايە بەلاّم بەداخەوە ئەمرۆ خەلّكى گۆڕى پياوچاكى وەك شێخ عەبدولقادرى گەيلانى و پێغەمبەرى وەك نەبى يونس و گۆڕى چەندانى تر تەواف ئەكەن و سوجدەو ركوعيان بۆ دەبەن كە لەراستى دا هەر بەم شێوە بوە بت پەرستى كۆنيش ، هەروەك لە پێشەوە باسمان كرد جا اللە دەفەرموێ: ئەى موشريكينە ئەوەتە ئەنبياو ئەولياو فريشتەكان ئێوە بە درۆ دەخەنەوە، ئێوە ئەتان وت ئەوانە دێن بە هاورمانەوەو لە قيامەتدا شەفاعەتمان بۆ ئەكەن خۆ ئەمرۆ ئەوان پاكانە ئەكەن و خۆيان لە ئێوە دور ئەگرن جا كوا و لە كوێ دا خواى گەورە واى فەرموە كە: ئێوە نوێژ نەكەن و رۆژو نەگرن و هاوارى غەيرى خوا بكەن ئەوانە شەفاعەتتان بۆ ئەكەن ﴿ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا ﴾ / خۆ ئەو كاتەى كە سزاى من هات ئێوە ناتوانن لە خۆتانى دور بخەنەوە و يارمەتى يەكتر بدەن، جا تەماشا بكەن و بزانن كە ئێوە چەند ستەمكارن ، ئينجا خوا ئەفەرموێ (وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ )هەركام لە ئێوە ئەى جنۆكەو مرۆڤ زولّم بكەن، كام زولّم ؟ زولّمى هاوەڵ دانان بۆ خوا كە گەورەترين زولّمە و زالّم ترين مرۆڤ موشريكە. زالّم لە پێوەرى مرۆڤدا ئەو كەسەيە كە حەقى خەلّكى نەدات ، بەلاّم زالّم ترين مرۆڤ لەلاى خواى گەورە ئەو كەسەيە كە بەندايەتى بەهەموشێوەيەكى وەك سوجدەبردن و پاڕانەوەو هاوار كردن و تەراف و خەيرات و نەزرىو سەر برينى حەيوانات كە مافى خوايە بيدات بە غەيرى خواو بۆ غەيرى خوايان ئەنجام بدات . جا لەبەر ئەوە

به گەورەترین سزا سزا دەدرێت و دەفەرموێ : (نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا )من بەو ئەچێژم سزایەکی دەردناك و گەورە ﴾[1] وە بۆیە بەو چەشنە سزا دەدرێت چونکە ئەوکەسە خۆی بە تەواوی لەراستی لای داوە و پاشان دەبێ بەهۆی چاولێ کردنوخەڵکیش دو چاری ئەو سزا گەورەیە دەکات ، هەروەکو ئەفەرموێ : ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ ﴾[2] هەموو ئەوانە بەهۆی ئەوەیە کە بەڕاستی هەر زاتی(الله)یە کە ڕاستەو ئەوانەی کە دەیانپەرستن و هاوارو بانگیان لێ دەکەن جگە لە (الله) شتانی پوچو بێ کەڵکن و (الله) هەر خۆیەتی بڵند مەقامو گەورە، هەمو حەمدو ستایشەکان تایبەتن بە خوای گەورە ٠ ئەوەی کە شەفاعەت ئەکات پێش هەمو پێغەمبەران پێغەمبەرمانە (ﷺ) بەڵام ئەو پایە بەرزە لەو ڕۆژەدا وەك تکاکاریەکەی گەورەترین ئیشە ، شکاتیش لەوانە دەکات کە دژایەتی قورئانیان کردوە وەك خوا بۆمان باس ئەکاتوئەفەرموێ : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَٰذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا پێغەمبەر(ﷺ) ئەفەرموێ: ئەی پەروەردگارم ئەم گەلەی من - هەمو خەڵکی سەر زەوی بەجنۆکەیشەوە لەهاتنی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هەتا ئەم زەوییە نامێنێ هەمویان ئومەتی محمدن (ﷺ)و لەڕۆژی قیامەتدا پرسیاری ئەویان لێ ئەکرێت، جائەفەرموێ: - لەپاش من ئەم قورئانەیان

---

[1] - سورة الفرقان / ١٩

[2] - سورة لقمان / ٣٠

واز لێ هێناو خستیانە پشتگوێی خۆیانەوە﴾[1] وەك ئەمڕۆكەزۆرێك هەن دەڵێن، ئەم قورئانە بۆ ئەمڕۆمان بەكار نایەت و ئیشی پێ ناكرێت كەچی بە پێچەوانەوە گوێ لە قسەی پڕو پوچ وبێ ناوەڕۆكی مرۆڤ ئەگرن و پاسا دەست كردەكانیان بە پیرۆز رادەگرن و لە باتی پەیڕەوی خوای زانا دانا پەیڕەوی لەبڕیاری مرۆڤی بێ ئاگا لە ئایەندەی خۆیان دەكەنو هەمو هەوڵ و كۆششێك بە زۆری ئاسن و ئاگر ئەخەنەكار بۆ سەپاندنی بەسەر خەڵكدا، لە باتی گوێ راگرتن لەقورئان گوێ لە گۆرانی و مۆسیقاو شتە پڕو پوچەكان دەگرن و تەمەنی خۆیان لەوەدا ئەبەنە سەر ، جائەو رۆژە لەبەردەم دادگای خوای خاوەن هێزو تۆڵەسێن دا ئامادە ئەكرێنو پێغەمبەر(ﷺ) ئەوشكاتەیان لێ دەكات.جا هیوادارم خوای گەورە بەزەی بە حاڵی من و تۆیشدابێتەوەو لەم شكایەتەی پێغەمبەر (ﷺ) رزگار ببین لە راستیدا نابێ ئێمە هەر لە خەڵكی نەزان گلەیی بكەین بەداخەوە زۆربەی ماموستایانی ئاینی ئەم سەردەمەیش وەكو پێویست سود لەم قورئانە وەرناگرنو جگە لە كەمێكی كەمیان سەبارەت بە قورئان و فەرمودەكانی پێغەمبەرمان (ﷺ) هەروا بێ موبالاتن و خۆیان بە بەرپرس نازانن سەبارەت بەو ئەركەی كە لەسەر شانیاندایە و زۆر جار ئەوانیش هەر ئەو رەفتارەی كە نەزانان دەیكەن ئەوانیش ئەیكەن و ئەو هەمو ئایەت و فەرمودانە پشتگوێ ئەخەن و بۆ غەیری بەرنامەی خوا شوانی چاكن بەڵام بەداخەوە بۆ بەرنامەو ئایینی خۆیان بۆ نۆرەچیش ناشێن - بۆچی ؟ ئایا نازانن كە ئەوە وازهێنانە لە قورئان و سبەی

---

[1]- سورة الفرقان / ٣٠

پێغەمبەری خوا(ﷺ) شکاڵتان لێ دەکات ؟ بۆ ؟ ئایا یاسای ئیسلام تەنها نیکاح و تەڵاقە ؟ بۆچی بۆ ئەو دووانە هەمو قیل و قاڵێك بەدەستەوە ئەگرن ؟ بەڵام باقی یاساکانی تر وەك نەبوبێت تەماشا دەکرێن بەڵکو هەندێکیش رەخنە لە یاساکانی تری ئیسلام ئەگرێت بۆ نمونە ؛ خوای دەسەڵات درارو زاناو داناوخالیقی مرۆڤ دەست بڕینی داناوە بۆ دز چونکە هۆیەکی سەرەکیە بۆ نەهێشتنی ئەمن و ئاسایشی خەڵك وخواردنی سەروەتو سامانیان، کەچی لەوە رەخنە ئەگرن - بەڵام یاسا دەستکردەکانی مرۆڤتان لەم بارەوە پێ باشە و هەوڵی بەڕێوە بردنی دەدەن و خەڵکیشی بۆ بانگ ئەکەن لە حاڵێکدا ئەو دەست بڕینە ئەوەندە تەنگ کراوەتەوە بەدەگمەن ڕوو دەدات ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە ئەو سزایە دەتوانێ جڵەوی مرۆڤی سەرکەش و دنیا پەرست بگرێت کە بە درێژای چەند سەدە حکومەتی ئسلامی ژمارەی دەست بڕاوان بە پەنجەی دەست ئەژمێررێت بەڵام بچۆ لە ژێر یاسای دەست کردی مرۆڤدا سەرێك لە بەندیخانەکان بدەو بزانە بە هەزاران کەس لەبەر دزی لە زیندانداڵ و فێری فێڵ و تەڵەکەی زیاتر دەبن جاکاتێ کە لە زیندان هاتنە دەرەوە دەیان جۆری تر لەخیانەت فێر دەبن واتە لە باتی نەهێشتنی دزی بەو کارە دزەکان زیاتر شارەزاتر دەکرێن لە چۆنیەتی دزی و چۆن خۆشاردنەوە لە یاسا دەست کردەکان بەڵام خۆ لە یاسای ئیسلام رزگار بون نیە ئەگەر لێرەش نەبێت لە پاشە ڕۆژدا دەبێ ئەو ماڵەبە خاوەنەکەی بداتەوە و تۆڵەی ئەو کارەیشی لێ وەرگیرێت ، دەی خەڵکینە کام لەم دوو یاسایە شایستەی خۆ بۆ ماندو کردنی هەیە ؟ دەبێ بۆ

عەقڵی خۆمان بە بەڵاش لە دەستی بدەین ؟ بیروباوەڕی راستەقینە بە ئایین ئەوەیە کە ئەویاسایەی اللە بەر است بزانێو بۆ سەقامگیر کردنی گیانو مالّی بۆ فیدا بکات ئەگینا لەرۆژی قیامەتدا لەلایەن پێغەمبەرەوە(ﷺ) شکاتمان لێدەکرێت.

## بە پاڕانەوە لە غەیری اللە موشیرك دەبی

خوای گەورەو زانا ئەفەرموێ : ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ / بێجگە لە اللە بەندایەتی شتێ ئەکەن کە ناتوانێ نەزیانیان پێ بگەیەنێو نەسودیان پێ بداتو ئەڵێن: ئائەمانە تکامان بۆ ئەکەن لەلای خوداوەو ئەبنە دۆستو پاڵپشتمان ، محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئایا ئێوە هەواڵی شتێك بەخودا دەدەن کە خوا خۆی هیچ زانیاریەکی لەبارەیەوە نیە نەلە ئاسمانانو نەلە زەویدا؟! - خۆ ئەو ئەفەرموێ: من هاوبەشم نیە. ئێوە ئەڵێن: هەیەتی ئایا ئێوەراست ئەکەن یان خودا؟. ئاشکرایە کەئەو زاتە پاکو بێ عەیبەو بەرزو بێ نیازە لەو هاوبەشانەی کە ئێوە بۆی دائەنێن بەراستی ئێوە درۆ ئەکەن﴾[1] .بەراستی نە عیبادەت و پاڕانەوە لەو قەبرانە سودیان پێ ئەگەیەنێ ، وە نە نەکردنی عیبادەتیش بۆ یان زیانیان پێ ئەگەیەنێ . شیرك هەمیشە بۆ دوو مەبەست بوە یان بۆ نزیك بونەوە لە

[1] - سورة یونس /١٨

خوا یان ئەوەتا شەفاعەتیان بۆبکات لە قیامەتدا ، خۆئەمە ئایەتێکی سەریحەو بە بێ تەئویلە و دەم کوتێکی تونده بۆ ئەوانەی کە وائەزانن بێجگەلە خوا بەبێ ماوەدانی زاتی حەق کەسێکی تر لە رۆژی قیامەتدا ئەتوانێ چاکە یان خراپە سەبارەت بەمرۆڤ بکاتو ئەو بۆ چونە پوچەڵ دەکاتەوەو پەیڕەوانی بە نەزانو تاوانبار لەقەڵەم دەدات ، (سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ) پاکە خوای گەورە و زۆر بەرزو مەقام بڵندە لەوەی کە موشریکان ئەوانە لەگەڵ خوادا ئەکەن بە هاوبەش هەروەها ئەفەرموێ :﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوا مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَاؤُكُمْ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ وَقَالَ شُرَكَاؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ / بیر بکەرەوە لەو رۆژەی کە هەمویان کۆئەکەینەوە – عابدو مەعبود لەپاشدا بەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خودا داناوە دەڵێین: لەجێگای خۆتاندا بوەستن خۆتانو هاوبەشەکانتان – ئەوانەی کە لە دنیادا ئەتان وت ئەوانە شافیعی ئێمەن لە قیامەتدا – لە لایەك عیسا پێغەمبەرە و لە لایەك عوزەیر پێغەمبەرەو لە لایەك ئەولیاو پیاو چاکانن جا ئەو دۆستایەتیەی دنیایان لە نێواندا لائەبەینو ئەبن بەدوژمنی یەکتر ، هابەشەکانیان وەکو عیساو عوزەیرو ئەنبیاو ئەولیاو پیاو چاکان ئەڵێن: نەخێر ئێوە درۆ ئەکەن ئێمەتان نەپەرەستوەو نەزرو خێراتتان بۆ ئێمە نەکردوە و هاواری ئێمەتان نەکردوە ، هەر کەسێك هاواری عیسای کردوە شەیتان پێی وتوە راست ئەکەی، وە هەر کەسێك هاواری عوزەیرو ئەنبیا و پیاو چاکانی کردوە شەیتان پێی وتوە راست ئەکەی ، بەڵام ئەم قسەیە هیچ سودێکی

نیە چونکە هەردووکیان روبەڕو ئەکرێنەوەودادگایی ئەکرێن ئینجا ئەنبیاو ئەولیاو پیاو چاکان دەڵێن ؛ ﴿ فَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَٰفِلِينَ /جا بەسە کەخوا خۆی شایەت بێت لەنێوان ئێمەو ئێوەدا، بە بێگومان ئێمە بێ ئاگاین لەبەندایەتیتان بۆمان، وە ئێمە هیچ ئاگامان لە ئێوە نەبوەو بێ خەبەر بوین کاتێ کە هاوارو بانگی ئێمەتان کردوە یان نەزرو خێراتتان بۆ ئێمە کردوە ٠ جا خوا ئەفەرموێ؛ ﴿ هُنَالِكَ تَبْلُوا۟ كُلُّ نَفْسٍ مَّآ أَسْلَفَتْ /ئا لەو رۆژەدا هەر نەفسێك چی کردوە بۆی ئاشکرا دەبێت‌و ناتوانێ حاشای لێ بکات‌وهەرنەفسێك بەیرەوی لەچی کردوە لەو رۆژەدا دوای ئەوەئەکەوێت، ئینجا بیر ئەکاتەوە کە ئەو هەمو هاوارو بانگ کردنەی من لە دنیادا هیچ سودی نەبوەو ئێستا بوە بەتاوان بەسەرمەوەو هەموی بە شیرك لە قەڵەم دراوە(وَرُدُّوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ مَوْلَىٰهُمُ ٱلْحَقِّ )وەهەمویان ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خوا کە خاوەنی راستەقینەی ئەوانە،( وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ )ئیترئەو هەمو شتانەی کە لە دنیادا ئەیان وت کەگوایەئەوانە شافیعی ئێمەن، لە قیامەتدا لێیان ون دەبن‌و هیچ کەسێك نابینن کە بێت بە هاواریانەوە و تکایان بۆ بکات نە ئەنبیاو نە ئەولیاو نە شێخ و نەمەلاو نە حزب و نەدەستگاو نە دەوڵەت بەڵکی خۆیان بە تاکی دەبینن و هیچ هیواو ئاواتێکیان نابینن‌ونایەتەدی ٠ لە فەرمودەیەکی پێغەمبەرمان دا (ﷺ) هاتوە کە ئەفەرموێ: {كَذَلِكَ يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ فَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ

/ جا هەر ئاوەها الله هەمو خەڵك كۆدەكاتەوە ئینجا دەفەرموێت، هەركەسێك هەرچی پەرەستوە جا با دوای كەوێت، ئەوسا ئەوكەسەی كە رۆژی پەرستوە دوای رۆژ دەكەوێتو ئەوكەسەی كە مانگی پەرستود دوای مانگ دەكەوێت، وەئەوەیش كە تاغوتەكانی پەرستومو پەیڕەوی لێ كردون لەو رۆژەدا دوای ئەوان دەكەوێت...}[1] واتە هەركەسێك هەرچی پەرەستوە لە دنیاداو پەیڕەوی لێ كردوە دوای ئەوە دەكەوێت، بەڵێ بەراستی ئەورۆژە زۆژی ئایینە(الدِّین)، چیت پەرستوە لە دنیادا لەدوارۆژدا هەرلەسەر ئەوە زیندو دەكرێیتەوەو هەر بەشوێن ئەویشدا دەڕۆیت جا سەرشۆڕیو مالّ وێرانی بۆ ئەوانەی كەپەیڕەوی بێجگەلە (الله)یان كردبێ بۆ كوێ دەچنو كێ رزگاریان دەكات؟ بەڵێ ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا كە سەرپەرشتی راستەقینەیانەو بەگوێرەی كردەوەی خۆیان تۆڵە وەردەگرن، وەئەو درۆو دەلەسانەی كەلە دنیادا كردویانە هەمویان لێ ون دەبێتو توانای پارێزگاری لە خۆیانیان نابێت.

وروى الطبرانى بأسناده انه كان فى زمن النبى منافق يؤذى المؤمنين ، فقال بعضهم قوموا بنا نَستَغِيثُ برسول الله من هذا المنافق ، فَقَالَ النَّبِيُّ(ﷺ) إِنَّهُ لاَيُستَغَاثُ بِي ، وَإِنَّمَا يُستَغَاثُ بِاللهِ }[2]

تەبەرانی بە ئیسنادی خۆی هێناویەتی كە : لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) مونافقێك هەبو كە ئازاری باوەڕدارانی ئەدا جا هەندێكیان وتیان :

---

[1] - رواه الشيخان

[2] - اخرجه الطبرانى فى ( المعجم الكبير ) من حديث عبادة بن الصامت كما قال الهيثمى فى (مجمع الزوائد) (١٠/١٥٩) ، واخرجه احمد (٥/٣١٧رقم٢٢٧٠٦).

ئا دەی هەستن با لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بپارێینەوە لە بارەی ئەو مونافقەوە ، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی : بێگومان پاڕاناوە لە من نابێ ، بەڵکو پاڕانەوە تەنها لە اللە دەبێ ) خۆ پەروەردگار سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ بۆ لای یەکتا پەرستی بە وێنەیەکی ڕوونوڵەبەر چاوو ئەفەرموێ :

﴿ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ۖ فَأَنَّىٰ تُؤْفَكُونَ / ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئایا لەو هاوبەشانەی کە داياننناوە هەیانە کە بتوانێت لە سەرەتاوەکەسێ دروست بکاتو لەپاشدا زیندوی بکاتەوە؟ پێیان بڵێ: هەر اللە یە کە لە سەرەتاوە خەڵك دروست دەکات کە هەر ئەویشە لە پاشدا زیندوی دەکاتەوە ئیتر ئێوە چۆن لە و راستیە لادەدرێنو ئەو درۆو قسە پوچانە ئەکەن و پەیڕەوی جگە لەو دەکەن و چاوەڕوانی یارمەتی لێ دەکەن؟﴾[1] جارێکی تر خوای باڵادەست بێ دەسەلاتی خواکانیان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ : ﴿ قُلْ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ ۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهْدِى لِلْحَقِّ ۗ أَفَمَن يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّىٓ إِلَّآ أَن يُهْدَىٰ ۖ فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ /پێیان بڵێ: ئایا لەوانەی کە ئێوە داتان ناون بەشەریکی خوا هیچیان هەیە کە مرۆڤ ڕێنمونی بکات بۆ ڕێگای راست؟ بڵێ: هەر اللە یە کەمرۆڤ ڕێنمونی ئەکات بۆ حەقو راستی دەی ئایا ئەو کەسەی کە ڕێنمونی مرۆڤ ئەکات بۆ حەقوراستی شایستەیە پەیڕەوی بکرێت یان ئەوەی کە خۆیشی هیچ نازانێ و خۆیشی پێویستی

---

[1] - سورة یونس /٣٤

به رێنمای کردن هەیە مەگەر رێنمونی بکرێت، ج بەڵگەیەکتان هەیە ، چۆن ئاوا بڕیارێك دەدەن؟ وەچۆن دروستکەرو دروستکراو یەکسان دەکەن؟!- ئەو خوایەی کە هەمو جیهان بە یەك پێغەمبەرو بە یەك قورئان رێنمای ئەکات - وە ئەو کەسەی کە بمرێت ناتوانێت لە شوێنی خۆی بجوڵێت مەگەر کەسێك بە خێری خۆی بیخاتە ناو گۆڕەوە - ئایا ئەم ڕووانە وەك یەکن ؟ دەی چی بوە ئەی موشریکان و دەستتان بە چیوە گرتوە کە هاوارو بانگ لە وانە دەکەن ؟ خۆ ئەوان خۆیشیان پێویستیان بە رێنمای هەیە لە کاتێکدا ئێوە دەم لە عەقڵ و زانست ئەدەن ؟ بە درێژای مێژو بە هەزاران تاغوت هەبوەوناوی گەلێکیان لەپەڕاوە مێژوویەکاندا هاتوە ئایا هیچیان توانیویانەلە دەست سزای خوا خۆیان رزگار بکەن ؟ بەڵێ بەراستی هەر خوا خۆی بەچاکی مرۆڤ ئەناسێ و ئەفەرموێ :﴿ وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلَّا ظَنًّا إِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ / وەزۆربەی ئەوانە پەیڕەوی لە هیچ شتێکی راستو ڕەواناکەن بێجگەلە گومان بەبێشك گومانیش لەبەرامبەر راستیەوە هیچ دەورێك نابینێ واتە بیرو باوەڕ لەسەر گومان دانامەزرێت، ئینجا خوای گەورە هەڕەشە لەوجۆرە کەسانە دەکاتو دەفەرموێ: بێگومان اللە زانەرە بەو ئیشانەی کە ئەوان دەیکەن﴾[1]. وریابن و بزانن کە ئەم پەیڕەوی کردن و چاوەڕێی زیان یان سود کردنە لە غەیری اللە شیرکەو مرۆڤ لە ئایین دەردەکات و هەمو کردارەکانی تری هەڵدەوەشێنێتەوە با کرداری چاکیشی

---

[1]- سورة یونس / ٣٦

هەبێت . چونکە ئەمەی کە ئەوان دەیکەن پەیڕەوی کردنە لە گومان و گومانیش لە بەرامبەری راستیدا هیچ نرخێکی نیە وەك خوای بالادەست ئەفەرموێ :﴿ أَلَآ إِنَّ لِلَّهِ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ ۗ وَمَا يَتَّبِعُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُرَكَآءَ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ / ئاگادارین بێگومان موڵکی (الله)یە ئەوەی کەلە ئاسمانان و زەوی دایە، وەئەوان هاوبەشانێك جگە لە الله ناپەرستن تەنها بۆئەوەیە کەسوێنیان پێ بگەیەنن لەلای الله واتە خودی پەرستراوەکەیان مەبەست نیە، دەی ئەوانە لەوکردارەیاندا بێجگەلە گومان پەیڕەوی هیچیان نەکردوەو هیچ بەڵگەیەکی راستیان بەدەستەوەنیەو بەندایەتی و پەیڕەوییان تەنها لەسەر بناغەی گومانو درۆیە﴾[1]، دەگونجێت (ما) بۆ نەفی بێت، واتە ئەوەچین و ج نرخێکیان هەیە ئەوانەی کەبیجگە لە الله دەیانپەرستن؟! ئینجا خوای گەورە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ یەکتا پەرستی و ئەفەرموێ :﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي شَكٍّ مِّن دِينِي فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ / ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان هەیە لەم ئایینەو لەم قورئانەی کە بۆ من هاتوە – ئایینی من کورت کراوەیە لە دوو رستەدا :(فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ) یەکەم:من نای پەرستم نەبە گیان و نەبە مالّ و نەبە زمان ئەوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن بێجگە لە خوا - دووهەم:دەی باچاك بزانن و دڵنیابن کە من هەرگیز بەندایەتی

---

[1] - سورة یونس /٩٩

ناکەم بۆ ئەوانەی کە ئیوە دەیانپەرستن بێجگەلە اللە بەڵام من بەندایەتی ئەو خودایە دەکەم کە هەموتان دەمرێنێت،وە من دەستورم پێ دراوە کەلە باوەڕداران بم ئەوە ئیشی منەو رێبازی منە﴾[1]. ﴿ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴾ / تۆ رووی خۆت بکەرە ئەو ئایینەی کە رەوانەم کردوە بۆتو لە هەمو لارێیو نارێکییەك دوور کەویتەوەو تۆ لە ناو ریزی بت پەرستانو موشریکاندا نەبی ﴾[2] . ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ الظَّالِمِينَ ﴾ / وە بێجگە لە اللە هاوار نەکەیتە ئەوەی کە نە سودت پێ دەگەیەنێتو نە دەتوانێ زیانت لێ بدات جا ئەی محمد (ﷺ) – ئەگەر تۆ هاواری ئەوانەت کرد کە نە سودی تۆیان هەیە وەنە زیان - ئەگەر تۆ ئاوەهات کرد بەراستی تۆ لە ریزی ستەمکاران حیساب دەکرێیت﴾[3] ئەمە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئاوەهایە ئەی بۆ ئێمە دەبێت چۆن بێ؟ کە تا جارێك هاواری خوا دەکەین سەد جار هاواری ئەنبیاو پیاو چاك و ئەولیاوشێخان دەکەین کە بەنەسی ئایەت هیچیان بە دەست نیە ، جانەك هەر هیچیان بەدەست نیە بەڵکو ئەبین بە موشرك و ئەبین بە ستەم کار چونکە حەقی خوای گەورەمان داوە بە خەڵکی تر ئەوەتە ئەفەرموێ ﴿ وَإِن يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِ ۚ يُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ

---

[1]- سورة یونس /١٠٤

[2]- سورة یونس / ١٠٥

[3]- سورة یونس / ١٠٩

عِبَادِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ وەئەگەر اللە دووچاری زیانێکت بکات هیچ کەس ناتوانێت ئەو زیانەت لەسەر لابات مەگەر خۆی وەئەگەر خوا ئیرادەی خێرت بۆ بکات هیچ بەرپەرچێك نیە بۆ ئەو خێرو بەرەکەتەی ئەو، چونکە هەر خوا خۆی چاکەو خێری بێ سنوری هەیە کە دەیبەخشێت بەو کەسەی کە ئارەزۆی لێ بێ لە بەندەکانیو هەر خوایە کە زۆر لێ خۆش بوو زۆر بەسۆزە سەبارەت بەبەندەکانی﴾[1]. دەبا بەندەکانیشی بەوەفابنو بەندایەتی راستو دروستی ئەو خودایە بکەن، ئینجا خوای زاناو کاربەجێ ئەفەرموێ ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَكُمُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَنِ ٱهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِى لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۖ وَمَآ أَنَا۠ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ ﴾ ئەی محمد (ﷺ) هاوارکەو بڵێ : ئەی خەڵکینە بەراستی قورئانێکی راستو ڕەوان لەلایەن پەروەردگارتانەوە هاتوەتە لاتانو ڕێنمایتان دەکات بۆ هەمو ئیشێکی چاك جا ئەوکەسەی کەڕێگای هیدایەت بگرێت سودەکەی هەربۆ خۆیەتیو هەرکەسێکیش گومڕابێت ئەوا زیانی گومڕاییەکەی لەسەر خۆیەتیو من چاودێرو نیگەبان نیم بەسەر ئێوەوە کە نەیەڵم بەملاولادا بڕۆن، من تەنها گەیاندنم لەسەرە﴾[2]. ئینجا خوا بەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ﴿ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ وَٱصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ ٱلْحَٰكِمِينَ /ئەی محمد (ﷺ) تۆ پەیڕەوی ئەوەبە کە وەحی ئەکرێتە لاتو خۆت بگرە لەسەر ئێش‌و ئازاری دوژمنان هەتا

---

[1]- سورة یونس /١٠٧

[2]- سورة یونس / ١٠٨

الله بڕیاری خۆی سەبارەت بەوان دەداتو ئەو چاکترینی هەمو حاکمو بڕیاردەرانە چونکە ئەو بێجگە لە راستیو داد هیچ بڕیارێکی تر نادات﴾[1]

دەبێ هەمو عیبادەتەکانی بەدەنی و زمانی و مالی تایبەت بکەین بە خوای بێوێنە و کەسی تر نەکەین بە هاوبەشی ، بۆ؟ چونکە عیبادەت تایبەتە بە خوای گەورە وکەجنۆکەو مرۆڤ بۆ ئەوە لەسەر روی ئەم زەویبەدا دروستکراون، وەهیچ کەسی تر مافی بەندایەتی بۆ کردنی نیە و نابێ ئەم حەقەی خودا بدەین بە کەسێکی تر، ئەوەتە خوای گەورە کاتێ کەپێناسەی ئەم قورئانە دەکات ﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾ / ئەم کتێبە کە بە هێواشی و قوناغ بە قوناغ رەوانە ئەکرێت لە لایەن الله ی دەسەلاتداری داناوە ،بە بێگومان بۆ مەبەستی راست ئەم کتێبە رەوانە ئەکەین بۆلای تۆ کە تۆ تەنها خودا بپەرستیت و بۆ ئەو بیرو باوەڕی خۆت پاڵفتە بکەیت ﴾[2] ، وەبۆ جگە لەو بەندایەتی و سوجدەو رکوع و نەزرو خەیرات نەکەیت و کەس نەکەیت بە هاوبەشی الله ، چونکە هەر کەسێ بکەیت بە هاوبەشی الله، الله ئەوەی ناوێ و پاداشتی ناداتەوە هەروەك لە فەرمودەیەکی قودسی دا هاتوە کە خوا ئەفەرموێ ،{ قال الله تعالى أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ /لە

---

[1]- سورة يونس / ١٠٩

[2]- سورة الزمر / ١-٢

تەواوی شەریکان بێ نیاز ترم لە شەریکی‌و هابەشی هەر کەسێك نشێك بکات لە بەندایەتیداو جگە لە خۆم کەسێکی تر بکات بە هاوبەشم ، ئەوە وازی لێ ئەهێنم خۆی و ئیشە شرکاویەکەشی بۆئەوکەسەی کە کر دویە بەهاوبەشم}[1] ئەمانە هەمیشە قسەیان ئەومیە کە : ئێمە ئەوانە بە خوا نازانین بەڵکو ئەمانەوێ ئەمانە لە خواوە نزیکمان بکەنەوە ، ئەومبو خوا دەمکوتی کردن جا ئەمڕۆ هاوار لە هەرچی ئەکرێت هەر لەبەر ئەومیە کە لە خواوە نزیك ببنەوە ، هەمو دەزانن کە پیاوچاکان و فریشتەکان و پێغەمبەران خوا نین بەڵام بۆ ئەوەی هاواریان لێ ئەکرێت تا لە خواوە نزیکیان بکاتەوە ٠ جا چ فەرقێك هەیە لەنێوان موشریکانی کۆن و موشریکانی تازەدا ؟ بەڵێ بەو هاوار لێ کردنە کابرا مالّی خۆی وێران دەکات و جێگای خۆی لە ناو دۆزەخ دا مسۆگەر دەکات ٠ خۆ ئەو کەسەیش کە خۆی پاك کردەوە لە کارە ناپەسەندەکانی ئەوە فریشتەکانی ئاسمان دوعای خێریان بۆ ئەکەن وەك ئەفەرمووێ: ﴿ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ / ئەی پەروەردگار ئەوانەی کە لە کوفرو شرك پەشیمان بونەتەوە و و ڕێگا راستەکەی تۆیان گرتوە لە ئەوانە خۆش ببە و لە عەزابی جەهەنم نەجاتیان بدە﴾[2] ٠ بڕام من و تۆی باوەڕداری راستەقینە لێرە بێ ئاگایین‌و نوستوین بە خوا هەڵگرانی عەرشی خوا داوای لێخۆشبون دەکەن بۆ مان، وە هەر کەس لە گوناح و شیرك و کوفر

---

[1] - حدیث صحیح

[2] - سورة غافر / ٧

بگەڕێتەوە و ڕێگای خودا بگرێت ئەم دوعایەی هەڵگرانی عەرش دەی گرێتەوە چونکە ئەوانە بۆ شەخسی تایبەت دوعا ناکەن بەڵکو ئەڵێن: ﴿ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ ، خوایە خۆش ببە لە ئەوانەی کە لە شیرك و کوفر وازیان هێناوەو پەیڕەوی ڕێبازی تۆبان کرد ئەوان لە عەزابی جهنم رزگاربکــــــە ﴿ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُمْ ..... / ئــــــەی پەروەردگارمان بیانخەرە ناو ئەو بەهەشتانەی کە بەڵێنت پێ داون ، خۆیان و ئەو خاو خێزانەیان کە چاکەیان کردوە بە بێگومان کە تۆ دەسەڵات دارو دانایت ﴾[1] هەم چەند ئایەتێك پاش ئەمە ئەفەرموێت ﴿ فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ / ئەی ئینسانەکان هاوارو بانگی خوا بکەن وە هاوارکردنتان تایبەت کەن بە خوا و بەپاڵفتەیی و خۆ یەکلا کردنەوە ﴿وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ / ئەگەر چی کافران پێیشیان ناخۆش بێت ﴾[2] ،واتە ئەگەرچی ئەوانەی کە هاواری غەیری خوا ئەکەن یان ئەوانەی هاواری ئیبراهیم و نەبی یونس و هابیل و عیسا و موسا و عوزەیر پێغەمبەرو عەبدولقادری گەیلانی و ئەولیاو پیاو چاکان دەکەن پێیان ناخۆش بێت ، باهەر پێ یان ناخۆش بێت ئێوە هەر هاوارو بانگی من بکەن جا ئەگەر پێی بڵێی هاواری غەیری خوا نەکەی دەڵێ کاکی بەڕێز ئەوانە خوا ڕێزی لێ ناون! بەراستی ئێوەمرۆڤ گە لێکی سەیرن لە و هەموو ئایەتانەی قورئان چاو دەنوقێنن‌وبۆچونی خۆتان‌و پێڕەکەتان بەسەر قورئان‌و

---

[1] - سورة غافر / ٨

[2] - سورة غافر / ١٤

فەرمودەكانى پێغەمبەرى ئازيزماندا ـ درودى خواى لێبێت ـ زاڵ ئەكەن و خۆتان بەپەيڕەوى ئيسلامووپێغەمبەريش ئەزانن! راستە ئەمانە بەندەى خواى گەورەن و مرۆڤى چاك و پاكيش بون بەلاّم خواى گەورە نەى فەرموە ئێوە هاوارى ئەوانە بكەن، ئايا ئێمە بە عەقڵى خۆمان كاردەكەين يان دەبێ پەيڕەوى قورئان بين ؟ بۆ بير ناكەيتەوە ؟ ئەوانەى كە مردون خەڵكى بە خێرى خۆيان خاكى بەسەردا كردون لەوانەيە خۆت ئەمەت ديبێ يان وات كردبێ و بە دەيان خاكەناز خۆڵى بەسەر دا دراوە ئينجا دواى مردنى ئەو كابرايە چەند مەتر پەڕۆى سەوز لە سەر گۆڕى دانراوە كەچى وا ئێستا ئەم پەڕۆ سەوزەو ئەم خۆڵە بوون بە تەپەڕوك، بە چ دەليلێكى نەقڵى يان عەقڵى ئەمانە ئێستا پيرۆزنو بۆ تەپەڕوك دەشێن ؟ خۆ لە مالّى خوا پيرۆزتر نين كەچى نەك نابێ بەڵكو حەرامە پارچەيە كيشى لێ ببڕێت بەملاو بەولادا ، وە هەر كەسێك شتى وابكات تاوانبارەو دەبێ ئەو پارچەيە چ پەڕۆ بێت يان بەرد يان خاك بيباتەوە بۆ بەيت ئەگينا تاوانبارە، كەواتە دەبێ لەخۆمان بپرسين و بڵێين : خۆ هيچ ئەوليايەك لە خەمزەى مامى پێغەمبەر (ﷺ) كە سەيدو شوهەدايە بەڕێز تر نيە بۆچى ئالّايەكى سەوزى بەسەرەوە هەڵنەدراوە و بۆ گۆڕەكەى نەكراوە بە بينايەكى جوان و نەخشين ، لە راستيدا ئەگەر گومەزىو خانو بەسەر مردوە شتێكى شەرعى بوايە بەسەر ئەوەوە دروست نەكرا جا ئەگەر خەڵكى نەزان ئەمانەى نەديوە ئەى مام حاجى و دايە حاجى خۆ ئێوە شەهيدەكانى ئوحودتان ديون ، ئەى بۆ بيرناكەنەوە ، ئەى ئەبێ سودى ئەوعومرەو حەجەتان چى بوبێت؟ شێخى رواری لەئيقيالّ

نامەکەیدا لەمبارەوە هۆنراوەی جوانی هەیە لەوانە ئەم تاکەهۆنراوەیەی دەنوسین کەدەڵێ،خاکی قەبرسان گەر بێنی بۆ مالّ ـ ئەگەرپاشابیت ئەبی بەحەمالّ.

## اللە بێ نیازە لە عیبادەتی خەڵك

برایان و خوشکان ئەوەنەبێ ئەگەر ئێمە سەرپێچی بکەین لە بەئەنجامدانی خوا زیانێك بە خوا بگات نەخێر تەنها مرۆڤ خۆی گرفتاری سزای دنیاو دوا رۆژ دەبێت ، بەڵێ ئێمە نیازمەندین بە اللە ، اللە بێ نیازە لە ئێمە نە بە سوجدەو رکوعی ئێمە گەورە نەبێو نە بە نەزرو خێرات و پارانەوەمان نیاز مەندە ئەگەر ئێمە هەمومان کوفر بکەین و عیبادەتی غەیری خوا بکەین ئەوە زیانەکەی تەنها بۆ خۆمانە، بۆ؟ ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ ﴾ چونکەخوا بێ نیازە لە ئێوە بەڵام ﴿ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ﴾خوای گەورە لە بەندەکانی خۆی کوفر وەرناگرێت ئیرادەی خوا لەسەر کوفرە بەڵام رەزامەندی خوا لەسەر کوفر نیە[1] ، ئەبێ بزانی کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئیرادە و رەزامەندی اللە دا مەرج نیە هەرچی ئیرادەی لەسەر بو رەزامەندیشی لەسەر بێت ، سەرەتا روی گوفتار لە موشریکانی مەکەیە ، ئەو موشریکانەی کە لە کاتی سەختی و تەنگانەدا تەنها هاوارو بانگی اللە یان دەکرد و بێجگە لە اللە هاواری هیچ کەسی ترسیان نەدەکردو بە تەواوی بانگ کردنی غەیری خوایان لە بیر دەچوبەوە ئەوەتەاللە سەرزەنشتیان دەکات چونکە ئەبێ لە هەموکاتدا شوکرو

---

[1] سورة الزمر / ٧

سوپاسی الله بکەن،﴿ ۞ وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ هەر کاتێ کە زیانێك بە موشریك بگات روی خۆی لە هەمو خوا دروستکراوەکان دەچەرخێنێ وتەنها هاواری پەروەردگاری دەکات﴿ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ )پاشان ئەگەر الله ش لە لایەن خۆیەوە نیعمەتێکی ئارام و بڕ لە ئاسایش یان مالّ و سەلامەتی پێی بدات (نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا إِلَيْهِ مِن قَبْلُ ) ئیتر ئەو خودایەی کە لە پێشدا پەنای پێ دەگرت و بانگی دەکرد لە بیر دەچێتەوە وەك ئەوەی کە ئیتر ئیشی بە خوا نەمابێ ، هەروەك ئاژەڵ دەخوات و دەڕوات و دەنوێت ، ئیتر هیچ ئیشی بە بڕیارو یاساو حوکمی خوا نیە بەڵکو (وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا) لە راستیدا ئەمە خۆی تەفسیرە بۆ (نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا إِلَيْهِ ) لە بیر ئەکات ئەو خودایەی کە هاواری دەکرد لە بەرامبەر ئەو ترسەی بەڕو بەحر کاتێ کە دەکەوتە خەتەری مردنەوە ، کەچی کاتێ کە بەسەلامەتی لەو سەختی و ترسە زۆگاری ئەبێ ئینجا شەریك بۆ خوا دادەنێت و نەزرو خەیرات کە نیعمەتی خودایە و بەوی داومو دەبوایە هەر بۆ خوایشی بکردایە ئەیدا بە کەسانی ترو هەمیشە وا بیر ئەکاتەوە کە ، من بانگو هاواری فلانە پیاو چاکم کرد ئازارو گرفتاریەکانمی چارەسەر کرد؟! جا چاك بزانن کە سەمەرەو بەرو بومی ئەو بەدبەختیەش ئەویە (لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ )کە هەروەك خۆی گومڕایە بەگردارو وتاری خۆی خەڵکانی تریش گومڕا ئەکات ، جا ئەم جۆرە کەسانە هەم خۆیان گومڕان هەم خەڵکی تریش گومڕا دەکەن چونکە ئەو کەسانە تەبلیغات دەکەن کە ئێمە

هاواری فلانه پیاو چاکمان کرد و ئیش و کارمکانی جێ به جێ کرد بۆمان ، نەزرم کرد یان حەیوانێکم سەر بڕی بۆ فلانە پیاو چاك نەخۆشیەکەم چاك بو که ئەمە ئەبێ به هۆی سەر لێ شێواندنی خەڵکانی ساویلکەی تر ٠ ئەفەرموێت ، (قُلْ) ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەو کەسە بڵێ ،(تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ) کەمێك سود وەربگرە لەو دنیایە بەو کوفرەی کە هەتە واتە ئەو چەند رۆژەی دنیا رابوێرە ، بۆ؟ (إِنَّكَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ )چونکە تۆ هاوڕێی دۆزەخیت و لە دوای مردن ئیتر هێوربونەوە و ئاسایشت نیە﴾[1] جائێستا چەند دەتوانی بۆخۆت سود وەر بگرەو رابوێرەو لەزەت وەربگرەو مالّ کۆکەرەوەو کۆشك و باڵەخانەی بەرزو گەورە دروست بکە ٠ ﴿ قُلْ /ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بڵێ کە( إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ )بە منی پێغەمبەر(ﷺ) لە لایەن خواوە فەرمانم پێ دراوە کە اللە بپەرستم و هەمو عیبادەتەکان، عیبادەتی زمانی، عیبادەتی مالّی و عیبادەتی بەدەنی تایبەت بکەم بەو زاتەوە﴾[2] ، خۆموشریکان هەمیشە لە موناقشە و گوفتوگۆ دابون لەگەل پێغەمبەردا(ﷺ) کە ئەی محمد(ﷺ) ئێمە بۆ موشریکین ئێمە لەسەر ئایینی ئیبراهیم پێغەمبەرین ﴿ قُلِ اللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَهُ دِينِي /، ئەی محمد (ﷺ) بڵێ تەنها عیبادەتی اللە دەکەم و هەربۆ اللە هەمو عیبادەتم تایبەت دەکەم ﴿ فَاعْبُدُوا مَا شِئْتُمْ مِنْ دُونِهِ /، جا ئێوە هەرچیتان

---

[1]- سورة الزمر / ٨

[2]- سورة الزمر / ١١

پێخۆشە بیجگە لە خوا بیپەرستن (قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ) ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: ئەوانەی کە عیبادەتی غەیری خوا ئەکەن و لە غەیری خوا ئەپارێنەوە بێگومان لە رەنجەڕۆیانن (ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ ئەو کەسانەی کە خۆیان و ئەهل و عەیالی خۆیانیان لە رۆژی قیامەت دا لە دەست داوە﴾[1] ، چونکە کافرای موشریك بە تەنهایی و بە کوێری لەناو دۆزەخ دا دەبێت و ناگای لە کەس و کارو ئەهلی نابێ بە تایبەت ئەگەر ئەوان موسڵمان بن چونکە ئەوان لە بەهەشت دان و ئەویش لەناو ئاگری دۆزەخ دایە بە کەڕو کوێری، وە ئەگەر ئەوانیش هەر ڕێبازی باب و باپیرە گەورەی خۆیان گرتبێ ئەوانیش هەر ئاوەها هەر کەسەو تاکەو بە کوێرو کەڕی لە ناو ئاگردایە جا ئایا زیان و خەسارەت هەیە لەمە خەسارەت تربێت؟ بۆیە ئەفەرموێ ، (أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ) ئەی خەڵکینە ئاگادار بن و ئەوەی کە لە رۆژی قیامەتدا چوە ناو جهنم بە خۆی و ئەهل و عەیالی خۆیەوە ، بەراستی ئەوەیە زیان وخەسارەتی ئاشکرا ﴾[2]. ئینجا پەروەردگار بۆ چاکتر نیشاندانی خراپی هاوەڵ دانان و کاری شیرکی ئەفەرموێ ، ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا / الله نمونەیەکی جوان‌و رون بۆ ئیماندارو موشریك بەیان ئەکات کە ؛ دوو خزمەتکاربین (رَّجُلًا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ ) جا یەك خزمەتکار چەند کەسێك لەودا شەریکبن و ئەم خاوەنانەش لە سەر چۆنیەتی و چەندیەتی

---

[1]- سورة الزمر / ١٤-١٦

[2]- سورة الزمر / ١٨

ئیش و کاری ئەو خزمەتکارە هەمیشە دەرگیربن (وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ )وە یەك خزمەتکاریش تەنها یەك خاوەنی هەبێ و تەنها گوێ لە یەك خاوەن بگرێت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکات(هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا ) ئایا ئەم دوو وێنە وەك یەکن؟پیاوێك کە چەند کەسی دژ بەیەك سەرپەرشتی بن‌و هەرکام بۆخۆی بڕیارێکی بە سەردابدات و ئەویش نەزانێت بە گوێی کامیان بکات و کامیان لە خۆی رازی بکات. وە پیاوێکیش تایبەت لەژێر فرمانی یەك پیاودا بێت و یەك جۆر فرمانی بەسەردا بدات ئایا وەزع‌و حاڵی ئەم دوو وێنەیە وەکو یەکە؟ مرۆڤی یەکەم ، نمونەی ئەوانەن کە بێجگا لە (اللە) یان مەبەستەو هەرجار لەژێر فرمان وبەرژەوندی لایەکدان و بۆ رازی کردنیان هەمو هەوڵێك دەدن. وە مرۆڤی دووهەم ، نمونەی ئەهلی تەوحیدە کە جگە لە (اللە)یان مەبەست نیە (أَلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ) جا تەوای سوپاس هەر بۆ (اللە)یە ئەگەرچی زۆربەیان ئەم ڕاستیە نازانن﴾[1]. ئەڵێن ، پیاوێك جارێك منداڵێکی نەخۆشی هەبو وە باوەڕی بە چەند پیاو چاکێك هەبو جارێکیان گایەکی بۆ پیاوچاکێك سەر بڕی و بۆی کردە خێرو منداڵەکە هەر چاك نەبو ، پاشان بزنێکی سەر بڕی بۆ پیاو چاکێکی تر منداڵەکە هەر چاك نەبو ، پاشان مریشکێکی سەر بڕی بۆ پیاوچاکێکی تر منداڵەکە هەر چاك نەبو ، وە قەدەری خوا وابو ئەجەڵی ئەو منداڵەش تەواو بو و مرد کابرا گلەیی کرد لە پیاو ی چاکەکان و وتی گایەکەتان بردو حەیوانێکتان بردو مریشکێکتان بردو کوڕەکەشم مرد ؟!،

---

[1]- سورة الزمر / ٢٩

بەڵام ئیماندار روی لە یەك خوایە و هەرچی هەیە بۆ خوایە و هەرچی عیبادەتی هەیە هەر تەنها بۆ یەك خوایە، وە هەمو فکرو غەمی تەنها بۆ رازی کردنی یەك خوایە ٠

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ﴾ ئەی پێغەمبەر ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت لە خەڵکی مەکە کێ ئاسمانانو زەوی دروستکردوە، بە پەلە جواب دەدەنەوەً (لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ) بەدڵنیایەوە دەڵێن (الله) ﴾[1]، بەڵێ موشریکەکانی مەکە خالقی ئاسمانان و زەوی و خالقی خۆیان، هەتا خالقی مەعبودانی خۆیانیشیان تەنها ( الله )ی بێ وێنە دەزانی واتە لەم سیفەتە هیچ کەسێکیان لەگەڵ خوادا شەریك نەدەکرد، بەراستی گرفتی مرۆڤ بە درێژای مێژو تەنها لە عیبادەتدا بوە ئەو عیبادەتەی کە حەقی تایبەتی خوا بوە ، تایبەتیان نەکردوە بۆ خوا ، ئەمە نەخۆشی هەمیشەیی مرۆڤەکان بوە بە درێژای مێژو ٠ ئەوان بەو دەلیلە عەقڵیە ئیعترافیان دەکرد ، بەڵام ئەمرۆ گەورەترین موسیبەت ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین هەرکەسێك بڵێ خوا رازق و خالقی منەو نان و ئاو بە ئێمەدەدات ئیتر ئەوە باوەڕداره؟! نە، تەواوی کوفاری دنیا بە درێژای مێژوی هەمو مرۆڤ خالقیەتی خوای قەبوڵ بوە ، ئەو نەخۆشیەی کە بە درێژای مێژو مرۆڤی لە بن دەرهێناوە ئەوە بوە کە عیبادەتیان تایبەت نەکردوە بۆ خوا ٠ لە سیفەتی خالقیەت هیچ موشریکێ لە هیچ زەمانێکدا شەریکی بۆ خوا قەرار نەداوە ، کەس تاکو ئێستا نەهاتوە بڵێت خالقی من بێجگە لە خوایە

---

[1]- سورة الزمر / ٣٨

بەڵکو لەبەر ئەوە بوە کە ئەو عیبادەتانەی کە حەقی خوا بوە تایبەتیان نەکردوە بە خواوە یان هەر عیبادەتیان نەکردوە ئەوانە کە هەر عیبادەتیان نەکردوە ئەوانە کافر بون بەڵام ئەوانەی کە عیبادەتیان کردوە بەڵام تایبەتیان نەکردوە بە خواوە ئەوانە موشریك بون ئەوانە هەم هاوارو بانگی خوایان کردوەو هەم هاوارو بانگی دۆستانی خوایان کردوە هەر ئەو موشریکانە ئەو تەلبیەی کە ئەمڕۆ حاجیان دەیڵێن ئەیان وت، ( لبيك اللهم لبيك ، لبيك لاشريك لك الا شريكا لك تملكة وما ملك/وەڵامم دایتەوە ئەی خودایە، وەڵامم دایتەوە، وەڵامم دایتەوەکەهیچ هاوبەشێکت نیەجگە لەوەی کەهاوبەشتە کەتۆ خاوەنی ئەویشیوئەوەش کەهەیەتی ) ئاوا هاواریان لەخوای تاکو تەنها ئەکرد. ئەمڕۆ جیاوازی نێوان تەوحید و شرك تەنها یەك شتە • یەکتا پەرستی خوداناس ئەڵێت، عیبادەت تەنها حەقی خوایە بەڵام موشریك دەڵێ هەم خوداو هەم دۆستانی خودا ، لە مزگەوتەکاندا سوجدە بۆ خوا دەبەن بەڵام کە گەیشتن بە قەبری پیاو چاکانیان پەنایان بۆ ئەبەن • پێغەمبەری(ﷺ) پاك کەرەوەی مرۆڤ لە ژەنگی شیرك و بت پەرستی لە کاتی سەرە مەرگدا دوعای کردوفەرموی،{ رَبِّی لاَتَجْعَلْ قَبْرِی وَثَنًا یُعْبَدُ / ئەی پەروەردگارم گۆڕم نەکەی بە بتێك کەبپەرستێت } من باوەڕم وایە کە دوعای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە ئەمڕۆ هەزارو چوارسەدو ئەوەندەسالە بەسەریدا تێ دەپەڕێت وەر گیراوە چونکە تا ئێستا خوای بالادەست گۆڕی پێغەمبەری(ﷺ) پاراستوە لەوەی کە نەزانان بە گۆڕی پیاو چاکانی تری سەر زەوی دەکەن• وتمان هەرکەس هاواری هەرکەسێك بکات دوو هەدەفی

هەیە یان بۆ ئەوەیە کەسودی پێبگەیەنێت یان زەرەرو زیانێکی لەسەرلابات ،بەڵێ سوود یان زیانێك کەلەتوانای مرۆڤدا ببێ ولەژیاندابێت ئەوەئەوهاواره دروستە بەڵام ئەگەر لەتوانای مرۆڤدانەبو یان لەتوانای دابو بەڵام هاوار لێکراومردبو ئەوەحەرامەوکابرای هاوار ئەر بەوەئەبێ بەموشریك ، خوای داناوزانا ئەفەرموێ: ﴿ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ / ئەی محمد(ﷺ) بڵێ: پێم بڵێن ئایا ئەوانەی کە جگە لە (الله) هاواریان لێ دەکەن و دەیانپەرستن ئەگەر (الله) ویستی زیانێکم لێ بدات بە منی پێغەمبەر(ﷺ)ئایا ئەو مەعبودانەی کە ئێوە هاواری لێ دەکەن دەتوانن ئەو زیانەم لەسەر لابەن ؟ بەدڵنیاییەوەئەڵێن نەخێر، ئەو زیانەی کە خوای گەورە موقەدەری کرد کەس ناتوانێت لای ببات ئەی بۆچی هاوارو بانگیان لێ دەکەن و دەڵێن کە دەفعی بەڵاو رەفعی بەڵاوو گرێ کوێرەکانمان بۆ دەکەنەوە؟( أَوْ أَرَادَنِى بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَٰتُ رَحْمَتِهِۦ) یان ئەگەر ویستی بەزەیی پێمدا بێتەوە ئایا ئەوانە دەتوانن بەرگری لەو بەزەییە بکەن؟(قُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ ۖ عَلَيْهِ يَتَوَكَّلُ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ / بەوانە بڵێ: (الله) بەسە بۆم لە هەردوو جیهاندا ، جا ئەوانەی کەدەیانەوێت پشتی خۆیان قایمو بتەو بکەن با هەر بەو پشت ببەستن﴾[1] ، هەر وەك لە کۆتای سورەتی یونس دا خوای گەورە بەیانی کردوەوئەفەرموێ: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ /

---

[1]- سورة الزمر / ٣٨

ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر اللە بەتۆ زیانێ بگەیەنێت بێجگە لە اللە کەس ناتوانێ ئەو زیانە لە تۆ دور بخاتەوە (وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ ) خۆئەگەر خوا ئیرادەی خێرت بۆ بکات (فَلَا رَادَّ لِفَضْلِهِۦ ) هیچ قوەتێك نیە کە پێشگیری لە فەزڵی خوا بکاتوبیگەڕێنێتەوە﴾[1] ٠ لێرەدا دوو سیفەتی تری خوای گەورە کە (النافع و الضار)ە سابت دەبێ ، ئەم قورئانە بۆ تەواوی جیهان هاتوە تایبەت نیە بە هیچ کەس، وە هەرکەسێك رێگای ئەم قورئانە بگرێت ئەوە سودو قازانجەکەی بۆ خۆیەتی و هەرکەسێکیش پشت لەم قورئانە بکات ئەوە زیان و زەرەری بۆ خۆیەتی و هیچ سودو زیان بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی(ﷺ) نیە و زیانی گومڕاهیەکەی تەنها بۆ خۆیەتی ٠ خوای گەورە ئەفەرموێ، گیانی پێغەمبەران و پیاو چاکان و گیانی تەواوی گیانلەبەران من دەیان کێشم وبەدەستی خۆمە ، ئایا ئێوە ئەم گیانە بێدەسڵاتانەلە دنیادا بە دەسڵاتدارو خاوەن هێزو گۆڕێنەر دەزانن لە پاش ئەوەی کە مردنو لە لەشەکانیان جیابونەوە؟ برایان،خوشکان ئەمانە ئازاد نین بەڵکو هەر خوایەکەئەیان مرێنێو زیندوویان ئەکاتەوە﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ / (الله)یە کە گیانەکان وەردەگرێت لەکاتی مردنیدا وهەروەها ئەو گیانەیش کە هێشتا کاتی مردنی نەهاتوە لەکاتی خەوتندا

---

[1] سورة يونس / ١٠٧

وەردەگرێت جا ئەو گیانەی کە بڕیاری مردنی دراوە لەلای خۆی وەری دەگرێتو نایگەڕێنێتەوە بۆ لەشیو دەیمرێنێت. ئەوپەڕیان بەڕەڵا دەکاتەوە کە دێتەوە لەشی هەتا کاتی دیاری کراوی دێت. بێ شك ئا لەوەدا چەندین بەڵگە هەیە بۆ ئەو گەلەی کە تێ ئەفکرێن﴾[1]. پێغەمبەران و پیاو چاکان و ئەولیا هەمویان اللە ئەو نەفسانەیان لێدەسێنێت بەبێ ئەوەی کە ئەوان توانای بەرگریان لەخۆیان هەبێ خۆ ئەوانەی کەهاواری ئەنبیاو ئەولیاوشێخان دەکەن هەربەوە ناوەستن بەڵکوچەندین چیرۆکی خەیاڵیو درۆ بەدەم ئەوانەوە لەناوکۆڕو کۆمەڵدا باس دەکەن بۆنمونەدەڵێن، روحی فلانە وەلی هات و یارمەتی دام دڵنیابە کە شتی وانیە. ئەرواحی ئەم چاکانە چواربەشن : پێغەمبەران ، راستگۆیان ، شەهیدان و پیاوچاکان رۆحی ئەوانە لە ناو شادیو خۆشیدان و هەرکەسەو بە گوێرەی مەرتەبەی خۆی چێژ لەو بەهەشتەی پەروەردگاری دەبات ، وە رۆحی پیسان لە ئاگر دایە ،تۆ کاتێ کە ئەخەوی هێشتا خوێنی لەشت لە هاتوچۆدایە ئاگات لە خۆت نیە، بۆزیاتر وردبونەوەو باشتر تێگەیشتن وە بیرتان دەهێنمەوە ئەو شەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەل یارانی خەویان لێ کەوتو نوێژی بەیانیان فەوتا تۆ بڵێی لەناو ئەو هەمو بەڕێزانەدا وەلی و پیاو چاکێکی تێدا نەبوبێت کەبەکەیفی خۆیان بخەونو هەستن وەك ئێوە دەڵێن؟! نەخەیر هەمویان وەلیودۆستی خوا بونو پێغەمبەریشیان (ﷺ)لەناودابوبەڵام ئەوخەوو خەبەر بونەوە بەدەست کەس نیە؟ بەڵکو ئەوە هەرلەدەست اللە

---

[1]- سورة الزمر / ٤٢

دایه، دەی کەمێ بیر بکەرەوەو خوای خۆت بە تەنهایی بناسە و کەس مەکە بە هاوبەشی ئەوەتە نیوە گیانی لەوان سەندەوەو بۆ نوێژی بەیانی خەبەریان نەبوویەوە و ئاگایان لە نوێژی بەیانی نەما ، ئەی کێ یە لەوانە چاکتر هەمیشە ئاگای لە جەنابت هەبێ بێجگە لە اللە ؟ بیر بکەنەوەتاکار لەکار نەترازاوەو فریای خۆتان کەون ٠

## بەبێپرسی اللە جل جلالە ، شەفاعەت نیە

خوێنەری بەرێز شەفاعەت هەر بەدەست اللە یە، خوا ئەفەرموێ، ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ ﴾ لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە سەر زەنشتی ئەو کەسانە دەکات کە پێیان وایە جگە لە خوا کەسانێك هەن کە بتوانن شەفاعەتیان بۆ بکەن، دیارە ئەم ئایەتە یەکەمجار روی لە موشریکانی مەکەیە کە لەبەر خاتری شەفاعەت عیبادەتی غەیری خوایان دەکرد، لە ژیانی دنیادا باوەڕیان وابو کە غەیری خوا وەکو ئەنبیاو ئەولیا کە موجەسەمەیان بۆ دروست کردبون و بەگەورەیان دەزانین و رێزیان لێ دەنان کە گوایەخاوەنی ئەم موجەسەمانە شەفاعەتیان بۆ دەکەن ولە کاتی گرفتاریدا بە هاواریانەوە دێن ، اللە ئەم بیرو باوەڕە پوچانەی ئەوان رەد دەکاتەوە چونکە لە بارەگای اللە دا شەفاعەت بە ئیزنە واتە شەفاعەت دەبێ بە ئیزنی اللە بێ و بۆ کەسێك بێ کە اللە ئیجازەی پێبدات شەفاعەتی بۆ بکرێت ، جا هەتا اللە جل جلالە ئیجازە نەدات هیچ شەفاعەت کەرێك قوەتی ئەوەی نیە کە لەبارەگای اللە دا داوای شەفاعەت بکات ٠ دەی ئایا ئەو کەسانەی کە ئەمرۆ لە دنیادا بە شەفاعەت کەر بۆخۆیانی دادەنێین ئایا دڵنیان کە ئیزنی شەفاعەتیان پێ دەدرێت ؟

ئەویش بۆکەسانی وەك ئێوە ؟ خۆ الله هیچ بەڵێنێکی بەئێوە نەداوە کە ئەوانە دەتوانن شەفاعەت بکەن ( قُلْ ) ئەی پێغەمبەری من(ﷺ) بەوانە بڵێ: نایا ئەوانە کە بێجگە لە الله بۆخۆیان تکا کاران دادەنێن هەروا لەسەر ئەو هەڵەیە دەچن ؟ ( أَوَلَوْ كَانُوا۟ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ ) ئایا ئەوانە شەفاعەت دەکەن، ئەگەر چی هیچ شتێکیان لە تواناا نەبێت ، وەلەحاڵێکدا کەدەرکیان نیە کە کێ ئەوانەی بانگ کردوە بۆ شەفاعەت ؟ ( قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ ) بڵێ تکاکاری و شەفاعەت هەرهەموی تەنهابەدەست (الله)یە [1]، واتە شەفاعەتی بە خۆی تایبەت کردوە هەتا خۆی ماوەی شەفاعەت نەدات هیچ کەسێك ناتوانێت شەفاعەت بکات. لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە دوو جۆر شەفاعەت هەیە شەفاعەتی گەورە و شەفاعەتی بچوك، وە ئەوانەی کە پەروەندەی شیرك و کوفریان هەیە بە هیچ جۆرێك الله ماوەی شەفاعەتکردنیان پێ نادات و هیچ کەسێك ناتوانێت شەفاعەتیان بۆ بکات تەماشاکەن الله رو بە پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرموێ ﴿ وَلَقَدْ أُوحِىَ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ / پێیان بڵێ: نایا ئێوە پێم یەژن کە من جگە لە (الله) بپەرستم ئەی نەزانان؟ وە بە حەقیقەت وەحی کراوەتە لای تۆ ئەی محمد (ﷺ)وە لای ئەو پێغەمبەرانەیش کە لەپێش تۆدا بون کە ئەگەر هاوبەش بۆ (الله) دابنێیت دڵنیابە کە هەموکردەوە چاکەکانت

---

[1] - سورة الزمر / ٤٣- ٤٤

هەڵدەوەشێتەوەو بێگومان تۆش لە زەنجەرۆیان دەبیت ، چونکە شیرك ئەوەندە پیسە ﴿ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ / بەڵکو تەنها (الله) بپەرستەو لەگەڵ سوپاسگوزاراندا بە ﴿ وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ / وە ئەوانەی کە ئەوان جگە لە الله دەیان پەرستن و هاوارو بانگیان لێ دەکەن هیچ شتێك دروست ناکەن ـ ئاشکرایە نە فریشتەو نە ئەنبیاو نە ئەولیا هیچیان پێ دروست ناکرێت ـ بەڵکو ئەوان خۆیشیان دروستکراون خۆ ئیتر شتانی خوار ئەوان هیچ نرخێکیان نیە ـ جا چ جای ئەوە کە بتوانن بەدەم کەسانی تریەوە بێن بەڵکو ( أَمۡوَٰتٌ غَيۡرُ أَحۡيَآءٖۖ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ) مردونو زیندو نێن ونازانن و هەست ناکەن کە کەی زیندو دەکرێنەوە، جا چۆن چاوەڕوانی چاکەو پاداشتیان لێدەکەن؟ ئەگەر موسڵمانی چۆن پەند لەو ئایەتانە وەرناگرێت ، کە خۆیان نازانن الله کەی ئەوانە لە قەبرەکانیان زیندو دەکاتەوەو کەی حەشریان دەکات[1] . ﴿ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۚ فَٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٞ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ / خوای ئێوە خوایەکی تەنهایەو هاوبەش و یاریدەدەرو هاوکاری نیەو نیازی بەکەس نیەو هەمو دروستکراوەکان نیازیان بەوەیە، هەروەکو چۆن خالقێکتان نیە بێجگە لە الله هەر ئاوەهاش شەریکی نیە لە پەرستن و عیبادەتدا بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان بەرۆژی دوای نییە دڵیان ئینکاری ئەو حەقیقەتو راستیە دەکات وئەوان

---

[1] ـ سورة نحل / ٢٠ ـ ٢١

خۆیان بەگەورە دەزانن و بەندایەتی بۆ اللە ناکەن ﴾[1] ئینجا موشریکان قسەیەکی راست ئەکەن بەلآم مەبەستیان بەوە شتێکی خراپە وەك بول بول لەم چڵ دەچنە سەر ئەو چڵ و هیچیان مەبەست نیە تەنها دەیانەوێ شیرکی خۆیان بە شتێکی زانستیانە پیشان بدەن .

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ نَّحْنُ وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ فَعَلَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ فَهَلْ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴾[2] وە ئەو کەسانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانابو وتیان – موشریك بۆ دەلیلی شیرکی خۆی مەشیئەتی اللە ئەکات بە دەلیل بۆ خۆی – بەلآم رەزامەندی خوا لە گەل ئیرادەی اللە زۆر جیاوازن لە یەك . هەر شتێك کە لەم دنیادا روئەدات ئەوە هەموی بە ئیرادەی اللە یە بەلآم مەرج نیە هەرچی ئیرادەی لەسەر بێت رەزامەندیشی لەسەر بێت ، ئیرادەی خوا لەسەر کوفرە بەلآم رەزامەندی لەسەر کوفرو شیرك نیە هەروەك خۆی ئەفەرموێ:﴿ إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ ۖ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ / ئەگەر کافربن ئەوسا بێگومان خوابێنیازە لێتان و رازی نیە بەوەی کە بەندەکانی کافربن،وە ئەگەر سوپاسی بکەن رازی ئەبێ لێتان﴾[3] جا موشریکان بۆ پاساودانی خراپەکانی خۆیان وتیان:ئەگەر اللە ئارەزوی لێ بوایە ئێمە جگە لەو هیچ شتێکی ترمان

---

[2]- سورة نحل / ٢٢

[1]- سورة نحل / ٣٥

[3]- سورة الزمر /٧

نەدەپەرست نەخۆمانو نە باو باپیرانمان و هیچ شتێکیشمان بەبێ بڕیاری ئەو قەدەغە نەدەکرد ، الله، پێیان ئەفەرموێت ئەو قسانە زۆر کۆنن ئەوانەی کەلە پێش ئەم گەلەی تۆدا بوون هەروایان دەکردو هەروایشیان ئەوت، واتە موشریکان دەڵێن: مادام کە الله ماوەمان پێ دەداتو هەر ئێستا سزامان نادات ئەوە دەگەیەنێت کە الله بەم ئیشەی ئێمە رازیەو وای پێ خۆشە ئینجا خۆ ئەگەر وابێ کابرای زیناکاریش هەر ئەو قسەیە دەکات ، یان کابرای قاتلیش هەر ئەو قسەیە دەکات ، چونکە بەراستی ئەوەی کە لەم بونەوەرەدا جێ بە جێ دەکرێت هەموی هەر بە ئیرادەی خوایە بەلأم مەرج نیە ئەوەی ئیرادەی لەسەر بێت رەزامەندیشی لە سەر بێت جا ئەوەتە خوا دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێت: ئایا پێغەمبەران جگە لە گەیاندنی ئاشکراو ڕون شتێکی تریان لەسەر پێویستە؟ واتە خوا زۆر لەکەس ناکاتو پێغەمبەرانی نەناردوە کە کەس بە زۆر بکەن بەباوەڕدار بەڵکوئەوان تەنهاگەیاندنی ئاشکرایان لەسەرە جا ئێوەیشن کە بە ناڕەزۆی خۆتان ڕێی خۆتان هەڵدەبژێرن. ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ ۚ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ / به راستی ئێمە بۆ هەمو گەلێك پێغەمبەرێکمان ناردوە کەبەو گەلەی خۆیان بڵێن: تەنها(الله) بپەرستن و دور بکەونەوە لە هەمو تاغوتێك جا هەندێك لەوانە ڕێگەی هیدایەتی گرتوەو الله یش هیدایەتی داومو هەندێکی تریشیان بە هۆی لاساری خۆیانەوە گومڕاهیو سەر لێ شێواوی بوەتە شتێکی پێویستو چەسپاو پێیانەوە وازیان لێ نەهێناوە —

تاغوت هەر شتێكە كە بپەرستڕێت و گوێرایەڵی بۆ بكرێت بێجگە لە الله - ، ئینجا الله دەفەرموێ دەی با بەژیرانە بگەڕێن بەسەر زەویداو شوێنەوارەكان ببینن جا تەماشا بكەنو بزانن ئەوكەسانەی كە بێ باوەڕبون چییان بەسەر هاتوە ؟﴾[1] وە بترسن كە سەرنویشتی ئەوانیش هەروا دەرچێت. پەیڕەوی هەرشتێك بكرێت جگە لە (الله) مادام ئەو پەیڕەوی كردنە لە سنوری ئایین دا نەبێت ئەوپەیڕەوی كردنەكوفرو شیركەو پەیڕەوی كراویش ئەگەرخۆی بەوەرازی بێت تاغوتە • جێگای سەرسوڕمانە كە تۆ سود لەم زەویە و لەم ئاسمانە و لە روناكی ئەم رۆژەو لە دەریاكان وەردەگریو هیچ كام لە مانە كۆن نین؟ بەڵام كە باس لە قورئان كرا ئەم قورئانە بە كۆن لەقەڵەم ئەدەیت و دەڵێیت بۆ ئەمڕۆی سەردەمی عەقڵی ئەلەكترۆنی دەست نادات ، الله دەفەرموێ: ئەوانە چەند خۆپەسندو خۆبە زلزانن لەو هەمو نیعمەتانەی ئێمە سود وەردەگرن كەچی كاتێ كە پێیان بوترێت دەی دەبێ هەر ئەو الله یە رێبازتان بۆ دابنێیت و دان بە وشەی ( لا اله الا الله ) دا بنێن ، رادەكەن! ئای چەند خۆپەسندی نەزانن • جا پەروەردگار نیمەنێكی تری ئەمانە باس ئەكات و ئەفەرموێ ، ﴿ وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْتَرُونَ / وەهەرچی نیعمەتێك كە نێوە هەتانەو مایەی بەختەوەری ژیانتانەو سودی لێ وەردەگرن لە خواومیە پاشان هەر كاتێك نێوە دوچاری تەنگانەو ناخۆشی ببن تەنها بۆ لای الله پەنا ئەبەنو هاوار لەو دەكەن﴾[2] ، ئینسانی

---

[1] - سورة نحل / ٣٦

[2] - سورة نحل / ٥٣ .

نەك ناس، دەبێ خاوەنی نیعمەت ڕێزی لێ بگیرێت و عیبادەتی بکرێت سپلەو نەك نەناس نەبی ، ﴿ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ /پاشان هەرکاتێك ئەو تەنگانەیە لە سەر ئێوە لا ببات کوتو پڕ کۆمەڵێك لە ئێوە شەریك بۆ خوا دادەنێن ﴾[1] واتە ، ئەگەر خوای گەورە زەرەرو زیانێکی لەسەر لابردن دەڵێن ئەوە فلانە پیاو چاك یان فلانە ئەنبیاو ئەولیابو ئەو زیانەی لەسەر من لابرد و دەست ئەکەن بە خێرو نەزری بۆ ئەنبیاو ئەولیاکان و دەبن بە موشریك لە باتی ئەوەی کە ئەم نیعمەتە لە خواوە بزانن لە وانی دەزانن • کە سودو زەرەر تەنها بە دەستی خوایە ، چونکە ناوێکی خوا ( نافع)ە وە ناوێکی تری (ضار)ە وە ئەم سیفەتانە تایبەتی اللە یە هەروەك لە پێشدا زانیمان ، جا لەڕۆژی قیامەتیشدا بە هاوبەشی اللە یان دەزانن و لە بارەگای اللە دا شکاتیان لێ ئەکەن وئەڵێن ئەوانەن کە ئێمە بە هاوبەشی تۆمان زانیون وەك دەفەرموێ:

﴿ وَإِذَا رَءَا ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ شُرَكَآءَهُمْ قَالُوا۟ رَبَّنَا هَٰٓؤُلَآءِ شُرَكَآؤُنَا ٱلَّذِينَ كُنَّا نَدْعُوا۟ مِن دُونِكَ ۖ فَأَلْقَوْا۟ إِلَيْهِمُ ٱلْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَٰذِبُونَ / وەکاتێك کەئەوانەی هاوبەشیان داناوە بۆ خوا چاویان بەشەریکەکانیان ئەکەوێت کەچەند هیچو پوچو بێ دەسلاتن دەڵێن، ئەی پەروەردگارمان ئائەمانە بتو شەریکەکانی ئێمە بوون لەگەڵ تۆدا شەریکمان کردون لە دنیادا بانگمان ئەکردنو بەندایەتیمان بۆ ئەکردن ئەوانیش . ئەولیاو ئەنبیا و

---

[1] - سورة نحل / ٥٤

پیاو چاکان و عیسا عوزەیر پێغەمبەر. بەپەلەوەلامیان ئەدەنەوەو دەڵێن: بەراستی ئێوە درۆ ئەکەنو بەندایەتی ئێمەتان نەکردوە ، ئایا بتەکان وەلام دەدەنەوە یان ئەنبیاو پیاو چاکان﴾[1] _ بەڵێ ئەورۆژە وەك ئەمرۆ نیە کەلوتی خۆیان بەرزبکەنەوەو خەڵکی بەبەندەی خۆیان بزانن و ترسیان لەکەس نەبێ، ئەورۆژە هەمو هێزو دەسلاتیان لێ وەرئەگیرێتو لەناو گێژاوی رۆژی رەش و شەرمەندەیو سەرشۆڕیدا ئەخولێنەوە ، جا دوا کەوتو پەستو بێ نرخەکان پاش ئەو لێدوانەیان هیچیان پێ ناکرێ﴿ وَأَلْقَوْا إِلَى ٱللَّهِ يَوْمَئِذِ ٱلسَّلَمَ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ / وە هەموبان رووئەکەنە اللەو تەسلیم دەبن چونکە هیچ چارەیەکی تریان نیە وئەو درۆو دەلەسانەیش کەلەدنیادا کردبویان هەمویان لێ ون دەبێتونامێنێو دەرواتو هیچ قسەیەکیان نیە لەورۆژەدا کەبۆکردن بشێت﴾[2] ئەگەر شەفاعەت بکرێت تەنها بو باوەڕدارانە نەك بۆ موشریکان. ﴿ يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُۥ وَمَا لَا يَنفَعُهُۥ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلضَّلَٰلُ ٱلْبَعِيدُ /جا ئەم کەسە جگە لە (اللە) شتێك ئەپەرستێت و هاواری لێ ئەکات نە لە سەر پەرستنەکەی سودو قازانجی پێ ئەگەیەنێو نە لە سەر نەپەرستنەکەی زەرەرو زیانی لێ دەدات - واتەتوانای هیچی نیە، هێشتاش بیر ناکاتەوە بابەدەم بڵێ بەڵام بەدڵ باوەڕی نیە بەوەی کە سودو زیان هەر بەدەست خوایە- ئاگادار بن بەراستی ئەوەیە سەر لێ

---

[2]- سورة نحل / ٨٦

[1]- سورة نحل / ٨٧

شێواوی و گومراهی دوور له حەقیقەت و راستی﴾[1] . ( يَدْعُواْ لَمَن ضَرُّهُۥٓ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِۦ لَبِئْسَ ٱلْمَوْلَىٰ وَلَبِئْسَ ٱلْعَشِيرُ / ئەم مرۆڤە غافڵە لەم کارەیدا کەسێك ئەپەرستێت کە زیانی نزیکترە لە سودەکەی ئای چ خراپ دۆست و چ خراپ یارو یاوەرێکە بۆی﴾[2] چونکە هاواری هەرکەسێك دەکەیت ئەوە بانگی شەیتانت کردوە. ﴿ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا / ئەوانە هاوار ناکەن مەگەر لە مێینەکان، وەئەوانە هاوار ناکەن مەگەر لە شەیتانی سەرکەش و لاسار کە خرابترین هاوڕێ و دۆستی مرۆڤە﴾[3] ئەم ئایەتە لەگەڵ پێشودا کە فەرموی نە زیانی لێ ئەدا ونە سودی پێ دەگەیەنێ دژایەتی نیە چونکە ئەو پەرستراوە لە خودی خۆیدا توانای هیچ سودو زیانی نیە بەڵام کابرای پەیڕەوی کەر لەو پەرستراوە لە لای اللە بە هۆی ئەو شیرکەوە زیانی دەست ئەکەوێت نە سود ، کە مانای ئەم ئایەتەیە. یان دەگونجێ ئایەتی پێشو کەبە وشەی { ما} هاتووە مەبەست شتە بێ عەقڵەکان بێت وەکو بتە تاشراوەکان و خۆرو مانگو ئەستێرەو قەبروگاو...هتد کە ئەوانە نە ئەتوانن سود بە مرۆڤ بگەیەنن ونە زیان، دووهەمیش کە بە وشەی { مَنْ } هاتووە مەبەست پەرستراوە عاقڵەکان بێت وەکو رەئیس خێڵو گەورەو سەرۆك حیزب و لێپرسراوی دەستەو گرۆهەکان کە فەرمانەکانیان وەکو فەرمانی(اللە)

---

[2]- سورة الحج / ١٢

[1]- سورة الحج / ١٣

[2]- سورة النساء / ١١٧

جێبە جێ ئەكەن جا چ بيانەوێ وچ نەيانەوێ ئەبنە خواى ئەو خەڵكە نەزانە، جا ئەمانە دەگونجێ هەندى سودى دنيايان هەبێت بەڵام زيانيان هەر زۆر نزيكترەو زوويش يەخەيان ئەگرێ ، ئاى چ هاونشينو هاودەمێكى نالەبارە كە لە دنيادا مالّو سامانو گيانى خۆى بۆ فيدا كرد بەڵام ئەو نەك هەر سودى پێ نەدا بەڵكو نەفرينيشى لێ ئەكات جا تو خوا ئەگەر مرۆڤ زيير بێت هەرگيز ئيشى ئاوەها ئەكات؟

﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَمَا لَيْسَ لَهُم بِهِۦ عِلْمٌ ۗ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ /موشريكان جگە لە (الله) شتێك ئەپەرستن كە پەروەردگار هيچ بەڵگەيەكى لەسەر راستى ئەو ڕەوانە نەكردوەو هيچ زانيارييەكيشان لەو بارەيەوە نييە﴾[1] خوێنەرى بەڕێز تۆزێك بير كەرەوە ئەوەى تۆ بە پياو چاك و وەلى دەزانى ئايا الله هيچى لە بارەى ئەوەوە ڕەوانە كردوە بۆت كە ئەو وەليە يان ئەو شێخە يان ئەو گەورەيە سوديان هەيەو تكات بۆ دەكەن ؟ يان هەر بە خەيالّى پوچى خۆت دەى پەرستى و بە وەكيل و شافيعى خۆتى دەزانى ئەوەى جەنابت هاوارى لێ دەكەيت ئايا زەمانەتێك هەيە كە ئەو پياوە لەسەر ئيمان مردبێ؟ وە چ زەمانەتى بەهەشتى بونى هەيە ، هەتا ئەم پەرستن و هاوار كردنە هيچ بەڵگەيەكى عەقڵى نيە چ عەقڵێك ئەمە قەبوڵ دەكات ئەمە كە نەى توانيوە خۆى و منداڵەكانى رزگار بكات ئايا چى دەكات بۆ جەنابت ئەگەر گەسێك خۆى پێ رزگار نەكرێت چۆن ئەبێت بە مونجى و رزگاركەر بۆ جەنابت ؟! بەراستى موشريك گەورەترين زاڵمە چونكە حەقى تايبەتى الله ئە دات بە خەڵكى تر ئەگەر

---

[1]- سورة الحج /٧١

نوێژە ، نەزرە ، خەیراتە ، سوجدەو تەوافە ، ئەوانە بە راستی حەقی اللە ن، خۆ زاڵم بەو کەسە دەوترێت کە حەقی خاوەن ماف بە خاوەن ماف نەدات ٠ اللە ئەفەرموێت، هاوار کردن حەقی منە ﴿ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ / بانگم بکەن وەلامتان دەدەمەوە﴾[1] جا حەقی پیاو چاك و ئەنبیاو ئەولیا لەسەر ئێمە ئەوەیە کە رێزیان لێ بگرین و سەلاواتیان لەسەر بدەین و دوعای چاکیان بۆ بکەین ، نەك لێیان بپارێینەوە و هاواریان لێ بکەین ، اللە بریاری داوە کە نەزرو خەیرات و سوجدە حەقی ئەوە کە حەیوانێك سەر دەبڕی بە ناوی ئەو و بۆئەو سەری ببڕە و بیکە بە چاکەو قوربانی و کەس مەکە بە هاوبەشی ﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ / وە بۆ ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتیدەرێك نیە﴾[2] دەی ئەو جۆرە پەرستنە جگە لە نەفامی ئەبێ چی بێت؟ کەواتە ئەوانە ناحەقیکارو ستەمکارن، وە بۆ ئەو ستەمکارانە هیچ یارمەتی دەرێك نییە کە بیانپارێزێ لە سزای (اللە) ، بەڵێ ئەم بێ باوەڕو گەوجانە هەرگیز پێیان خۆش نییە نیشانەکانی خوا ببینن‌و شەیتان سواری شانیان بووەو رەوای لە لا کردون بە ناڕەواو ناڕەوایشی لەلا کردون بەڕەوا و سەری لێ تێکداون.

## جگە لە اللە پەرستراوان بێدەسەلاتن

پەروەردگار لەئایەتێکی تردا خەڵك ئاگادار ئەکاتەوە لە بێ دەسەلاتی ئەو خوایانەی کە ئەوان دەیان پەرستن و ئەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ

---

[1] - سورة غافر / ٦٠

[2] - سورة الحج / ٧١

ضُرِبَ مَثَلٌ فَٱسْتَمِعُوا۟ لَهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا وَلَوِ ٱجْتَمَعُوا۟ لَهُۥ ۖ وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ ۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ / ئەی خەڵکینە میسالو پەندێك هێنراوە جا باش گوێی لێ رابگرن ـ تا خوا تاشراوو درۆزنە کانتان چاك بناسن ، هەر پێویستیەکتان هەیە داوا لە من بکەن دەخۆن دەنون بە پۆشن دێن و دەڕۆن هەمو کات و ساتێك، هەرهاواری من بکەن چونکە هەر من بە هاناتانەوە دێم ـ بێگومان ئەوانەی کە ئێوە جگە لە (اللە) هانایان بۆ ئەبەنو هاواریان لێ ئەکەن و ئەیانپەرستن ئەگەر هەمویشیان کۆ ببنەوە (لَن يَخْلُقُوا۟ ذُبَابًا ) هەرگیز مێشێکیان پێ دروست ناکرێت ـ ئایا ئەگەر ئەولیاو ئەنبیا شتێك خەڵق بکەن نابن بە خالق؟ دەی ئەتوانن مێشێکیش دروست بکەن ؟ ئاشکرایە بت پەرستان دانیان دەنا بە سیفەتی خالقیەتی خواداو لەم بارەیەوە کێشەیەك نەبوە بۆیە لە هیچ شوێنێکی ئەم قورئانەدا نەهاتوە کە اللە فەرموبێتی ( لا خالق الا اللە ) وە لە سیفەتی رازقیەت هەمو مرۆڤ خوای بە رازق زانیوە، وە لە یەك جێگای ئەم قورئانەدا نەهاتوە کە اللە فەرموبێتی ( لا رازق الا اللە ) وە بێجگە لە اللە هیچ کەسێکیان بە مالکی ئەم جیهانە نەزانیوە بۆیە لە هیچ شوێنێکی ئەم قورئانەدا اللە نەی فەرموە ( لا مالك الا اللە ) وە هەمو موشریکان بە درێژای مێژو وتویانە کە خالق و رازق و مالك هەر خوایە ، تاوانی هەمو مرۆڤەکان تەنها ئەوەیە کە فەرمانڕەوایەتی خوایان قەبوڵ نەکردوەو خۆی بە سەر پشك زانیوە بۆ دانانی بەرنامەی ژیانی و بەشی اللە ی نەداوە و مانای ( ان

الحكم الا لله / هيچ فەرمانێك نيە مەگەر بۆ الله ) وە مانای ( الا له الخلق و الامر / ئاگاداربن هەر ئەو خالیقەو بڕیار هەر هی ئەوە ) خستۆتە پاش گوێ کە دەقی مانای ( لا اله الا الله )یە بۆیە بەموشریك ناوبراون ، جا ئەوانەی بێجگە لە الله کە پەنایان بۆ دەبەن و هاواریان لێ ئەکەن نەك هەر گیز مێشێکیان پێ دروست ناکرێت بەڵکو لەوەیش کەمتر و بێ هێزترن کە(وَإِن يَسْلُبْهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيْـًٔا لَّا يَسْتَنقِذُوهُ مِنْهُ / ئەگەر مێشێکیش شتێکیان لێ بفڕێنێ ناتوانن لێی بسێننەوە. ئای داوا کار کە پەرەستراوە ناحەقەکانو داوا کراو کە مێشەکەیە، چەند لاوازو بێ هێزن، دەی پەرستراوانێك کە بە هەمویانەوە نەتوانن مێشێك دروست بکەن ومیان دەرەقەتی مێشێك نایەن چۆن چاوەڕوانی شەفاعەتو تکاکاریان لێ دەکرێت، دەی ئایا ئامۆژگاری لەمە گرنگتر کوا ؟ بۆ بیر ناکەنەوەو دەست لەخەیاڵات و خوایانی تاشراو هەڵگرنو روکەنەوە پەروەردگاری جیهان خۆ هەرچی بکەن دواجارهەردەچنەوە بەردەستی ؟ کە موشریکانی ئەو سەردەمە بە پێغەمبەریان دەوت ئەی محمد(ﷺ) ئەگەر ئێمە هاوارو بانگی ئەو ئەولیاو ئەنبیاو پیاوچاکانە دەکەین ئەوە لەبەر خاتری نزیکی ئەوانە لە الله ، ئێمە گوناهبارین وە لە الله دورین بەڵام هاوار لەئەوانەدەکەین( لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰ / تا ئەوانە لە خوا نزیکمان بکەنەوە ، واتە شیرکی ئەوان بۆ نزیك بونەوە لە الله یە بەڵام الله ئەفەرموێ : ئەوانە بێ هێزو لاوازن و توانایان نیە ، ئێوە دەڵێن لە الله نزیکمان دەکەنەوە جا الله بەدەمیاندا ئەدا و ئەفەرموێ :( مَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ

﴿ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾ ئەوانە(الله)یان بەو شێوەی کە شیاوو پێویست بێ نەناسیوەو رێزیان بۆ دانەناوە بێشك کە (الله) ئەوپەڕی تواناو دەسەڵاتی هەیەو هەمیشە سەرکەوتوە وهیچ شتێك بەسەریدا زاڵ نابێت﴾[1].

لە سورەتی غافر الله کاکڵەی بەندایەتی لە ئێمە داوا ئەکات ( فادع الله مخلصین له الدین ) بەکورتی لەهەر حەوت حامیمەکاندا الله داوامان لێ دەکات کەعیبادەت تایبەت بکەین بە خۆیەوەو تەنهانامازەیەکی کورت بۆنوێژو زکات ئەکات جا کەزانیت لە دنیاو لە قیامەتدا قەزاوەت و هەمو کارێك هەربە دەستی قودرەتی ئەوە! ئەی ئەبێ بانگی غەیری الله چ سودێکی هەبێ کە هیچیان بە دەست نیە نەلە دنیاو نە لە قیامەتدا ( ان الله یقضی بالحق) بێگومان هەر الله یە کەبەحەق بڕیار دەدات ٠ وە هەروەها الله دەفەرموێ: (وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ بِشَىْءٍ) وە ئەو کەسانەی کە هاواری جگە لە الله دەکەن ئەوانە نەلە دنیا و نە لە قیامەتدا هیچ بڕیارێکیان پێ نادرێتو نیازی کەس بەراورد ناکەن ، هەروەها الله لە کۆتای دا بە بەڵگە عەقڵیەکان بەندایەتی راستو دروست بۆ خۆی رۆشن دەکاتەوە کە ئەو هەمو نیعمەتانەی هەتانە لە منەوەن و ئێوەم خەلق کردوەو ئەو دەم و چاووشێوە جوانەم بە ئێوە داوەو بژێویم بۆداناون ، ئەم زەویەم بۆ ئێوە رام کردوەو کردومە بە فەرش بۆتان ئەم ئاسمانە پان و بەرینەم کردوە بە بان و سەقف بۆتان ئەو هەمو ئیمکاناتانەم بە ئێوە داوە ئەی نابێ ئێوەش گوێ بگرن لە قسەکانم و

---

[1] سورة الحج / ٧٣ ـ ٧٤

فەرمانەکانم قەبوڵ بکەن ؟ کە پێیتان دەڵێم﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ / کە بێجگە لە من هاواری کەس نەکەن ، وە بەندایەتی تایبەت بکەن بە منەوەو بەشی کەسی تێکەڵ مەکەن چونکەبێ نیازم لە هاوەڵ و هاوبەش﴿ ادعونی استجب لکم / لێم بپارێنەوەو داوام لێ بکەن وەلامتان دەدەمەوە﴾

## وەڵامی چەند گومانێك

چەندگومانێك و وەڵامەکانیان لەقورئانەوە ئەڵێن،کاتێ کە ئێمە بانگی غەیری خوا دەکەین دەبینین چەندین داواکاریمان جێ بە جێ دەبێت ، سکمان ئێشاوە سەرمان ئێشاوە ددانمان ئێشاوە بە پەلە ئەو سك ئێشە یان ئەو ددان ئێشە یان ئەو سەر ئێشە چاك بو ! یان چاومان دەئێشا کاتێ کە هاواری پیاوچاکانمان کرد بتیمان ئێشی نەما و ئەم نەخۆشیە لاچوو چاومان چاك بوەتەوە ٠ یان هەندێك جار لە خەودا ئەی بینین پیاو چاکێك یان شەخسێك بە ئێمە دەڵێت تۆ باش هاواری منت نەکردوە و نەزری چاکت بۆمن نەکردوە تۆ بە فلانە بەلا گرفتار بویت یان دەبیت ، یان لە خەودا پێت دەڵێ لەبەر ئەو نەزرە جوانەی کە بۆمنت کرد ئەو بەلایانەم لەسەر تۆ لابرد ، یان ئەو کێشەیەم بۆ چارەسەر کردی کە منداڵەکەت لە تاقی کردنەوەکان دەرچو ، یان منداڵەکەت لە فلانە لێکدان دا رزگار بو ! ئەم شوبهانە بەڵگە گەلی موشریکان بون کاتێ کە قورئان ئەوانەی دەعوەت کرد بۆ یەکتاپەرستی پالفتە﴿ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ

﴿ بەندایەتی تایبەت بکەن بە منەوەو بەشی کەسی تێکەڵ مەکەن﴾[1] کە گوایە چەند سودێکیان لەو هاوار کردنەی غەیری خوادەستکەوتوە و کۆمەڵێك قسەی بێ جێ و ڕێ ئەڵێن کە لە ئەنجامی هاوارو نەزری بۆ غەیری اللە وەلأم دراونەتەوە ، وە لەخەودا پیاوچاك و شەخسیات هاتون و تەئیدی ئیمەیان کردوەو داواکاری و نەزری ئیمەیان وەرگرتوەو بەلأیان لە ئیمە دور خستوەتەوە اللە سبحانە لەم حەوت سورەتانەدا واتە (حوامم السبع) وەلأمی ئەم گومانانەی داوەتەوە • لەوانە فەرمودەی اللە ی خاوەن دەسەلأتە کە دەفەرموێ : ﴿وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَاءَ فَزَيَّنُوا لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنَّهُمْ كَانُوا خَاسِرِينَ / وە بەهۆی لاساری خۆیانەوە دۆستانی وامان بۆ پەیداکردن کە هەمو کارو کۆششێکی خراپی پێش و پاش خۆیانی بۆجوان کردن وبڕیاری(اللە)یش کە بڕکردنی دۆزەخە هاتەدی لەسەر ئەوانو چونە ڕیزی ئەو گەلە خراپانەی پێشخۆیانەوە لە جنۆکەو ئینسان، کەبێگومان ئەوان لە ڕەنجەڕۆیان بوون﴾[2] واتە اللە ئەفەرموێت لە نیدای غەیری اللە ئێوە هەر شوێنەوارو ئەسەراتێك کە دەیبینن بە هۆی ئەو ڕفیقە جینانەیە کە بۆمان هەڵبژاردوون ( قُرَنَا / کۆی قرینە) واتە ئەو ڕەفیقە جن و شەیتانەن کە لەبەر ناڤرمانی ئەو ئینسانانە ئەوانما بەسەریاندا زاڵ کردونوکردارەناشیرینەکانیان بۆجوان ئەکەن وە لە سورەتی

---

[1] - سورة الزمر / ٢

[2] سورة فصلت / ٢٥

زوخرف دا خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ ٱلرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا فَهُوَ لَهُۥ قَرِينٌ ﴾ هەر کەسێك کوێر بێت لە ئاست فرمانەکانی اللە، لە ئامۆژگاری و نەسیحەتی ڕەحمان و لە حوکمی ڕەحمان کە لێرەدا مەبەست گوێ نەدانە بە قورئان (نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا) ئێمەئەوکاتە ئامادەی دەکەین بۆ ئەو شەیتانێك کە هاوڕێی ئەوە ، جا ئەو شەیتانانە ئەبنە بەر پەرج و ڕێگر لە ڕێگای اللە دا بە هۆی وەسوەسە و خەوبینینەکانەوە﴾[1] . وە ئەو هاوڕێگەلی شەیتانە وا گومان دەکەن کە ﴿ كأنهم مهتدون / ئەوانە لەسەر ڕێگای ڕاستن ﴾. واتە اللە ئەفەرموێ: هەر کەسێك ڕێگای قورئان نەگرێت من شەیتانێك دەکەم بە هاوڕێی ئەو کەسە ئینجا بیست و چوار سەعات ئەو شەیتانەی لەگەڵەو تەواوی کردارەکانی لە بیداری و لە خەودا بۆ جوان دەکات و لە شەقامە ڕاستەکەی تەوحید لایان دەدات ، ئەوە سزای ئەوکەسانەیە کە لە فرمانەکانی اللە لادەدەن جا ئێستا زانیمان کە ئەوانەی نیداو بانگی غەیری اللە تەئید دەکەن ئەوانە دۆست و نزیکانی شەیتانن . ئیش و کاری ئەو ڕەفیقە شەیتانانەش ئەوەیە کە ﴿فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ /جوان ئەکەن بۆ ئەوانە ئەو کردارە خراپانەی کە لە پێشدا ئەنجامیان داوە، وە ئەوانەش کە لە پاشدا ئەنجامیان دەدەن﴾[2] جا شەیتان بەو شێوەیە فریویان دەدات و ئەوانیش پەنا بۆ غەیری اللە دەبەن و واگومانیش دەکەن کەلەسەر ڕێگای ڕاستویەکتا پەرستین. لە ڕاستیدا

---

[1] - سورة الزخرف / ٣٦

[2] - سورة فصلت / ٢٥

شەیتان شارەزاترین مەوجودە لە ناستی شیرك و کوفردا ، بۆ؟ چونکە هەر لە نوح پێغەمبەرەوە تاکو پێغەمبەری پاکی ئیسلام شەیتان هەمو پێغەمبەرانی چاو پێکەوتوە کە هەمو دەرسەکانی تەوحید و هەمو فرو فێڵەکانی شیرك و کوفر دەزانێت • جا هەر کەسێك شەیتان گەیاندی بە دەرەجەی شیرك لە گوناحەکانی تر واز دەهێنێت، شێخ شەهابەدینی سوهەروەردی ئەڵێ : شەیتان هەر کەسێك لە عەقیدەدا گومڕا بکات ئینجا ئەو پیاوە لە سەر کردەوەی راست و ساڵح رادێنێت ، تاکو لەو گومڕاییە عەقیدەییە نەگەڕێتەوە هەتا وای لێ دەکات کە لە ترسی اللە بگری ، شەیتان ئەوەندە فێڵبازو زاڵمە سەبارەت بە خەڵەتاندنی مرۆڤ ، ئەوەتە اللە ئەفەرموێت : ( لئن اشرکت لیحبطن عملك) ئەی محمد(ﷺ) ئەگەر شەریك بۆ من دابنێیت هەمو کردەوەکانت هەڵدەوەشێنمەوە ﴿ قُلْ أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ تَأْمُرُوٓنِّيٓ أَعْبُدُ أَيُّهَا ٱلْجَٰهِلُونَ /ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ ئایا ئێوە دەستور بە من دەدەن کە من عیبادەتی غەیری اللە بکەم ئەی نەزانان﴾[1] ، ﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى / هەمو ئەوانەی کە بەندایەتی غەیری خوایان کردوە – چ رۆژو مانگ و ئەستێرە بێت چ ئاژەڵ و گاو مشك بێ چ مەلائیکەو ئەنبیاو ئەولیاوشێخو پیاو چاك بێت – ئەو رۆژە بۆ ئەو موشریکانەی کە هاواری غەیری اللە یان کردوە زۆر سەختە چونکە اللە سبحانە بانگیان ئەکات و ئەفەرموێ : کوا ئەوانەی کە لەگەڵ منداا شەریك بون لە دنیادا ، ئەوانەی کە لە بەندایەتی و نەزرو خەیرات دا لەگەڵ من

---

[1]- سورة الزمر /٦٤

شەریك بون‌و دەتان پەرستن وەك من یان لە من زیاتر لە كوێن بۆ ئێستا بە هاناتانەوە نایەن ؟ (قَالُوٓاْ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ) وتیان بەراستی ئێمە بەتۆمان راگەیاند كە هیچ كام لە ئێمە شایەتی ئەوە نین﴾[1] ، واتە هیچكام لە ئێمە ئاوا بۆچوون عەقیدەمان نەبوە . بەڵكو ئەوانە سوێند ئەخۆن وەدەڵێن: سوێند بەالله ئێمە هیچ كەسمان لەگەڵ تۆدا شەریك نەكردوە. بەڵێ موشریك لە دنیادا هەمیشە وابیر ئەكاتەوە كە لە قیامەتدا شافیع و دۆستی هەیە و ئەو رۆژە بە هانایەوە دێت ، بەڵام الله ئەفەرموێ: ﴿ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ /ون بوو لەو موشریكانە ئەوانەی كە لەپێشدا لە دنیادا بانگیان ئەكردن ، جا ئەگەر ئەوانە وەڵی‌و دۆست و پیاوچاك بون خۆ ئەوانە ئاگایان لەو بازارە نیەو ئەوانە رۆیشتون بۆ بەهەشت ﴿ وَظَنُّواْ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ /ئەوانە دڵنیا ئەبن كە لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوانە هیچ پەناگایەك یان شوێنی راكردن و دەرچونیان نیە﴾[2] .

﴿ لَهُۥ دَعْوَةُ ٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَىْءٍ إِلَّا كَبَٰسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَٰلِغِهِۦ ۚ وَمَا دُعَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ /تەنها بۆ خۆیەتی دەعوەتی راستەقینە كەبریتیە لە وشەو مانای (لااله الا الله) جا بێ باوەڕان بابزانن كە ئەوانەی ئەیان پەرستن و هاوارو بانگیان لێ دەكەن بێ كەڵكن‌و ئەوانەی كەئەوان بانگی دەكەن‌و دەیپەرستن بێجگە لە الله هیچ

---

[1]- سورة فصلت / ٤٧

[2]- سورة فصلت / ٤٨

وەلامێکی ئەوان نادەنەوەو ناتوانن هیچ سودێکیان پێ بگەیەنن مەگەر وەکو ئەوکەسەی کەدەستی خۆی لەسەر لێواری بیر درێژ بکات بۆناو بیری ئاو تا ئاو بگەیەنێتە دەمی خۆی کە هەرگیز بەوشێوەیە نەدەمی بەوئاوە دەگاتو نەئاویش دێت بۆناودەمی ، کە ئەمە وێنەیەکە بۆ ئەوکەسانەی کەپەیرەوی فرمانی جگە لە اللە دەکەن، واتە ئەوانەی اللە یان بەجێ هێشتوەو بەدوای شتانی تر کەوتون هەرگیز سودیان لێ وەرناگرنو کارو تەلاشیان بێ هودەیە بۆیە اللە سبحانە دەفەرموێت: پەرستنی کافران و هاوارکردنیان بۆ غەیری اللە هیچ نرخێکی نیە بێجگە لەقسەیەکی بێهودەو سەرلێ شێوانێکی زیاتر﴾[1] بەڵکو لەراستیدا بەم پەرستنەی ئەبێ بەدوژمنی هەمو دروست کراوەکانی اللە چونکە هەمو دروستکراوەکانی اللە بێجگە لە بەشی زۆری مرۆڤ و جنۆکە لەیاسای اللە دەرناچن و هەمویان گەردن کەچ و گوێ رایەڵی فرمانی پەروەردگاریانن‌و دژی دوژمنانی (اللە)ن _ واتە ئەوەی دەستی خۆی لەسە ر لێواری ئاوێك لە دور شۆڕ دەکاتەوە چەندێك ئاوی دێتە ناو دەمی ، ئەوەی کە دەستی دوعا بۆ بێجگە لە خوا درێژ دەکاتەوە هەر ئەوەندە سود مەند ئەبێت واتە هیچیان پێ نابڕێت ، جگە لە گومڕاهی و شیرك و کوفر ؟! هەروەها اللە درێژە بە دەرخستنی نیشانەکانی هێزو یەکتای خۆی ئەدات و ئەفەرموێ:

﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ قُلِ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ لَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا ۚ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِى ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ۗ أَمْ جَعَلُوا

---

[1]- سورة الرعد / ١٤

لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا۟ كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ عَلَيْهِمْ ۚ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّٰرُ ﴾[1] پێیان بڵێ: کێ پەروەردگاری ئاسمانان و زەویە ؟ تۆ خۆت وەڵام بدەرەوە بڵێ تەنها (الله) یە پەروەردگاری ئاسمانان وزەوییە ، دەی پێیان بڵێ ئایا ئێوە بێجگە لە الله دۆستانێکی تر ئەکەن بەیاوەرو یارمەتی دەری خۆتان کە ئەوانە بۆ نەفسی خۆیشیان نەسودیان هەیەو نەزیان ئێتر ئێوە چاوەڕوانی چییان لێ دەکەن؟ ئایا توانیویانە لە دنیادا هیچ زیانێك لە خۆیان دور بخەنەوە ٠ ئەمە ئیستفهامی ئینکاریە ، واتە نەدەبو ئێوە هاوارو بانگی ئەوانە بکەن ، کەواتە بۆ ئەوانەتان هاوار دەکرد کە هیچ زەرەرو قازانجیان نەبو ؟ بۆ نمونە: یوسف پێغەمبەر توشی چەندین کێشە هات لە ژیانیدا ، ئایا توانی هیچیان لە خۆی دور بخاتەوە ؟ کاتێ کە توشی ئەو هەمو کێشانە بو ، ئایا هاواری کێی کرد ، بێگومان هاواری الله ی کرد ٠، کە وتی ﴿ قَالَ رَبِّ ٱلسِّجْنُ أَحَبُّ إِلَىَّ مِمَّا يَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ ۖ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّى كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾[2] ، کێ وەڵامی یوسفی دایەوە ﴿ فَٱسْتَجَابَ لَهُۥ رَبُّهُۥ /خۆ هەر پەروەردگاری وەڵامی دایەوە﴾[3] ٠

## نمونەی یاوەڕدارو بێ باوەڕ

ئینجا خوا نمونەی یاوەڕدارو بێ باوەڕ بەم شێوەیە باس ئەکات و ئەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ / پێیان بڵێ ئەی محمد (ﷺ) ئایا وەکو یەکە کوێرو چاو ساغ ، واتە موشریك کوێرە و یەکتا پەرست

---

[1] - سورة الرعد / ١٦
[2] سورة يوسف / ٣٣
[3] سورة يوسف / ٣٤

چاو ساخە ، ئیماندارو کافر؟ یان( أَمْ هَلْ تَسْتَوِي ٱلظُّلُمَٰتُ وَٱلنُّورُ ) ئایا رووناکی و تاریکی ، واتە باوەڕبوون بەئیسلامو بێدینی وەکو یەکن؟ ناشکرایە وەلامی نەخێرە، ئەم وشەی(ام)ـە بۆ گۆاستنەوەیە واتە واز بهێنە لە قسەی پێشو.( أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَآءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِۦ فَتَشَٰبَهَ ٱلْخَلْقُ عَلَيْهِمْ ) ئایا ئەوان هاوبەشانێکیان دا ناوە بۆ خوا کە خەڵکیان دروستکردوە هەروەکو چۆن خوا دروستی کردوە جا لەبەر ئەوە لێیان گۆڕابێتو نەزانن کامیان بپەرستن واتە: بۆ ئەوەندە گێل و گەمژەن دروستکاری ئەم بونەوەرە گەورەو پڕ سەیرو سەمەرەتان بەجێ هێشتوەو خەریکی پەرستنی بەندە بێدەسەلاتەکانی ئەوون؟! اللە خۆی بە تەنهایی هەمو مەخلوقاتی خەلق کردوەو کەس شەریکی نەبوە لەو دروست کردنەدا کەواتە عیبادەتیش تەنها حەقی خوایەو بەس ٠ وە ئێوە بەندایەتی بۆ کەسانێك دەکەن و بە گەورەی دەزانن کە لە بەدیهێنانی مەخلوقاتدا هیچ نەقشێکیان نەبوە ؟! دیسان اللە ئەفەرموێ: ﴿ قُلِ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴾[1] پێیان بڵێ اللە دروستکاری هەموو شتێکەو هەر ئەوە تەنهایە لەزات و سیفاتو کرداریداو خاوەن دەسەلاتە ٠

﴿ وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴾ وە باسی ئەو رۆژە بکە کە هەمویان کۆ دەکەینەوە کە رۆژی قیامەتە ـ پاشان بە ئەو کەسانەی کە شەریکیان بۆ اللە داناوە — هاواری فریشتەو ئەنبیاو پیاو چاك و ئەلیا، یان شتە بێ گیان و گیاندارانی تریان کردوەو نەزرو

---

[1] سورة الرعد / ١٦

خەیراتیان بۆ کردون دەڵێین: کواو لە کوێیە ئەو هاوبەشانەی کەداتان ناوە بۆ منو ئەتان وت ئەوانە دۆست و وەلی الله نو پارێزگاریمان لێ دەکەنو دێن بە هاوارمانەوەو پاڵپشتمانن وە گومانتان وابو کە شەفاعەتتان بۆ دەکەن و دەستتان دەگرن بەرەو بەهەشت و لە جەهەنەم رزگارتان دەکەن لە کوێن؟با بێنە پێشەوە﴾[1] واتە لەورۆژەدا هیچ پەرستراوێك جورئەتی هاتنەپێشەوەو تکاکردنی نییە بەڵکو هەرکام لەوان هەوڵ دەدات کە ئەو تاوانە لەسەرخۆی لابباتو لایەنەکەی تر تاوانبار دەکات؟! وە ئەوان لە دنیادا نەك تەنها سوێندیان بە ئەنبیاو شێخ و پیاو چاکان دەخوارد بەڵکو بەسەری باوك و گەورەو پیاو ماقوڵانیش سوێندیان دەخوارد بەڵام لەو رۆژەدا دەڵێن ﴿ قَالُوا وَاللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ / بەالله بە پەروەردگارمان قەسەم ئێمە هیچ کەسێکمان لەگەڵ خوای خۆمان دا شەریك نەکردوە﴾[2] یەك کەس لەو رۆژەدا جورئەتی ئەوە ناکات کە بە غەیری الله سوێند بخوات ، وە موشریك لە قیامەتدا لە دادگای الله دا ئینکاری شیرك دەکات ، بەڵام ئایا ئەمرۆ پێی بڵێی تۆ هاوبەش بۆ الله دادەنێیت ئایا لێت قەبوڵ دەکات ؟ بە داخەوە زۆربەی خەڵکی ئەمرۆ شیرك و کوفر لەیەك جیا ناکەنەوە ، بەڵام پسپۆڕانی شارەزا لە شیرك و کوفر پێغەمبەران بون ، کە هەر پێغەمبەرێك لە سەردەمی خۆی و بۆ ناو گەلەکەی خۆی هاتوەو پێی راگەیاندون کە ئەو کردارەتان شیرك و کوفرە بەڵام زۆربەی خەڵکی قەبوڵی نەکردوە ، لەپاشدا هەر لە دنیادا پێش

---

[1] - سورة الأنعام / ٢٢

[2] - سورة الأنعام / ٢٣

قیامەت سزایەکی بچوك دراون تا بگەنە سزای گەورەتر ، ئەمڕۆش هەر داعیەکی ئایین کە تەبلیغی خەڵکی بکات کە هاوبەش بۆ الله سبحانه، دانەنێن و خۆتان کافر نەکەن یان دەی کوژن یان چەندین ناوو ناتۆرەی بۆ دادەنێن ،جا ئەگەر مەزدنو خۆتان بەشت دەزانن لە قیامەتدا ئەو سوێندە مەخۆن! لەبیرتان نەچێت زۆرنابات بەودادگایە دەگەن! بەڵێ شیرك ئەوندە پیسو نەگریسە کە موشرك نە لە دنیادا و نە لە قیامەتدا قەبوڵی ناکات بەڵکو هەمیشە خۆی بەخواناسو پەرهیزکار لەقەڵەم ئەدات؟!

﴿ ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلَّآ أَن قَالُواْ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ /لە پاشان هیچ شتێکیان بۆ نامێنێتو هیچ قسەیەکیان نیە بیکەنو هیچ بەڵگەو بەهانەیەکیان نیە کە وەڵامی الله ی داناو ئاگای پێ بدەنەوە مەگەر ئەوە نەبێ کە دەڵێن: سوێند بە الله و بە پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز هاوەڵ دانەر نەبوین﴾[1] بەڵێ ئەو هاوەڵ دانەرانە کاتێ کەدەبینن بێجگە لەمرۆڤانی راستو دروستو نوێژ کەر کەسی تر ناچێتە بەهەشتەوە دەڵێن با ئێمەش بدەین لە ژێری کرداره ناپەسەندانەکانی خۆمانو سوێنا، بخۆین کە هاوەڵمان بۆ الله دانەناوە، وا دەزانن کە ئەو جێگایەش هەروەك دنیایە کەبە درۆ بۆیان بچێتە سەر ئا بەو شێوەیە سوێند دەخۆنو پاکانە دەکەن بەڵام الله ی تواناو زانا دەمیان لە کار دەخاتو دەستو قاچیان دێتە قسەو هەموو کردارەکانیان ئاشکرا دەکەن ، ئا ئەوانەی لە دنیادا حەوت حەوت قسەیان کەڵەکە دەکردو هیچ حیسابیان

---

[1]- سورة الأنعام / ٢٣

بۆ پاشە رۆژ نەدەکردو بانگخوازانی راستودڵسۆزیان دەدایە بەر تانەوتەشەرودەیان ناوی جۆراوجۆریان بۆدادەنان ئاوا ئەمرۆ سەرشۆڕانە سوێند دەخۆن و خۆیان بە درۆ دەخەنەوە وەك الله دەفەرموێ:

﴿ ٱنظُرْ كَيْفَ كَذَبُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ ۖ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ / تەماشاکە چۆن خۆیان بە درۆ دەخەنەوە، خۆ گوم بوو لێیان ئەو درۆیەی کە دەیانبرد لە دنیاو هاوەڵیان بۆ خوا دادەنا﴾[1] وە دەیان وت فلانە شێخ یان فلانە پێغەمبەر یان فلانە وەلی رزگارمان دەکەن کە هەر یەکەو لایەکی بۆخۆی دانابو فرمانی ئەوەی لە فەرمانی الله و پێغەمبەر(ﷺ) بەلاوە گرنکتر بو ، وە هەر یەکەو دەستی بە داوێنی شێخی خۆیەوە گرتبو. بەداخەوە لەم سەر زەوییەی الله دا جێگایەك نیە کەخوایەکی تاشراوی تێدا نەبێت ئەم مرۆڤە نەزانە هەر بەئاسانی کەوتوەتە داوی دوژمنی قین لەدڵی قەسەم خوردەیو کوێرانە هەنگاو هەڵدەگرێتو لە دانانی هیچ هەنگاوێکی خراپ سڵ ناکاتو دەستی خۆی لەسەر دەست داناوەو دەڵێ من لە قیامەتدا دەست گیرم هەیە ! ئایا بەڵگەتان هەیە کە الله سبحانە، فەرموبێتی دەست بگرن بە ئەولیا و پیاوچاکان و پێغەمبەرانی من بە بێ ئەوەی کە گوێڕایەڵی راستەقینەی الله بن رزگار دەبن ؟ کوا بەڵگەکانتان؟ هەمو ئەوانە درۆو ئیفترانو مرۆڤەدوکاندارەکان بۆ بازاڕ گەرمی خۆیان دروستیان کردون ، جا تەماشا بکەن و وردببنەوە کە قورئان چۆن بۆتان ڕۆشن دەکاتەوە ؟ لە سورەتی ئەنعام دا ئەفەرموێ : ﴿ قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ

---

[1] - سورة الأنعام / ٢٤

عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ إِنِّي مَلَكٌۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۚ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلۡأَعۡمَىٰ وَٱلۡبَصِيرُۚ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ / ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: من نالێم بە ئێوە کە خەزینەکانی خوا لە لای منەو هەر کەسێك موسڵمان بێت ئیتر ژیانی خۆش دەکەم ، وەمن نالێم کە غەیب دەزانم ، ئەو شتەی کە اللە خۆی بە منی نەفەرموبێت من هیچ شتێکی لێ نازانم‌و من نالێم کە من فریشتەم بەڵکومنیش بەشەرێکم وەك ئێوە کەمن هەر پەیڕەوی لە ئەوە دەکەم کە وەحی دەکرێتە لام‌و تەنها راسپاردەی خۆم رادەگەیەنم ـ بڕۆ سەراپای ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) بخوێنەوە بزانە لە ژیانیدا توشی چەندین نارەحەتی‌و زەرەرو زیان بوە، ئەگەر پێغەمبەرێك کە زیندوە دان بەوەدا بنێت کەهیچ لە غەیب نازانێت جگە لەوەی کە اللە وەحی کردبێتەلای ، کەواتە کە مرد شتێکی بەڵگە نەویستە کە لە مەسئەلەی غەیب زیاتر دوور ئەکەوێتەوە ، اللە ئەفەرموێ : ـ ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: ئایا کوێرو چاو ساخ وەك یەکن؟ دەی بۆ بیر ناکەنەوە تا ئەم راستیانە بزانن؟﴾[1] ئینجا اللە سبحانە داوا لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکات کە بە ردەوام بێت لە سەر بانگەوازەکەی خۆی‌و دەفەرموێ: ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ / وە بیان ترسێنە ئەی محـــمد(ﷺ) بەو قورئانەی کە پێمان سپاردویت ئەو کەسانەی کە دەترسن کە کۆبکرێنەوە لە پێشگای پەروەردگاری خۆیاندا ـ وە ئەم ترساندنە بۆ هەموو کەسە بەڵام چونکە

---

[1] ـ سورة الأنعام / ٥٠

هەر ئەوان سودی لێ وەردەگرن بۆیە باسی ئەوانی کردوە ـ کە لەو رۆژەدا بۆ ئەوان نیە هیچ دۆستێك کە پاڵپشتیان بێت ، وە هیچ کەسێکیان نیە کە تکایان بۆ بکات هەتا اللە ماوەنەدات جا بەڵکو خۆیان بپارێزن لە شیرك و تاوان و خراپە تا بپارێزرێن لە سزاو تۆڵەی سەختی دوا رۆژ ﴾[1]. ﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۚ قُل لَّا أَتَّبِعُ أَهْوَاءَكُمْ ۖ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُهْتَدِينَ ﴾[2] ئەی محمد(ﷺ) بڵێ: من بەرگری کراوم لەپەرستنی ئەوەی کە ئێوە دەی پەرستن بێجگە لە خوا ، چونکە هەمویان شتانێکی بێ کەڵکو پرو پوچن پێیان بڵێ: من دوای ئارەزواتی ئێوە ناکەوم بەڵکو من فرمانی پەروەردگاری خۆم چۆن هاتوە ئاوەها ئەکەم بێگومان ئەگەر بێتو دوای ئارەزواتی ئێوە بکەوم ئیتر من سەرلێ شێواوم، وە من ئیتر لە سەر رێگای راست نیەم و ـ وەك ئێوە شەرماندەی پێشگای اللە دەبم ﴾ هەر بەڵگەیەك کە لە قورئان و فەرمودەدا نەهاتبێ ئەوە هەموی هەڵوەشاوەو بەتاڵە و لە کردەوەی شەیتانە، خەڵکی نەزرو خێرات دەکات یان هاوارو پارانەوە دەکات و لە دەوری قەبری پیاو چاك و ئەنبیاکان دەسورێنەوە ئەوە هەموی خەیاڵاتی هەڵوەشاوەیەو بەتاڵە نە اللە ونە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لەو بارەوە هیچ رێگایەکیان بەکەس نەداوە بەڵکو هەموی پێچەوانەی قورئان و سونەتەو دژی ئایینی پاکی ئیسلامە ، وە سەرانەوە تەنها بە دەوری مالّی خوادا دروستە ۰ هەر لەم سورەتەدا جارێکی تر روو لە پێغەمبەر(ﷺ) ئەکات و ئەفەرموێ : ﴿ قُلْ أَنَدْعُوا مِن

---

[1] سورة الأنعام /٥١
[2] سورة الأنعام / ٥١

دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَٰبِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ / بڵێ: ئایا هاوار بکەینە کەسێك بێجگە لە اللە کە نە سودمان پێ دەگەیەنێتو نە زیان؟ وە پاشگەز ببینەوە لەم بیرو باوەڕە راستەو بەرەو شیرك بڕۆین، پاش ئەوەی کە اللە ڕێنمایی کردین بۆ ڕێگای راست ؟ وەك ئەو کەسەیە کە شەیتان سەری لێ شێواندوەو شێتی کردوەو نازانێ چۆن دێتو دەڕواتو چی دەڵێت کە ئەو چەندین ڕەفیقی هەیە وەکو شەیتان و جنۆکەکان بانگی دەکەن: وەرە بۆ ڕێنمونی لای ئێمە. پێیان بڵێ بە راستی ڕێنمایی اللە هەر ئەوەیە ڕێنمایی‌و هۆی خۆشبەختی، وە ئێمە فرمانمان پێ کراوە کە گەردن کەچ بین بۆ پەروەردگاری عالەم﴾[1] ومئەفەرموێ: ﴿ وَكَيۡفَ أَخَافُ مَآ أَشۡرَكۡتُمۡ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمۡ أَشۡرَكۡتُم بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗاۚ فَأَيُّ ٱلۡفَرِيقَيۡنِ أَحَقُّ بِٱلۡأَمۡنِۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ / چۆن من دەترسم لەوەی کە ئێوە کردوتانە بە هاوبەش بۆ اللە لە حاڵێکدا ئێوە ناترسن لەوەی کە ئێوە هاوبەشتان بۆ اللە داناوە ـ بە نەزرو خەیرات و هاوارو بانگی غەیری اللە کردن ـ کە اللە هیچ بەڵگەیەکی بە هێزی لەو بارەوە نەناردوە بۆتان و هەر لە خۆتانەوە ئەم بت پەرستیتانە دروستکردوە ـ دەی ئایا کۆمەڵێك کەبە گوێڕەی فرمانی خوا ڕەفتار بکاتو کۆمەڵێکیش دژی خوا بێت ـ کامیان دەبێ کەم ترس ترو دڵنیاو ئارام تربێت ئەگەر ئێوە شت دەزانن؟

---

[1] - سورة الأنعام / ٧١

جا پەروەردگار خۆی وەلامی ئەداتەوەو ئەفەرموێ :﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَمْ يَلْبِسُوٓا۟ إِيمَٰنَهُم بِظُلْمٍ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلْأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ /ئەوکەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو باوەڕەکەیان تێکەڵاو بە شرك نەکردوەو هیچ جۆرە هاوبەشێکیان بۆ الله دانەناوە بۆ ئەوانە دڵنیایی‌و ئاسایش هەیەو هەر ئەوانەن کە ڕێگای هیدایەتیان گرتووە﴾[1] لێرەدا شیرکی بەزوڵم‌وستەم ناوبردوە، بۆیە کاتێ کە ئەم ئایەتە دابەزی یارەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: کێ هەیە لە ئێمە کە ستەمی نەکردبێت ؟ جاپێغەمبەر(ﷺ) فەرموی:{ لَيْسَ كَمَا تَظُنُّونَ إِنَّمَا هُوَ كَمَا قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ }[2] وانیە کەئێوە گومان دەکەن ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کە لوقمان بەکوڕەکەی وت:﴿ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ بە ڕاستی هاوبەشی دانان بۆ الله ستەمێکی گەورەیە﴾[3] . واتە مەبەستی ﴿ظلم﴾ لەم ئایەتەدا هاوبەشی دانانە بۆ الله .

دیسان الله سرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ ڕۆژی قیامەت و ڕۆژی ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەل سەنگ و کێشانەی کردارەکانی دنیایدا و ئەو دیمەنە کە هێشتا نەهاتوە دەیهێنێتە بەر چاوو ئەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم

---

[1] - سورة الأنعام / ٨١- ٨٢

[2] - متفق عليـــــــه

[3] - سورة لقمان /١٣

مَا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ / بەراستی ئێوە دێن بۆ لای ئێمە بە تاك و تەنیایی — بەبێ شافیع و ئەنبیاو ئەولیاو شێخوسەرۆك وپاڵپشتەکانتان - چۆن لە سەرتاوە لە دایکتان بە تاك و تەنهایی دروستمان کردنو هیچ توانایەکتان نەبوو روت و قوت بوون هەر ئاوەها بە روتی و بەو شێوەیە دێنەوە بۆ لای ئێمە بۆ دادگایی کردنتان ، نەماڵو نە منداڵ و نە شورەت و نە مەقام نە قەسرو نە تەلارو نە هێزو نە سوپات لە گەڵدا نابێ بەڵکو بە تەنهایی دەچیت بۆ بەردەم دادگای خوای گەورەو ئەوەی کە پێمان داون لە شورەتو سامانو ماڵو مەقامو کەسو کارو موڵك هەموتان بە جێ هێشتو ئێمە نابینین ئەو پاڵپشت و شافیعانەش کە واتان دەزانی لە رۆژی قیامەتدا شەفاعەتتان بۆ دەکەن لە گەل ئێوەدابن، بە دڵنیایەوە بچڕا ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوانتاندا هەبوو ئەوەی کە گومانتان پێ دەبردن کە لە دنیاو دوا رۆژدا بێن بە هاوارتانەوەو تکاتان بۆ بکەن وا ئەمڕۆ لێتان ون بوون بۆ نایەن لە ئاگر رزگارتان بکەن و بتان خەنە ناو بەهەشت ، ئەی لە کوێن ئەوانەی کەگیانو ماڵتان فیدایان دەکرد ؟![1]

دیسان دیمەنێکی تری ئەو رۆژەمان پیشان دەداو ئەفەرموێ : ﴿ وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الْإِنسِ ۖ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُم مِّنَ الْإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا ۚ قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ / باس بکە ئەی محمد(ﷺ) ئەو

---

[1] - سورة الأنعام / ٩٤

رۆژەی کە ئێمە هەمویان کۆ دەکەینەوەو دەڵێین، ئەی کۆمەڵەی جنۆکەکان ئێوە ژمارەی خۆتانتان زۆر کرد بە هۆی لادانی خەڵکێکی زۆرەوە لە ڕێگای ڕاستو کردنتان بە بێ باوەڕو هاوەڵی خۆتان، جا دۆستەکانیان لە مرۆڤ دەڵێن، ئەی خوای ئێمە هەندێکمان سودمان وەرگرت لە هەندێکمان . سودو لەزەتی ئینسان لە جنۆکە دەبێ چی بێ جنۆکە فرماندە بوەو ئینسانیش فرمانبەردارو شەیتان چی وتوە ئینسانەکەش وای کردوە ئایا ئەمە لەزەت وەرگرتنە؟! دیارە ئەوان لە دنیادا ئەو بە گوێ کردنەی شەیتان بە لەزەت دەزانن و جنۆکەیش بە بۆنەی ئەوەوە کە ئینسان بە گوێی کردون خۆیان زۆر بە زل زانیو،وکەیفیان پێ کردوە لە دنیادا ، وە بە بۆنەی ئەوەی کە ئینسان دوای ئەوان کەوتوە زیاتر ئەوانیان گومڕاتر کردوە دەڵێن: ئێمە بوین بە گەورەی ئینسانو جنۆکە ئینجا دەڵێن، ئەی اللە گەیشتین بەو ماوەیەی کە بۆت دانا بوین واتە گەیشتین بە مردنو مردینو هاتینەوە لات بۆ حیساب و باوەڕمان بەڕاستی ئەم رۆژە هەیە. ئینجا اللە سبحانە دەفەرموێ، ئەو قسانەتان بێ سودەو ئاگر جێگەتانە بۆ هەمیشەو لە ناوی دا دەمێننەوە مەگەر کاتێك کە اللە ئارەزۆی لێ بێت ئینجا اللە سبحانە دەفەرموێ، بێگومان ئەی محمد (ﷺ) پەروەردگارت دانایە لە ئیشەکانی داو زانایە بە هەموو ئیشەکانتان﴾[1].

جا وێنەیەکی تری بێ نرخیوسوکی ئەوموشریکانە دەخاتە روو دەفەرموێ ، ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ

---

[1]- سورة الأنعام /١٢٨

ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۘ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴾ وێنەی ئەو کەسانەی — موشریکن - کە جگە لە (اللە) دۆستانێك دەگرن کە یارمەتیان بداتو لە سزای (اللە) ڕزگاریان بکات. وەك شێوەی ئەو جالْجالۆکەیە کە ماڵێك بۆ پاراستنی خۆی دروست دەکات کە بەڕاستی لاوازترین ماڵ ماڵی جالْجالۆکەیە ئەگەر بزانن﴾[1] واتە داپیرۆشکە کاتێ ئەم خانوەی بۆ خۆی دروست دەکات وا گومان دەکات کە ئەم خانوەی لە هەمو ئافات و بەڵایەك ڕزگاری دەکات کە خانوەکەی ئەو لە هەمو خانوەکان لاوازترە تەنانەت لە سەرماو گەرماش نای پارێزێ ٠ مرۆڤی موشریك لەسەر ئەم زەویە پان و بەرینە لە ژێر دەسەلاتی زاتی اللە ی بێ نهایەت گەورە بۆ خۆی پەناگا دروست ئەکات و وادەزانێ ئیتر پارێزراوە ، لە ڕاستیدا نمونەی ئەو پەناگایانە کە موشریکان بۆ خۆیان دروستی دەکەن وەکو ئەم خانوەی جالْجالۆکەوایە جا ئەم خانوە چەند خاوەنەکەی دەپارێزێ ، پشت و پەنای ئەو موشریکانەش کە دەستیان گرتوە بە داوێنیانەوە هەر ئەوەندە دیان پارێزن ٠ واتە هەر وەك چۆن ئەم خانوەی جالْجالۆکە سودی نیە بۆ جالْجالۆکە کە ئەو پیاو جاك و ئەنبیاو ئەولیانەش کە بەم شێوەیە هاواریان لێ ئەکەن و چاوەڕوانی شەفاعەتن لێیانەوە سودیان نیە بۆ ئەو موشریکانە ٠ خۆزگە ئەم مرۆڤە خۆی گێل نەکردایە و بە باشی لەم قورئانە ورد ببوایەوەو لەو ڕەفتارە قێزونە وازی بهێنایە؟! بەڕاستی نمونەیەکی پڕ بە پێستی خۆیەتی، هەر اللە یەزاناودانای ڕاستەقینەو هەر خۆی شایستەی پەرستنەوهەر ئەوە

---

[1] - سورة العنكبوت / ٤١

هیواو ئومێدی خواناسانی راستەقینەو ئاگادار لەخشەی مێشولەو زانەری تەواوی ئاشکراو پەنهانیەکان، تەنهایەو هاوبەشی نیەو وەلامدەرەوەی رازو نیازی نیازمەندانەو دەولەمەندەونیازی بەکەس نیەو هەموکەس، بەو نیازمەندە، بەتەنهایی سوپاسەری کاروباری بونەوەرەو نیازی بەهاوکارو هاوسەرو ئەولادنیەو بونەوەر هەموی موڵکی ئەوە، بەکورتی ئەفەرموێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ / بەڕاستی (الله) زانیاری هەیە بەسەر هەموَ شتێکدا کە جگە لەو دەیپەرستن، وە هەر ئەوە تواناو کار بەجێ، ئینجا ئەفەرموێ، ( وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ) ئەوانە وێنە گەلێکن کە ئێمە دەیهێنینەوە بۆ خەڵك – تاکو واز لەو شیرك و کوفرە بهێنن و چیتر پەنا نەبەن بۆ ئەولیاو پیاو چاك‌وئیمام زادەیان‌و ئەوانیش دوچاری دادگای سامناکی الله نەکەن﴾[1]، بەڵام بەداخەوە لەم هەمو ئایەتانەی قورئان و ئەو هەمو فەرمودانەی پێغەمبەر (ﷺ) خەڵك پەند وەرناگرن - جگە لە زانایان لێیان تێناگەن ، واتە تەنها زانایانن کەلە قورئان ورد دەبنەوە و خۆیان لەو رەفتارە ناپەسندە دور دەگرن. ﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ / وەهەر کەسێك لەگەل (الله)دا هانا بۆ کەسێکی تر ببات هیچ بەڵگەیەکی لەسەر راستی ئەو ئیشەی نیە، جا ئەوە حیسابی هەر لەلای پەروەردگاری خۆیەتی. بێگومان بڕیار ئەوەیە کە بەو ئیشەی کافر ئەبێو کافرانیش

---

[1] - سورة العنكبوت / ٤٢ - ٤٣

لەسزا رزگار نابن﴾[1].خوێنەری بەڕێز تەماشاکەوچاك ورد بەرەوە لەو قورئانەی کەبۆت رەوانە کراوە هەر لە (ب)ی بسم لله ی تاکو (س)ی ناس کە کۆتای قورئانە دەیان جار الله سبحانه، فەرمویەتی ئەی خەڵکینە هاواری من بکەن و پەنا بۆمن بێنن چونکە هەر کەسێك کەسێکی تر لەگەل الله دا بانگ بکات ئەو کەسە هیچ دەلیل و بەڵگەی نیە ، خاوەنی بەڵگە ئەوکەسەیە کە پەنا بۆ الله ببات ، جا ئەگەر تۆزێك بیر بکەیتەوە لەو کەسەی کە پەنای بۆ دەبەی کە نەیتوانیوە دیفاع لە خۆی بکات و خۆی لە زیان و مەرگ بپارێزێت وگوللەیەك یان سەری شمشێرێك یان ژانە سەرێك لە خۆی دور بخاتەوە ئەی چۆن دیفاع لە تۆ دەکات؟ ئایا بینیونە یان بیستوتە تاکو ئێستا کەس زیانی لە الله دابێت؟ ئایا زانیوتە الله سبحانه، مێژویەکی مەرگ و ژیانی هەبێت؟ ئایا زانیوتە تاکو ئێستا کەس زوڵمی لە الله کردبێت؟ بەڵام ئەنبیاو ئەولیا و پیاو چاکان بە درێژای مێژو خۆیان بە بێ دەسەڵات زانیوە لە بەرامبەر الله وەو تەنانەت زۆر جاریش خەڵکیش زوڵمی لێ کردونو نەیان توانیوە بەرگری لە مردن و ژیانی خۆیان بکەن بۆ ئێستا بون بە دادرەس و فەریاد رەس بۆخەڵکی تر؟! هیچ عەقڵێك ئەمە پەسند ناکات ئایا هیچ دەلیلێکت هەیە کە الله ئەمری کردبێت کە بانگی ئەولیاو ئەنبیاو پیاوچاکانی من بکەن لە حاڵێکدا کە بە ڕێزترین مەخلوقی الله ئەوانن؟ الله ماوەی هاوار لێ کردنی بە هیچ کەسێك نەداوە بەڵکو فەرمویەتی:﴿ أُدعونی أستجِب لکم / بانگم بکەن وەلامتان ئەدەمەوە﴾ وە فەرمویەتی:﴿ فأنی قریب أجیب دعوت

---

[1]- سورة المؤمنون / ١١٧

الداعي اذا دعاني / بێگومان من نزیکم، وەلامی بانگ کەر دەدەمەوە هەرکاتێ بانگم بکات ﴾ بەراستی هیچ دەلیلێك نیە لەسەر هاوار کردنی غەیری الله نە دەلیلی عەقلیو نە دەلیلی نەقلیو بە هەڵە لە مانای ئەم ئایەتە تێ مەگەن ﴿ وَابْتَغُوا إِلَيْهِ الْوَسِيلَةَ ) کێ ئەمەی بۆ مانا کردون کە دەبێ وەسیلە هەبێت و خەڵك بکەن بە واسیتەو بە وەسیلە؟ لەکام تەفسیرێکی موعتەبەردا ئەوەنوسراوە؟ بەڵکو وەسیلە بەندایەتی راست و دروستی الله یە، وە تەواوی پێغەمبەران علیهم السلام بۆ چارەسەری گرفتەکانیان بانگی الله یان کردوە وەك دەفەرموێ: ﴿ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا ۖ وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ / پێغەمبەران لە ژیانی خۆیاندا بانگی ئێمەیان دەکرد بۆ هەر کێشەیەك کە هەیان بو، وە هەمیشە بەرامبەر بە ئێمە گەردن کەچ بون﴾[1] مرۆڤ چەند تاوانباره کە بە بێ بەڵگە پەنا بۆ غەیری خوا دەبات (فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ) بەڵام خوا حیسابی ئەوانە باش دەزانێت ئەوسا حیسابی ئەوان لە لای الله یە ئاکامی ئەو حیسابەش کە الله دەی کات ئەوەیە کە دەفەرموێ : (إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ) بێگومان بڕیار ئەوەیە کە بەو ئیشەی کافر ئەبێو کافرانیش لەسزا رزگار نابن.

## سورەتی نەمل وچەن چە پکە گوڵێك

جا فەرمون با سەرێکیش لە سورەتی نەمل بدەین و چەند ئایەتێکی لێ بخوێنینەوە کە مەبەستی سەرەکی لەوانەدا ئەوەیە کە بێجگە لە الله کەس غەیب نازانێت، خودا ئەفەرموێ : ﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ

---

[1] سورة الأنبياء / ٩٠

ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ ﴾ / ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ تەواوی ئەو مەخلوقاتەی کە لە ئاسمانانن واتە فریشتەکان و ئەوانەی کە لەسەر زەوین بەگشتی بێجگە لە اللە هیچ لە غەیب نازانن ﴿[1] واتە پێویستە بزانن کە فریشتەکان غەیب نازانن تەنها ئەوەندە نەبێت کە اللە زانستی پێداون وە ئەوانەی کە لەسەر زەوین وەکو پێغەمبەران و ئەولیاء پیاو چاکان هیچ لەغەیب نازانن مەگەر بەو ئەندازە زانستەی کە اللە پێی داون وە لەم سورەتەدا بەسەرهاتی چەندین کەس لە پێغەمبەرانی باس کردووەو لەم ئایەتانەوە سابت و سەلێنراوە کە پێغەمبەران غەیبیان نەزانیوە ، ئاخر کاتێك کە خەڵکی هاواری غەیری اللە ئەکەن کە بێجگە لە اللە غەیب زان و فەریادرەس نیە دەی ئەبێ ئەوە کێ بێت کە ئاگای لەوان بێت و غەیب بزانێ ؟ ئاشکرایە کە سەرەتای ئەم سورەتە و دەیان سورەتی تر بە باسی راستی و دروستی و گەورەی قورئان دەست پێ ئەکات بۆ؟ چونکە ئەوان قورئانیان بەراست نەئەزانی و باوەڕیان پێ نەئەکرد لەبەر ئەوە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە لە بگرەو بەردەدا بوون . ئەی ئەوکەسەی کەخۆت بەموسڵمان دەزانی ئەگەر تۆ باوەڕت بەم قورئانە هەیە بۆ واز لە خەرافیات و ئارەزۆ پەرستی ناهێنی؟ خۆ ئەگەر ئەو موشریکانە قورئانیان بەلاوە راست بوایەو باوەڕیان پێ بکردایە ئیتر هیچ بگرەو بەردەمیەك روی نەئەداو پێغەمبەریش ﷺ دوچاری ئەو هەمو گیرو گرفتە نەئەبو ، جا لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی سورەتەکانی قورئان باس لە گەورەی و عەزەمەتی قورئان دەکەن • وەك لێرەدا دەفەرموێ : ﴿ طسٓ

---

[1] سورة النمل / ٦٥

تِلْكَ ءَايَـٰتُ ٱلْقُرْءَانِ وَكِتَابٍ مُّبِينٍ / ئەمانەئایەتی قورئانن و ئایەتانی کێتبی
ڕۆشنکەرەوەن﴾[1] وەسفی کتێب لە هەر شوێنێکدا کە وشەی (مبین)ی
بەدوادابێت هیمایە بۆ ئەوەی کە لەو سورەتەدا دەلائیلی نەقڵی بەیان
ئەکرێت لە پێغەمبەران و لە بەندەکانی الله وە، وە لەم سورەتەدا الله
سبحانە، دەلیلی تەوحید و یەکتا پەرستی لە سەر زمانی مێرولە و لە
سەر زمانی پەرندەگان بەیان ئەکات ، تەنانەت مێرولەکانیش دەزانن کە
پێغەمبەران غەیب نازانن ، ئەولیا غەیب نازانن ، وە پەرندەگانیش
هەمان بیرو باوەڕیان هەیە وە لە داستانی پێغەمبەران دا ئەم مەسەلەیە
زۆر ڕۆشنەبەڵام مرۆڤی نەزان لەم راستیە وێڵەولەباتی پەیڕەوی قورئان
پەیڕەوییکەری هەواوهەوس وشەیتانە ٠

جارێکیان سلێمان پێغەمبەر( علیة السلام) لەگەڵ لەشکری خۆی
کەوتە ڕێگا بەرەو شوێنێك ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَـٰٓأَيُّهَا
ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَـٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَـٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ / هەتا
گەیشتنە شیوی مێروولە جا لەو کاتەدا مێروولەیەك بانگی لە
مێروولەکان کردو وتی، ئەی مێروولەکان بچنە ناو کونەکانتانەوە تا
سلێمان و سەربازەکانی بە بێ ئەوەی کە هەست بکەن نەتان شکێنن
بەیکداو لەناوتان نەبەن، لە حاڵێکدا کە ئەوان ئاگایان لە ئێمە نیە ﴾[2]
مێرولە عەقیدەی وایە کە سلێمان پێغەمبەر غەیب نازانێ و لەشکری
سلێمانیش نەك هەرغەیب نازانن بەڵکولەوانەیە مێرولەکان لە ژێر دەست

---

[1] سورة النمل / ١
[2] سورة النمل / ١٨

و پێياندا ورد ببن ، سلێمان پێغەمبەر( علية السلام) گوێی لەم دەنگە بو ، چونكە الله سبحانە، ئەو بەشەی بە سلێمان و بە باوكی دابو كە لە زمانی هەمو گيانلەبەرێك تێ دەگەيشتن • بەڵێ ئەم مێروولەيە دڵسۆزی بۆ هاوشێوەكانی خۆی دەربڕیو نەيدەزانی كە سلێمان پێيان دەزانێت، بەڵام سلێمان ( علية السلام) بانگەوازەكەی بيستو نيگەران بوو لەوەی كە ئەو مێروولەيە ئەوانی بە بێ هەست ناوبردووە ﴿ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ / جا لەبەر ئەوە زەردەخەنەيەكی بێزاری لەو قسەيە گرتی و ئينجا بەسەرخۆيدا هاتەوەو فەرموی: الله چەند ئيحسان و چاكەی لەكەل من كردوە كە دەنگی مێرولەم گوێ لێ يە و دەستی كرد بە شوكرانەی الله و فەرموی: ئەی پەروەردگارم دڵم فرەوان بكەو تێم بگەيەنە كەمن سوپاست بكەم بەسەر ئەو ئيعمەتانەی كە داوتە بە من و بە دايك و باوكم، ئەم پێغەمبەرە بەم هەمو نازو نيعمەت و دەسەلاتەوە ئينجا لە الله دەپارێتەوەو تكا ئەكات و ئەفەرموێ ، ( وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ) ئەی الله بە رەحمەت و ميهرەبانی خۆت بمخەرە ريزی بەندە سالحەكانتەوە ، خوێنەری بەڕێز وەرە هەرلەم سورەتەدا تەماشای رووداوێكی تر بكە كەجارێك سلێمان پێغەمبەر( علية السلام) لەگەڵ لەشكرەكەی ئەڕوات بۆ شوێنێك ، (وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ )كە سەردانی بالندەكانی ئەكات پەپو نابينێ جا فەرموی. ئەوە چيمە من پەپو سلێمانە نابينم يان ئەو نادیارە؟ ئەو چوو بو بۆ شاری

سەبە، فەرموی : کوا پەپو سلێمانە بۆ نای بینم . بۆ سلێمان پێغەمبەر ( علية السلام) نەی زانی بۆکوێ رۆیشتوە ، خۆ نەی زانی قەومێك هەیە لە سەبەئدا کەرۆژ ئەپەرستن • ئینجا بزانە پەپو سلێمانە بە سلێمان چی ئەلێت : ( فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ) زۆری پێ نەچوو کە پەپو سلێمانە هاتەوە خزمەتی سلێمان ( علية السلام) ئینجا وتی: من ئاگاداریم بەسەر شتێکدا پەیداکردوە کە تۆ پێت نەزانیوە. وە من لە (سەبەئە) وە هەواڵێکی ڕاستو دروستم بۆهێناوی﴾[1] شێخ عەبدوالقادر گەیلانی لە تەفسیری ئەم ئایتەدا ئەفەرموێت، من شتانێك دەزانم ئەی سلێمان کە تۆ نازانی. پەپو سلێمانە وتی ، ﴿ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ / من ولاتێکم دی کە ئافرەتێك سەرپەرشتیان دەکات جا بینیم کە خۆیشیو گەلەکەیشی سوجدە بۆ خۆر دەبەن نە بۆ (الله)﴾[2]. وە شەیتان کردارە خراپەکانی بۆ جوان کردونو پێیان وایە لەسەر حەقن جا بەوشیوەیە شەیتان ڕێگای ڕاستی لێگرتوون ئەوسا ئەوانیش ڕێگای ڕاستیان لێ ون بووە من بینیم کە بەڵقیس خانم و قەومەکەی هەمویان سوجدەیان ئەبرد بۆرۆژ نە بۆ الله ، سوجدە عیبادەتەو حەقی الله یە کەچی ئەوان بۆرۆژ سوجدە ئەبەن؟! زۆرجێگای داخە لەوڵاتی ئێمەدا ئیستا کەسانێك هەن کەبەناوشێخی تەریقەو ئیرشادەوە خەڵکیان وافێر کردوە کەسوجدەی بۆ

---

[1]- سورة النمل / ١٩- ٢٢

[2]- سورة النمل / ٢٤

ببەن‌و بە راگەیاندنە گشتی‌ولەبەرچاوی عالەمدا پیشانی دەدات‌و خەڵکی مسلمانیش بەوانە فریودەخۆن‌و بەدڵسۆزی ئایین‌و پیرۆزیان دەزانن؟!! خۆپێغەمبەران علیهم السلام هەمویان یەك قسەو یەك هەڵوێستن بۆ پارێزگاری مافەکانی الله ، ئەمە مانای وانیە کە الله سبحانه، ناتوانێ مافی خۆی وەربگرێت، نەخێر بەڵکو الله قسەو بڕیاری خۆی لەرێگای پێغەمبەرانیەوە بەخەڵك رادەگەیەنێت و پاش ئەوان ئەو ئەرکە لەسەر شانی زانایانی ئومەتەکانیانە • بەڵام جێگای سەر سوڕمانە کە نەزانان و نەفامانی خەڵکی ئەمڕۆی خۆمان کە باس لە سەردەمی عەقڵی ئەلەکترۆنی دەکەن سوجدە بۆ کەسانی وەك خۆیان‌و خاك و خۆڵی قەبرن دەبەن !! پەرندەیەك بەو هەمو نەزانین و نەفامی خۆیەوە گلەیی لەو گەلە دەکات کە سوجدە بۆ غەیری الله دەبەن و بانگی غەیری الله دەکەن و شعوری ئەوەی هەیە کە بەندایەتی بۆ غەیری الله نابێت ئەی مرۆڤ کە تۆ خۆت بۆ قیادەی سەر زەوی دەزانی و ئاسمان و زەوی و دەربات کردوە بە جێگاو رێگاو سەیرانگەی خۆت ، تۆ لە بارەی پەروەردگاری خۆتەوە بۆچی ئەوەندە گەمژەو بێ هەست و شعوریت ؟ پەپو سلێمانەیش دزانێ کە شەیتانە ئەم کردارەی بۆ جوان کردون﴿ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ / شەیتان ئەو کردارەی جوان کردوە بۆیان﴾[1] هەروەکو چۆن شەیتان ئەمڕۆ بۆ ملیۆنان خەڵکی بت پەرستی جۆراو جۆرو قەبر پەرستی رازاندۆتەوەو تەماشای هەندێ گۆڕ دەکەیت کە بینای وا جوان و رەنگینی بۆ کراوە کە لە کاتی ژیانیدا هەرگیز مالّ و

---

[1] سورة النمل / ٢٤

دیوەخانی ئەوەندە خۆش و رازاوەی نەبوە؟! بەڵێ نەناسینی ئیسلامونەفامی ئەمڕۆ گەیشتۆتە پلەیەك كە مالّی زیندوەكان كاول دەكەن و قەبری مردوەكان دەڕازێننەوەو بۆ هێنانەدی رازو نیازەكانیان بەركوع و سوجدەبردنەوە بەرەو مرۆڤی وەك خۆیانو قەبرەكان دەچن !! ئەم خەڵكە هەژارو نەفامە تاكەی لەم قوڕاوو گێژاوەدا بە نەفامی دەمێننەو ، بۆ ئەوەندە دورن لەفەرمایشتەكانی خوای میهرەبانو لە فەرمودە بەنرخەكانی پێغەمبەرمان درودی خوای لێ بێت ؟! لە كاتێكدا ئەو كابرایەی كە بە پیاو چاكی دەزانی كە دەمرێت دەی شۆرن و كفنی دەكەن و چەند پیاوێك بە خێری خۆیان نوێژی لەسەر دەكەنو ئەیخەنە ناو گۆڕوە و لەناوخاكوخۆڵدا ئەیشارنەوە ، وەئەوانەی كە دەمرن نازانن كە چ كاتێك اللە لە ناوگۆڕەكانیاندا زیندویان دەكاتەوە، دەی ئیتر چۆن ئەو كاتە ئەو پیاوەئەبێ بە فریاد ڕەسی ئێوە كە تەنانەت سەرەنجامی خۆیشی نازانێ و نازانێ چی بەسەردێت؟!

﴿أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ / ئەوانە سوجدە نابەن بۆ ئەو(اللە)یەی كە شاراوەكانی ناو ئاسمانانو زەوی دەردەهێنێت. وەبە وەی كە دەیشارنەوەو ئەوەیش كە ئاشكرای دەكەن دەزانێتو هیچ شتێك لەلای ئەو شاراوە نیەچونكە هەموی دروستكراوی خۆیەتی﴾[1] پەیو سلێمانە سەرزەنشتی قەومی سەبا ئەكات و ئەڵێت ؛ ئەو بەد بەختانە سوجدە نابەن بۆ اللە، سوجدە نابەن

[1]- سورة النمل / ٢٥

بۆئەو الله يەی كە شتانی شاراوە لە ئاسمانەوە دەر دەخات وەكو ئەستێرە و قەترەی باران و مانگ و رۆژ،وە ئەو الله يەی كە ئەو هەمو شتە شاراوانە لە زەوی دەر دەهێنێت وە كو گەنم و دانەوێلە و شتی تر، وە ئەو شتانەيش كە ئێوە دەی شارنەوە لە ناو دڵتانداو ئەو شتانەی كە ئاشكرای دەكەن وەك يەك الله سبحانه، دەی زانێ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ / ئەو (الله)يەی كە هيچ پەرستراوێكی ڕاستەقينەی تر جگە لەو نيە و ئەوپەروەردگاری تەختی گەورەيە﴾[1]. دياره ئەمانە قسەی پەپو سلێمانە بوون جا جێگای خۆيەتی كە كوشتنی ئەم جۆرەباڵندەيە قەدەغە بێت وەك ئيبنو عەباس دەڵێت كە:{نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ قَتْلِ أَرْبَعٍ مِنْ الدَّوَابِّ النَّمْلَةِ وَالنَّحْلِ وَالْهُدْهُدِ وَالصُّرَدِ/ كە پێغەمبەر(ﷺ) كوشتنی چوار جانەوری قەدەغە كردوە مێروولەو مێش هەنگو پەپو سلێمانەو هەروەها سورەد كە چۆلەكەيەكی سەر و دەنوك گەورەيە}[2] پەپو سلێمانە هاتە جۆش و خرۆش كە پارانەوەو عيبادەت مافی الله يە كەچی خەڵكی بە غەيری الله يان داوە ٠

لەگەل ئەم قسانەی پەپو سلێمانەدا ، خوێنی سلێمان پێغەمبەر جۆشا كە من ئەم هەمو دەسەلاّت و مولكەم لەبەر دەستايە كەچی خەڵكی وا هەبن كە بەندايەتی بۆ غەيری الله بكەن ٠ كە بەدرێژی ئەم باسە لەم سورەتەدا كراوە كە سەرەنجامی قسەكانی پەپو سلێمانە بو بە هۆی رزگار بونی ئەو گەلە لە شيرك و كوفرخەرافيات ، بەڵام نازانم پەپو سلێمانە

---

[1]- سورة النمل / ٢٦

[2]- حديث صحيح

هەوالّی ئەم گەلەی ئێمە بەکێ بگەیەنێ کە شەخس پەرستی و حیزب پەرستی و گۆڕ پەرستی بە شێوەیەکی بەر بلاّو سەروسیمای داپۆشیوەو تەواوی جیهانی ئیسلامی گرتۆتەوەو بە قسەی خۆیشیان ئەمان شارستانی تر و پێشکەوتو ترن لەچاو سەردەمیی پێشودا !!!

## سورەتی ئیسراوگولبژێرێك

ئینجا سەرێك لەچەند ئایەتی سورەتی ئیسرا ئەدەین کە لەوانە ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ :

﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِۦ فَلَا يَمْلِكُونَ كَشْفَ ٱلضُّرِّ عَنكُمْ وَلَا تَحْوِيلًا / ئەی محمد(ﷺ)پێیان بڵێ: ئەی موشریکان بانگ بکەنە ئەوانەی کەگومانتان دەبرد کە دەتوانن تکاتان بۆ بکەن با بێن بە هاوارتانەوە جگە لە الله ـ وەکو عیساو عوزەیرو نەبی یونس و عەبدولقادری گەیلانی و ئیمامزادە فلاّنیو گەورەو دەمراستانی گەلەکانتانو هەمو ئەوانەی کە بە پیاو چاکتان دەزانین ـ جا باش بزانن کە ئەوان دەسەلاّتی ئەوەیان نییە کە هیچ زیانێك لەسەرتان لابەن یان بیگۆڕنو بیدەن بە سەر کەسێکی تردا﴾[1]. وە ئەو ئەنبیاو ئەولیانە هەمویان لە دەرگای الله یان دەداو لەدنیادا تەنها لەو دەپاڕانەوە ، لەم ئایەتەدا مەبەست لەوپیاوچاکانن کە جگە لە الله هاواریان لێدەکرێت چونکە دەفەرموێ: ﴿ أُولَٰئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا /ئا ئەوانەی کە ئێوە دەیان پەرستنو هاوریان

---

[1] - سورة الأسراء / ٥٦

لێدەكەن ، ئەوانە عیبادەتو بەندایەتی پەروەردگاری خۆیان دەكەن، وە ئەو عیبادەتە دەكەن كە بەوسیلەیە بۆ گەیشتن بە پەروەردگاری خۆیان - وە باشترین شت بۆ نزیك بونەوە لە اللە هەر عیبادەتە - ئا بەوشێوەیە كامیان زۆر نزیكترە ئەوەیان زیاتر هەوڵ دەدات كە خۆی بگەیەنێت بەپەروەردگاریو ئومێدیان هەیەو چاوەڕوانی رەحمەتی پەروەردگاریان دەكەن، وە ئەو هەمو ئەنبیاو ئەولیانە لە سزای دەترسن چونكە بەراستی سزای پەروەردگاری تۆ ئەوەندە سەختە كە شایانی خۆپاراستنە لێی﴾[1] لە بارەی دابەزینی ئەم ئایەتەوە وتراوە كەكۆمەڵێك لەعەرەب بەندایەتی چەند كەسێكی جنۆكەیان دەكرد جا جنۆكەكان موسڵمان بوون بەڵام ئەوان هەر موشریك بوون كەوا بوو ئەوانەی كەئەوان دەیان پەرستن وا ئێستا كێ بەركێ دەكەن بۆ رازی كردنی اللە ی بااڵدەست كەچی مرۆڤی بێ ئاگا هەرخەریكی پەرستنی ئەوانە، هەندێكیش دەڵێن مەبەست عیسا ودایكی و فریشتەكانە كەهەریەكەیان كۆمەڵە خەڵكێك پەرستونی ودەیان پەرستن كەچی ئەوان هەوڵی رەزامەندی (اللە) دەدەن ودژی موشریكوبت پەرستانن. راغیبی ئەسفەهانی لەبارەی وشەی (الوسیلة ) دەڵێت: (الوسیلة التَّوَصُّلُ إلى الشَّيءِ بِرَغبَةٍ وَهيَ أَخَصُ مِن الْوَصِيلَةِ لِتَضَمُّنِهَا لِمَعنَى الرَّغبَةِ. وشەی (الوسیلة) واتە گەیشتن بەشت بە مەیلو ئارەزۆو رەغبەتی خۆی، وە ئەم وشەیە لە وشەی (الوصیلة)زیاترو تایبەتی تیرە چونكە مانای ویستو ئارەزۆی لە خۆگرتوە كەواتە (الوسیلة) نزیك بونەوەو گەیشتنێكە كە بە مەیلو ئارەزۆ، خۆی بۆی هەڵدەسێت، جا باش بزانە كە وەسیلەو

---

[1] سورة الإسراء / ٥٧

هۆی نزیك بونەوەی بەندە لە (الله) جگە لە بەندایەتی راستەقینە هیچ شتێکی تر نیەو لادان لەومانایە دژایەتی کردنیی مانای قورئانە. وە لەئایەتێکی تری هەمان سورەتدا ئەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا [1] /وەهەر کاتێ کەئێوە لە ناو دەریادا توشی ناڕەحەتی وزیان بوون لەوکاتەدا ئەوانەی کەپەروستوتانن لێتان ون دەبن جگە لە (الله) و لەو کاتەدا تەنها لەو دەپارێنەوە کەچی کاتێك کەئێوەی رزگار کردو هاتنە وشکاییەوەو ترستان نەما پشت دەکەنەئایینەکەی الله و گوێی پێنادەن، ئەم ئینسانە چەند ناشوکرو نا سوپاسە﴾ وە ئینسان هەرئاوا سپڵەونمەك نەناسەو زوو نیعمەتی (الله)ی لە بیر دەچێتەوە. نازانم ئەم مرۆڤە چۆن بیردەکاتەوە ئایا پێی وایە کە (الله) تەنها لە ناو دەریادا دەتوانێت سزای بداتو نقومی بکاتو دای پۆشێت؟! خۆ ئەگەر لەلایەکی ترەوە تەماشا بکەین ئەبینین کەموشریکانی مەکە شرکیان زۆر لاواز تر بو لە موشریکانی ئەم سەردەمەی خۆمان ؟ ئەوان کاتێ کە توشی بەڵایەکی گەورە دەبون تەنها هاوارو بانگی خوایان دەکرد و باسی پیاوچاکانی خۆیان نە دەکرد ، بەڵام موشریکانی ئەم سەردەمەی ئێمە لە تەنگانەو لە رەحەتیدا هەر هاوارو بانگی غەیری الله دەکەن بەتایبەتی تر لەتەنگانەدا هاوار لەغەیری الله دەکەن خەیروخەیرات و نەزری بۆفلانەپیاوچاکو ئیمامزادەو فلانە گۆڕ ئەکەن تالەوتەنگانە رزگاربن وشیفای نخۆشیان بۆبێتاهەی دڵ نەخۆش

---

[1] سورة الإسرا / ٦٧

تاكەى بير ناكەيتەوە، زۆرت نەماوە مردن يەخەت بگرێتو بەرەو دادگاى الله راپێچ بكرێيت.

## نەزرىو خەيرات بۆ غەيرى خوا رەوانيە

كردەوەيەكى ترى موشريك ئەوميە كە حەيوان بۆ غەيرى خوا سەر دەبرن و نەزرو خەيرات بۆ غەيرى الله دەكەن و حەيوان سەر دەبرن لەسەر گۆرى ئەنبيا و ئەولياو پياوچاكان و حاجيان و پياو ماقوڵان و ...هتد . لە سورەتى ئەنعامدا ئەفەرموێ : ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ / ئەى محمد(ﷺ) بڵێ: بەبێگومان نوێژم – عيبادەتى بەدەنيم وجەيوان سەربرينم – عيبادەتى ماڵى قوربانى و غەيرە قوربانى -و ژيانمو مردنم بۆ الله يە كە پەروەردگارى جيهانيانە﴾[1] ئەم عيبادەتانە تايبەتن بە الله سبحانه، چونكە الله شەريكى نيە نە لە عيبادەتى گيانى و ماڵى، وە نە لە مراندن و ژياندا . ئەگەر سرنج بدەين لەم ئايەتە پيرۆزە حوكمى (وَنُسُكِي) لەگەل حوكمى نوێژو مردن و ژيانى هێناوە . ئەگەر ئێستا بڵێى نيەتم وايە ئەو نوێژە دەكەم بۆ فلاّن لله تعالى الله اكبر هەمو كەس دەزانى كە ئەم قسەيە كوفرو شيركە ئەى بۆ باوەرت نيە كە ئەو حەيوانەى جەنابت ناوى پياو چاكێكى لەسەر دەهێنى وەكو بڵێى ئەم حەيوانە سەر دەبڕم بۆ فلاّن بسم الله الله اكبر يان بڵێى فلاّنە كەس ئەم حەيوانە ئەكەم بە نەزر بۆ تۆ ئەگەر فلاّنە ئيشم بۆ بكەى

---

[1]- سورة الأنعام / ١٩٢

بسم الله الله اكبر جا ئەگەر سەد جار بسم الله ی لەسەر بکەی حەرامە سەر برینەکەی و شیرکە و خواردنی گۆشتەکەشی جەرامە چونکە ئەم حەیوان سەر برینە خۆی عیبادەتە ، عیبادەتیش بۆ غەیری الله نابێت ٠

﴿ لَا شَرِيكَ لَهُۥ وَبِذَٰلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ /چونکە الله هیچ هاوبەشێکی نیەو تەنیایەو نیازی بە شەریک نیەو هەر بەوەش ئەمرم پێ کراوە کە من الله بپەرستم،وە من یەکەم موسڵمانم﴾[1] ئاشکرایە بۆ ئەم رێبازەو ئەم ئوممەتە، پێغەمبەرمان ﷺ یەکەم کەس بوە کە تەسلیمی ئەم رێبازە بوە لە پاشان لەوەوە ئەم پەیامەبە خەڵکی تر گەیشتوە ئەو الله یە پەروەردگاری هەمو شتێکە جا چ پێویست دەکات کەسێکی تر بکەم بە شەریکی الله لە حاڵێکدا کە هەمو سودو زیان بەدەستی قودرەتی ئەوەو کەس ناتوانێ بچوکترین ئاڵوگۆڕی تێدا بکات ٠

الله سبحانە، لە ئایەتی سەدو حەفتاو سێی بەقەرەدا کە باسی شتە حەرامەکان دەکات ئەفەرموێ ؛

﴿ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ / (أُهِلَّ )واتە، بەرز کردنەوەی دەنگە ، واتە لە کاتی سەر برینی ئەو حەیوانەدا ناوی جگە لە خوای لەسەر براوە جا ئیتر ناوی خوای لەسەر برا بێ یان نە، ئەو حەیوانە گۆشتی حەرامەو ئەو ئیشە حەرامە لە ئیسلامدا ٠ واتە کە سەری دەبڕن دەڵێن ئەوە نەزری سوڵتانە یان فلانە ئیمامە یان فلانە پیاو چاکە یان فلانە شێخە یان بۆ رێز لێنانە لە فلانە مەسئول ٠ وە لە چەند سورەتێکی تر باسی ئەو

---

[1]- سورة الأنعام / ١٦٣

حەرامانە دوو بارە بوەتەوە ، وە حوكمى ئەم جۆرە نەزرو سەربڕينە لەگەل حوكمى حەرام كردنى گۆشتى بەرازدا هاتوە • وە ئەو حەيوانانەى كە لە ژێر پێى حاجيان و دەسەلآت داراندا سەر دەبڕن لە روانگەى ئەهلى سونەتەوە حەرامن • لێرەدا پێويستە ئەوە بزانى كە رۆحى ئەم حەيوانە الله خۆى بە تەنهاى داويەتى و كەس لەو بارەوە هاوكارى نەبوە كەچى تۆ بۆ غەيرى الله ى سەر دەبڕى واتە ئەو حاجيە يان ئەو دەسەلآت دارە بون بە موقەدەس ، من بە هەمو ئەوانە دەڵێم كە حەيوانات سەر دەبڕن لە ژێر پێى ئەم جۆرە كەسانەدا با يەك بەڵگەم بۆ بێنن كە پێغەمبەرى خۆشەويستمان ﷺ كاتى گەڕانەوەى لە حەج و عومرە كەسێك يەك حەيوانى يان يەك مريشكى لە ژێر پێيدا سەر بڕيبێت ، دە بفەرمو لاپەڕەكانى مێژوى ژيانى پێغەمبەرﷺ هەڵدەرەوە نەك هەر گەڕانەوەى پێغەمبەرﷺ لە حەج و عومرە بەڵكو گەڕانەوەى لە تەواوى غەزاكان كە زياتر لە (٢٥) غەزا بەشدارى كردوە فەرمو يەك دەليلم بۆ بێنە • وەك وتمان كەالله ئەم حەيوانەى خەلق كردوە كەچى تۆ بۆ غەيرى ئەوى سەرى دەبڕى؟! هەر خوا زانايە ئەو حاجيەى كە چوە بۆ حەج ئايا حەجەكەى قەبوڵ بوە يان نە؟ ئەو پەڕى ئەوەيە كە الله لە گوناحەكانى خۆش بوبێت ، واتە ئەو عەبدێكى الله يە ئێستا واى لێهاتوە حەيوانى لە ژێر پێى دا سەر ببڕى ؟ هەر نەزرێكت بۆ غەيرى الله كرد با سەد جار ( بسم الله )ى لەسەر بكەى حەلآڵ نابێت ، ئايا ئەگەر حاجيەك ئيحرامى بەست و حەيوانێكى گرت و سەرى بڕى و ( بسم الله، الله كبرى ) كرد ئايا ئەو حەيوانەحەلآل دەبێت ؟ نەخێر ، چونكە الله حەرامى كردوە لەو

کاتەی کە حاجی ئیحرامی بەست، شکارکردن • حەیوان سەر بڕین بۆ مێواندارى شتێکى جیایە چونکە تەنها ناوى الله ى لەسەر ئەبڕێت ئینجا خۆت و مێوان دەى خۆنو گۆشتى ئەدەیت بە خەڵکى تر ، بەڵام حەیوان سەر برین لە ژێر پێى دا ئەوە فیدا کردنى ئەو رۆحەیە بۆ ئەو حاجیە یان ئەو دەسەڵاتدارە ، چونکە ئەگەر هەدەفى ئەوانە گۆشت بێت لەماڵەوە سەرى دەبڕن نەك لە ژێر پێى دا• ئایا ئیبراهیم پێغەمبەر ( علیة السلام ) گوێرەکە (گوڵك)کەى سەر بڕى لەماڵەومبەدزییەوەبو یان لەژێر پێى جبرائیل دا سەرى بڕى ؟ ئایا هیچ مێوانێك هەیە لەو جەماعەتە مەلایکەیە بەرێزترو پیاو چاکتر بن ؟! • هەدەفى قەسابێك کە رۆژانە چەندین حەیوان سەر دەبڕێت بۆ کەسابەتە هەدەفى فیداکردنى رۆحى ئەو حەیوانە نیە بۆ کەسێك • ئایا هەدەف لە قوربانى چیە ؟ هەدەف لە قوربانى ئەو رۆحەیە بۆ ئەو کەسەى کە رۆحى خەلق کردوە فیدا بکرێت ، الله سبحانه، ئەفەرموێت: ﴿ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن يَنَالُهُ ٱلتَّقۡوَىٰ مِنكُمۡۚ ﴾ / خۆ گۆشت و خوێنى قوربانى ناگات بە لە تەنها رۆحەکەى فیدا دەکرێت ، ئەوەى بە الله ئەگات تەقوایە ﴾[1] تەقوا چیە ؟ تەقوا ئەوەیە کە مرۆڤ لە ناو دڵیدا هەمیشە الله ى لە بیرەو لێى دەترسێت و خۆى لە تاوان ئەپارێزێ جا ئێوە الله بە مەعبود دەزانن و بە خاوەنى حەق دەزانن ئینجا ئەو رۆحە فیداى ئەو خاوەن حەقە دەکەن • ئیتر گۆشتەکە بۆ خۆتانەو بیخۆن و الله نیازى بەو نیە • ئایا ئەو حەیوانانەى

---

[1] سورة الحج/٣٧

كە دەيبەن لەسەر قەبرەكان سەرى دەبڕن ئايا هيچ شتێكى بە ئەوان دەگات ئايا گۆشتەكەى دەخون يان چەند گيانلەبەرێك دێن و دەى خۆن و خوێنەكەيشى لەسەر ئەو خاك و خۆڵە دەڕێژن و مافى الله بە غەيرى الله دەدەن ئينجا دەڵێن ئەى شێخ ئەوە نەزرمان بۆ تۆ كردوە تۆ خۆشەويستى ئێمەى و ئيشەكانمان بۆ راپەڕێنە ؟! خۆ الله دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ ئەى محمد(ﷺ) بڵێ: بەبێگومان نوێژم و حەيوان سەربڕينم و ژيانم و مردنم بۆ الله يە كە پەروەردگارى هەموو عالەمە﴾[1] دەى لێرەدا سەر بڕينى حەيوان لەسەر گۆڕستان و پياو چاكان و ژێر پێى حاجى و دەسەلاتداران بۆ الله بو ئەو پەرى ئەوەيە كە بڵێيت: ناوى الله يشم لەسەر بردوە ، كە ئەوە هەمان شيرك و بەد بەختيەيە كەتەواوى كرداری مسڵمان لەنا دەبات و رەنجەڕۆ دەبێت.

{وعن علي فَقَالَ مَا أَسَرَّ إِلَيَّ شَيْئًا كَتَمَهُ النَّاسَ وَلَكِنِّي سَمِعْتُهُ يَقُولُ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيْهِ وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ غَيَّرَ الْمَنَارَ}[2]

لە عەليەوە – خوا لێى خۆش بێت – هاتوە كە وتى ؛ پێغەمبەر(ﷺ) هيچى لەخەڵك نەشاردوەتەوە و بەپەنهانى بەمنى وتبێ جگە لەوەى كەبيستم لێى ئەيفەرمو: { نەفرينى الله لەو كەسەى كە حەيوان سەر دەبڕێ بۆ جگە لە الله و نەفرينى الله لەو كەسەى كە جێگا ئەدات بەو كەسەى كە بيدعە چيە ، وە نەفرينى الله لەو كەسەى كە نەفرين دەكات لە

---

[1] - سورة الأنعام / ١٩٢

[2] - رواه مسلم (١٩٧٨)ص ١٤٧

باوکی، وه نەفرینی الله لەو کەسەی که سنوری زەوی دە گۆڕێت ) واته حەیوان سەر بڕین بۆ بێجگه له الله نەفرین لێ کراوەو دەبێ باوەڕدار خۆی لەو شته پڕ مەترسیه دوور بخاتەوه وه الله سبحانه، فرمان به پێغەمبەر(ﷺ) دەکات و دەفەرموێ :﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾ جا نوێژ بکه بۆ پەروەردگارت و قوربانی بکه [1] دەی تۆیش ئەی برای موسڵمان نوێژبکه بۆ پەروەردگاری خۆتو قوربانی بکه به گیانو به مالێ بۆ ڕازیکردنی پەروەردگارت. جا هەروەك چۆن نوێژ عیبادەتەو پێویستە تەنها بۆ الله بکرێت هەروەها قوربانی کردنیش عیبادەتەو تەنها ئەبێ بۆ الله بکرێت ، بۆیه پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ:{ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ/ بەرنەفرینی الله کەوێ ئەوکەسەی که بۆ جگه له الله قوربانی دەکات}[2]

وعن طارق بن شهاب أن رسول الله(ﷺ) قال : { دَخَلَ الجَنَّةَ رَجُلٌ فِي ذُبَابٍ ، وَ دَخَلَ النَّارَ رَجُلٌ فِي ذُبَابٍ )) قالوا : وكيف ذالك يا رسولَ الله(ﷺ) ؟! قال : (( مَرَّ رَجُلَانِ عَلَى قَوْمٍ لَهُمْ صَنَمٌ لايجوزه أحدٌ حتى يقرب له شيئًا ، فقالوا لاحدهما قرّب ، قال : ليس عندى شيء أقَرِّبُ ، قالوا له : قرّب ولوا ذبابا ، فقرّب ذبابا فخلّوا سبيله ، فدخل النار ، وقالوا للاخر : قرّب ، فقال : ما كنت لاقرب لاحد شيئا دون الله ، فَضَرَبُوا عنقه فدخل الجنة }[3]

---

[1] - سورة الكوثر / ٢

[2] - رواه مسلم و غيره

[3] - رواه احمد فى ( الزهد)(ص١٥)، واخرجه أيضا : ابو نعيم فى ( الحلية ) (٢٠٣/١)، و البيهقى فى ( شعب الايمان) (٤٨٥/٥ رقم٧٣٤٣)موقوفا على سلمان الفارسى، ورواه ابن القيم باسناد الامام احمد فى (الجواب الكافى) (ص٢١)من حديث طارق بن شهاب مرفوعا كما هو عند المؤلف

لە تاریقی کوڕی شەهابەوە هاتوە کە : بێگومان پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی : ( پیاوێك بە هۆی مێشێکەوە چوە بەهەشت وە پیاوێکیش هەر بە هۆی مێشێکەوە چوە ناو ئاگری دۆزەخ ) وتیان : ئەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی : ( دوو پیاو بە ناو گەلێکدا دەڕۆیشتن کە ئەو گەلە بتێکیان هەبو هیچ کەسێك بەلایدا تێ نەدەپەڕی هەتا قوربانیەکی بۆ نەکردایە ، جا وتیان بە یەکێك لەو دوو پیاوە قوربانی بکە ، وتی هیچم لانیە تا بیکەم بە قوربانی ، وتیان قوربانیەك بکە هەتا ئەگەر مێشێکیش بێت ٠ جا ئەویش مێشێکی کرد بە قوربانی ئەوسا ڕێیان بەودا کە بچێت ، ئەویش بەو هۆیەوە چوە دۆزەخ ، وە بە ئەوی تریان وت قوربانی بکە ، جا ئەو وتی : جگە لە اللە بۆ هیچ کەسی تر هیچ ناکەم بە قوربانی ، ئەوسا ئەوان دایان لە ملی و کوشتیان جا ئەوچوە ناو بەهشتەوە ) واتە حەیوان سەر بڕین و قوربانی نابێ بۆ بێجگە لە اللە بکرێت ، هەر کەس بۆ بێجگە لە اللە ی بکات با دڵنیا بێت کە دۆزەخ جێگایەتی ٠

## لە جێگاو ڕێگای حەیوان سەر بڕینی موشریکان خۆ بپارێزن

وعن ثَابِتُ بْنُ الضَّحَّاكِ قَالَ نَذَرَ رَجُلٌ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)أَنْ يَنْحَرَ إِبِلًا بِبُوَانَةَ فَأَتَى النَّبِيَّ(ﷺ)فَقَالَ إِنِّي نَذَرْتُ أَنْ أَنْحَرَ إِبِلًا بِبُوَانَةَ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ)هَلْ كَانَ فِيهَا وَثَنٌ مِنْ أَوْثَانِ الْجَاهِلِيَّةِ يُعْبَدُ قَالُوا لَا قَالَ هَلْ كَانَ فِيهَا عِيدٌ

مِنْ أَعْيَادِهِمْ قَالُوا لَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)أَوْفِ بِنَذْرِكَ فَإِنَّهُ لَا وَفَاءَ لِنَذْرٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ وَلَا فِيمَا لَا يَمْلِكُ ابْنُ آدَمَ }[1] .

له سابیتی کوڕی زەحاکەوە هاتوە کە وتی : پیاوێك له سەر خۆی نەزر کرد کە حوشتێرێك لە ( بووانە ) سەر ببڕێت جا بۆ ئەوە پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد ، ئەویش فەرموی : ( ئایالەوشوێنەدا بتێك لەبتەکانی نەفامێتی تێدا دەپەرستڕێت؟ وتیان نەخێر. فەرموی: ئایا جەژنێك لە جەژنەکانی نەوانی تێدایە ؟) وتیان : نەخێر ، جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی : نەزرەکەت جێ بەجێ بکە ، ئەوسا بێگومان نەزر لە گوناهدا جێ بەجێ ناکرێت ، وە لەو شتەی کە مرۆڤی بەنی ئادەم نەبێت ، ـ واتە مرۆڤی خۆی نەبێت – نەزری، جێ بەجێ ناکرێت ) ئەمە ئەوەمان تێ دەگەیەنێت تەنانەت بە روالەت پەیڕەوی کردن لەئەوانەی کە الله نانەسن مرۆڤ دوچاری تاوانی گەورە نەبێت با دڵیشی لەگەڵ ئەوشتە دا نەبێت .

سورەتی ئەنعام

جا با چارێکی تر سەرلە سورەتی ئەنعام بدەین و بزانین موشریکان کێن و چی دەکەن ، خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ ﴾ وەنەکەن ئەو حەیوانانە بخۆن کە لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی الله ی لە سەر نەبرابێت چونکەئەو خواردنەو ئەوکرداڕە گوناحەو دەرچون لە سنورەو بەراستی شەیتانەکان وەحی

[1] رواه ابو داود (٣٣١٣)، واسناده على شرطهما

دەكەنە لای دۆستەكانی خۆیان كە دەمە دەمەو موناقەشەتان لە گەڵ دا بكەن . جا ئەگەر لە هەندێ ئینسانی بێ باوەڕو خراپەكارەوە قسەی رێكوپێك و گرنگت گوێ لێ بوو سەرت سوڕ نەمێنێ و نەڵێیت چۆن شتی وا دەڕانێ چونكە شەیتانە جنۆكەكان ئەو قسانە دەخەنە ناو دڵیانەوە بۆ خەڵەتاندنی خەڵكی ساویلكە بۆنمونە: دەیان وت: بۆچەیوانێك كە خۆتان بیكوژنەوە حەڵاڵەو دەیخۆن بەڵام ئەوەی كە اللە بیكوژێتەوە ناپخۆن؟ جا اللە دەفەرموێ: . خۆ ئەگەر ئێوە بە گوێی ئەوان بكەنو ئەوچەیوانە مردار بووە بخۆن بە راستی ئێوەش لە رێزی موشریكان دەبن﴾[1] لێرەدا پێویستە ئەم چەند شتە بڵێین • یەكەم: هەر چەیوانێك بە رێك وپێكی سەر بڕاو ناوی بێجگە لە اللە ی لە سەر وترا نابێ گۆشتی ئەو چەیوانە بخورێت • دووهەم: هەر چەیوانێ بە هۆی سەگی مۆچێنراوو باڵندەی موچێنراوە گیراو پێش ئەوەی خاوەنەكەی بیگاتێوسەری ببڕێ بمرێت حەڵاڵە خواردنی ئەگەر خاوەنەكانیان لە كاتی ناردنیاندا ناوی خوایان هێنابێ • سێهەم: هەر چەیوانێك سەر بڕاو هەڵقەیەك لە قورگی بە سەریەوە نەڕۆیشت با موسڵمانیش سەری بڕی بێت و(بسم اللە) یشی كرد بێ، ئەوە حەرامە خواردنی چوارەم: هەر چەیوانێك كە گۆشتی بخورێتو ئەهلی كتێب سەری بڕی بێت حەڵاڵە خواردنی • پێنجەم: هەر چەیوانێك كە پاشگەز بوویەك (مورتد) یان بێ باوەڕێكی بێ كتێب سەری ببڕێ با چاكیشی سەر ببڕێت گۆشتی ئەو چەیوانە ناخورێت • شەشەم : ئەگەر موسڵمانێك چەیوانێكی بە رێكوپێكی سەر بڕی بەڵام (بسم اللە )

---

[1] سورة الأنام / ١٢١

ی نەکرد ئەخورێت یان نە ؟ زانایان سێ قسەیان هەیە هەندێکیان دەڵێن، ئەو سەر بڕاوە ناخورێت ئیتر ئەو (بسم الله)ییەی لە بیر چوبێت یان دەستی ئەنقەست نەی وتبێت لەوانە عبدالله ی کوڕی عومەرو نافیعو شەعبیو محمدی کوڕی سیرینو ریوایەتێکی ئیمامی مالیکو ئیمامی ئەحمەدیشە ٠ دووهەمیان : بە پێچەوانەی یەکەمەوە دەڵێ (بسم الله) کردن سونەتە جا ئەگەر نەکرا بە سەهو یان بە دەستی ئەنقەست زیانی نیەوحەڵاڵە ئەو گۆشتە ئەمەش مەزهەبی ئیمامی شافعیو هەموو یارەکانیەتیو ریوایەتێکی ئیمام مالیکوئیمام ئەحمەدیشەوله عبدالله ی کوڕی عەباسو ئەبو هورەیرەو عەتای کوڕی ئەبو رەباحەوە باسکراوە٠ سێیەمیان: دەڵێ ئەگەر کابرا (بسم الله ) کردنی لە بیر چوو ئەوە ئەو گۆشتە حەڵاڵە بەڵام ئەگەر هەر بە دەستی ئەنقەست نەیگوتبو حەرامەو نابێ بخورێت. ئەمەش بە ناوبانگە لە مەزهەبی ئیمامی مالیکو ئەحمەدی کوڕی حەمبەل داو مەزهەبی ئەبو حەنیفەیشە ئەمە ئەگەرچی مەسئەلەیەکی فیقهیە بەڵام رۆح کێشانی گیاندارێکە و نابێ بەبێ ناوی الله سەر ببڕێت و نابێ کەسی تێدا شەریك بکرێت.

## گولبژێریك لە سورەتی ئەعراف

الله سبحانه، دەفەرموێ: ﴿ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴾ پەیڕەوی بکەن لەوەی کە رەوانەکراوەتەلاتان لەلایەن پەروەردگارتانەوەو شوێن پێی پێغەمبەرەکەتان بگرنو پەیڕەوی بێجگەلە ئەو زاتە نەکەنو نەیکەن بەدۆست بۆخۆتان . واتە پەیڕەوی

شەيتانەكانى ئينس و جن نەكەن ـ كەم بير دەكەنەوە﴾[1] بەداخەوە ئەمرۆ – ئەگەر نەڵێين هەمو دەبينى مليونەها لە خەڵكى تابيعى شەيتان‌وشەيتان سيفەتەكانە و ئەوان بە ماموستاو رێبەرو خواى خۆيان دەزانن جا چ ئەم راستيە بە ناشكرا بڵێن يان نە. دەبوايە مرۆڤ هەميشە ئەو ژيريەى كە اللە پێى داوە بيخستايە كارەوەو ئەوەندە بەرێگاى هەڵەدا نەرۆيشتايە .

اللە سبحانە،دەفەرموێ : ﴿ قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ / ئەى محمد(ﷺ) پێيان بڵێ، پەروەردگارم دەستورى داوە بە دادپەروەرى‌و فرمانى داوە كە لە هەموو مزگەوتەكاندا رووتان بەراستى بكەنە اللە – رووتان نەكەنە پياو چاك‌و ئەوليايو ئيمامزادەكان وە لە كاتى هەموو جۆرە بەندايەتيەكاندا كە مافى اللە يەكەس نەكەيت بە هاوبەشى و لە كاتى پارانەوەكانتان دا خۆتان يەك لا بكەنەوە بۆى وەهەرلەو بپارێنەوەو هەر ئەو بپەرستن بەشێوەيەك كە هاوتابێتەوە لەگەڵ شەريعەتى ئيسلامدا جا هەروەك چۆن ئێوەى لەسەرەتاوە دروست كردوە هەرناوەها دروستتان دەكاتەوە بۆ حيساب، ﴿ فَرِيقًا هَدَىٰ وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ / جا كۆمەڵێك رێنمايى و هيدايەت دەدات‌و وەكۆمەڵێكيش ـ بەهۆى خراپى خۆيانەوە ـ دوچارى گومڕاهى و سەرلێ شێواوى دەكات چونكە ئەوان لەباتى اللە دا

---

[1] سورة الأعراف / ٣

شەیتانیان کردوە بە دۆستی خۆیان و وایش دەزانن کە ئەوان هیدایەت دراون و ڕێگەی هیدایەتیان گرتوە﴾[1] واتە ئەمانە بێ باوەڕو کافربوون بەڵام خۆیان وادەزانن کەلەسەر ڕێگای راستن و ئیشی خۆیانیان بەلاوەچاکە کەبەم جۆرە کەسانە دەوترێ نەزانینی ئاوێتەی هەیە (الجهل المركب)

خوا الله ی دانا دەفەرموێ : ﴿ قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا ۚ وَاللَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ پێیان بڵێ: ئایا بێجگە لە الله شتانێك دەپەرستن کە نەخاوەنی زیانێکنو نەخاوەنی سودێکن بۆتان؟! ـ واتە ئەگەر ژیر بونایە شتی ئاوەهاتان نەدەکرد ـ وە بە راستی الله هەر خۆیەتی بیسەر و زانەر بۆ وتارو کردارەکانتان ﴾[2]

وە ئەفەرموێ: ﴿ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ ۚ أُولَٰئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُم مِّنَ الْكِتَابِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ ﴾ کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کەدرۆ بەدەمی الله وە هەڵبەستێت یان بێ باوەڕ بێت بە نیشانەکانی نەوزاتە، ئائەوانە بەش‌و چارەنوسی خۆیان لە کردارو رۆزی و تەمەن پێدەگات هەتا کاتێ کە نێراوەکانی ئێمە دێنە لایان و دەیان مرێنن کە فریشتەکانن، پێیان دەڵێن: کوا ئەوانەی کە لە دنیادا هاوارتان لێ دەکردن و دەتان پەرستن و بانگتان دەکردن ـ بۆ نایەن

---

[1] - سورة الأعراف/٢٩ ـ ٣٠

[2] سورة المائدة / ٧٩

رزگارتان بکەن خۆ ئێوە ئەتان وت ئێمە دەستگیرو واسیتەمان هەیەو لە قیامەتدا دەستمان دەگرن ، بێجگە لە ألله؟ ئینجا ئەو موجریمانەی کە هاوارو بانگی غەیری خوایان دەکرد - دەڵێن: لێمان بزر بوون، نازانین چیان لێ هاتا وەشایەتی دەدەن لەسەر نەفسی خۆیان کە بەراستی ئەوان ئەوکاتە بێ باوەڕبوون﴾[1] جا ئەو شایەتیشە بۆیە دەدەن وادەزانن بەوقسەیە رزگاریان دەبێ چونکە دانیان بەتاوانی خۆیانداناوە بەڵام تازە رزگاریان نابێت و ئەو ئیعتراف و دان پێدانانە ئالەوکاتەدا بێ سودە بۆیان. تۆزێك بیر لەم روداوانە بکەرەوە بەر لەوەی رۆژێك بێت کە پەشیمان بیتەوەو حاشا لە گوفتارەکانت بکەیو سودت پێ نەدا .

الله ئەفەرموێ ، ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَٰفِلِينَ / ئەی محمد(ﷺ)باس بکە بۆیان ئەو کاتەی کە پەروەردگارت لە نەوەی ئادەم لەپشتیاندا پەیمان و عەهدی وەرگرتوەو خۆیانی کردوە بەشایەت لە سەر نەفسی خۆیانو پێی فەرمون: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ ئەوانیش وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، شایەتیمان دا، تالە رۆژی قیامەتدا نەڵێن ئێمەلەمبارەوە بێ ئاگایین﴾[2] ئەم ئایەتە بەدوو جۆر مانای لێدراوەتەوە یەکەمیان: مەبەست نەوەی ئادەمەو هاتنە دنیاو بینینی ئەو هەمو دروستکراوە جۆراوجۆرانە کە بەڵگەن لەسەر پەروەردگاریی‌و خاوەنیەتی و پەرستراوی راستەقینە کە الله یە ، مانای

---

[1] سورة الأعراف /٣٧

[2]- سورة الأعراف / ١٧٢

دووهەمیان: ئەوەیە کەکاتی خوێ الله کە ئادەمی دروستکرد لەپشتی ئادەم هەرجی نەوەی هەیە کە وەکو زیندەوەرێکی زۆر ورد بووە لە پشتی ئادەمدا دەرهێناوەو پێی فەرمون ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم ؟﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾ وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، جا الله فەرموی بۆیە ئەمەتان ئێستا پێ دەڵێم تا ﴿أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ....﴾ ئێوە لە رۆژی قیامەتدا نەڵێن ئێمە لەم یەکتا پەرستیە بێ ئاگابوین و هیچمان پێ نەوتراوە ﴿أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِن قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِّن بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ﴾ / وە تا ئێوە لە رۆژی قیامەتدا نەڵێن باب و باپیرانی ئێمە شیرکیان کرد و ئێمە نەمان زانی و لەسەر ڕێگاو ڕەسمی باب و باپیران ڕۆیشتین ئایا بە هیلاکمان دەبەی لەبەر خاتری ئیشێ کە ئەو بێ دینانە کردویانە؟﴾[1] ، الله سبحانه، دەفەرموێ: بۆ ئەوەی کەلەرۆژی قیامەتدا هیچ جۆرە ناڕەزاییەك بەرامبەرم نەبێتەوە و موشریکان نەڵێن باب و باپیرانمان شرکیان کردوە من ئەو پەیمانەم لێ وەرگرتن جا بۆ ئەوەی ئەو عەهدە لەبیر نەکرێت، وەبەبیریان بێنەوە کە من بەردەوام پێغەمبەرانم بۆ ڕەوانە کردون و پەڕاوم بۆ ناردون و بە ڕۆشنی بەیانم کردوە تاکو دەست لە کوفرو شیرك بکێشنەوە • واتە من تەنها بەو عەهدەی کە لێم وەرگرتبون ئیکتفام نەکرد بەڵکو بە درێژای تەمەنی مرۆڤایەتی پێغەمبەرانم بۆ ڕەوانەکردن کە تەنها بەندایەتی بۆ

---

[1] - سورة الأعراف / ١٧٢

من بكەن و نەگەڕێنەوە سەر شيرك و كوفر ( كذالك نفصل الآيات ) هەر ئاوەها ئێمە نيشانەكانى خۆمان بەيان و ڕۆشن دەكەينەوە .

لەم بارەوە چەندين فەرمودەى ڕاست هەيە لەوانە فەرمودەى{ مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلَّا يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ / هەرمنالێك كەلە دايك دەبێ لەسەر بيرو ڕايەكى پاك و ڕاست پەيدا دەبێت بەڵام لەپاشا باوك و دايكيان دەيكەن بەجولەكە يان فەلە يان ئاگرپەرست}[1] هەروەها پێغەمبەرمان(ﷺ)دەفەرموێ: الله دەفەرموێ:{ وَإِنِّي خَلَقْتُ عِبَادِي حُنَفَاءَ كُلَّهُمْ وَإِنَّهُمْ أَتَتْهُمْ الشَّيَاطِينُ فَاجْتَالَتْهُمْ عَنْ دِينِهِمْ وَحَرَّمَتْ عَلَيْهِمْ مَا أَحْلَلْتُ لَهُمْ / من بەندەكانى خۆمم لەسەر بيرورايەكى پاك و دور لە شيرك دروستكردوە پاشان شەيتانەكان هاتن و لايان دان لە ئاينەكانيان و حەرامى كرد لێيان ئەوەى كەمن حەڵاڵم كردبوو بۆيان }[2] هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێ:{بە پێاوێك كە لەناو ئاگرى جەهەنم دايە لەڕۆژى قيامەتدا دەوترێت ئايا ئەگەر ئەو هەمو سەروەت و سامانەى سەر دنيا هى تۆ بوايە دەتدا بۆئەوەى كە ئەمڕۆ لەم ئاگرە ڕزگارت ببێ؟ كابرا دەڵێ: بەڵێ ، الله دەفەرموێ: من شتێكى زۆر ئاسان تر لەوەم داواكرد لە تۆ، من پەيمانم لەتۆ وەرگرت كاتێ كەلە پشتى ئادەم دا بويت كە هيچ هاوبەشم بۆ دانەنێيت بەڵام تۆ ئەوەت پەسەند نەكردو هاوبەشت بۆدانام} وەلە فەرمودەيەكى تردا كە ئيمامى ئەحمەد لە موسنەدەكەيدا ٢٧٢/١ بۆمان باس دەكات و دەڵێت: ئيبنو عەباس لە

---

[1] - رواه البخاري

[2] - رواه مسلم

پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەیگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:{ أَخَذَ اللَّهُ الْمِيثَاقَ مِنْ ظَهْرِ آدَمَ بِنَعْمَانَ يَعْنِي عَرَفَةَ فَأَخْرَجَ مِنْ صُلْبِهِ كُلَّ ذُرِّيَّةٍ ذَرَأَهَا فَنَثَرَهُمْ بَيْنَ يَدَيْهِ كَالذَّرِّ ثُمَّ كَلَّمَهُمْ قِبَلًا قَالَ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ أَوْ تَقُولُوا إِنَّمَا أَشْرَكَ آبَاؤُنَا مِنْ قَبْلُ وَكُنَّا ذُرِّيَّةً مِنْ بَعْدِهِمْ أَفَتُهْلِكُنَا بِمَا فَعَلَ الْمُبْطِلُونَ / بەراستی اللە پەیمانی وەرگرت لەپشتی نادەم کاتێ کەنادەم لە عەرەفات بو هەمو ئەوانەی کە پەیدا دەبن لەنادەم دەریهێناو لەپێش دەستیا بلاوی کردەوە، ئینجا روبەڕو قسەی لەگەڵدا کردنو فەرموی: ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم ؟ وتیان: بەڵێ، تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، شایەتی دەدەین، جائەوەمان بۆیەکرد تا لەقیامەتدا نەڵێن: ئێمە بێ ئاگابوین لە ناسینی تۆو یەکتاپەرستی، یان بڵێن: هەرباب و باپیرانمان بون لە پێشەوە کەهاوبەشیان داناوە بۆ اللەو ئێمە نەوەی ئەوانینو پاش ئەوان هاتوینو پەیڕەویمان کردوون ئایا تۆ لەناومان دەبەیتو سزامان دەدەیت بەئیشێ کەلەسەرەتادا بەتاڵ کاران کردویانە؟}[1] جا کۆی ئەم فەرمودانە ئەوە دەسەلێنێ کە ئەم پەیمانە پەیمانێکی گفتوگۆو قسەکردن بووە نەپەیمانێکی حاڵ و بارو دۆخ و بەڵگەو نیشانەبێت وەك مانای پێشوو دەیگەیاند، واتە هەموو بەنی ئادەمێك راستەوخۆ خۆی بەرپرسیارە سەبارەت بەپەکتاپەرستیو پەیڕەوی ئەمو ئەوو هیچ سودێکی پێ نادات، بەڵکو دەبێ بەئارەزۆی خۆی یەکتاپەرستی هەڵبژێرێو پەیڕەوی لەو پەیمانەی پشتی ئادەمی باوەکە گەورەی خۆی بکات، بەوشێوەی کەبەزمانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتوە،

---

[1] رواه احمد و البانی بسند صحیح

ئەگینا شایستەی سزاو رقی الله یە. ئینجا الله دەفەرموێ: ئەوەمان پێ وتن تا لە رۆژی قیامەتدا نەڵێن: ئێمە بێ ئاگابوین لە ناسینی تۆو یەکتاپەرستی یان بڵێن: هەرباب و باپیرانمان بون لە پێشەوە کەهاوبەشیان داناوە بۆ الله وئێمەش نەوەی ئەوانینو پاش ئەوان هاتوینو پەیرەویمان کردوون ئایا تۆ لەناومان دەبەیتو سزامان دەدەیت بەئیشێ کەلەسەرەتادا بەتاڵ کاران کردویانە؟

موشرك پێی وایە کە پێغەمبەران هەمو شتێك دەزانن هەم لە شتە غەیبیەکانی دنیا و هەم لە قیامەتدا خۆیان هەمەکارەن و چییان ویست وا دەبێ بۆیە الله سبحانە، وەلامیان دەداتەوە و دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعٗا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴾ پێیان بڵێ: بەراستی من بۆ نەفسی خۆم هیچ سودو زیانێکم بەدەست نیە مەگەر الله خۆی ئارەزۆبکات ـ دەی ئیتر دەبێ بۆ خەڵکی تر چۆن بێ؟ پێویستە بزانین کە زانینی هەموشت ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران نەبوە بەڵکو زانینی فرمانە شەرعیەکان بەتەواوی ئەرکی سەرشانیان بوە، تەماشای داستانی موساو رەفیقەکەی بکەن لە سورەتی (الکهف)داو داستانی بوختانی دووڕوەکان سەبارەت بەخێزانە پاکەکەی پێغەمبەرمان(ﷺ) و نارەحەت بونی پێغەمبەر(ﷺ) تاوەحی بۆهاتو بردنی هەدی بۆ حەج کە فەرموی: ئەگەر ئەوەی ئێستە زانیم لە پێشەوە بمزانیایە {لَمَا سُقتُ الهَدیَ/ هەدییم لەگەڵ خۆمدا نەدەهێنا} وەدەیان روداوی تر کەئەوە دەسەلێنێ کە پێغەمبەرانیش توانای هیچ سودو زیانێکیان نیە تا الله ئارەزۆنەکات کە

ئەمە دەبێ ئامۆژگارییەکی زۆربەسود بێ بۆ ئەو نەزانانەی کە چاوەڕوانی سودو زیان لە خەڵکی وەك خۆیانەوە دەکەن‌و دەچنە سەر قەبرو داوای کوڕو مااڵ و شیفایان لێ دەکەن؟! ئینجا الله بە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: بەو بێ باوەڕانە بڵێ: ـ ئەگەر نهێنیم بزانیایە زۆر ئیشی باشم دەکرد بۆ خۆم‌و وەهەرگیز بەاڵو موسیبەتیشم دوچار نەدەبو چونکە دەم زانی کامە خەیرە زوو دەم کردو کامەش شەڕە زوو خۆم لێ دەپاراست‌و تووشی نەدەبوم، من هەر ترسێنەرو موژدەدەرم بۆ گەلێك کە باوەڕ دەهێنن﴾[1] واتە ئەم ئەرکەی سەرشانی من پەیوەندی بەزانینی غەیبەوە نیە، ئەمە دژی ئەو قسەیە نیە کە دەڵێن پێغەمبەرمان(ﷺ) چەندین شتی نهێنی باسکردوە، چونکە مەبەست ئەوەیە کە پێغەمبەرمان(ﷺ)خۆی لە خۆیەوە نەبوە تا الله ئاگاداری کردوەتەوە ئینجا پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەوشتەی باس کردوە واتە تازە لای پێغەمبەر(ﷺ) بەشێوەی نهێنی نەما بەڵکو الله تێگەیاندوە کە ئاوا بووەو ئاوادەبێ، کەئەم شێوەیە تەنها بۆ پێغەمبەران نەبوە بەڵکو بۆ دۆستەکانی خوایش هەبوەو هەیە بەاڵم نابێ کەس الڤ نهێنی زانین لێبدات تا الله خۆی ئاگاداری دەکاتەوە، هەرکەسێ الڤ زانینی شتی نهێنی لێدا نەك دۆستی الله نیە بەڵکو بێ باوەڕو دوژمنی الله یەو دەیەوێ بەوە سودێکی دنیایی دەست کەوێت‌و کۆمەڵێك بخاتە ناوداوی شیرك‌و نەزانینەوەو سودیان لێ وەربگرێت‌وبازاڕی خۆی بەوان رەونەقداروگەرم بکاتەوە . هەروەها الله سبحانە، ئەفەرموێ : ﴿ أَيُشْرِكُونَ

---

[1] سورة الأعراف / ١٨٨

مَا لَا يَخْلُقُ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ / ئایا شتێك نەكەن بەهاوبەشی الله كەهیچ شتێك دروست ناكات لەحاڵێكدا كەخۆیان دروستكراون؟﴾[1] ئەو پیرو چاك و ئەنبیاو ئیمامزادەو شێخانە ئایا خۆیان مەخلوق نین ؟ ئایا شتێكیان خەلق كردوە ؟ دەفەرمو پێیان بڵێ خالق! ئایا دەتوانی ؟ ﴿ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ / وەئەوان ناتوانن كە یارمەتیان بدەن بەڵكوناتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن، جا شتێك كەنەتوانێ یارمەتی خۆی بدات وپارێزگاری لە خۆی بكات لەبەرامبەری روداوی زەمانەوە ئەی چۆن دەتوانێ یارمەتی ئەوان بدات و بەچ عەقڵێك ئەوان پەیڕەوی دەكەنو دەیپەرستنو دەیكەن بەهاوبەشی الله؟! مەگەر ئیبراهیم علیه السلام بتەكانی گەلەكەی خۆی نەشكاند؟ دەی كامیان توانیان دژی ئیبراهیم بوەستن ، ئینجا الله زیاتر پوچی پەرستراوەكانیان باس دەكاتو دەفەرموێ: (وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَتَّبِعُوكُمْ ۚ سَوَآءٌ عَلَيْكُمْ أَدَعَوْتُمُوهُمْ أَمْ أَنتُمْ صَٰمِتُونَ )/ وەئەگەر بەرەو رێنمایی و سودی خۆیان بانگیان لێ بكەن پەیڕەویتان ناكەنو یەكسانە لای ئەوان چ بانگیان بكەن و چ بێ دەنگ بن ﴾[2] واتە پەرستراوەكان توانایی هیچیان نیە چ بیان پەرستن یان جنێویان بدەنێ، چ بانگیان بكەن یان هیچ قسەیان لەگەڵدا نەكەن ئەوەندە شتێكی بێ ناوەرۆك و پوچن.مەبەست ئەو دار وبەرد وپلە ومەقام ونارمزۆیە ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ ۖ فَٱدْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا

---

[1] سورة الأعراف / ١١١

[2] سوره الأعراف / ١٩٣

لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ / بەبێگومان ئەوانەی کە ئێوە بانگیان دەکەنو دەیان پەرستن بێجگە لە اللە ئەوانیش هەربەندەن وەکو ئێوەو زیاتر لە ئێومیان لێ نایەت – وەکو ئێوە بە منداڵی لە دایك دەبن ئینجا گەورە دەبن و برسی وتینو دەبنو نخۆش دەکەون و پیر دەبن و دەمرن هەتا ئەوهنده برسی بونە داوایان لە خەڵکی کردوە کە نانمان بدەنێ برسیمانە﴾[1] • موسا پێغەمبەر کاتێ رۆیشت بۆ مەدیەن لەسەر بیرێك دانیشت کەس نەبو نانێکی بداتێ لەبەر ئەوە فەرموی ، ﴿ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ / ئەی پەروەردگارم ئەمرۆ هەرچی چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت من نیازمەندم پێی﴾[2] لەو هەمو رێگا دورەوە هاتوە جگە لە گیاو پەلکی درختان چی تر نەبوە کە بیخوات - ﴿ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُوا لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ) جائەگەر باوەڕناکەن دەی بانگیان بکەن جا با وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە راست دەکەن لەوەی کە دەڵێن، ئەمانیش هاوبەشی اللە نو دەتوانن شت بکەن﴾[3] ئینجا اللە زیاتر لێ نەهاتویی پەرستراوەکانیان دەردەخاتو دەفەرموێ:

﴿ أَلَهُمْ أَرْجُلٌ يَمْشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَيْدٍ يَبْطِشُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ أَعْيُنٌ يُبْصِرُونَ بِهَا أَمْ لَهُمْ ءَاذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا قُلِ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ كِيدُونِ فَلَا تُنظِرُونِ / ئایـــا

---

[1] سوره الأعراف / ١٩٤

[2] سوره القصص / ٢٤

[3] سورة الأعراف / ١٩٤

ئەوانەی کە ئێوە دەیان پەرستن لە هەیکەل و گۆڕو پەڕۆسەوزەکان ئایا ئەوان قاچیان هەیە پێی بڕۆن؟ ئایا دەستیان هەیە کە زللە لە خەڵکی بدەنو تۆڵە لە خەڵی وەرگرنەوە؟ ئایا چاویان هەیە کەخەڵکی ببینن بۆئەوەی بزانن چی دەکەن؟ وەئایا گوێیان هەیە قسە ببیستن؟ . دەی کە ئاوەهابن کەی شایانی پەرستنن؟ بەراستی زۆربەی پەرستراوەکانی مرۆڤ ئاوەهان بتی لە دارو بەرد داتاشراو پارەو کورسی و ناوبانگ و نەفس کە ئەمانە هەمویان کراون بەخوای خەڵکو خەڵک دەیان پەرستێتو هەمویان لەوشتە بێ قاچو دەستو چاوو گوێیەن جا دەبێ چییان لەدەست بێ؟. ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ، هەموو شەریکەکانتان هەرچی هەن بانگیان بکەن بابێن لەپاشان هەرچی فڕو فێڵتان هەیە دژی من بیکەن ئەوسا هیچ مۆڵەتیشم مەدەن ـ واتە بێ منەت بنو چیتان لە دەست دێت بەخۆتانو خواکانتانەوە دژی من بیکەن .﴾[1] ئەی موسڵمان ئەمە سروشتی ئەم ئاینەیە پێویستە هەڵگرانی ئاوەها زرنگ بن لە بەرامبەر بێ باوەڕو ستەمکارانەوە چونکە یارمەتی دەری ئەوان هەر ئەو خوا بێ لاقو بێدەستو بێ چاوو بێگوێیەیە بەڵام یارمەتی دەری باوەڕداران ئەو پەروەردگارە خاوەن دەسەڵاتەیە کە ئەگەر ئارەزۆی نەمانی ئەم بوونەوەرە بکات هەرئەوەندەی دەوێ کە بفەرموێ ببە دەبێو یەك چاو بڕکەیەك دوا ناکەوێت، هەروەکو لێرەدا ڕێنمایی پێغەمبەرمان(ﷺ) دەکاتودەفەرموێ، بڵێ با هەمو خواکانیان کۆکەنەوەو چی دەتوانن بەرامبەر بەتۆ بائەنجامی بدەنو منەتیان لێ مەزانەو بڵێ:

---

[1] - سورة الأعراف / ١٩٨

﴿إِنَّ وَلِيِّيَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلْكِتَٰبَ ۖ وَهُوَ يَتَوَلَّى ٱلصَّٰلِحِينَ / بەبێگومان کەدۆستو یارمەتی دەری من (اللە)یە ئەو (اللە)یەی کە ئەم قورئانەی ڕەوانەکردووەو هەر ئەوە هەمیشە سەرپەرشتو یارمەتی دەری سالحانە﴾[1] لێرەوە دەردەکەوێ کە یارمەتی و سەرپەرشتی و دۆستایەتی اللە تەنها بۆ پێغەمبەرمان(ﷺ) نیە بەڵکو بۆهەمو مرۆڤێکی خواناسی چاکە لە هەمو کاتو لە هەمو جێگایەکدا، وشەی (سالح) واتە گونجاو کەسێ کە گونجاو بێ لەگەڵ پەروەردگاری خۆیداو هەمیشە ئامادەی جێ بەجێ کردنی فرمانەکانی ئەو بێو بەئەنجامدانەکانیشی دڵخۆش بێو خۆی لە تاوانو خراپە بپارێزێ ئەم جۆرەکەسە اللە سەرپەرستو یارمەتی دەرو دۆستیەتیو دەپارێزێت. ئینجا جارێکی تر بێ نرخیو لێ نەهاتوی بتەکان باس دەکاتو دەفەرموێ: (وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ) ئەوکەسانەی کە ئێوە بێجگە لە اللە دەیان پەرستن ناتوانن هیچ یارمەتیەکتان بدەنوناشتوانن یارمەتی خۆیشیان بدەن،( وَإِن تَدْعُوهُمْ إِلَى ٱلْهُدَىٰ لَا يَسْمَعُوا۟ ۖ وَتَرَىٰهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ وَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ) وەئەگەر ئێوە بانگیان بکەن بۆ هیدایەتو ڕێنمایی نابیسن چونکە گوێی بیستنیان نیە﴾[2] ئیمامی حوسێن ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بو لە دەشتی کەربەلا لە تینویدا خنکاو ئاو نەبو بیخواتەوە و بە خاو خێزانەوە هەمویان شهید بون نەی توانی خۆی نەجات بدات ، ئایا ئەمڕۆ

---

[1] سورة الأعراف / ١٩٦

[2] سورة الأعراف / ١٩٧ ـ ١٩٨

تۆلەسەر قەبری حوسێن هاوار دەکەیت و دەپارێیتەوە ئایا شتێکی بۆ تو پێ دەکرێت ؟!. ئەوە یونس پێغەمبەرە ( علیة السلام) کە نەی توانی خۆی رزگار بکات لەسەر کەشتیەکەو کەوتە ناو سکی حوتەوە ، ئێستا بۆ بوە بە پەرستگاو خەڵکی هاوارو بانگی لێ دەکەن ، کەسێك کە خۆی پێ نەجات نەدرێت چی بۆ جەنابت دەکات ؟!

لە کام ئایەتی قورئان و لە کام فەرمودەدا هاتوە کە اللە ئەمری کردبێت ئەگەر توشی هەر بەلایەك بون هاواری ئەنبیاو پیاو چاکانی من بکەن ؟ ئایا عەقڵت بەوە ناشکێ ؟! ئەگەر من خۆم فەقیرو نەدار بم و جەنابت داوای یارمەتیم لێ بکەیت ، لە چی پێت بدەم ؟ بۆبیر لەم قورئانە ناکەیتەوەوتاکەی هەنگاوی کوێرانە هەڵدەگریت، بۆدادگای کەسێك دەچیت کە گەردیلەیەکی لێ ون نابێ،

ئەوە ئایەتی قورئانەکەئەفەرموێ : ﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَكُمْ / ناتوانن بە هاناتانەوە بێن﴾ ئەگەر جەنابت دەڵێی ئەوانە بتیان دەپەرست بە بێشك بزانە کە هیچ کەس بتی بێ مەبەستی نەپەرستوە، وە هیچ کەس بەردی نەپەرستوە کە بە دەستی خۆی چاکی کردوە ، بەڵام کە ئەم بتەی دروستکردوە یان ئەوەیە کە ناوی پێغەمبەرێکی لەسەر داناوە یان ناوی پیاو چاکێکی لەسەر داناوە ، ئەگینا ئەویش دەی زانی کە ئەو بەردەی لە روبارێکەوە هێناویەتی ، بەڵام ئەمرۆ خەڵکی بتیش دروست ناکات بەڵکو راستەو خۆ دەستی گرتوە بە قەبری پیاوچاکێك یان ئیمامزادەیەك . پرسیارێك لە خۆت بکە ئایا خەڵکی کە دەچنە سەر

قەبران هاوار لەو خاك و بەردە دەکەن یان لەوەی ناو قەبرەکە ؟ کەواتە بە درێژای زەمان کەس بت و بەردی بێ مەبەستی نەپەرستوە ، شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای مرۆڤە بۆ هەر سەردەم و هەر زەمانێك بە شێوەیەك کاری شێرکی رازاندۆتەوە بۆ خەڵکی ، ئەمڕۆش بە شێوەیەکی تر کابرا نوێژگەرە رۆژو گرە زەکات دەرە حەج دەکات بەڵام بەداخەوە شیعارێکی هەڵگرتوە پێچەوانەی سەدان ئەحکامی قورئان و شەریعەتی اللە یە ، بەڵێ ئەگەر دیین بە عادەت وەرگیرا ئەنجامەکەی ئەوەیە ، رەحمەتی خوا لە حوزەیفەو ئیبنو عومەر کە دەڵێن ئێمە پێش قورئان بخوێنین ئیمان و عەقیدە فێر دەبوین ئینجا قورئانمان دەخوێند ، ئەگەر خواپەرستی بە زانینەوە نەبێت بە دڵنیاییەوە خراپەی زۆرترە لە چاکەی ، هەروەك ئەمڕۆمان لێ دێ کە باوەڕدارو بێ باوەڕە لە شیعارو دروشمەکانیاندا لێك جیا ناکرێنەوە ،

## سورەتی هود

ئینجا با سەرێك لە سورەتی هودیش بدەین و هەندێ لە ئایەتەکانی بخەینە بەرچاوی ئازیزانمان بەڵکو اللە بیکات بە مایەی خۆشبەختیان ، اللە سبحانە، ئەفەرموێ ،﴿ وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ / نوح بانگی لە پەروەردگاری خۆی کردو وتی: ئەی پەروەردگارم بێگومان کوڕی من لە ئەهلی منەو تۆ بەڵێنت دا کە ئەهلی من بپارێزی‌و بێگومان وەعدی تۆ ڕاستەو بەڕاستی تۆ لە هەمو فرمانڕەوایان داد پەروەرترو فرمانڕەواتری بۆیە چاوەڕوانی پارێزگاری

كوڕەكەم لێ دەكردیت ﴾[1] الله ی میهرەبان و زاناو كاربەجێ وەڵامی نوحی دایەوە، ﴿قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ / فەرموی: ئەی نوح ئەوە ئەهلی تۆ نیە. بۆ؟ چونكە بەبێشك كە ئەو كردارێكی ناپاكەو رەوشتێكی نارێكی هەیە واتە مونافقەو لەناو دڵدا باوەڕی بە تۆ نیە جا داوای ئەو شتەم لێ مەكە كە زانایيت لە بارەیەوە نیە ﴾[2] پێغەمبەرێك دان ئەنێت بەوەی كە هیچ لە غەیب نازانێت و ئاگای لە هیچ نهێنیەكان نیە ئینجا بەزیندوی نەك بە مردوی ، كوڕی كافرەو مونافقە نازانێت. خۆ ئەگەر پێغەمبەرێك نەزانێت ئەی چۆن پیاو چاك و ئەولیا دەزانن ؟ خۆ ئەمە بە دەقی ئایەت پێغەمبەرە ، بەڵام ئەوەی كەتۆ بە پیاو چاكی ناو دەبەیت بەڵگەیەكی ئاوا رۆشنت هەیە كە ئەوە، لای الله پیاو چاك بێ ؟ ئەگەر پیاوچاكیش بێ خۆ هەرگیز ناگات بەپلەی پێغەمبەران، خۆئەوە نوح پێغەمبەرەو نۆ سەدو پەنجا ساڵە دەعوتی خەڵكی دەكات بۆ ئایینی الله ناتوانێت یان ئیجازەی نیە داوا بۆ كوڕەكەی بكات ئەی چ كەسێك ئەتوانێت و ئیجازەی هەیە بۆ جەنابت بپارێتەوەو شەفاعەتت بۆ بكاتو چ بەڵگەیەكت هەیە لەوبارەوە ؟! ئینجاالله لە كۆتایی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ ﴿إِنِّىٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ /بەبێگومان من ئامۆژگاریت دەكەم نەوەك تۆبەم داخوازییەت بچیتە ریزی نەزانانەوە﴾ لێرەدا دووشتی گرنگ هەیە، یەكەم: نوح

---

[1] سورة هود / ٤٥

[2] سورة هود / ٤٦

پێغەمبەرێکی الله یە ئاگای لەناو دڵی کوڕەکەی نیە. دووهەم: پایەو پلەی بەرزی پێغەمبەرایەتی نوح نەیتوانی کوڕکەی رزگار بکات لە سزای الله چونکە کافر بو ، جا ئەوانەی دەم لە نهێنی ئەکوتن و بێ کزداری چاك بەئەمای تکاو شەفاعەتی کەسانی ترن باسەری شەرمەزاری داخەن و لەو بۆچونە هەڵەیە وازبهێنن، نوح کوڕو ژنێکی بەکافری مردن و لوت ژنی بەکافری مرد وەك لە سورەتی (التحریم)دا باسکراوە.ئینجا نوح علیه السلام کاتێ بەو راستیەی زانی بێ وەستان و بەپەلە ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ / وتی: ئەی پەروەردگارم بەبێگومان من پەنا ئەگرم بەتۆ کە داوای شتێکت لێ بکەم کە زانیاریم لە بارەیەوە نەبێت بەڕاستی ئەگەر تۆ لێم خۆش نەبیو رەحمم پێ نەکەی ئەوە من لە ریزی ئەو مرۆڤە زیان لێ کەوت و رەنجەڕۆیانەم کەبەر سزاو نەفرینی تۆ کەوتوون﴾[1] واتە: نوح علیه السلام لە داواکەی پەشیمان بویەوەو لەو الله یەی کەغەفورو رەحیمە داوای لێ خۆشبون و رەحمی کرد. جا ئەگەر پێغەمبەرێکی نۆسەدو پەنجا سالّ تەبلیغ کەری ئایینی الله و بە حەقیقەت ئەولیائو الله و پیاو چاك و شێخ بێتو بە زیندوی تەمەنا لەالله بکات بۆ رزگاربونی کوڕەکەیو داواکەی لێ وەر نەگیرێت و کوڕەکەی رزگار نەبێ و کوڕو خێزانی خۆی لەدۆزەخدا بۆ رزگار نەکرێت ئەی ئەو پیاوچاکەی کە تۆ بۆ خۆتت دروستکردوە چۆن دەتوانێ ئێوەی گوناهبار رزگار بگات هەر لە دنیادا نەك لە قیامەتدا ؟!

---

[1] سورة هود / ٤٧

ئینجا لە بارەی گەلی هودەوە نەفەرمویّ ، ﴿ قَالُوا يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴾ وتیان ئەی هود، تۆ هیچ بەڵگەیەکی ناشکرات نەهێناوە بۆ ئێمەو ئێمەیش هەروا بەقسەی تۆ واز لە خواکانی خۆمان ناهێنینو ئێمە باوەڕت پێ ناکەین﴾[1] بە داخی گرانەوە ئەمڕو بەهەرکەسێك بڵێیت واز لەو قەبر پەرستیە بهێنن ئەمانە هیچیان بە دەست نیە نەك وازی لێ ناهێنن بەڵکو هەڕەشەی کوشتنیش لە داعیانی دین دەکەن و هەمان قسەی نەفامانی کۆن دەکەن کە ئێمە هەر لە سەر دینی باب و باپیرانی خۆمانین ،وەك بە هود( علیه السلام) یان دەوت، ﴿ إِن نَّقُولُ إِلَّا اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ ۗ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللَّهَ وَاشْهَدُوا أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ / ئێمە هیچ قسەیەکمان لەگەڵ تۆدا نیە بێجگە لەوەی کە ئێمە وائەزانین کە هەندێ لە خوداکانی ئێمەدەستیان لەتۆ وەشاندوەو تۆیان دوچاری شێتی کردوە جا هود وتی، من الله بە شایەت ئەگرم لەسەر راستی خۆم و ئێوەش هەموتان شایەت بن کەمن ئەم پەیامەم پێ راگەیاندوون و بێگومان کەمن بێوەریم لەو شەریکانەی کە ئێوە بۆ الله ی دادەنێن، ( مِن دُونِهِ ۖ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ) بێجگە لە الله هەموتان هەرچی ئەتوانن لە دژایەتیم بیکەن و لەکێ یارمەتی وەر ئەگرن وەری گرن لە پاشدا هیچ ماوەیەکم پێ مەدەنو بێ منەت بن﴾[2] ئینجا خەڵکی ئەمڕۆ هەڕەشە لە خەڵکانێك دەکەن و دەڵێن، هەی فلانەکەس نە چی دار

---

[1] سورة هود / ٥٣

[2] سورة هود / ٥٤- ٥٥

لەسەر قەبری ئەو پیاوچاکە ببڕی چونکە توشی بەڵایەکت دەکات ، بەراستی هیچ شتێکی لێ نەگۆڕاوە هەمان بیرو باوەڕی سەردەمی نەزان و نەفامانی قەومی هودو سالحن ، یان کابرا قەدەر وانەبێ لەسەر ئەوداره دەکەرێتە خوارەوە یان دەستێکی دەشکێ یان داسێك لە دەست خۆی دەدات جا دەیان کەس پێی دەڵێن ئەو پیاو چاکە ئاوای لێ کردی ، خۆ ئەو پیاو چاکە ئەگەر بە فیعلیش پیاو چاك بێ خۆ لە دنیادا هەمو موڵك و ماڵیان لێ ببردایە تەنانەت قسەیەکی ناشرینیشی بە هیچ کەس نەدەوت لەبەر خاتری اللە ، یان گەردنی ئازا دەکرد یان دەی سپاردە دەستی قودرەتی اللە ، بۆ ئێستا بە گومانی بەتاڵی ئێوە بە مردوی بووە بە دوژمن و قاتلی خەڵکی ؟! خۆ پیاوی باش و ئیماندار هەرگیز ئەزیەتی خەڵکی نادات و هەمو ماڵی دنیا لەلای ئەو بەقەدەر پەڕی پێشکەیەك قیمەتی نیە ، سورەتی هود لەسەر زمانی چەندین پێغەمبەری وەك هود و شوعەیب و صالح هاتوە کەئەفەرموێ، ﴿ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ / ئەی گەلی من اللە بپەرستن هیچ پەرستراوێکی راستەقینەی تر نیە جگە لەو﴾[1] وە ئەفەرموێ، ( أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ ) جگە لە اللە هیچ کەسێکی تر نەپەرستن ﴾[2] بۆ ؟ چونکە تەنها اللە هەمو غەیبیەکان دەزانێت و ئاڵوگۆڕی ئەم جیهانە بە دەستی قودرەتی ئەوەو دەبێ تەنها پەنا بۆ ئەو ببەین.

---

[1] سورة هود / ٦١

[2] سورة هود / ٢

## سورەتى يوسف

هەروەها لە سورەتى يوسف دا مەسئەلەى تەوحيد ئەوهنده گرنگى پێدراوە تەنانەت يوسف لە بەندیخانەشدا دەستى لەو بانگەوازە نەكێشاوەو هيچ كوتايى نەكردوە هەتا ئەوەبو كە دوو كەس هاتن بۆ تەعبيرى خەوەكانيان يوسف (عليه السلام) بەر لە تەعبير كردنى خەوەكانيان دەعوەتى كردن بۆ تەوحيد و فێرى يەكتاپەرستى كردن دەليلى نەقڵى لە يوسف پێغەمبەرو يەعقوب پێغەمبەرەوە (عليهم السلام) بەيان دەكات و لەم داستانەدا ئەوەسەلێنراوە كە يەعقوب خۆى پێغەمبەرەو كورى پێغەمبەرەو باپيرى پێغەمبەرە كە غەيب نازانێت هەروەها كورەكەشى كە يوسفە غەيب نازانێت ئەو لەو پەرى دەسەلآت دابو لە ميسر و باوكى هەردوو چاوى كوێر ببو لە غەمى يوسف دا ئەگەر كەرامەت و غەيب زانين بەدەست پێغەمبەران و پياوچاكان بوايەو هەرچيان بويستايە بۆيان بكرايە دەى بۆ يەعقوب خەمى كورى دەخوارد كە بوە بە رەئيسى ميسرو يوسفيش بۆ هەواڵى باوكى نازانێ كە لە خەمى ئەودا چاوەكانى لە دەست داوە ؟ دەى كەمێ ژيربن و ئەوهنده بە قسەى پرو پوچى دوكاندارانى دين فرۆش فريو مەخۆن ، پياوى چاك هەرگيزخەڵكى ناكات بە خزمەتكارى خۆى، كام پياو چاكە كە جەنابت وا دەزانى كە كەرامەتى هەيەو ناگاى لە شتەكانە بە كەيفى خۆى ، برۆ پەرى جگەرەى لە پێش چاوى دابنێ ئەو ديوى پەرە جگەرەكە نابينێ ! بەڵێ يوسف زۆرى بۆ وەسف كردن كە ئاينى ئێمە ئەوەيە كە كەس ناكەين بە شەريك بۆ الله نە لە زاتى دا و نە لە سيفاتى دا و نە لە

عيبادەتى دا نە نەبى و نە فريشتەو نە وەلى و نە بتێك ئێمە تەنها بەندايەتى الله دەكەين وە تێى گەياندن كە هەرچى قسەيەك من دەى كەم لە لايەنى الله وەيە و الله سبحانه، تێم دەگەيێنێ وە فێرم دەكات و من پێغەمبەرى الله م ٠ ئينجا يوسف دەيەوێت مەسەلەى تەوحيديان زياتر بۆ رۆشنتر بكاتەوە و سەرەتاى باسەكەى بە دەليلێكى عەقلى دەست پێ دەكات و ئەلێ: ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴾ ئەى دوو هاوڕێكانى بەندينخانەم ئايا خودايانى جيا لەيەك چاكن بۆ عيبادات و حاجەت و مەبەستمان يان يەك خودای بە توانا ؟ ﴾[1] واتە مرۆڤ تەنها هاوارى يەك خوا بكات بۆ مەبەستەكانى يان ئەم گۆڕو ئەو گۆڕى پياوچاك و ئەنبياكان بكات، وە لەم سەر بۆ ئەو سەر بڕوات ؟! جا دواى ئەم دەليلە عەقلێيە دەستى كرد بە دەعوەت كردنى ئەوانە بۆ بناغەى تەوحيدو يەكتاپەرستى كە بە درێژاى مێژو شيرك هەميشە لە عيبادەت دا بوە ٠ فەرموى : ﴿ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ ئەوانەى كە ئێوە دەيانپەرستن بێجگە لە چەند ناوێك كە خۆتان و باو باپيرانتان بۆتان داناون شتێكى ترنين — كە يەكيان بۆ مندالٌ بونە و يەكيان بۆ سەر ئێشەيە و ئەوى تريان بۆ رزگار بون لە بەلايە وە ...هتد-كە الله هيچ بەڵگەيەكى لەسەر پەرستنى ئەوانە نەناردوە نە بەڵگەى عەقلى و نە

[1] سورة يوسف / ٣٩

بەڵگەی نەقڵی ـ ئەی ئیترج بەڵگەیەکتان هەیە لە سەر هاوارو بانگ کردنی ئەو مردوانە ئەوانەی کە ئێوە بۆخۆتان داتان ناون (إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ) فەرمانو بڕیاردان تەنها بۆ الله یە، چونکە ئەم بونەوەرە دروستکراوی ئەوەو هەر ئەودەزانێت چ شتێك بەسوود یان بە زیانیانە جا خۆ تێ هەڵقورتان لە کاروباری خەڵکدا مادام ئەو ڕێگای پێ نەدابێت دەست درێژی کردنە سەرمافی الله یەو تاوانێکە هەمو بوونەوەر دژایەتی دەکات. (أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا إِلَّآ إِيَّاهُ) چونکە الله دەستوری داوە کە نابێت کەس بپەرستن بێجگە لەو ، چونکە حاکمیەتی دنیاو قیامەت تایبەتی الله یە، وە فرمانی داوە کە عیبادەت حەقی تایبەتی الله یە و نابێ بەندایەتی بۆ غەیری ئەو بکرێت (ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ )ئا ئەوەیە ئاینی ڕاست و بەنرخ ، کە دەبێ تەنها بەندایەتی الله بکەین ـ تەوحید لە عیبادەتا ـ ئەمە فرمانی الله یەو بۆ هیچ کەسێك نیە کە بیگۆڕێت بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم حەقیقەتە نازانن و بە ڕێگای چەوت و ناڕێك دا دەڕۆن و دەست بە دژایەتی فرمانەکانی الله دەکەن و ڕێگای شیرك و کوفر دەگرنەبەر و بۆ الله شەریك دروست دەکەن لە بەندایەتیدا﴾[1].

ئینجا یوسف پێغەمبەر علیه السلام ڕوو لە پەروەردگاری خۆی دەکات و لێی ئەپاڕێتەوەو یەکەم جار باسی چاکەکانی الله دەکات ئینجا ئەڵێت، ﴿ ۞ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِي مِنَ ٱلْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ ٱلْأَحَادِيثِ ۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ

---

[1] سورة یوسف / ٤٥

وَٱلْأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ ۖ تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ / ئەی پەروەدگارم بێگومان کەتۆ پاشایەتی و مالیکیەتی میسرت بەمن بەخشیو منت فێرکرد لە چۆنیەتی خەو پەرژێنەکان ئەی دروستکەری ئاسمانان و زەوی - ئایا یوسف پێغەمبەر کێی بە دۆست و سەرپەرستی خۆی زانی؟ ئایا ئیبراهیم پێغەمبەر یان باوکی یەعقوب پێغەمبەر ؟ نەخێر تەنها روی لە اللە کردو وتی ( أَنتَ وَلِيِّۦ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ )تۆ دۆست و سەرپەرست و یارمەتی دەری منی لە دنیاو لە پاشەرۆژدا ، جا خۆ هەمو ئەنبیاو پێغەمبەران بانگی اللە یان کردوە ئەوە چیە ئێوە هاوارو بانگی پێغەمبەرانی دەکەن؟ خۆ ئەولیاو پیاوچاکان هەمویان هاواری اللە یان کردوە ئەوەچیە کە ئێوە هەواری ئەولیاو پیاو چاکان دەکەن؟ ئینجا یوسف فەرموی ، ( تَوَفَّنِى مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِى بِٱلصَّٰلِحِينَ ) کاتی هاتنی مەرگم بمەرێنە بە موسڵمانیو بم گەیەنە بەپیاو چاکان کەمەبەستی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبە[1]. ئەگەر پێغەمبەرێك تەمەنا بکات کە اللە بە موسڵمانی بی مرێنێ ئەی چی بۆ تۆ پێ دەکرێت تا اللە فرمانی پێ نەکات ؟! ، وە تەمەنا ئەکات کە اللە سبحانە، بیگەیەنێتە کاروانی سالحان ، ئەی چۆن جەنابت لە دەوری قەبرێ دەسورێیتەوە و لێی دەپارێیتەوە کە ئەو تەنانەت عاقیبەتی خۆیشی نازانی ؟! هەی سەر لێ شێواو تاکەی بیر لەدادگای اللە ناکەیتەوە؟! ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ / وە زۆربەیان باوەڕناهێنن بە(اللە) بەڕێك و پێکی بەڵکو هەمیشە لەگەڵ بونی

---

[1] سورة يوسف / ١٠١

باوەڕ بە(اللە)دا ئەوان هاوەڵ دانەرن بۆی‌و کەسانی تر دەپەرستن﴾[1] واتە زاتی اللە یان قەبوڵە بەڵام بەندایەتیان تایبەت ناکەن بۆ اللە!! واتە قەبر پەرستن و بیرو باوەڕیان وایە کە ئەم مردوانە زیان‌و سودیان هەیە! بە داخەوە لەگەڵ ئەم هەمو بەڵگە زۆن‌وناشکرانەدا زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ قەبر پەرستن‌و لەبەندایەتی راستەقینە لایان داوە مەرج نیە هەرکەسێ باوەڕی هەبێ بەاللە ئیتر بە موسڵمان دابنرێت بەڵکو زۆربەی باوەڕداران بە اللە موشریکن - خوا پەنامان بدات ٠

وانەیەك لەیارانی ئەشکەوتەوە

اللە سبحانە، لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی یارانی ئەشکەوت دەکات کە ئەوانە چۆن بون بە دۆستی اللە و پەنایان بۆ کێ برد لەسەر ئەم زەویە و کێ پاراستنی و رزگاری کردن ٠ اللە ئەفەرمووێ : ﴿ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَٰهًا لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا / وەئێمە دڵی ئەوانمان بەهێز کردو ترسمان لەناو دڵیان دا لابرد ئەو کاتەی کە هەڵسان بەئەرکی سەرشانی خۆیان‌و لێبڕاوانە بڕیاری یەکتاپەرستیان داو بەڕاشکاوی وتیان: بەراستی پەروەردگاری ئێمە ئەو زاتەیە کەئاسمانان وزەوی دروست کردوە کە ئێمە جگە لە ئەو هەرگیز هاوار کردن و بەندایەتی بۆ هیچ پەرستراوێك وخوایەکی تر ناکەین ئەگەر ئێمە بەندایەتی بکەین بۆ جگە لە ئەو بەراستی ئەوە قسەیەکی زۆر ناڕێك‌و درۆمان کردوە، ئەگەر ئێمە هاوارو بانگی غەیری

---

[1] سورة یوسف / ١٠٦

پەروەردگارمان کرد بە راستی ئێمە لە سنوری اللە دەرچوین ﴾[1] جا بەم شێوەیە دان دەنێن بەیەکتای (اللە) دا هەم لە پەروەردگاریەتیدا و هەم لە ئولوهیەت فرمانڕەوایەتیدا و هەمو ڕێگایەکی تر جگە لە یەکتاپەرستی بەناحەق و بێ بنەما دەزانن ، بە نەسی ئایەت ئەوانە وەلی و دۆستی اللە ن ، جا لەبەر ئەوەی کە وەلی و دۆستی پەروەردگارن دەڵێن: (لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا )بێجگە لە اللە هیچ کاتێك هاوارو بانگی غەیری ئەو ناکەین ، بەڵکو بەتوندی هێرشیان کردە سەر خزمەکانی خۆیان و وتیان: ( هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ) ها ئەم گەلەی ئێمە کەوا جگە لە اللە شتی تریان کردوە بەخوای خۆیان جا ئەگەر ڕاست دەکەن با ئەوان بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوون بهێنن لەسەر ئەوشتانەی کەئەوان کردویانن بەخوای خۆیان خۆ هیچ بەڵگەیەکیشیان نییەو درۆ ئەکەن جا کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە درۆ بەدەمی اللە وە بکات؟﴿[2] جا ئەڵێن پاشای سەردەمیان هەڕەشەی لێ کردن بەڵام لەبەرئەوەی گەنج بوون نەیکوشتن وماوەی پێدان کەپەشیمان ببنەوە ئینجا ئەوانیش لەدەوری یەك کۆبوونەوەو دەستیان کرد بەلێکوڵینەوە لەو بارودۆخەی خۆیانو هاتنە سەرئەوەی کەپەشیمان بونەوە نییە جا لەوەئەچێ لە پێشدا بەوئەشکەوتەیان زانیبێت، لەبەر ئەوە برای گەورەو دەم ڕاستیان پێ

---

[1] سورة الكهف / ١٤

[2] سورة الكهف / ١٤ ـ ١٥

وتن: ﴿ وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓا إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا / جا كاتێك كه ئێوه بەبیرو باوەڕ لەئەوانو لەو شتانەیش كه جگه له الله دەیپەرەستن جیابونەتەوه دەی جا به لەشیش خۆتان جیابكەنەوه له وانو بچن بۆ ئەشكەوتەكه، جا له چۆنیەتی ژیان وخۆراكو ئەوشتانه مەترسن ئەگەر ئێوه ئاوا بۆ (الله) لێبڕاون پەوەردگارتان رەحمەتی خۆی بۆ ئێوه فراوان دەكاتو نائومێدتان ناكات و ئیشتان بۆ ئاسان دەكات﴾[1] بەڵێ بەبێشك كاتێك كه باوەڕدار بۆ (الله) لێببڕێتو تەنها پشت بەو ببەستێت (الله)یش نائومێدی ناكاتودەرگای خێرو خۆشی لێ دەكاتەوه هەر وەك لەم كۆمەڵه گەنجەی كردەوه، جا ئەوكۆمەڵه گەنجه چونه ئەشكەوتەكەو خەویان لێكەوت كه كاتێ به خەبەر هاتنەوه نەیان زانی چەنده لەو شوێنه خەوتون نه له خۆیان خەبەریان هەبو و نه له خەڵكی تر ، خۆ ئەگەر هیچ كەس وەل نەبێت بێشك ئەوانه به دەقی ئایەتی قورئان ئەولیائوالله بوون ، كەواته بیركەرەوه له ئەوانەی كەتۆ به ئەولیاو پیاو چاكیان دەزانی بەدەقی ئایەتی قورئان هیچ ئاگایان له تۆ نیه تەنها الله یه كەئاگای له هەموو شته نهێنی و ئاشكراكان هەیه دەی تا كەی واز لەو خەرافیات و بیرو بۆچونه هەڵەیه ناهێنی؟ بۆ وەكو ئەو پیاو چاكه مەردی خوا نابی و تەنها روی خۆت له الله بكەیت و نەزرو خەیرات و پارانەوەكانت تەنها له دەرگای الله بێت ، ئەو یارانەی ئەشكەوت سێ سەدو ئەوەنده ساڵه خەوتون ئاگایان له حاڵی خۆیان نەبوه چۆن ئاگایان له حاڵی ئەوانی تر دەبێت ، له كاتێكدا

---

[1] سورة الكهف / ١٦

كه ئەوانە لە خەودا بون نەك مردن خۆ مردن بە هێزترە لە خەو ٠ وتراوە كە " خەو برای مەرگە " خەو تەشبیهكراوە بە مردن ئای بەراستی تۆ كوێرانە هەنگاو هەڵدەگرێت و دۆست و دوژمن لەیەك جیاناكەیتەوە ٠

پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ أَفَتَتَّخِذُونَهُۥ وَذُرِّيَّتَهُۥٓ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِى وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌۢ ۚ بِئْسَ لِلظَّٰلِمِينَ بَدَلًا / دەی ئایا ئەوە ژیرانەیە كە ئێوە ئەوشەیتانەو نەوەكانی بكەن بە دۆستی خۆتان لە باتی من؟ لەحاڵێكدا ئەوان بۆ ئێوە دوژمنن‌و ئەوەی كەزیانی ئێوەی تێدا بێت ئەوە دەكەن جا هەر كەسێك ئەو ئاڵوگۆڕییە بكات‌و لەباتی پەروەردگار، خۆی بەدەست شەیتانەوە بدات بەراستی ئەوە توشی ستەمێكی گەورە بووە ئای چەند خراپەو چەند نابەجێیە بۆ ستەمكاران ئەو ئاڵوگۆڕەی كە دەیكەن ﴾[1] چونكە هەمو بەختەوەرییەك لە شوێنكەوتنی فرمانەكانی (الله) دایەو هەمو چارەڕەشیەكیش لە شوێنكەوتنی شەیتان‌و دارو دەستەكەی دایە. پاشان پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ مَّآ أَشْهَدتُّهُمْ خَلْقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ ٱلْمُضِلِّينَ عَضُدًا / من لە كاتی دروستكردنی ئاسمانان‌و زەوی‌و بەدی هێنانی خۆیشیاندا ئەوانم ئامادە نەكردوەو گومڕاو سەرلێ شێواوم نەكردوە بە ڕاوێژكارو یارمەتی دەری خۆم ﴾[2] واتە ئەوان خۆیان بەندەو دروستكراوی منن كە ئێوە دەیان پەرستن‌و

---

[1] سورة الكهف / ٥٠

[2] سورة الكهف / ٥١

دەیانکەن بە هاوبەشی من لە حاڵێکدا ئەوان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە دروست کردنو چۆنێتیو چەندێتی ئاسمانانو زەویدا نییە تەنانەت لە کاتوساتی دروستکردنی خۆیشیان بێ ئاگان جا چۆن دەیان پەرستنو گوێرایەڵیان دەکەن؟! وە ئەفەرموێ : ﴿ وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا۟ شُرَكَآءِىَ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا / ئەو رۆژەی کە(اللە) دەفەرموێ ئادەی بانگ بکەنە ئەو هاوبەشش وشەریکانەی من کە لە دنیادا پێتان وابو شەریکو هاوکاری منن بەڵکو بێن بە دەمتانەوەو لەم سزایە رزگارتان بکەن بۆنمونە ئادەی هاوارو بانگی - عیسا وعوزەیرو ئیبراهیمو فریشتە و شێخو ئیمامزادەو پیاوچاکانتان بکەن کە بە شەفاعەتکەرتان دەزانین و واتان دەزانین کە ئەوانە شەریکی حیساب و کیتابن - جا ئەوانیش بانگیان دەکەن بەڵام وەڵامیان نادەنەوە، وە ئێمە لە نێوانیاندا رێگرو بەربەستی دیواری ئاگرینمان داناوە هەرگیز فریای یەکتر ناکەون ، هەمو موشریکان باوەڕیان وایە کە ئەوانە لە رۆژی قیامەتدا دێنە سەر شوێنی حیساب و کیتابو پارێزگاری لەوان دەکەن!

﴿ أَفَحَسِبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَن يَتَّخِذُوا۟ عِبَادِى مِن دُونِىٓ أَوْلِيَآءَ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَٰفِرِينَ نُزُلًا / ئایا ئەوانەی کەوا کافرن واگومان دەکەن کە ئەگەر لە باتی من دا بەندەکانم بکەن بە دۆستویارمەتی دەر بۆ خۆیان ئیشێکی باشیان کردوەو ئێمە سزایان نادەین؟ نەخێر وا نییە بەراستی ئێمە دۆزەخمان بۆ کافران ئامادە کردوە بۆ شوێنی مێوانداریو پێشوازی لێ کردنیان﴾[1] ئا

---

[1] سورة الكهف / ١٠٢

لێرەدا بڕیاری کوفری در کرد بۆهەرکەسێك که بەندایەتی و هاوارو بانگی غەیری الله بکات ﴿ قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِٱلْأَخْسَرِينَ أَعْمَٰلًا / ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ ئایا خەبەرتان بدەینێ کە کێیە کە لە ئیشەکانی دا لە هەمو کەس زیاتر زیانی کردوە؟ بەیانی زیان و خەسارەتی کردارەکان ئەکات و ئەفەرموێ ، ﴿ ٱلَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا / ئەوکەسانەن کە کارو کۆششیان لە ژیانی دنیادا بە شێوەیەکی ناڕەواو دژی شەریعەتی (الله) بوە و خۆیان واگومان دەکەن کە بێگومان هەر ئەوانن کە کرداری جوانو چاك دەکەن کە مایەی رەزامەندی الله و خەڵکەو لە پاشەرۆژیشدا کەڵکی لێوەردەگرن !! ﴾[1] ئەوانە لە باتی الله بەندەکانی خوایان کردوە بە دۆست بۆ خۆیان ! دەبێ مرۆڤ کردارەکانی خۆی لەگەڵ قورئاندا بەراورد بکات کە ئایا الله سبحانه، بەو کردارە رازیە یان نە ؟ چونکە بەراستی موسیبەتێکی زۆر گەورەیە ئەگەر الله بەو کردارانە رازی نەبێت ، ئەوسا ئەمانە رنجەڕۆ ترین کەسن چونکە لە دنیادا خۆیان خەریك دەکەن بەو کردارانەوە کە پێیان وایە چاکەو لە دوارۆژیشدا پاداشتیان لەسەر وەردەگرنەوە بەڵام لە دوارۆژدا ئەو کردارانەیان لێ ورناگیرێتو بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبرێن، دەی بەڕاستی ئەوانە رەنجەڕۆترین کەسن لە دوارۆژدا. کێن ئەوانەی کە ئاوا رەنجەڕۆن؟ جا الله زیاتر رۆشنی دەکاتەوە کە ئەوانەی گوێ لەم ئایەتانە ناگرن و هەر بە گومانی پوچی خۆیان ئیش دەکەن و پشت دەکەنە ئەم قورئانە ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ

---

[1] سورة الكهف / ١٠٣ ـ ١٠٤

ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِمْ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَزْنًا / ئەوانە كەسانێكن كە بێ باوەڕبون بەئایەتەكانی پەروەردگاری خۆیانو باوەڕیان بەگەیشتن بە دادگای ئەو زاتە نەبو، جا پەروەردگاریش بەهۆی ئەو بێ باوەڕیەوە كردەوە چاكەكانیانی لێ هەڵوەشاندونەوە ئینجا لەرۆژی قیامەتنیشدا هیچ نرخێكیان بۆ دانانرێت وهیچ حسابێكیان بۆ ناكرێت﴾[1]

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الْعَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ وَقَالَ :اقْرَءُوا[ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا][2]

واتە بەراستی پیاوی گەورەی قەڵەوی وادێت لە رۆژی قیامەتدا كە لە لای اللە بەئەندازەی باڵی مێشولەیەك نرخی نییە ، وە فەرموی: ئەگەر ئارمزۆتان لێ هەیە با ئەم ئایەتە بخوێننەوەو وەسەیری ماناكەی بكەن (ئەوسا لە رۆژی قیامەتدا هیچ نرخێكیان بۆ دانانێین). جا سەرەڕای ئەوەی كەئەو كردارانەی كە خۆیان بە چاكیان دەزانی لێیان وەرناگیرێت پاداشتیشی وەردەگرنەوە بەڵام چ پاداشتێك؟ ئاگری داخی دۆزەخە.

## سورەتی تاها

ئینجا فەرمون با سەرێك لە سورەتی تاها بدەینو لەویش چەند دیمەنێكی تری موشریكان ببینین اللە سبحانە دەفەرموێ : ﴿ يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا / لەو رۆژەدا شەفاعەتو تكاو پاڵپشتی هیچ سودێكی نییە مەگەر بۆ كەسێك كە اللە ی بەخشندەو

---

[1] سورة الكهف / ١٠٥

[2] متفق عليه

بەسۆز ماوەی پێ دابێتو لەقسەو داخوازیەکەی رازی بێت﴾[1] واتە شەفاعەت بە ئیرادەو رەزامەندی اللە یە هەتا ئەگەر اللە دەستور بدات بە شەفاعەت کەر کە شەفاعەت بکات ئینجا ئازاد نیە لە شەفاعەتکردنیش بە کەیفی خۆی ، دەبێ اللە رازی بێت لەو کەسەی کە شەفاعەتکەر شەفاعەتی بۆ دەکات . پاش ئەوەی کە خەڵک بۆ حیساب‌و کتاب زیندو دەکرێنەوەو لە دەشتی مەحشەر دا کۆ دەکرێنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شوێنە دژوارەدا دەمێنێنەوە جا ئەو خەڵکە بۆ ئەوەی کە (اللە) حیساب‌و کتاب لەنێوانیان دا بکات و ئەنجامی هەر لایانێك دیاری بکات دەچن بۆ لای پێغەمبەران‌و هەر لە "ئادەم"ـەوە علیه السلام دەست پێدەکەن یەك لە دوای یەك ئەم تکاو شەفاعەتیان لە لایەن (اللە)‌و بۆبکەن بەڵام هەمو پێغەمبەران هەرکام بە هۆیەك دەڵێن ئەو کارە بە ئێمە ناکرێت‌و هەریەکەیان ئەوخەڵکە دەنێرێ بۆلای پێغەمبەری خواری خۆی تالە ئاخر دا دێن بۆلای پێغەمبەرمان(ﷺ) ، دەفەرموێ : بەڵێ من دانراوم بۆ ئەوە ئینجا لە ژێر بارەگای عەرشی اللە دا سوجدە دەبات و سەر بەرز ناکاتەوە تا اللە دەفەرموێ : سەر بەرز بکەرەوەو داوا بکە پێت دەدرێت ، تکا بکە تکات لێ وەردەگیرێت . واتە لەوێش پێغەمبەرمان(ﷺ) کە بۆ ئەوە دانراوە ناتوانێ راستەو خۆ شەفاعەت بکات تا سوجدە بۆ اللە دەبات و اللە ماوەی پێ دەدات ئینجا داوا لە پەروەردگار دەکات کە ماوە بە پێغەمبەرمان(ﷺ) بدرێت شەفاعەت بۆ گەلی خۆیان بکەن کە ئەمە شەفاعەتی گەورەی پێ دەوترێت و تایبەتی پێغەمبەرمانە(ﷺ) . ئینجا

---

[1] سورة طه / ١٠٩

دەفەرموێ :﴿ وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ / وە ئەوکەسەی کە پشت بکاتە زیکری من کە قورئانە بێگومان بۆ ئەوە ژیانێکی سەختو پڕناسۆرهەیەلەدنیاداو لە رۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەینو جا ئەو کاتە، (قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ) ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم بۆ بە کوێری حەشرم دەکەی؟ خۆ من لەدنیادا چاو ساغ بووم .( ﴿ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ ) (الله)یش دەفەرموێ: ئاوا بەکوێری حەشرت دەکەین چونکە لە دنیادا کە ئایەتەکانی ئێمە هاتەلات ئەو کاتە تۆ ئەوانت لە بیری خۆت بردەوەو خۆتت لێ کوێر کردنو هەر لەسەر بیرو باوەڕی خۆت دانەبەزیت و وات دەزانی کە غەیری الله شتێکی پێ ئەکرێ بۆتو رزگارت دەکات و ئایەتەکانی قورئانت پشتگوێ دەخست و بەردەوام خەریکی گاڵتەو گەمە بوی هەر ئاوەها ئەمڕۆ کە رۆژی قیامەتە تۆ لە بیر ئەبرێیتەوەو لە تۆڵەی تاوانەکانتا لە ناو دۆزەخ دا بەجێ دەهێڵرێیت﴾[1].

## سورەتی ئەنبیا

ئینجا با سەرێك لە سورەتی ئەنبیا بدەین و هەندێ گوڵبژێریش لەو باخچە پڕ خێرو بەرەکەتە بکەین ، الله سبحانه دەفەرموێ ، ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوٓاْ ءَالِهَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ / ئایا ئەوان خودایانێك لەم زەوییەدا بۆ خۆیان دادەنێن کەمردوان زیندوبکاتەوە؟ وەك ئەمڕۆ هەرکەسەو بۆ

---

[1] سورة طه / ١٢٤ـ ١٢٦

خۆی پیاو چاکێ شێخێ گۆڕێك ئیمامزادەیەکی داناوەو بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکانی پەنایان بۆدەبات‌و خۆیشی بەموسڵمان ئەزانێ! ئایا ئەوەی کەلێی دەپارێیتەوە هیچی دروست کردوە تا بتوانێ مردو زیندو بکاتەوە ؟ واتە ئایا بێجگە لە (الله) خودایەکی ئاواشك دەبەن ؟ ئینجا (الله) خۆی وڵام ئەداتەوەو چەند بەڵگەیەکی عەقڵی بەیان ئەکات و ئەفەرموێ :( لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ /ئەگەر لەم زەوی‌و ئاسمانانەدا چەند خوایەکی تر ببوایە جگە لە (الله) بێگومان زەوی‌و ئاسمانەکان لە ناو ئەچون جا کەوابو(الله) کە پەروەردگاری عەرشە، پاکەو دورە لەو وەسفە ناڕەواو خراپانەی کە ئەوان بۆ ئەوزاتەی دادەنێن‌و ئەڵێن کە (الله) هاوبەش‌و منداڵو هاوسەری هەیە (﴿ لَا يُسْـَٔلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْـَٔلُونَ )پرسیار ناکرێت لەو زاتە لەوەی کە ئەیکات چونکە خۆی پەروەردگارو دروستکەرو کاربەجێ‌و زانایە، بەڵکوئەوانن کەپرسیاریان لێ دەکرێت﴾[1]، بەڵێ بەراستی ئەو زاتە پرسیاری هەمو کردەوەکان لەوان دەکات و هەر کەس بە پاداشتی کرداری خۆی دەگەیەنێ ، ئینجا دەفەرموێ : ﴿ أَمِ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ هَٰذَا ذِكْرُ مَن مَّعِىَ وَذِكْرُ مَن قَبْلِى بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ / ئایا ئەوان بێجگە لەو زاتە خودایانێکی تر ئەپەرستن؟ . بەڵێ ئیبراهیم‌و هابیل . کورە شەهیدی ئادەم . ئەنبیاو ئەولیا وفریشتە هەریەکەیان مەعبودی هەندێك لەوان بون ، چونکە ئەو موجەسەمانە کە دەیان

[1] سورة الأنبياء / ٢١-٢٣

پەرستن هەمو موجەسەمەی ئەو پیاو چاکانە بون ـ ئەی محمد(ﷺ) بڵێ: ئادەی بەڵگەی راستی لەسەر ئەو خودایانەتان بهێنن‌و بیسەلێنن کە هاوار کردن و لێ پارانەوەو نەزرو خەیرات بۆ ئەو پیاو چاك و ئەنبیاو ئەولیاو دۆستانی الله یەو پەرەستنیان حەق‌و رەوایە، ئاشکرایە کە هیچ بەڵگەیەکیان نیە، بڵێ: ئەوەی کە پێم وتن کە (الله) هیچ شەریك‌و هاوبەشێکی نیە قسەی ئەم قورئانەو قسەی هەموکتێبانی پێش منە ـ دڵنیابن کە حیسابداری بهەشت و دۆزەخ نە پێغەمبەرەو نە ئیبراهیمەو نە عوزەیرەو نە عیسای کوڕی مەریەمەو نە ئەنبیاو ئەولیاو پیاو چاکانن( فَإِنَّمَا عَلَيْكَ ٱلْبَلَٰغُ وَعَلَيْنَا ٱلْحِسَابُ ) ئەی محمد (ﷺ) تۆ تەنها راگەیاندت لەسەرەو حیساب و کیتاب بە دەستی ئێمەیە ـ وە ئەم قورئانە مایەی شەرەف‌و رێزە بۆ ئەو کەسەی لە گەل منداید‌و مایەی شەرمەف‌و رێزیشە بۆ باوەڕدارانی پێش من، جا ئەوەی دەستی پێ بگرێت سەربەرزو بەختیارە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەمو بەڵگە روونانەدا زۆبەیان حەق نازانن‌و ناینناسن بۆیە ئەوان پشتی تێ دەکەن‌و گوێی پێ نادەن، وەئەفەرموێ: (وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ) خۆ لە پێش تۆدا هیچ پێغەمبەرێکمان — هەر لە ئادەمەوە تا خاتەم ـ رەوانە نەکردوە مەگەر وەحییمان کردبێتە لای بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی راست‌ودروست نییە بێجگە لە من، دەی ئێوەیش تەنها بەندایەتی بۆ من بکەن﴾[1] جابڕۆ هەمو لایەڕەکانی مێژو تەماشا بکەو

[1] سورة الأنبياء / ٢٣ ـ ٢٥

ژیانی هەمو پێغەمبەران و ئەولیاو پیاو چاکان بخوێنەوە بزانەلە کوێ دا وتویانە کە هەر کاتێ توشی هەر کێشەیەك هاتن هاوارو بانگی ئێمە بکەن ، خۆ ئەوان هەمیشە لە ترسی عەزابی خواو حیسابی دوا رۆژ دەگریان ، جارێکی تر هەر لەم سورەتەدا ئەفەرموێ :﴿ ﴿ قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلَا يَضُرُّكُمْ / ئیبراهیم وتی: ئایا ئێوە بەندایەتی شتانێك جگە لە (الله) دەکەن کە نە هیچ سودێکتان پێ ئەگەیەنن و نە هیچ زیانێك﴾[1] دەی ئیترئەبێ بۆچی هاوارو بانگ و نەزرو خەیرات و بەندایەتیان بۆ بکەن؟ ﴿ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ / بێ نرخی‌و سوکایەتی بۆ ئێوەو ئەوانەش کە جگە لە (الله) دەیان پەرستن کە چەند سەرلێشێواون دەی ئایا ئێوە عەقڵتان نییە کە بیر بکەنەوەو راست‌و ناراست لەیەك جیابکەنەوە﴾[2] خۆ ئێوەبە بەردەوامی لافو گەزافی سەقافەت و سەردەمی عەقڵی ئەلکترۆنی و چی و چیتر لێ دەدەن و خۆتان بە رۆشنبیرترین جیل دەزانن ، وە بەردەوام دەڵێن سەردەم سەردەمی رۆشنبیریە؟ ئایا ئێوە هاوارو بانگی کەسانێك دەکەن کە هیچ سودو زیانیان بە دەست نیە ؟! جا ئەوان لەباتی بیرکردنەوەو بەخۆداچوونەوە وباوەڕهێنان بە الله ی بێ وێنەو تاك وتەنیا هەر لەسەر تاوانی خۆیان سور بون ، جا الله یش دەفەرموێ : ﴿ أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ / بەراستی ئێوەو ئەوەی کە جگە

---

[1] سورة الأنبياء / ٩٩

[2] سورة الأنبياء / ٩٧

لە (اللە) دەپەرستن هەموتان دارو چیلکەی هەلگرێنەری ئاگری دۆزخن، چونکە بێگومان ئێوە دەچنە ناویەوەو بەو ئاگرە سەختە دەسوتێنرێن.( لَوْ كَانَ هَٰؤُلَآءِ ءَالِهَةً مَّا وَرَدُوهَا ۖ وَكُلٌّ فِيهَا خَالِدُونَ ) خۆ ئەگەر ئەوانە خودا بونایە نەدەچونە ناو ئەو ئاگرەوە﴾[1]. پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێت: { يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ فَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ وَيَتْبَعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ}[2] رۆژی قیامەت (اللە) هەمو خەڵك کۆدەکاتەوەو ئینجا دەفەرموێت هەر کەس هەرچی پەرەستوە با دوای بکەوێت ئەوسا هەرکەس خۆری پەرستوە دەکەوێتە شوێنی و هەرکەس مانگی پەرستوە شوێنی دەکەوێتو هەرکەس ملهوڕانی پەرستوە بەشوێنیان دا ئەڕوات و هەمویان بەرەو ئاگر دەچن، واتە هەر کەس جگە لە (اللە)ی پەیڕەوی کردبێ لە دنیادا لە رۆژی قیامەتیش دا پێی ئەوترێت ئیستایش بکەوە شوێنی، سەر نویشتت لەگەل سەر نویشتی ئەودایە ، دیارە هەندێ لە پەرستراوەکان بێ گیان وبێ دەسلاّت بوون وەك بتەکانو سەروەتو سامانو پلەومەقام جا یان ئەوانە لەوگشتیە بەدەرن یان جۆرێکیان لێ دەکرێت کە لەوێ بیاننناسنەوە کە ها ئەوانەیش کە چاوەڕانی شەفاعەتیان لێ دەکردن وا ئیستا فڕەدەدرێنە ناوئاگرەوە تا زیاتر داخوخەفەت بخۆن و بە تەواوی نائومێد ببن، دیارە ئەمە بڕیارێکی گشتی اللە یەو هەمو پەرستراوێك دەگرێتەوە بۆ یەاللە ی میهرەبان لەپاش ئەوە ئەفەرموێ ،﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا ٱلْحُسْنَىٰٓ

---

[1] سورة الأنبياء / ٩٨ ـ ٩٩

[2] حديث صحيح

أُوْلَٰٓئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ / به بێشك ئەوانەی كە هەر لەپێشدا لە لایەن ئێمەوە بەڵێنی بەهەشتیان پێ دراوە بە هۆی چاكی وراستی خۆیانەوە ئەو بەندایەتی كردنەی نەفام ونەزانانە بۆیان وایان لێ ناكات كە لەگەڵ ئەو پەرستراونەی تر بچنە ناو ئاگرەوە بەڵكو ئەوانە لەو سزاو ئاگرە دور دەخرێنەوە﴾[1].

## سورەتی سبا

الله سبحانه، لە سورەتی سەبا دا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ / بەڕاستی شەیتان گومانەكەی خۆی كە هەڵخەڵەتاندنی ئەو خەڵكە بوو هێنایەدی و فریوی دان جا ئەوانیش پەیڕەوییان لێ كرد بێجگە لە كەمێك لە باوەڕداران. ( وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْءَاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ) خۆ شەیتان هیچ توانایەكی بەسەر ئەواندا نەبوو بەڵكو ئێمە ماوەمان پێ دا تا دەركەوێت بۆمان كە چ كەسێك باوەڕ بە دواڕۆژ دەهێنێت و چ كەسێكیش لەبارەی ئەو ڕۆژەوە لە گومانداید ـ ئەمە تەنها بۆ خۆیانە تا لە دواڕۆژدا هەر كەس بەوەی كە كردویەتی حیسابی لەگەڵدا بكرێت و خۆیشی نەتوانێت حاشای لێ بكات ئەگینا (الله) پێش دروستكردنمان سەرئەنجامی زانیوین وەكو دەفەرموێت ﴿وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ

---

[1] سورة الأنبياء / ١٠١

شَيْءٍ حَفِيظٌ﴾ وە پەروەردگارت بەسەر هەمو شتێكدا چاودێرەو ئەو توانای هەیە كە ماوە بە شەیتان نەدات بەڵام دنیا بۆ تاقیكردنەوەیەو پێویستە هۆیەكانی تاقیكردنەوە هەبێت﴾[1]. جا لەدوای باس كردنی بەسەرهاتی ئەم قەومانە ئەفەرموێ : ﴿ قُلِ ٱدْعُوا۟ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُۥ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ) بڵێ: بانگ بكەنە ئەو كەسانەی كە بێجگە لە (الله) دەیانپەرستن بابێن بە هاوارتانەوە كە بەڕاستی ئەوانە لەم بونەوەردا خاوەنی ئەندازەی گەردیلەیەكیش نین، وە لە ناو ئاسمانانو زەویدا هیچ شەریكو یارمەتیدەرێكیان نیە. وە بۆ (الله)یش لە ناوئەوان دا هیچ وەزیرو یارمەتیدەرێك نیە كە یارمەتی بدات نەلەدروستكردنداو نە لە بەڕێوەبردنی كاروباری بونەوەردا؟، كەوابو خواكانتان چۆن دەتوانن بێن بەهاوارتانەوە؟! (وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُۥ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ) هیچ تكاكردنێك لەلای ئەو سودی نیە مەگەر بۆ كەسێك كە (الله) ماوەی پێدابێت واتە نە تكاكارێك دەتوانێت تكا بۆ كەس بكاتو نە تكا بۆكراوێك تكای بۆ دەكرێت هەتا (الله) ماوەیان پێ نەدات جا لەو كاتەی كە شەفاعەت رێگای پێ درواو ترس لەسەر دڵیان لاچوو هەندێكیان دەڵێن: پەروەردگارتان چی وت؟ هەندێكی تریان وەڵامیان دەدەنەوەو دەڵێن: ڕاستی وتو بەڵێنەكەی

---

[1] سورة سبأ/ ٢٠ ـ ٢١

هاتەدیو هەر خۆیەتی بڵند مەقامو گەورە﴾[1] جا ئەوانەی کە موشریکان دەیانپەرستن خاوەنی هیچ سوودو زیانێك نین وەلەگەڵ ئەو زاتەی کە خاوەنی هەمو سوودو زیانێکە شەریك نینو ئەو زاتەیش هیچی بەئەوان نەسپاردوەو تکاکردنیش بە بێویستی ئەو ناکرێت کەوابو بۆ ئەبێ لە بێجگە لە وزاتە بترسینو چاوەڕێی سوود یان زیان بکەین؟! کە هەر لە سەرەتای سورەتەکە ئەفەرموێ: تەواوی حەمدو ستایش تایبەتن بە اللە ٠ ئەگەر شەفاعەت کردن بە ئیزنی اللە یە ئێوە چۆن خەڵکانێك ئەکەن بەشافیع ج زەمانەتێك هەیە کە ئیجازەی شەفاعەتی پێ ئەدرێت لە رۆژی قیامەتدا وە ئەگەر ماوەی شەفاعەتیشی پێدرا چۆن دەزانی کە اللە رازیە شەفاعەت بۆتۆ بکات ؟! پێغەمبەرانیش بەبێ ئیزنی اللە ناتوانن شەفاعەت بکەن. ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ / ئەو کەسانەی کە ئێوە هاواریان لێ دەکەنو دەیان پەرستن – لە فریشتەو ئەنبیاو ئەولیا بێجگە لە (اللە) خاوەنی کفتە سپیەکەی ناو دنکە خورمایەکیش نین. ( إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ ۚ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ) ئەگەر بانگیان بکەنو بیان پەرستن ئەوان هیچ داواو بەندایەتیو بانگێکی ئێوە نابیسن، وە ئەگەر وایش دانێین کە ببیسن هیچ وەڵامێکتان نادەنەوەو لە رۆژی قیامەتیشدا حاشا دەکەن لەوەی کە ئێوە ئەوانتان کردبێت بە هاوبەشی (اللە)و بەندایەتیتان بۆ کردبن، وە بزانە وەکو ئەو زاتە زۆر ئاگادارە کە

---

[1] سورة سباء / ٢٢ - ٢٣

(الله)یە هیچ کەسێکی تر ئاوا هەواڵێکی ئەم دوو ژیانەت پێ نادات‌و ئاوا سەرئەنجامی هەمو کارێك نازانێت﴾[1]. ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَمْ ءَاتَيْنَٰهُمْ كِتَٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا / بڵێ: پێم بڵێن ئەوانەی کە جگە لە (الله) بەندایەتیان بۆ دەکەن پیشانم بدەن ئایا چییان لەم زەویەدا دروستکردوە؟ نا، دەی پێم بڵێن: ئایا ئەوان هاوبەشێکیان هەیە لەناو ئاسمانەکانداو شتێکی بۆ بەدیهێنابن؟ نا، ئەی ئایا ئێمە پەڕاوێکمان پێداون لەبارەی ئەو خوانەناسیەوە کە ئەوان لەسەر چاو ڕۆشنی بن؟ نەخێر ستەمکاران هەندێکیان بە هەندێکیان جگە لە فریودان‌و هەڵخەڵەتاندن هیچ بەڵێنێکی تر نادەن بە پەیڕەوانیان بەڵام پەیڕەوانیان نەزان‌و گێڵ‌و گەمژەن تا بە دادگای (الله) نەگەن بە ناگا نایەن جا ئەو کاتە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن بەڵام بێ سوودە﴾[2].

## سورەتی یاسین

لەسورەتی یاسینیشدا ئەفەرموێ: ﴿ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَٰنُ بِضُرٍّ لَّا تُغْنِ عَنِّى شَفَٰعَتُهُمْ شَيْـًٔا وَلَا يُنقِذُونِ /ئایا جگە لەو، من خودایانێکی تر بکەم بە خودای خۆم کە ئەگەر ڕەحمان ئارەزوێ زیانێك بکات بۆم ئەو کاتە تکای ئەوان بۆ من بەکەڵکی هیچ نایەت‌و لە سزای

---

[1] سورة فاطر / ١٣ ـ ١٤

[2] سورة فاطر / ٤٠

(الله) ڕزگارم ناکات﴾[1] جارێکی تر لەم سورەتەدا ئەفەرموێ ﴿ مِن وَٱتَّخَذُواْ دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴾ ئەوان جگە لە (الله) خودایانێکی تر دەکەن بە خوای خۆیان تا بەڵکو یارمەتی بدرێن! کە بۆ ئەوان گاو مەڕو بزن دەکەن بە نەزر بەڵکو لەلایەن ئەو پیاوچاکانەوە یارمەتی بدرێن کەبەراستی ئەوە زوڵمە چونکە یەکێك لە عیبادەتەکان نەزرە و نابێ بۆ جگە لە خوا بکرێت ، مالّی خوایە بۆ دژی خوا بە کاری دەهێنن ؟!٠(لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ) لەحاڵێکدا ئەوانە ناتوانن یارمەتیان بدەن بەڵکو ئەوان سەربازانێکی گوێ لەمشتو ئامادەکراون بۆخوا بێ دەسڵاتەکانیانو پاسەوانیان دەکەنو لە دوژمن دەیان پارێزن﴾[2] کەچی ئەو خواگەلە هیچ چاکەیەکیان نیە بۆئەوانو ناشتوانن هیچ خراپەیەکیان لەسەر لابەن. (ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلْمَطْلُوبُ ) خودی الله نیازی بە هیچ خزمەت کارێك نیە کە ئەو پیاو چاکو بە قسەی خۆیان ئەو موقەدەسانەی کە هاوارو بانگیان لێ دەکەن هەم بەزیندوی و هەم لە دوای مردنیش خزمەتیان دەکەن ئەمانە چ خوایانێکن کە لەکاتی سەرەمەرگ داو کفن و دفنیان کردون شۆردویانن نەیان توانیوە یەك مێش لە خۆیان دور بخەنەوەو بە شانی خۆیان هەلیانگرتون و لە ناو گۆڕو لە ژێر خاکدا شاردویانناوەو ئێستا لەلای ئەوان بوون بەهەمەکارە لە دنیادا ، ئای چ مرۆڤانێکی سەیروسەمەرەن چ

---

[1] سورة يس / ٢٣

[2] سورة يس ٧٤ ـ ٧٥

خەوتوانێکی خەوقورسن بەشەق‌و شەقازلەیش بەئاگا نایەن. بەڵێ بەدرێژای مێژوی مرۆڤایەتی هەر پێغەمبەرێك رەوانە کرابێت سەرەتا خەڵکی گاڵتەیان پێ کردوە تا بەو شێوەیە شەهید کراون یان الله دوژمنانی لە ناو بردون و پێغەمبەرەکەی سەر خستوە بە سەریاندا ئەمرۆش هەر داعیەکی دینی‌و هەر پیاوێکی زانای ئایینپەروەر لەهەرکۆێدا هەبێ هەرکەسەو لەلای خۆیەوە ئیهانەی دەکات و بەناوی جۆراو جۆرەوە ناوی دەبات ، وەهابی و تۆندڕەو وشك و ئیرهابی و..و..هتد، بۆ چەواشە کردنی خەڵك‌ودور خستنەوەیان لە قورئان و سونەت ئەویش بۆ پێکانی مەبەست و ئاواتەکانی خۆیان بۆ ئەوەی هەمیشە لەم گومڕایەدا بمێننەوەو گوێڕایەڵی تاغوتان بن ، چونکە تاغوتان ئەزانن هەرکاتێ خەڵکی لە قورئان و سونەت تێ گەیشتن بازاڕی دزی و دەغەڵیان نامێنێ و دژ بە هەمو یاسا دەسکردو بەرژەوەندیە تایبەتەکان دەوەستن و لەسەر رێگاورێبازی الله دەڕۆن، هەر لەبەر ئەوەشە کەئەمرۆ لە سەرتاسەری دنیادا هەر دەسەڵات دارێك لە شوێنی خۆیدا چەندین هۆی گاڵتەو گەمە دروست دەکات و بە ملیۆنان پارەی لێ خەرج دەکات بەناو مافی گەنجان تا هەمیشە خەڵکی غافڵ‌و بێ ئاگابن و بیر لە بونی خۆیان و مردن و قیامەت نەکەنەوە. ئەوسا لە قیامەتیشدا خەڵکی یەخەی دەسەڵات داران دەگرن و دەڵێن، ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟ أَنَحْنُ صَدَدْنَٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ / لوت بەرزان دەڵێن بەوانەی کە ژێردەستە بوون ئایا ئێمە بووین کە ئێوەمان بەزۆر لە ڕێگای ڕاست لادا پاش ئەوەی کە پێغەمبەرتان هاتە لا؟ نەخێر،

ئێوە خۆتان تاوانبارنو و ستەمتان لە خۆتان کردوە. ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ۚ وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ / جا ژێردەستانیش بە لوت بەرزانیان وت: نەخێر وانیە کە ئێوە دەڵێن بەڵکو راگەیاندنەکانی شەوو ڕۆژتانو بە فاتو فیت وازتان لە ئێمە نەهێناو ئێمەتان خەڵەتاند ئەو کاتەی کە فرمانتان پێ کردین کە بە (اللە) باوەڕ نەکەین و هاوبەشانێکیشی بۆ دابنێین جا ئالەو کاتەی کە سزایان بینی بەم شێوەیە پەشیمانی خۆیان دەردبڕن ئەوسا ئێمەیش زنجیر دەکەینە مل ئەو کەسانەی کە خوانەناسن، ئایا تۆڵەمان لێ سەندن لەسەر شتێك بێجگە لەو کردارەی کە لە دنیادا کردویانە؟﴾[1] واتەهەرکەس سزای هەر ئەوەدەچەژێت کە کردویەتیوستەمی لێ ناکرێت.

## سورەتی صافات

ئینجا سەرێکی سورەتی صافات ئەدەین ، کە چوارەمین داستانی ئەم سورەتە مبارەکە داستانی ئیلیاس پێغەمبەرە کە یەکێك بو لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل وەکو ئاماژەی پێکراوە کە لە دوای موساو هارون ڕەوانە کراوەو پێغەمبەرێکی زۆر لەسەر خۆو خۆگر بوە کە بۆ گەلێك ڕەوانە کرا کە مەعبودی ئەوان ناوی بەعل بو، بەعل لە ژیانی ئەواندا ئافرەتێکی داوێن پیس و فاسق و مامۆستای شیرك و کوفر بو کە

---

[1] سورة سباء / ٣٢ - ٣٣

خەڵکی فێری خەرافات دەکرد ، کاتێ کە ئەم ئافرەتە مرد پەیڕەوان و لایەنگرانی بە موقەدەسیان دەزانی جا بۆ ئەو ئافرەتە موجەسەمەیەکیان لە زێڕ دروستکرد وەکو لە پەڕاوە مێژوویەکاندا هاتوە گوایە بەرزی ئەم موجەسەمە (٢٠) مەتر بوە و چوار ڕوبان بۆ دروست کردبو کە بۆ هەر ڕوویەك سەد خزمەت کار خزمەتیان دەکرد و شەیتان دەچوە ئەم موجەسەمەیە و قسەی بۆدەکردن و تەئیدی هەمو کرداڕە شرکیەکانی ئەوانی دەکرد ئیلیاس پێغەمبەر(علیه السلام) بۆ دەعوەت و ئیرشادی ئەم قەومە هات، وەلە زێڕ فشارێکی قورسدا بو و هیچ یارو یاوەرێکیشی نەبو الله داستانی ئەم پێغەمبەرەی لە چەند ئایەتێکی ئەم پەڕاوە پیرۆزەدا بەیان کردوە بۆ پەند وەرگرتن ، بەڕاستی زۆڕ شت لەو بارەوە باسکراوە بەڵام ئەوەی کەالله سبحانەبۆ ئێمەی بەیان کردوە بەسە بۆمان تاپەندی لێ وەربگرین. وەك ئەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴾ بەڕاستی ئیلیاس لە ڕەوانەکراوانی الله بو﴾[1] جا باش بیرکەنەوە ئەی ئینسانەکان بە تایبەت جوو دیانەکان کە هاواری پێغەمبەرانیان دەکرد خۆ پێغەمبەران بانگ کەری یەکتا پەرستی و خوا ناسی بوون هەر گیز وەك ئێوە پێغەمبەران هاواری غەیری الله یان نەدەکرد بەڵکو دوژمنی ئەوکەسانەبون کە هاواری غەیری الله یان دەکرد ، تەماشای ئیلیاس بکەن ﴿ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ ﴾ ئەو کاتەی کە بە گەلەکەی خۆی وت : ئایا ئێوە

---

[1] سورة الصافات / ١٢٣

لەخوا ناترسن كە عيبادەت حەقى الله يە دەيدەن بە غەيرى الله ﴿[1] ئينجا بە گەلەكەى فەرمو: ( أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ / ئايا ئێوە بەعل خانم بانگ دەكەن و واز دێنن لە باشترين خالق كە الله يە؟﴾[2] ها ئەم پێغەمبەرە وەك باقى پێغەمبەرانى تر پێشەكى بەرگرى لە خراپە ئەكات ئينجا لە جێگايدا چاكە دەنێژێ واتە پێويستە سەرەتا مرۆڤ لە كوفرو شيرك پاك بكرێتەوە ئينجا خواناسى و يەكتا پەرستى و رەوشتى جوانى تێدا بنێژرێ ئەگينا كاسەى پيس شتى پاكى تێكرا ئەويش پيس دەكات • بەڵێ ئيلياس پێغەمبەر يەكەم جار نەهى لە مونكەر دەكات ئەفەرموێت :( أَتَدْعُونَ بَعْلًا ) هاوارى بەعل خانم دەكەن كە هيچى لەدەست نايەت؟! (وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ ) وە واز دێنن لە باشترين خالق ؟! ،

لەحاڵێكدا كە الله مرۆڤـ و جنۆكەى بۆ بەندايەتى دروستكردوە ، كاكڵەى عيبادەتيش پارانەوەيە، وە ئەم پارانەوە لێرەدا گشتيە بەڵام ئوێژ كاتى تايبەتو مەرجى تايبەتى خۆى هەيە بەڵام دوعاو پارانەوە عيبادەتێكە كە هيچ كاتى تايبەتى نيە ، زەمان و جێگاو تەهارەتى نيە هەر لەحزە و بەهەر كەيفيەت مرۆڤـ دەتوانێ ئەم عيبادەتە ئەنجام بدات و لە الله داوابكات ، بەڵێ ئەم عيبادەتە بەنرخە هەر لەكاتى هەستان و چون بۆ مزگەوت و هاتنە دەرەوە و نوستن و دانيشتن و سوار بون و چونە سەر ئاو و هاتنە دەرەوە و بە ئاشكراو بەنهێنى ئەنجامى بدەو لە هەمو كاتدا

---

[1] سورة الصافات / ١٢٤

[2] سورة الصافات / ١٢٥

پەنا بە اللە بگرە و تەنها لەو بپارێزرەوە دڵنیابە کە پارێزراو دەبی لەهەمو بەڵایەك بۆیە ئەو بە گەلەکەی دەڵێت: (وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ الْخَالِقِينَ ) وە واز دێنن لە باشترین خالق ؟! کە﴿ اللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ الْأَوَّلِينَ / اللە یە پەروەردگاری ئێوە، سەراپای ژیانتان هەموی بەدەست پەروەردگارەو پەروەردگاری باوکانی ئێوەش بوە ،بەڵام وەڵامی ئەوان ئەوەبو کە (فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ /دەعوەتی ئیلیاس پێغەمبەریان بەدرۆ خستەوەو وازیان لەبت پەرستی نەهێنا﴾[1]. بەڵێ موبەلیغ و ئامۆژگاری کەری باش ئەوەیە کە دەست لەسەر نەخۆشی قەومەکەی دابنێت و نوسخەی عیلاجی بۆ دیاری بکات ئینجا قەوم کەیفی خۆیەتی ئەو نوسخەیە وەر دەگرێ یان نە؟ لەسەر پێغەمبەر تەنها ئەنجامی وەزیفەیەو هیچی تر ٠ جا ئەگەر خەڵکی نەخۆشی سەرەتانیان گرت باش بزانە کەدەرمانی سەرنێشە عیلاج نیە بۆ ئەوان ٠ ئەمرۆ خەڵکەکە دوچارن بە چەندین نەخۆشی بەڵام ئەو نوسخەیەی کە ئێمەی بەناو داعیانی دین ئەیدەین بە خەڵکی بەراستی نوسخەی عیلاجی نەخۆشی ئەوان نیە نوسخەی ئێمە گەیاندنی پەیامی اللە یە دەبێ هەماهەنگ بێت لەگەل نەخۆشی ئەوان ٠ کەسێك کە دوچارە بە شیرك و کوفر و لە رێگای راست لای داوە، هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاریان کرد کە پەروەردگاری ئێمە دورە کە هاواری بکەین یان نزیکە بە چفە بانگی بکەین ، جائایەت دابەزی و فەرموی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ / ئەو بەندانەی من کە

---

[1] سورة الصافات / ١٢٦ـ ١٢٧

نسبەت بە دورو نزیکی من پرسیاریان کرد من زۆر نزیکم و من خۆم جوابیان ئەدەمەوە هەر کاتێ بانگم بکەن چ بەشەو بێ یان بەرۆژ، بە ئاشکرابێ یان بە نهێنی ﴿[1] جا کاتێ کە اللە ئامادەیە وەلآمی داوا کاریەکانتان بداتەوە چ پێویست دەکات داوا لە بەندەگەل اللە بکەیت ٠ دیسان خەلکی نەفام دەلێن هەتا مولاقاتی پاشاش پیویستی بە واسیتەهەیە! چ مرۆڤێکی ناحالی و تێنەگەیشتون کە اللە تەشبیهدەکەن بە مەخلوق یان تاغوتێکی فاسق بەراستی ئەمە ئیهانەوگالتە کردنە بە زاتی اللە ، ئەو خوایە چ خوایەکە گوێی لە ئەنبیا و ئەولیا بێت بەلآم قسەی ئێمە نەبیستێت ٠ هیچ جیاوازیەك نیە لە گوێ لێ بونی اللە چ گوناهکارێك چ پێغەمبەرێك کەی اللە فەرمویەتی هاواری ئەنبیاو ئەولیای من بکەن؟ ٠ خەلکینە اللە ئەفەرموێ: ﴿ فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ / بۆ اللە میسال بەیان نەکەن ، بۆ؟ بە بێگومان ئێوە نازانن کە اللە دانایە﴾[2] بەداخەوە لەم گەلەی ئێمەیشدا یەکێ هاواری نەبی یونس علیەالسلام دەکات و یەکێ عەبدولقادری گەیلانی (خوا لیی خۆش بێت) ئەوی تر شێخ فلآنیو ئەمی تر ئیمامزادە فلآن بانگ دەکات ئایا پێغەمبەران و پیاو چاکان اللە ن یان غەیری اللە ن؟ ئەی ئەو هەمو ئایەتانە نابینن کە ئەفەرموێ هاواری جگە لەاللە نەکەن ؟ ئەی ئیتر تۆبەچی موسلمانی کەبە قورئانێکی غەیری ئەم قورئانە باوەرت هێناوە ٠ نەتیجەی قەومی ئیلیاس لە ئەنجامی پەنا بردن بۆ غەیری اللە ، اللە سبحانە،دەفەرموێ: ( فَإِنَّهُمْ

---

[1] سورة البقرة / ١٨٩
[2] سورة النحل / ٧٤

لَمُحْضَرُونَ )ئەوسا ئەوانە لە جەهەنمدا ئامادە ئەكرێن و لە ناويدا كۆ ئەكرێنەوە( إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ) مەگەر بەندە موخلسەكانى الله ، كە تەنها بانگى الله يان كردوەو عيبادەتيان تايبەت كردوە بە الله وەو بۆ غەيرى الله بەندايەتيان نەكردوە ٠

الله لە سورەتى صافات دا باسى لەوە كرد كە هەمو پێغەمبەران داعيانى تەوحيد بون وە هەمويان بانگى منيان دەكرد و يارمەتى هەموانم دا و دوژمنانى ئەوانم لە ناو برد، ئەوان لە كوێ دەتوانن حاجەت و گيرو گرفت و داخوازيەكانى ئێوە جێ بەجێ بكەن؟ ، داد رەس و فەريادرەس تەنها پەروەردگارى عالەمەو بەس ، بەڵام لە سورەتى ساد دا الله دەفەرموێ: ئەو كەسانەى كە ئێوە بە عينوانى شافيع بانگيان ئەكەن و ليان ئەپارێنەوە خودى ئەوانە گرفتارى چەندين كێشە بوون ئيتر لە كوێ وەڵامى ئێوە بدەنەوە فەرمون تەماشاى ژيانى داود و ئەيوب و سلێمان و ئيبراهيم بكەن ئەم پێغەمبەرانە كە ئێوە داواى بە جێهێنانى داخوازيەكانى خۆتانيان لێ ئەكەن ئەمانە نەبون كە هێنامانە سەر دنيا و ئەو كێشەو گرفتانەيان دوچار بوە، كێ گرفتاريەكانى بۆ چارەسەر كردون جگە لەمن وە ئايا ئەوانە جگە لەمن هاواريان لە كەسى تر كردوە كە ئێوەيش چاويان لێ بكەن ؟ ئەى بۆ چاو لەو راستيانە ناكەن بەڵام بە دواى هەڵەى لارێياندا دەچن؟ كاتێ كە پێغەمبەرى خوا(ﷺ) رەوانە كرا بۆ گەلى قورەيش ، پێغەمبەر پێى فەرمون يەك مەعبود هەيە و هەمو داواكارى و حاجەتەكانمان لە يەك خوا داوا دەكەين ، موشريكانيش ئەوەيان قەبوڵ نەئەكرد ئەيان وت ئێمەسێ سەدۆ شەست بتمان بۆ

چارەسەرکردنی گرفتەکانمان داناوە ئێستا واز لەو هەموانە بێنین تەنها لەیەك خوا بپارێینەوە ، بەداخەوە ئێستاش وایە بڕۆ لای خەڵکی هەر پیاو چاکێکیان داناوە بۆ نەخۆشیەك فلانە پیاو چاك بۆ نەخۆشی باداری و فلانە بۆ ژانە سك و فلانە بۆ پەیدابونی منداڵ ٠٠و٠٠هتد بەڵێ ئەم خەرلەات و بت پەرستیە لە گەلی نوحەوە بە دواوەکەم و زۆر بوەو کێشەی گرنگی پێغەمبەری سەردەمی خۆی بوە کە ئاخریان پێغەمبەرمانەو زیاتر لە یانزە سالٌ تەنها کێشەی ئەوەی لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا بوە .

## سورەتی غافری

ئینجا تەماشای سورەتی غافریش بکە کەدەفەرموێ ﴿ ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ / ئەو سزایەی کە ئەمڕۆ تێیدان بەهۆی ئەویە کە ئێوە کاتێك بۆ یەکتاپەرستی بانگ بکرایانە باوەڕتان پێی نەبوو، وە ئەگەر هاوەڵی بۆ دابنرایە باوەڕتان دەکرد، جا بڕیار هەر بۆ(الله)ی بالاّدەستو گەورەیە﴾[1] وە ئەفەرموێ ﴿ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ / زیندوی دائیم تەنها (الله ) یە لەبەر ئەوە هەر کەس بیجگە لە خوا یان مردوە یان دەمرێت – کەسێك کە نەتوانێت مردن لە خۆی دور بخاتەوە ئەی بۆ جەنابتان چی پێ دەکرێت - هیچ مەعبودی بە حەق نیە بێجگەلەخۆی _ وەئاسمان و زەوی و تەواوی

[1] سورة غافر / ١٢

مەخلوقات مالّی خۆیەتی مادام وایە سا تەنها هاوارو بەندایەتی هەر بۆ ئەو بکەن و ئەو زاتەی کە هەمو شتی بەدەستەو هەر گیز نامرێ دەبێ مرۆڤیش ژیر بێ و دڵ و زمانی بکاتەوەو بڵێ: تەواوی حەمدوسوپاس حەقی (اللە)یە کە ئەو اللە یە پەروەردگاری هەمو عالەمە بە ئینس و جن و مەلائیکەو گشت مەخلوقاتەوە ﴾[1] موشریکانی مەکە داوایان لە پێغەمبەر دەکرد کە هەندێك بانگی بتەکانی ئێمە بکە ئەوسا ئێمەیش هاوار لەخواکەی تۆ دەکەین اللە دەفەرموێ ﴿ قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ ﴾ ئەی محمد(ﷺ)پێیان بڵێ: منی پێغەمبەر بەرگری کراوم لە پەرستنی ئەوانەی کە ئێوە هاواریان لێ دەکەن و دەیان پەرستن بیجگە لە اللە ، من ئیجازەی هاوارکردن و لێ پارانەوەو عبادەتی غەیری خودام نیە من لە لایەن اللە وە یەك مەئموری ئاگادار کراوەو ئاگادار گەرەوەم و هیچ ئیختیارێکی ترم نیەو گیانی خۆیشم بە دەست خۆم نیە . بەڵگەی راستی ئەوەی کە ئەمە وەحیە ئەوەیە کە منی پێغەمبەری لە شیرك بەرگری کردوە (لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ )لەو کاتەوە کە بۆ من رەوانەکراوە بەڵگەگەلی عەقڵی و نەقڵی لە لایەن پەروەردگاری خۆمەوە، وە بەمن دەستور دراوە کە تەسلیم ببم تەنها و تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیان﴾[2]

---

[1] سورة غافر / ٦٥

[2] سورة غافر /٦٦

﴿ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴾ پاشان پێیان وترا له کوێن ئەوانەی کەدەتان کردن بە شەریك‌و بەندایەتیان بۆ دەکردن؟ هاوارو بانگتان لێ دەکردن ( مِن دُونِ ٱللَّهِ قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا )جگە لە (الله) (قَالُوا۟ ضَلُّوا۟ عَنَّا ) وتیان، ئەوانەمان لێ ون بوون ، چونکە ئێستا نایان بینن کە بێن بە دەمیانەوە ئەڵێن لێمان ون بوون جا کە دەزانن ئەو قسەیەش سودیان پێ نادات لەوەش پاش گەز دەبنەوەو ئەڵێن (بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُوا۟ مِن قَبْلُ شَيْـًٔا ) نەخێر ئێمە لە پێشدا هیچ شتێکمان نەپەرستوە ٠ مانای دووهەم : ئێمە لەگەل الله دا هاوارێ هیچ کەسمان نەکردوە کە نرخێکی هەبێت بۆمان، واتە هەر کەسێك بێجگە لە الله کە هاوارمان لێ کردبێت بۆ ئێمە هیچ شتێکیان نەکردوەو دەردی ئێمەیان دەرمان نەکرد. ( كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلْكَٰفِرِينَ )هەر ئاوەها چۆن لە دنیاداسەریان لێ تێکچوەو (الله)یان نەناسیوە بەجوانی هەرئاوایش (الله) سپڵەوخوا نەناسان سەر لێ تێك دەدات‌و نازانن لەو ڕۆژەدا چی بڵێن وچی بکەن﴾ [1]، ئەوانەی کەپەنا دەبەن بۆ بێجگە لە الله پێیان وایە کەالله هەر بەو گومڕاهیە وازیان لێ دەهێنێت ٠ نەخێر مرۆڤ بۆ تاقی کردنەوە دروستکراوەو لەسەر بڕیاری راست یان ناراستی خۆی حیسابی لەگەڵ دا ئەکرێت چاك بە چاك و خراپ بە خراپ ، مرۆڤ بێ هودە دروست نەکراوە لە راستیدا ئەم حەوت حامیمە کاکلەی

---

[1] سورة غافر / ٧٣ - ٧٤

بابەتەكەيان تەنها تەوحيد و يەكتا پەرستيە • بۆيە تاك تاك ناچينە ناو سورەتەكانەوە بەڵكو چەند ئايەتێكى تر باس ئەكەين و تێ دەپەڕين •

ئەم سورەتانە هەر حەوتيان بۆ سەپاندنى يەك مەبەستن كە لەم ئايەتەدا كۆدەبێتەوە كە ئەفەرموێ : ( فادع الله مخلصين له الدين ) ئەوسا هاوار هەر لە الله بكەن و ئايينتان بۆ ئەو يەكلا بكەنەوە لێرەدا شوبهەيەك هەيە كە ئەڵێن : ئێمە كاتێ هاوارو بانگى دۆستانى الله دەكەين ئە بينين كە كێشەكانمان چارەسەر دەكرێن ئەوە ئەبێ بەهۆى ئەوە كابرا ئەم جۆرە رەفتارەى بەلاوە شەرعى بێت ئيتر نازانێ كە ئەمەش بەشێكە لە فرت و فێلى شەيتان كە بەو شێوەيە ئەيەوێ لە الله ى دور بخاتەوە كە الله ئيرادەى وايە كە شەيتان بتوانێ هەندێ كار ئەنجام بدات لەوانە سيحر كە كابراى ساحير تا خۆى كافر نەكات و سوجدە بۆ شەيتان نەبات ناتوانێ سيحر بكات جا بە كافر كردنى شەيتان چەندين جنۆكەى كافر ئەخاتە بەر دەستيەوەو ئيشى پێ ئەكات لەوانە نخۆش كردنى كەسێكە و خستنە ناو دڵيەوە ئەگەر بچێ بۆلاى فلانە قەبرى پياو چاك چاك ئەبێتەوە جا ئەو كەسەى كە لە شيرك حاڵى نەبوبێ ئەچێت و ئەبينێ ئيشەكەى بۆ كرا ئيتر نازانێ كە ئەمە فێڵى شەيتانەو نەك هەر خۆيان گرفتارى شيرك دەبن بەڵكو ئەبن بە بانگخواز بۆلاى ئەو شيركەو سەدان و هەزارانى تريش دو چارى ئەو تاوانە گەورەيە دەكەن ، مەگەر الله نافەرموێ : ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَٰطِينَ ٱلْإِنسِ وَٱلْجِنِّ يُوحِى بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ زُخْرُفَ ٱلْقَوْلِ غُرُورًا ۚ وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ ۖ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴾ / بەراستى ئەبێت ئەوەش بزانين كە دۆستانى خوا لە ژياندا هەندێ جار شتانێك لە دورەوە ئەزانن يان ئەبينن كە

کەسانی تر نایزانن و نای بینن وە زۆر جاریش مرۆڤی چاك و سالّح شتی دێتە بەر چاو کە خەڵکی تر نایبینن ، بەڵام ئەمانەش دوو بارە دەبێ ئاگایان لە خۆیان بێ و شەیتان ئەتوانێ زۆر جار لە شێوەی پیاوی چاك دا خۆی پیشان بدات و قسەی جوانیش بکات بەڵام لە ناو ئەو قسە چاکانەدا زەهری خۆی ئەڕێژێ و کابرا دوچاری هەڵە ئەکات لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوانەش ئاگاداری خۆیان بن کە شەیتان فێڵیان لێ نەکات﴿[1]، فریشتەی وەك جوبرەئیل چەند جار بە شێوەیەکی ئاشکرا لە وێنەی پەکێك لە یاراندا هاتوەتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)و یارەکانی دیویانە و پاش هەستانی ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ئەوە جبرەئیل بو ، یارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) چەند جار شەیتانیان بە شێوەی پیاوێك دیوەو قسەو گفتوگۆیان لەگەڵدا کردوە لەوانە ئەبو هورەیرە و ئوبەیەی کوڕی کەعب و عەمار کە جارێکیان لەسەر ئاوێك کابرایەك نەی هێشتوە ئاو بات ناچار پەلاماری داوەو خستویەتیە ژێر ئینجا رێگای پێداوە ئەمانە کە هاتوەنەتەلای پێغەمبەرو (ﷺ) هەر کەس روداوی خۆی بۆ گێراوەتەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمون ئەو شەیتان بوە ٠ واتە ئەم جۆرە روداوانە راستن و بوون و دەبن ، واتە عالەمێکی زۆر هەیە کە ئێمە بە گشتی وەکو خۆیان نایان بینین بەڵام هەن و بە فرمانی خوایش دەست لە هەندێ کاروباری ئێمەیش دەدەن جا پێویستە ئێمە ئاینمان بناسین و تەنها بە رێگای شەرعی چارەسەری ئیشەکانی خۆمان بکەین ، بەڵێ وتراوە : زۆر جار کەسێك هاوارو بانگی شێخی خۆی دەکات کە زیندوە یان مردوە ، ئەو

---

[1] سورة الأنعام / ١١٢

شەيتانانە لەسەر شێوەی ئەو شێخانە دێن و لەو بەلاّو گرفتاريەی نەجات دەدەن بە ئيرادەی الله جا ئيتر ئەو موريدە فكر ناكات كە ئەوە چيە يەقين دەكات كە ئەوە شێخەكەيەتی كە بە هاوارو بانگيەوە هاتوە و ئەم بێ چارەيە نازانێ كە ئەوەی لەسەر شكلی شێخ هاتوە شەيتانە ، بۆ؟ ( لما اشرك بالله ) لەبەر ئەوەی كە ئەو شێخەی كردوە بە شەريكی الله ئينجا شەيتانيش ئەوی گومرا كردوە ٠ عەلامە ئالوسی لە (عمدة المفسرين ) ئەمەی هێناوە كە { قد يتمثل الشيطان للمغيث فی صورت الذی استغاث به } جار بە جار شەيتان لە سەر شێوەی ئەو كەسەی كە هاوارو بانگی لێ دەكەن ئاشكرا دەبێت و پێی دەلێت من ئەو كەسەم بەهاناتەوە هاتوم چونكە بانگت كردوم ، الله سبحانه، ئەفەرموێ : ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَآ أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ / وە ئەو كەسانەی كە جگە لە ئەو زاتە بۆ خۆيان دۆستانێكی تر دەگرنو دەيان پەرستن، (الله) ئاگای لێيانەو تۆ زامنيان نيت﴾[1]. وە تۆلّەی كرداری ناپەسندی خۆيان لەسەر شانی خۆيانەو تۆ هەر ترسێنەرێكی بۆ ئەوانو (الله) بەسەرياندا زالّەو دەزانێ چی دەكەن ٠

وە ئەفەرموێ :﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ فَٱللَّهُ هُوَ ٱلْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ / وە ئەگەر (الله) نارەزۆی لێ بووايە دەيكردن بە يەك گەلو لەسەر يەك ئايين كە ئيسلامە بەلاّم (الله) خەلّكی سەرپشك كردوە لە هەلّبژاردنی رێگای باشو خراپ تا چاكان بەهۆی كاری چاكيانەوە بخاتە ناو بەهەشتەوەو خراپانيش بۆ دۆزەخ ، وەستەمكارانيش هيچ

---

[1] سورة الشورى / ٦

دۆست‌و یارمەتی دەریەکیان نیە نە لە دنیاداو نە لە دواڕۆژدا، ئایا جگە لەوزاتە کەسێکی تر دەکەن بە دۆست بۆخۆتان لەحاڵێداکە (الله) خۆی یارمەتی دەری باوەڕدارانەو هەر خۆیەتی کە مردوان زیندو دەکاتەوەو هەر ئەوزاتەیە توانای بەسەر هەمو شتێکدا هەیە﴾[1].

وە ئەفەرموێ ، ﴿ وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ ﴾٣٦/زخرف وە ئەو کەسەی لە ڕاست یادکرنی ڕەحماندا — مەبەست قورئانە- خۆی نابینا دەکات‌و پشتی لە قورئان وئایین دەکات ، هەرکەس ئەو کارە بکات و لە ئاست قورئان خۆی کوێر بکات و بیرلە قورئان نەکاتەوە و پشت لەم قورئانە بکات ئەوە شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین ئەوسا ئەو هەمیشە دەبێت بە ڕەفیقی‌و چۆن خراپبێت ئاوای لێ دەکات.﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ/ وە ئەو ڕەفیقانەشیان بێگومان لە ڕێگای ڕاست لایان دەدەن لە ڕێگای وەسوەسەو ئیلهاماتی شەیتانی کە وایش گومان دەکەن کە هەر خۆیانن ڕاستە ڕێگایان دیوەتەوە﴾[2]. ئیمامی سوجاج لە مانای ئەم ئایەتەدا ئەفەرموێ :( ان من اعرض عن القرآن وما فيها من الحكم الى اباطيل المضلين يعاقبه الله بشيطان يقيض له حتى يضله و يلازمه قرينا له فلا يهتدى مجازاتا له حين اثر الباطل على الحق المبين / واتە هەرکەسێك پشت بکات لەم قورئانە و تەواوی ئەحکامەکانی و بڕوا بۆ لای ناحەق وێژان الله ئەوانە تۆڵە لێ ئەسێنێ بە شەیتانێك کەبە سەریاندا زاڵ دەکات جا شەیتان گومڕای دەکات و بە

---

[1] سورة الشورى/٩
[2] سورة الزخرف / ٣٧

هەمیشەیی ئەو شەیتانەی لەگەل دایە و ئیترئەم ئینسانە رێگای هیدایەت ناگرێت مادام هیچ و پوچی بەلاوە چاکترە تا حەق و راستی ئەمە سزای ئەو ئینسانەیە کە پشتی لە قورئان کردوە و هەمیشە پەیڕەوی لە ناحەق دەکات ) جا بیر بکەرەوە لە حاڵی خۆت، برام ئەگەر تۆ نامەیەك بۆ برادەرێکت رەوانە بکەیت و ئەو هیچ گرنگی بەو نامەی تۆ نەدات لە کاتێکدا که تۆ چاوت لێ یەتی ئایا تۆ دڵگران نابی لەو برادەرەت ؟ جائەوەقورئانەونامەی خوایەو ناردویەتی بۆ تۆو چاوی لێتە کەچی تۆناترسیتو پشتگوێی دەخەیت؟ دەی مادام وادەکەیت الله یش دەفەرموێ ﴿ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا / ئێمە شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین بۆسەرلێ شاوتنی،﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ/ جا وا گومان ئەکەن کە رێنمای چاك کراون ﴾ ئەو هەمو فەیلەسوف و دکتۆرو ئەندازیارانەی دنیا بیر ناکەنەوە نە عیبادەت نە رۆژو نە نوێژ هەتا یەك ئەحکامیش لە ئەحکامەکانی الله جێ بە جێ ناکەن و وایش بیر دەکەنەوە کە ئەوان لەسەر رێگای راستن و تەواوی عزەت لە دینارو دەرهەمدا دەزانن ، خۆ ئەگەر پزیشکێك بنوسێ بۆیان کە خۆتان لە گۆشتی سور بپارێزن چەند خۆیان دەپارێزن و قسەی دکتۆر چەند کاریگەرە بۆیان ، بەڵام باش بزانن کە ئەو نوسخەیە نوسخەی ئیلاهیە و گوێ پێ ئەدانی زیانی دنیاو دوارۆژە، بەڵێ ، جا هەر ئاوەها بەردەوام دەبن ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ / تا ئەو کاتەی کە دێتە لامانو خراپیو مایەی سەرشۆڕی خۆی بەهۆی ئەورەفیقە خراپەیەوە دەبینێ

هەمیشەیی ئەو شەیتانەی لەگەل دایە و ئیترئەم ئینسانە رێگای هیدایەت ناگرێت مادام هیچ و پوچی بەلاوە چاکترە تا حەق و راستی ئەمە سزای ئەو ئینسانەیە کە پشتی لە قورئان کردوە و هەمیشە پەیرەوی لە ناحەق دەکات ) جا بیر بکەرەوە لە حاڵی خۆت، برام ئەگەر تۆ نامەیەك بۆ برادەرێکت رەوانە بکەیت و ئەو هیچ گرنگی بەو نامەی تۆ نەدات لە کاتێکدا کە تۆ چاوت لێ یەتی ئایا تۆ دلگران نابی لەو برادەرەت ؟ جائەوەقورئانەونامەی خوایەو ناردویەتی بۆ تۆو چاوی لێتە کەچی تۆناترسیتو پشتگوێی دەخەیت؟ دەی مادام وادەکەیت اللە پش دەفەرموێ ﴿ نُقَيِّضْ لَهُۥ شَيْطَٰنًا / ئێمە شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین بۆسەرلێ شاوتنی،﴿وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ/ جا وا گومان نەکەن کە رێنمای چاك کراون ﴾ ئەو هەمو فەیلەسوف و دکتۆرو ئەندازیارانەی دنیا بیر ناکەنەوە نە عیبادەت نە رۆژو نە نوێژ هەتا یەك ئەحکامیش لە ئەحکامەکانی اللە جێ بە جێ ناکەن و وایش بیر دەکەنەوە کە ئەوان لەسەر رێگای راستن و تەواوی عزمت لە دینارو دەرهەمدا دەزانن ، خۆ ئەگەر پزیشکێك بنوسێ بۆیان کە خۆتان لە گۆشتی سور بپارێزن چەند خۆیان دەپارێزن و قسەی دکتۆر چەند کاریگەرە بۆیان ، بەڵام باش بزانن کە ئەو نوسخەیە نوسخەی ئیلاهیە و گوێ پێ نەدانی زیانی دنیاو دوارۆژە، بەڵێ ، جا هەر ئاوەها بەردەوام دەبن ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَنَا قَالَ يَٰلَيْتَ بَيْنِى وَبَيْنَكَ بُعْدَ ٱلْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ ٱلْقَرِينُ / تا ئەو کاتەی کە دێتە لامانو خراپیو مایەی سەرشۆڕی خۆی بەهۆی ئەورەفیقە خراپەیەوە دەبینێ

کاتێ که له دنیادابوه جا ئەوکاته بێدار دەبێتەوە که شەیتان له دنیادا ئەوی فریو داوەو ئەو هەمو غەڵەتەی پێ کردوه جا لەوکاتەدا بەورەفیقەی دەڵێت که شەیتانە: خۆزگە نێوان منو نێوان تۆ بە ئەندازەی دوری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بووایە، ئای چ خراپ ڕەفیقێ بووی بۆم و منت بەد بەخت و مالّ وێران کرد ( وَلَن يَنفَعَكُمُ ٱلْيَوْمَ إِذ ظَّلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِى ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ) جاپێیان دەوترێت: ئیتر هەرگیزو هەرگیز ئەم ئاواتو غەم وبێزارییەتان لەم ڕۆژەدا سودێکتان پێ نادات وە هەموتان پێکەوە شەریکن لەو عەزابەدا ﴾[1] چونکە بێگومان ئێوە له دنیادا ستەمتان کردوه له خۆتان چونکە باوەڕتان نەهێناوەو ستەمیشتان له خەڵکی کردوه که سەرتان لێ تێکداون به هۆی قسەی پڕوپوچو ڕاگەیاندنو بلاّوکراوەکانتانەوە جا ئەمڕۆ هەموتان هاوبەشن لەم سزایەدا

.﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى فِى ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ وَفِى ٱلْأَرْضِ إِلَٰهٌ وَهُوَ ٱلْحَكِيمُ ٱلْعَلِيمُ / وە هەر ئەو زاتەیە شایستەی پەرستن له ئاسماندا،وە هەر ئەوە له زەویشدا شایستەی پەرستن ، هەر خۆی فەرمانڕەوایە له هەردووکیاندا هەر ئەوە دانایە له کاروباریداو زۆر زانایە بە هەمو نیەتو قسەو کردارێك کەم یان زۆر، ئاشکرا یان شاراوەو هەمویشی تۆمار دەکرێت﴾[2].

---

[1] سورة الزخرف / ٣٨ ـ ٣٩

[2] سورة الزخرف / ٨٤

﴿ وَتَبَارَكَ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَعِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ/ وە بێ عەیبەو خاوەنی بەرەکەت و خێری زۆرە ئەو زاتەی کە ئاسمانان و زەوی و ئەوەی کە لە نێوانیاندایە مولکی ئەوە، وە زانینی کاتی هاتنی قیامەت تەنها لەلای ئەوەو کەسی تر هیچی لێ نازانێتو هەر بۆلای ئەو دەبرێنەوە جاهەر کەسێك بەگوێرەی خۆی پاداشت یان سزای کارەکانی وەردەگرێت.( وَلَا يَمْلِكُ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ ٱلشَّفَٰعَةَ إِلَّا مَن شَهِدَ بِٱلْحَقِّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ) وە ئەو کەسانەی کە جگە لەو دەیانپەرستن خاوەنی تکاو پاڵپشتی نین بۆ کەس، مەگەر ئەو کەسەی بەڕاستی شایەتی دابێتو وتبێتی (أشهَدُ أن لا إلَهَ إلَّا الله) و بە دڵیش باوەڕی پێی هەبوبێت ئەمانە پاش ڕەزامەندی الله دەتوانن تکاو شەفاعەت بکەن وەکو عیساو عوزەیرو پێغەمبەرانی تریش (علیهم السلام) و پیاوچاکانو شەهیدان هەرچەند خەڵکی جاهیلو نەفامیش ئەوانە بپەرستن چونکە ئەوان تاوانێکییان نیە لەوبارەوەو لە پلەی ئەوان کەم نابێتەوە چونکە ئەوان بۆ یەکتاپەرستی خەڵکیان بانگ کردوەو لەو پێناوەدا لە دنیادا ئازاردراونو زۆیشتون. ( وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ) وە ئەگەر لێیان بپرسیت، کە کێ دروستی کردون دەڵێن: (الله) دەی چۆن لەو ڕاستیە لادراون؟ هەر ڕۆژسەرگەردانو وێڵی نەزرگەو گۆڕی پیاوچاكو بەندەی شێخو ئیمامزادەیەکن؟﴾[1]

---

[1] سورة الزخرف /٨٥ ـ ٨٧

. ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱئْتُونِى بِكِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ هَٰذَآ أَوْ أَثَٰرَةٍ مِّنْ عِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ / ئەی محمد (ﷺ) بڵێ پیشانم بدەن ئەوەی کە جگە لە (اللە) دەیپەرستن، پیشانم بدەن لەم زەویەدا چییان دروستکردوە؟ یان بڵێ، ئایا ئەوان لە ئاسمانانداا شەریکێکیان هەیە، ئادەی پێش ئەم پەڕاوە یا پەڕاوێکم بۆ بهێنن؟ یان پاشماوەیەك لە زانیاری کەلەکۆنەوە دەستیان کەوتبێت ئەسەر ڕاستیو دروستی خۆیان ئەگەر ڕاست دەکەن، ئاشکرایە کە هیچیان نیە کەواتە درۆزنن‌و لە ڕاستی خۆ دەبوێرن، ئەم کارەشیان لە نرخی ڕاستی کەم ناکاتەوە تەنها خۆیان ڕەنجەڕۆو ڕیسوا دەبن. ( وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ وَهُمْ عَن دُعَآئِهِمْ غَٰفِلُونَ ) وەکێ هەیە گومڕاتر لەو کەسەی کە هاوار بکات و بپەرستێت جگە لە (اللە) کە هەتا قیامەت وەڵامێکی نەداتەوەو ئەوان لە پەرستنی ئەم بەندانەی خۆیان بێ ئاگابن؟! (وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُوا۟ لَهُمْ أَعْدَآءً وَكَانُوا۟ بِعِبَادَتِهِمْ كَٰفِرِينَ) وە هەر کاتێك کە خەڵك کۆ بکرێتەوە ئەو بەرستراوانە دوژمنی ئەوانەن کە پەرستویانن‌و پەیڕەوییان لێ کردون‌و باوەڕیان نیە بەو بەندایەتیەی کە بۆیان کردون﴾[1]، چونکە سزای ئەوانیشیان زیادکردوەو ناشتوانن لەوجێگایەدا لە خۆیشیان پارێزگاری بکەن چ جای پارێزگاری لە پەیڕەوانیان، ((ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالمَطلُوب/ عابیدو معبود هەردوو، لاوازن)).

---

[1] سورة الأحقاف /٤ ـ٦

﴿ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةً ۖ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ / سا ئەو كەسانەی كە ئەوان جگە لە (الله) دەیانپەرستن تا بەوهۆیەوە لە (الله) نزیك ببنەوە جابا بەدەمیانەوە بهاتنایەو یارمەتیان بدانایە! بەڵكو هەر لێیشیان ون بوون، ئەوەش لەو درۆیانەن كە بۆ خۆیان هەڵیان بەستوە﴾[1] كە گوایە دەگەنە فریامانو لەلای (الله) تكامان بۆ دەكەن ؟! زۆر باوەڕدار هەیە هەر بەم شێوەیە لە رێگای ڕاست تزازاوەو چاوەڕوانی كەسانی ترن جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) تكایان بۆ بكاتو نەیەڵێت بچنە ناودۆزەخەوەو لە پردی سیرات دەستیان بگرێت، بەڕاستی گەلێكی نەزانو نەفامنو بیر لەم قورئانە ناكەنەوەو خۆیانی لێ گێل دەكەن. بیربكەنەوە تاكەی لەناو نەفامیدا دەخولێنەوە هەی نەزانان؟!

پەروەردگاری بالادەست ئەفەرموێ،﴿وَقَالُوا۟ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمْ وَلَا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا / وتیان (بەگوێی نوح مەكەنو) واز لە بەندایەتی (ودد)و (سواع)و (یەغوس)و (یەعوق)و (نەسر) مەهێنن﴾[2]، كە ئەو ناوانە پیاو چاكانی قەومی نوح بوون كە تاكو سەردەمی موشریكانی مەكەش بتیان بەم پێنج ناوە دروستكردبون و بە گەورەیان دەزانین لە زەمانی ئەوانەدا كە ٣٦٠ هەیكەلیان دروستكردبو بۆ بەگەورە زانین و بەندایەتی كردن، هەر یەكەی تایبەتی قەبیلەیەك بو ، ( هوبەل)

---

[1] سورة الأحقاف / ٢٨

[2] سورة نوح / ٢٣

كه له هەمویان گەورەتر بو كه به ناوی كوڕه شەهیدی ئادەم دروستكرابو و له سەرەوەی هەمویانەوه دایان نابو له سەر سەری كەعبه ، كه لەو رۆژەی شەڕی بەدر له دەوری هوبەل دەسوڕانەوەو هاواریان لێ دەكرد ٠ ئێستا شتەكان به رۆشنی دیارن كه هەمو سەردەمێك خەڵكی خاوەنی هەیكەلی پەرستوه وەكو ئێستاش خاوەنی قەبر ئەپەرستڕێت ٠ ئەمانه پیاوچاكانی ئەو گەلەی له ئادەمەوه تا نوح بون كاتێك كەمردن شەیتان وای خسته ناو دڵیانەوه كه له شوێنی كۆڕو كۆبونەوەیاندا وێنەی ئەوانه دروست بكەن بەناو خۆیانەوه، ئەوانیش وایانكرد جا ئەوانه نەپەرستران تا ئەو كاتەی كه خەڵكی ئەوسەردەمه مردنو خەڵكی سەردەمی پاش ئەوان زانیاری تریان جگه لەوەی ڕێزیان لێبگرنو بەرزیان بنرخێنن نەبو، ئەوەبو كەم كەم پەرستنیانو بەندایەتییان بۆ ئەو هەیكەلانه دەكرد، بۆیه ئاینی ئیسلام هەر شتێك سەرئەنجامی مرۆڤ بەرەو خراپه ببات هەر له سەرەتاوه قەدەغەی دەكات وەكو قەبرو وێنەو هەیكەلی سەر گەورەو پیاوچاكان چونكه زۆر نابات ئەوانەدەكرێن به خواو لەلایەن مرۆڤەوه بەندایەتیان بۆ دەكرێت، چونكه مرۆڤ لەناخی خۆیدا هەست دەكات بەوەی كه شتانێك هەن له توانای ئەودا نین جا ئەگەر الله ی به چاكی نەناسی ڕوو له دارو بنچكو قەبری پیاوچاكو هەیكەلو ئەمانه دەكاتو لێیان دەپارێتەوه كەلە راستیدا ئەوه بەندایەتیەو شیركەو بت پەرستیەو هەموكردارێكی چاكی مرۆڤ لەناودەبات كەبەداخەوه ئەم سەرددەمەی ئێمەش بەتوندی گەڕاوەتەوه بۆ هەمان بت پەرستیو قەبری پیاوچاكان بینای گەورەو رازاوەی لەسەر دروست دەكرێتو نەفامەكانی

ئەم گەلە بەدەوریدا دەخولێنەوەو تەوافی دەکەن و ماچی دەکەنو داوای شیفاو منالّی لێ دەکەنو نەزرو قوربانی بۆ دەکەن کەئەوکارانە وەسفی الله یە سبحانە، بەومردوانەی دەدەنومالّی خۆیان وێران دەکەنو پیاو چاکانیش گرفتاری لێ پرسینەوەی الله سبحانە دەکەن، بە دەفی قورئان الله پرسیار لەعیسا دەکات کە پێغەمبەرێکی گەورەیە ئەی چۆن پرسیار لەوان ناکات؟ خۆ ئەوان ناگەن بە پلەی عیسا لەلای الله . ﴿ وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا ضَلَٰلًا / جانوح لەدرێژەی سکالاکەیدا دەڵێت: بە حەقیقەت ئەوان خەڵکێکی زۆریان گومڕا کردوە دەی تۆیش ئەی پەروەردگار ستەمکاران جگە لە گومڕایی شتێکی زیاتریان پێ مەدە﴾[1] .

هەر لەدێر زەمانەوە هەمو دەسەلآت دارانی سەردەمی هەمو رۆژگارێك گرنگییەکی زۆریان بەم قەبر پەرستیە داوە بۆ دوو هەدەف . یەکەم ؛ پێش دەرهێنانی کانزاکانی نەوت لە ولآتە ئیسلامیەکاندا باشترین دەرامەتی حکومەت و دەسەلآت ئەو قەبر پەرستیە بوە و گرنگیەکی زۆریان پێ دەدا تەنانەت چاودێرو ئاسایش و پۆلیسیان بۆ دادەنا و خەڵکی رۆژانە بە هەزاران کەس دەرۆیشتن بە دەوری ئەم قەبرانەدا دەسورانەوەو پارەیەکی زۆرو چاکیان دە رشتە ناو ئەو سندوقە شوشەیە کە حکومەت لە سەر ئەو قەبرەی دانابو وە هەمو شەوان بەتالّیان دەکردو دەیان گواستەوە بۆ شوێنی مەبەست کەئیستاش گرنگی زۆرتری پێدراوەو پارەیەکی خەیالّی دەخاتە گیرفانی گەورەکانی زۆربەی ولآتانەوە، بۆ نمونە

---

[1] سورة نوح / ٢٤

؛ قەبری نەبی یونس ، کە هیچ بەڵگەیەکیش نیە کە ئەوە قەبری یونس پێغەمبەر بێ ( علیه السلام) وقەبری وەیسی قەرەنی کەلەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامی دا هەیەا!وە سەدان نمونەی تر۰۰۰۰!! بەس تۆزێك بیرکەرەوەو عەقڵت بجوڵێنە، هیچ بیر ناکەیتەوە کە ئەو پارەیەی دەیخەیتە ناو سندوقی ئەوگۆڕەوە چی بەسەر دێتوکێ دەیخوات ؟ هەدەفی دووهەم ؛ تا بەم شێوە هەڵەیە موسڵمانان لە راستی دور بخەنەوەو لەلایەك بیان کەن بە موشریكو لە لایەکی تردوە بیاندەن بە گژی لایەنگرانی راستەقینەی ئایندا کە لە راستیدا ئەمە گرنگترین مەبەستی فەرمانڕەوایانی خوا نەناس بوە لە هەمو سەردەمێکدا ۰

ئەگەر سرنج بدەینە ئایەتی ژمارە چواری سورەی فاتیحە دەبینین کە الله سبحانه لە رۆژی قیامەت دا هەمو دەسەلاتی بە خۆی تایبەت کردوە بە بێ بەشبەشیو هیچ کەس لەوێ خاوەنی هیچ نیەو بەبێ فرمانی الله توانای لێو جوڵانیشی نیە ؟!

﴿مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾

ئەو الله یە پاشای رۆژی دینە، خاوەنی رۆژی جەزایە ، جوو دیان عوزەیرو عیسایان داناوە بە شافیعی رۆژی دوای بۆ خۆیان و موشریکانی مەکەش مەلائیکەو ئیبراهیم پێغەمبەر، وە تا ئەم سەردەمەی ئێمە هەر یەکەو بۆخۆی پشتیوانێك و مالیك و شەفیع و دەستگیرێکی بۆ خۆی داناومو وادەزانێت کە الله لە بەرامبەر ئەو هەمو بیرو باوەڕو بۆچونە پوچانەوە بێ دەنگە ؟ بەڵێ ، لە دنیادا الله هەندێك ئیختیارو مالیکیەت و توانای گۆڕانکاری داوە بە مرۆڤ ئەوەتە ئیستا ئەبینی کە هەر گەورەو

دەسەلأت داری ولأتێك خۆی بە هەمەكارەی ئەو ولأتە دەزانێت و چەندین ولأتی تریش دەخاتە ژێر دەسەلأتی خۆی ئەگەر بۆی بلوێت و خۆی بە مالیكی هەمویان دەزانێت ، بەڵێ لە رواڵەتدا الله هەندێك دەسەلأتی لەم سەر زەویەدا بە مرۆڤەكان داوە ، وەك خۆی دەفەرموێ : ﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَـٰمًا فَهُمْ لَهَا مَـٰلِكُونَ / ئایا تەماشای ئەو ئینسانانە ناكەی من چەند چاكەم لەگەڵدا كردون ، وە من بۆ ئەوان ئاژەڵم دروستكردوە ئەوسا ئەوان خاوەنی ئەو ئاژەلأنەن﴾[1] واتە ئەوان ئەو ئاژەلأنە بفرۆشن ئەی فرۆشن بە خێوی بكەن یان بیدەن بەخەڵكی یان سەری ببڕن خاوەن و مالیكن لە دنیادا بەلأم لە دوارۆژدا هیچ كەس مالیكیەتی هیچی نیە نە مەلائیكەو نە پێغەمبەران و نە پیاو چاك ونە ئەولیاكان، الله سبحانه لەو رۆژەدا ئەفەرموێ ﴿ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ / ئەمرۆ كێ خاوەنی مولكە ؟ كەس نیە وەلأم بداتەوە لەو رۆژەدا ئەو هەمو پاشایانەی دنیا كەهیچ نرخێكیان بۆكەس دانەدەناو زوڵم و زۆرداریان هەموخەڵكی لەدەست خستبو ئەو رۆژە هیچ دەنگێكیان لێوە نایەو بێ دەنگو سەرشۆڕنو وەلأمیان نابێ، الله خۆی وەلأمی خۆی دەداتەوە تەنها بۆ الله ی تاكو تەنهایەو بەسەرهەموشتێكدا زاڵە﴾[2]، بەڵێ ئەو رۆژە هیچ كەس ناتوانێ قسە بكات هە تا فریشتەكانیش، مەگەر بە ئیزنی الله. ئەو كاتە خزم خزمانەو عەشرەت عەشرەتانەو كێ كوڕی كێیە

---

[1] سورة يس / ٧١
[2] سورة غافر / ١٦

سوودی نابێت وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: { مَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ / ئەو کەسەی کردارەکەی دوای خستبێت لە دینی خوادا لە دنیادا ، نەژادەکەی پێشی ناخات لە رۆژی قیامەتدا }[1] واتە تەنها بەرنامەو دینەو هیچی تر . وەکو لەوفەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتبو کە دەیفەرموو:{ فَيَقُولُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتْبَعْ فَمِنْهُمْ مَنْ يَتْبَعُ الشَّمْسَ وَمِنْهُمْ مَنْ يَتْبَعُ الْقَمَرَ وَمِنْهُمْ مَنْ يَتْبَعُ الطَّوَاغِيتَ وَتَبْقَى هَذِهِ الْأُمَّةُ فِيهَا مُنَافِقُوهَا.../ رۆژی حەشر اللە دەفەرموێ: هەرکەسێ لە دنیادا چی پەرستوە با بڕوات لەگەل پەرستراوی خۆیدا جا هەندێکیان بە شوێن رۆژو هەندێکیش بە شوین مانگو هەندێکی تر بە شوین ئەوانەدا دەڕۆن کە لە باتی اللە دا بەندایەتیان بۆ کردون ، وە ئەم ئومەتە دەمێنێتەوە کە مونافقانیشیان لەناودایە...}[2] ئینجا هەر لە سورەتی فاتیحەدا ئەفەرموێ :

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾

هەر تەنها بەندایەتی بۆتۆدەکەین، تەنها تۆ دەپەرستین، جگە لە تۆ کەسی ترناپەرستین و هەر لە تۆش داوای یارمەتی دەکەین جگە لە تۆداوای یارمەتی لەکەسی تر ناکەین. وە لە هیچ کەس ناپارێینەوە ، جابەراست کردنمان لەم بڕیارەماندا دەبین بە ئەهلی تەوحید. بەرێز رۆژانە حەفدە جار تەنها لە نوێژە فەرزەکاندا جگە لە سونەتەکان پەیمان ئەدەین بە اللە کە ئەی پەروەردگار تەنها تۆ دەپەرستین بەڵام بەداخەوە

---

[1] رواه مسلم و غيرة
[2] حديث متفق عليه

كاتێ كە نوێژەكە تەواو بو ئەو وەعدو پەيمانە تەنها بەقسەيەو لە بيرمان دەچێتەوەو روو لە قەبرو نەزرگەی چاكان دەكەين و سەدان خوای بێ كەڵگ بۆ خۆمان دروست ئەكەين هەر لە باوەقوژوو چوارشەمە سورەو مانگی سەفەرەوە بگرە هەتا گۆشتە گیرەو مورگەبا ، كە ئەمانە هەمویان یان بە خاوەنی زیان ئەزانین وەك خوێندنی مریشك یان بە شیفا بەخشیان دەزانین وەك ، مورگە با ( مورویەكە هەندێ جار بەردێكە كونی تێدایە و وادەزانن بۆ ژانی ددان بەسودەو شیفا هێنەرە ) كە ئەم سودو زیانە وەسفی الله یەو نابێ بدرێن بەكەسی تر ٠ داخی گەورەتر ئەوەیە كە مام حاجی تەمەنی لە شەست سالێ بەرەوسەرتر كەچی هێشتا نازانێ مانای ( ایاك نعبد ) چیە ؟ بەڵێ ئەگەر دیپن بو بە عادەت ئەنجامەكەی هەر ئەوە دەبێ ٠ دڵنیابن كە الله دینی عادەتی ناوێ ، لەوەش ناخۆشتر لە زۆربەی خەڵك ئەبیسی هێشتا كەلیمەی شایەتومانی رەوان نیە ٠برام پێش خستنی وشەی (ایاك) ە لە هەردوو رستە كەدا گورت كردنەوەی كارەكە لەو شتەدا دەگەینێ (حصرە) لادان لەومانایە لادانە لەیەكتاپەرستی راستو دروست، وشەی ( نعبد ) بەمانای بەندایەتی بەندەیە، واتە پەیرەوی كردنی فرمانی الله، عیبادەت هەر ركوعو سوجدە بردنو نوێژ كردن نیە، بۆ نمونە ؛ زەكات، پارە دانە بەڵام عیبادەتە، حەج گەشتو گوزارە بەڵام عیبادەتە، ئەمر بە چاكەو بەرگری لەخراپە فرمانكردنە بەڵام عیبادەتە، نەكردنی گوناح تەركی شتێكە بەڵام عیبادەتە. واتە ئەنجام دانی فرمانی الله و پێغەمبەرەكەیﷺ بچووك بێت یان گەورە عیبادەتە هەر لەلابردنی بەردێك لەرێگادا هەتا وتنی

گەورەترین وشە کە (لاالەالاالله) یە هەموی عیبادەتە. بەواتایەکی تر عیبادەت واتەگوێڕایەڵی کردنو ئەنجامدانی فرمانەکان جا ئەگەر ئەو گوێڕایەڵی کردنەبۆ اللەو بۆ پێغەمبەربوﷺ چاکە ئەگینا لەوبڕیارەی کەداومانە راستمان نەکردوەوئەوسا ئەهلی شیرکین نەئەهلی تەوحید چونکە پەیڕەوی هەرچی بکەیت ئەوشتەت پەرستوە، ئەومتە الله دەفەرموێ:﴿ أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ / ئایاتۆ نەت دی ئەوکەسەی کەئارەزۆی خۆی دەپەرست؟﴾[1].

چونکەبەگوێی ئارەزۆکانی خۆی دەکات، جا ئەگەر ئامادەی ئەنجامدانی فرمانەکانی الله نەبوین مانای وایە کەدرۆمان کردوەو بەندایەتی الله مان نەکردوە، بەڵکو بەندایەتی غەیری الله مان کردوە. جا هەرکاتێ کە وتمان ، ئەی پەروەردگار تەنها بۆ تۆ عیبادەت دەکەین، پەروەردگار دەفەرموێ : نەخێر درۆ دەکەن ، چونکە خۆی پێی راگەیاندوین کە﴿ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ/ ئاگادار بن هەر ئەو دروستکەرەو هەر بۆخۆیشیتی کاروبارو فەرمان کردن﴾[2] دەی هەمومان دان بەوە دا دەنێین کە الله خالقە دەی چۆن دەبێت کەدروستکراو لەدروستکەرچاکتر خۆی بناسێت قسەی ئاوەها عەقڵ وەری دەگرێت؟ کەواتە ئەوکەسەی کەدروستی کردوین دەبێ هەرخۆیشی فرمانمان بەسەردا بدات. کەسی تر مافی فرماندانی نیە، هەرکەسێك خۆی بەشایستەی ئەوەبزانێت کەبۆی هەیەفرمان دەربکات جگە لەفرمانی الله، مانای وایە ئەو کەسە داوای خوایەتی دەکات بەسەرخەڵکەوە بڵێ یان

---

[1] سورةالجاثية / ٢٣

[2] سورة الأعراف / ٥٤

نەڵێ، هەروەهافرمانی کێش جێ بەجێکرا ئەوە پەرستراوو بەندایەتی بۆکراوە چ خەڵک بزانن یان نەزانن مادام فرمانەکان بۆحەرامووحەڵاڵ کردنبێت. ئەمە شتێکی زۆرگرنگەو زۆربەی خەڵک لەم راستیەبێ ئاگایە، جا بە وردی تەماشای بکەن ٠

ئینجا دەڵێین؛ ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾کەوابوو داوای یارمەتیش هەر لە تۆ ددکەین، چوونکە هەر اللە یە یارمەتیمان دەدات، کەسی تر نیە. ئایا پێغەمبەر(ﷺ) ئەم سورەتەی نە دەخوێند و نەی ئەوت ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾؟ ئایا هەمو پیاوچاك و ئەولیاو شێخ ئەو ئایەتەیان نەدەخوێند و هەموشیان پەیمانیان لەگەل اللە دا نەبەستوە کە ئەی پەروەدگار تەنها بەندایەتی بۆتۆ دەکەین وە تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەین ؟ جا مرۆڤی موسڵمان ئەگەر وای زانی کە کەسێکی تر یارمەتی دەدات و کۆمەکی دەکات و خۆی توانای هەیە بە بێ فرمان و دەسەڵاتی اللە ئەو ئیشە بکات، بە راستی ئەو ئینسانە بە هەڵە دا چووە، وە لە بیرو باوەڕی خۆی تێ نە گیشتوە ، ئەبێ تەوبە بکاتو بڵێ، تەنها اللە یە دەتوانێ قازانج و زیانم پێ بگەیەنێ .

وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێ؛{يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلَّا بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ رُفِعَتْ الْأَقْلَامُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ / واتە:ئەی کورەکە بێگومان چەند رستەیەکت فێردەکەم ـ کەبەسودبێت بۆت ـ بڕیارو

سنورەکانی الله بپارێزە الله دەت پارێزێت، پارێزەری فرمانی الله بە هەمیشە لەگەلت دایەو دەتپارێزێت، هەرکاتێك داوات کرد جاهەر لەالله داوابکە، وەهەرکاتێك کە یارمەتیت ویست ئەوسا داوای یارمەتی هەر لەالله بکە، بزانە ئەگەر جنۆکەومرۆڤ کۆ ببنەوە لەسەر ئەوەی کە قازانجێکت پێ بگەیەنن ناتوانن مەگەر الله بڕیاری دابێت کەئەو قازانجەت پێ بگات وە هەموشیان کۆ ببنەوە لەسەر ئەوەی کە زیانێکت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن، مەگەر الله بڕیاری دابێت زیانت پێ بگات}[1] جا کەوابوو خەڵکی تر لەبارەی سودو زیانەوە بوبەچی و چییان پێدەکرێت ؟ هیچ. خۆ ئەومت زانی کەداواکردن دووبەشە یەکەم - داواکردنی شتێك لەکەسێك کە ئەگەر رێگرێك نەبێت بتوانێت بێت بەدەمتەوەو ئەو ئیشەش لەتوانای مرۆڤدا بێت وەك ئەوە بەکابرایەك بڵێیت: یارمەتیم بدە بائەم بارە باربکەین ئەوە داوایەکی رەوایە. دووهەم - داواکردنی شتێك لەکەسێك کە رێگریش نەبێ نەتوانێت بێت بەدەمتەوە وەك داواکردن لەدارو درەختو مردوو یان ئەنجامدانی ئەو ئیشە لە توانای مرۆڤدا نەبێت وەك مناڵ پێدان و رەشکردنەوەی تاوانو شیفادانی نخۆش کەئەوداوایە رەوانیەوشیرکەوتاوانێکە بەبێ تەوبەکردن الله چاوپۆشی لێ ناکات. جا ئەم سورەتە دووبەشە، بەشی یەکەمی بەندایەتی ئێمەیە بۆ الله و بە ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ کۆتای دێت. بەشی دووهەمی داوای ئێمەیە لە الله کە لە ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ەوە دەست پێ دەکات کە داوای لێ دەکەین کە کۆمەکمان پێ بکات. لێرە دا ئەوەش پێویستە بڵێین کە

---

[1] الترمذی و الألبانی / صحیح

(إِيَاكَ أَعبُدُ )وە ( إِيَاكَ أَستَعِينُ ) بەتاك نەهاتوە، واتە من تەنها تۆ دەپەرستم، وە من تەنها داوای یارمەتی لە تۆ دەکەم هەندێك پێیان وایە، چونکە مرۆڤ لەمەقامێکی گەورە دایە کە بەرامبەر بە اللە وەستاوە لەبەر ئەوە خۆی بە گەورە دەگرێت، بۆیە ماوەی پێدراوە کە ئەوودوو وشەیە بەکار بێنێ کەبە(نونی) قسەکەربەخۆیەوە (نعبد... نستعين) بەڵام لەراستی دا من وای بۆ دەچم، چونکە ئیسلام ئاینی کۆمەڵەو ئاینی یەکێتی و برایەتیەو بەوجۆرە تێمان دەگەیەنێ تاکێك کەتەنها هەر بۆخۆی بێتو هیچ پەیوەندی بەکەسەوە نەبێت لەم ئاینەدا نامۆیەو بەڵکو بە کۆمەڵ شتە، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:{ فَمَنْ رَأَيْتُمُوهُ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ أَوْ يُرِيدُ يُفَرِّقُ أَمْرَ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ(ﷺ)كَائِنًا مَنْ كَانَ فَاقْتُلُوهُ فَإِنَّ يَدَ اللَّهِ عَلَى الْجَمَاعَةِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ يَرْكُضُ / ئەوسا هەرکەسێکتان دی کەخۆی لەموسڵمانان جیادەکردەوە یان دەی وێست کەئەم ئومەتی محمدە(ﷺ) لەت بکات هەرکەسێك ببێت بیکوژن ئەوجا دڵنیابن کە دەستی اللە لەگەل کۆمەڵی موسڵمانانداية، بەبێشکیش کەشەیتان هەڵپەڕکە دەکات لەگەڵ ئەوکەسەی کەلەموسڵمانان جیا دەبێتەوە}[1] هەروەهاپێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ:{ عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ/ پێویستەلەسەرتان کەئێوە یەك بن و نەخەڵەتێن بەشبەش ببن}[2]

---

[1] الترمذی و النسائی و الألبانی / صحيح

[2] الترمذی و الألبانی / صحيح

وه الله سبحانەدەفەرموێ: ﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ﴾ / هەموتان دەست بگرن بە ئاینەکەی خواوەو بەش بەش مەبن﴾[1] کەوابو ئیمە کاتێك موسڵمانین کە یەك دەستو یەك ریز بین چونکە بەبێگومان بەشی زۆری ئایین و عیبادەتمان کۆمەڵایەتییەو بەتاك ناکرێت. وە دەپارێینەوە لە اللە کە بێت بەهانامانەوە و یارمەتیمان بدات‌و لەم وەزعەی کەئەمڕۆ تێیداین رزگارمان بکات. هەر لەسەر ئەو بناغەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ: { لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ/ هیچ کام لە ئێوە ئیمانی تەواو نیە هەتا ئەوەی کە بۆ خۆی پێیخۆشە هەر ئەومیشی پێ خۆش بێت بۆ برای دینی خۆی}[2] هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) هەرلەم بارەیەوە دەفەرموێ:{ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ فِي تَرَاحُمِهِمْ وَتَوَادِّهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ كَمَثَلِ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ جَسَدِهِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى / تۆ دەبینی باوەڕدارن لەسۆزو میهرباندا‌و خۆشەویستی لەگەڵ یەکداوبادانەوەیان بۆسەر یەکتر وەك یەك لەشن ئەگەر ئەو لەشە بەشێکی هاتە ژان هەمو ئەندامەکانی لەش دێنە ژان‌وئارام ناگرن بەبێخەوی‌و تا هەتائەو نخۆشیە سارێژ دەبێت و پاك دەبێتەوە }[3] واتە ئێمەی موسڵمان ئەگەر ئاوەها نەبین راستمان نەکردوە، کەوا بوو لە وشەی (نعبد، نستعين ) تێ نەگەیشتین کەئێمەی موسڵمان یەك کۆمەڵین‌و یەك لەشین‌و بەوشێوەیە شتین ئەگینابەتەنیا هیچ نین‌و

---

[1] سورة ال عمران /١٠٣

[2] حديث متفق عليه

[3] - حديث متفق عليه

هیچ ئیشێکی گرنگی ئیسلامیشمان پێ ئەنجام نادرێت. هەر کەسێك بە غەیری قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) بیەوێ خۆی بەرز بکاتەوە دڵنیابێ کە اللە ئەیشکێنێ و ڕیسوای دەکات ٠

﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَٰلِدُونَ / بۆ موشریکان و بت پەرستان نیە کە مزگەوتەکان ئاوەدان بکەنەوە لەکاتێکا کە خۆیان شایەتبن لەسەرخۆیان کە کافرن واتە اللە نیازی بەئیشی چاکەی کافرو موشریك نیەو هەرچی چاکەیەك بکەن اللە لێیان وەرناگرێت، چونکەئەوانە کردەوەکانیان هەڵوەشاوەتەوەو ئەوان بۆ هەمیشە لەناو ئاگردا ئەمێننەوە﴾[1]. بەم شێوە دەرکەوت تا باوەڕی ڕاستەقینە نەبێت کرداری چاکی مرۆڤ لەلای اللە هیچ نرخێکی نیەو کافران بۆ هەمیشە لە دۆزەخدان، ئەمەش دەمکوتکردنێکە بۆ ئەوانەی کە بانگەوازی نزیك بونەوەی ئایینەکان دەکەن و دەیانەوێ وابسەلێنن بۆ خەڵك کە گاورو جولەکەو خاوەن بیرو ڕاکانی تر وەکو یەکن و هەرکامیان ئیشی باش بکات پاداشتی هەیە؟ئینجا اللە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ ۖ فَعَسَىٰٓ أُو۟لَٰٓئِكَ أَن يَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُهْتَدِينَ / [2] لەم ئایەتەدا اللە سبحانە، پێنج مەرجی بۆ تەعمیرو ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت باس کردوەو دەفەرموێ:

---

[1] -سورة التوبة / ١٧

[2]- سورة التوبة/ ١٨

هەرئەوکەسە مافی ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکانی هەیە کە باوەڕی بە اللە هێنابێ بەباوەڕێکی راستو دروستو تێکەڵاو بەهاوبەش دانان نەبوبێت بۆ پەروەردگارو باوەڕی هێنابێت بە رۆژی دوایو زیندو کردنەوەو نوێژەکانی ریك‌و پێك ئەنجام دابێتو زەکاتی دابێتو نەترسابێ لە هیچ کەس بێجگەلە اللە ئائەوە ئەو کەسەیە کە شایستەی ئاوەدان کردنەوەی ماڵەکانی اللە ی هەیە. لە راستیدا قورئان هەرجێگایەکی تەماشابکەیت وەك ئاوێنەیەك وایە بۆ مرۆڤ ودەتوانێ بەوردی تەماشای بکاتو بزانێ ئایا خۆی تێدا ئەبینێ یان نە، چ وەسفەباشەکان چ وەسفە خراپەکانی بێت. بۆ نمونە: با ئێمەی موسڵمان لێرەدا تەماشای خۆمان بکەینو بزانین ئەو وەسفانەمان تێدایە کە شایستەی ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکانی خودابین بەراستی مەگەر بەکەمی ئەگینا بیرو باوەڕی ئەمڕۆ لە شیرك خاڵی نیەو ئەوەیش کەلێی ناترسین اللە یە، ئەگینا لەهەمو شتێکی تر ئەترسین ئەگەر چی ئەو سێ وەسفەکەی تر هەبن ، بەڵێ ئەوەی کە خاوەنی ئەو پێنج وەسفە بەنرخەبێ ئەوە باوەڕداری راستەقینەیەو پاشە رۆژێکی روناکی هەیە وەك اللە دەفەرموێ: ئەوسا نزیکە ئائەوانە لە ریزی ئەو کەسانەدا بن کە ڕێگای هیدایەتو خۆشبەختی دەگرنەبەر، بەڵێ ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکان بەعیبادەتیش کرداریکی زۆر بە نرخەو پێغەمبەرمان(ﷺ) دەفەرموێ:{ إِذَا رَأَيْتُمْ الرَّجُلَ يَتَعَاهَدُ الْمَسْجِدَ فَاشْهَدُوا لَهُ بِالْإِيمَانِ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَقُولُ إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ الْآيَةَ. / هەرکاتێ دیتان پیاوێك پەیوەندی جاکە بەمزگەوتەوە

ئەوسا شايەتى باوەڕداری بۆ بدەن چونکە بێگومان کە اللە ی بڵند مەقام دەفەرموێ: ( إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ....الاية}[1] دیسان بۆ رونکردنەوەی تەواوتر باسی ئەوکەسانە دەکات کە باوەڕیان بەپێغەمبەر(ﷺ) نەهێناوە بەڵام بە ئیشی چاکەوە خەریک بوون وەک ئاو ئامادەکردن بۆ حاجیان لە کاتی حەجداو مانّی خودایان تازە دەکردەومو بەم دوو وەسفە خۆیان لە ریزی خاوەن باوەڕاندا دانەناو نەیان وت، ئێوە جیهادو کۆچ دەکەن ئێمەش ئەم دووشتە دەکەین جا اللە دەمکوتیان دەکاتو دەفەرموێ: ﴿ أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ ٱلْحَآجِّ وَعِمَارَةَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ كَمَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ وَجَٰهَدَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ لَا يَسْتَوُۥنَ عِندَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ / ئایا ئێوە ئاودان بەحاجیەکانو ئاوەدان کردنەوەی "مسجد الحرام" کە مانّی اللە یە وەک ئیشی ئەو کەسە دادەنێن کە باوەڕی هێناوە بەاللە و بەڕۆژی دواییو جیهاد دەکات لە ڕێگای اللە دا؟ واتە ئایا ئەم دوو تاقمە وەک یەک ئەزانن؟ نەخێر وەک یەک نین لەلای اللە. واتەلێرەدا ئەو راستیە دووبارە بوەتەوە کە ئەگەر باوەڕی راستەقینە نەبێ بەاللە و بە ڕۆژی دواییی کرداری تری هەرچەند باش بێ لەلای اللە هیچ نرخێکی نیە بەڵکو اللە بەو بت پەرستانە دەفەرموێ، ئەوسابەراستی اللە دەستی ستەمکاران ناگرێت کە بیانگەیەنێت بەخۆش بەختیو هەرگیز ڕێنماییان ناکات[2] ، هەروەک ئەفەرموێ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوٓا۟ ءَابَآءَكُمْ وَإِخْوَٰنَكُمْ أَوْلِيَآءَ

---

[1]- ترمذی و الألبانی و غیره / صحیح

[2]- سورة التوبة / ١٩

إِنِ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْكُفْرَ عَلَى ٱلْإِيمَـٰنِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ / ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە باوکتانو براکانتان نەکەن بەدۆستو سەرپەرشتیاری خۆتان ئەگەر کوفریان پێ خۆشبو تا باوەڕهێنان، وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەوکەسانە بکات بە سەرپەرشتو دۆستی خۆی ئەوسا ئەوانە خۆیان ستەمکارنو بەدەستی خۆیان خۆیان دوچاری سزای پاشە رۆژ دەکەن ﴾[1] ، واتە ئەو خزمایەتیەی کە چەند رێزی لێ گیراوە لە ئایین دا ئەگەر هاتو بەهۆی بیرو باوەڕەوە لەیەك جیابونەوە هیچ نرخێکی نامێنێو مرۆڤەچاکەکەیش بەهۆی دۆستایەتی خراپەکەوە دوچاری سزا دەبێت، ئینجا زیاتر ئەو مەبەستە رۆشن دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَـٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَـٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ / پێیان بڵێ: ئەگەر باوکانتانو کوڕەکانتانو براکانتانو ژنانی هاوسەرتانو خێڵەکانتانو ئەو ماڵەی کەبەدەستان هێناوەو کۆتان کردوەتەوەو ئەو بازرگانیەی کەئەترسن زیانی تێدا بکەنو ئەوخانوبەرەیەی کەدڵتان پێی خۆشەو پێی رازین، ئەگەر ئائەمانەتان لە اللە و لە پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ولە جیهاد لە ڕێگای ئەودا لەلاتان خۆشەویستربوو جا ـ بەوانە بڵێ: ـ با چاوەڕێ بکەن هەتا فرمانی اللە یان بۆ دێ بۆ تۆڵە سەندن لێیان، بەراستی ئەمانە لە سنوری

---

[1]- سورة التوبة / ٢٣

ئایین تێپەڕیونو الله یش گەلی فاسقو له سنور دەرچو ناخاته ناو نیعمەتی خۆیەوەو رێنمایی ناکات[1] ٠ هەر لەمبارەوە دیسان ئەفەرموێت ؛ ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا أَن يَكْفُرُوا بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴾ ئایاتۆ نابینیت ئەو کەسانەی کەوا گومان دەکەن کەباوەڕیان هەیە بەوەی کە رەوانە کراوەتە لای تۆو باوەڕیان هەیە بەوەی کە پێش تۆ رەوانە کراونو راست بون ، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیانەوێت حوکمی خۆیان ببەنە لای تاغوت لەحاڵێکدا کەئەوان دەستوریان پێدراوە کە دەبێ کافر ببن بە تاغوت﴾[2] ، ئەوە بوو لە سورەتی بەقەرە ئایەتی دووسەدو پەنجاو شەشدا فەرموی: ﴿فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ /ئەوکات هەرکەسێك کەباوەڕی نەبێ بە تاغوتو ئیمانی ببێ بە الله ئەوەبەراستی دەستی گرتوە بە گوریسی زۆر موحکەمەوە و بچرانی بۆ نیەو الله بیسەری قسەکانتانەو زانەری کردارەکانتان﴾[3] بەڵام ئەمانە بە پێچەوانەی ئەو ئایەتە رەفتار دەکەن ، ئینجا الله دەفەرموێ: شەیتان دەیەوێت ئەوان گومڕاە بکات بە گومڕاهییەکی دوور لە حەق ٠ هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە کە گوایە کابرایەکی یارمەتی دەرو

---

[1]- سورة التوبة / ٢٤

[2]- سورة النساء / ٦٠

[3] سورة البقرة / ٢٥٦

جولەکەیەك بوو بە کێشەیان کابرای جولەکە وتی با لە نێوان من وتۆدا محمدﷺ بڕیار بدات کابرای موسڵمان وتی ، نەخێر کەعبی کوڕی ئەشرەف ، هەروەها بێڕاوە کە سەبارەت بە کۆمەڵێك منافق کە بە ڕواڵەت خۆیان بە موسڵمان پێشان دەداو ویستیان کە بچنە لای حاکمە نەفامەکان بۆ یەکلا کردنەوەی ئیشەکانیان ، بێجگە لە مانەش قسەی تر کراوە سەبارەت بە هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ، بەڵام ئەم ئایەتە بۆ گشتیەو لۆمەو سەرزەنشت کەری هەر کەسێکە کەلە کتێبی اللە و لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ لابدات و بچێت بۆ پەیڕەوی کردنی یاساو بڕیاری بێجگە لەوان.

وەك ئەفەرموێ، ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾[1] وانیە سوێند بە بەپەروەردگاری تۆ ئەی محمدﷺ ئەوانە باوەڕیان نییە هەتا تۆ نەکەن بە حەکەم لە هەموو شتێکدا کە ڕوئەدات لە بەینیاندا و لە پاش حوکمەکەی تۆ هەر ئەوەش بەس نیە کە بە دەم بڵێن ڕازین بەڵکو دەبێ بە دڵ و بە گیان بەو بڕیارەی تۆ ڕازی ببن﴾، لە پاشان نابێ لە ناو دڵیاندا هیچ ناڕەحەتیەك هەبێت ئەگەر بە سودی نەبوو واتە ئەگەر لە ناو دڵیشیاندا نارازی بوون بەو حوکمە کە کرا مانای وایە ئیمانیان نیەو درۆ دەکەن ، نەك هەر ئاوەهاش بەڵکو دەبێ بە هەمو شێوەیەکیش گەردن کەچی خۆیان بەرامبەر بەو حوکمە پێشان بدەن، وە خۆیان تەسلیم بکەن . بەڵێ پێویستە مرۆڤی خاوەن باوەڕ لە دڵەوە خۆشحاڵی

---

[1] سورة النساء / ٦٥

بە فەرمانەكانى الله و پێغەمبەرﷺ دەربچێتو پێى رازى بێت، چونكە هەموى بۆ سودى مرۆڤە و هيچ سودێك يان زيانێك لە كردن و نەكردنيدا بە الله ناگات.ديسان ئەفەرموێ:

﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ۚ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ /ئايا ئێوە حوكمى نەفامەكانتان مەبەستەو ئەوتان دەوێت؟ ومئاياكێ هەيە لە الله سبحانه، جوانتر ياسا دابنێت بۆ گەلێك كە يەقينى هەبێت ؟﴾[1] بەڵێ الله هەرچى حوكم و فرمانە بێجگە لە حوكم و بەرنامەكانى خۆى هەموى بە جاهيلى دادەنێت بە راستى دەنێ واشبێت ، چونكە هەرچى حوكمى مرۆڤە حوكمێكى نەزانانەيە چونكە دەوڵەمەند ياسا بە گوێرەى بەرژەوەندى دەوڵەمەند دادەنێت و هەژاريش ياسا بە گوێرەى بەرژەوەندى هەژار دادەنێت واتە هەر تاقمو پێڕێك بە گوێرەى بەرژەوەندى خۆى ياسا دادەنێت سەرەراى ئەوەش ئەوانەى كە ياسا دادەنێن نازانن ئاينده چى رووەدات و چى دەبێت كەچى خەريكى دانانى ياسان بۆى ئايا ئەمە نەزانى نيەو ياسايەكى نەزانانە نيە؟ (ابن ابى حاتەم) دەڵێ (ابو عبيده الناجى) وتى: بيستم لە حەسەنەوە كە دەيوت (من حكم بغير حكم الله فحكم الجاهلية/ هەر كەسێك حوكم بكات بە حوكمێكى غەيرى حوكمى الله ئەوە حوكمێكى نەفامانەيە) ئەى موسڵمانانِ ئايا ئەو زاتەى كە لە هەمو حاكمان حاكم ترەو لە هەمو كەس بە بەزەيى ترەو لە هەمو كەس زاناترە و لە هەمو شتێك بە تواناترە و لە هەمو كەسێكيش دادپەروەرترە و دروستكەرەو مرۆنەرى هەمو بەرەى

---

[1] -سورة المائدة / ٥٠

ئادەمیزادە ئایا رەوایە یاسای ئەو وازی لێ بهێنیت و پەیڕەوی یاسای بەشەرێکی وەکو خۆت بکەیت؟ پێغەمبەرمان ﷺ لەم بارەوە دەفەرموێ: { أَبْغَضُ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ ثَلَاثَةٌ مُلْحِدٌ فِي الْحَرَمِ وَمُبْتَغٍ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ وَمُطَّلِبُ دَمِ امْرِئٍ بِغَيْرِ حَقٍّ لِيُهَرِيقَ دَمَهُ / بوغزێنراوترین کەس لەلای اللە سێ کەسن. یەکەم : کەسێك کە خراپەکاری بکات لە ناو حەرەمی مەکەدا دووهەم : ئەو کەسەیە کە لە ناو ئیسلام دا هەوڵ بدات بۆ ئەنجام دانی ڕەوشتی سەردەمی نەفامی. سێهەم : ئەو کەسەیە کە زۆر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی خوێنی کەسێك بە ناڕەوا بڕێژێت}[1] جا پاش ئەوەی کە باسی فرمانی خۆی کرد، واهەمو فرمانەکانی بێجگە لە خۆی بە فرمانی جاهیلی و نەفامی پێ ناساندین بەڵکو ئێمەیش بیربکەینەوە.

## پەیڕەوی کردن پەرستنە

اللە سبحانە دەفەرموێ: ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ / ئەمانە زانا و عابیدەکانی خۆیانیان کردوە بە خوای خۆیان و وازیان لە بەندایەتی اللە هێناوە و پەیڕەوی ئەوان دەکەن لە حەرام و حەلاڵ کردندا هەرچی ئەوان حەلاڵی بکەن حەلاڵە و هەرچی ئەوان حەرامی بکەن حەرامە و ئەمەش تەنها بەدەست اللە یەو کەس بۆی نیە شتی وابکات هەرکەس ئاواشی کرد ئیدعای خوایەتی کردنە چ بڵێ یا نەڵێ. ئینجا دەفەرموێ: دیانەکان کوڕ

---

[1] -حدیث البخاری

ى مەريەم يان كردوە بە خواى خۆيان وەئەوان فرمانيان پێ نەكراوە بێجگەلەوەى كە ئەبێ بەندايەتى يەك خودا بكەنو هيچى تر كە ئەو خودايەش پەرستراوێكى راستەقينەيەو هيچ پەرستراوێكى راستەقينەى تر نيە بێجگە لەو، پاك و بێ عەيبەو بێ نيازە لەهەمو شتو هەمو شتێك نيازى بەو هەيەو دورەلەو شتانەى كە جولەكەو گاورو باقى بێباوەرو بت پەرستانى تر دايدەنێن بۆى﴾[1]، ئەلێن: كاتێ عەدى كوڕ ى حاتەمى تائى هاتە خزمەتى پێغەمبەر(ﷺ) و خاچێكى زيوى لەملدا بو كە پێغەمبەر(ﷺ)ئەم ئايەتەى خوێندەوە وتى: ئێمە ئەوانمان نەكردوە بە خواى خۆمان ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموى: {بَلَى اِلَهُم حَرَّمُوا عَلَيهِم الحَلَالَ وَاَحَلُوا لَهُمُ الحَرَامَ فَاتَبَعُوهُم فَذَلِكَ عِبَادَتُهُم اِيَاهُم/ بەلێ كردويانن بەخواى خۆيان چونكە ئەوان حەلالّيان لێ حەرام كردون وحەرامياں بۆ حەلاّل كردونو جائەوانيش پەيرەويان كردون ئائەوە بەندايەتى ئەو خەلّكەيە بۆ ئەوان }[2] جابائەوانەى كەياسا بۆ خەلّك دائەنێن بێجگەلە ياساكەى الله تەماشاى خۆيان بكەنو بزانن ئايا بەگوێرەى ئەم ئايەتەو ئەم فەرمودە راستەى پێغەمبەرمان(ﷺ) نەبوون بەخواى خەلّك؟ وەئەو خەاّكەش نەبوون بەبەندەو عيبادەت كەرى ئەوان؟ ئەى باوەڕداران لەالله بترسن و واز لەرێبازى هەلّە بهێنن، قيامەتو حيساب هەيەولەگەل زاتێكى بە هێزدا زۆران بازى دەگرن دلّنيابن هەرگيز نايبەنەوەوسبەى سەرشۆڕانە دەچنەوە بەردەستى وحيسابى گەورەو بچوكتان لە گەلدا دەكات .

---

[1]- سورة التوبة / ٣١

[2] -الترمذى و الألبانى / حديث حسن

ئینجا له سورەتی بەقەرەدا ئەفەرموێ : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ ..... / وە هەندێك لە خەڵك بێجگە لە اللە چەند هاوەڵ و شەریکانێکیان داناوەو دەی پەرستن، خۆشیان دەون هەروەك چۆن اللە یان خۆش دەوێت ﴾[1]، وە هەندێك لە موفسران وتویانە ( يُعظِّمونَهم كتَعظيمِ اللهِ ) ئەو پیاو چاك و ئەولیانە بە گەورەیان دادەنێن وەك بە گەورە دانانی اللە ، ئێمە کە اللە مان خۆش دەوێ چونکە خالیقە و مالیکە بەڵام پێغەمبەر مان(ﷺ) خۆش دەوێ کە نێررراوی اللە یە ، دەی بەگەورە گرتنی اللە چۆنە ؟ بەندایەتیە، سوجدەیە، نەزرو خێراتە، تەواف و لێپارانەوەیە بەڵام موشریکان هەندێك لەم عیبادەتانە ئەدەن بە پیاو چاکانو ئەنبیاکان و خۆشیان دەون هەروەکو چۆن اللە یان خۆش دەوێ واتە لە ئەنبیاو ئەولیا دەپارێنەوە هەروەك چۆن لە اللە دەپارێنەوە هەروەك چۆن بڵێاللە نەزرو قوربانی دەکەن بۆ ئەم ئەولیاو پیاو چاکانەیش نەزرو خێرات دەکەن هەروەك چۆن تەوافی ماڵی خواەکەن تەوافی قەبری ئەنبیاو پیاو چاکانیش هەرناوەها دەکەن هەروەك چۆن لە اللە دەترسن هەر ناوەهاش لە قەبری پیاو چاکان و ئەولیاکان دەترسن ، وە هەندێك جار ئەوەندەی لە قەبران دەترسن ئەوەندە لە اللە ناترسن کە بە نەسی ئایەت ئەمانە هیچیان بە دەست نیە بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بە اللە خۆشەویستی ئەوان بۆ اللە زۆر زۆرترە لەو خۆشەویستییەی کە ئەو

---

[1] - سورةالبقرة / ١٦٥

موشریكانه هەیانه بۆ خواكانیان. وه ئیمانداران توشی هەر بەلاو موسیبەتێك هاتن به بێ دوو دڵی دەڵێن : ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ﴾ / ئێمه مولكی خوداین و هەر بۆلای ئەویشه گەڕانەوەمان [1] جا ئەگەر هەمو مالّ و منالّ و سەروەت و سامانشیان له بەین بڕوات پەنا بۆ غەیری الله نابەن و پەیوەندی خۆیان لەگەل الله دا نابچڕێنن وەك ئەو پیاوەیكه مندالّەكەی نەخۆش كەوت و گایەكی كرده خێر بۆ پیاو چاكێك مندالّەكەی هەر چاك نەبو ئینجا حەیوانێكی سەر بڕی بۆ پیاو چاكێكی تر مندالّەكه هەر چاك نەبو ئینجا مریشكێكی سەر بڕی بۆ پیاو چاكێكی تر هەر چاك نەبو قەدەری خوا وابو مندالّەكەش ئەجەلی هات و مرد ئینجا پیاوەكه دەستی كرد به گلّەی له شێخەكانی كه گاكەتان بردو حەیوانەكەتان برد و مریشكەكەتان بردو مندالّەكەشتان كوشت ؟! . جا تەماشای ئەو جۆره سەر لێ شێواویه بكه ، هەم مالّ و منالّی رۆی و هەم دینیشی ، بەمانه بێزراوه ﴿خَسِرَ ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةَ﴾ / دنیا و دواڕۆژیشی لەدەست دا ، ئەوەیه زیانی ئاشكرا ﴾.

ئینجا ئەفەرموێ : ﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُوا۟ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ وَرَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ / وەبیریان بهێنەرەوە ئەو كاتەی كەرمێس و سەرۆك و تاغووتەكان بێزاری خۆیان سەبارەت به ژێر دەستەكانیان دەبڕن و دەڵێن درۆ دەگەن ئێوه پەیڕەوی ئێمه نەبون، جاكەسزا دەبینن ئیترهەمو هۆیەكان دەبچڕێت نه خزمایەتی دەمێنێتو نه پارەو نەمەقام

---

[1] - سورة الحج / ١١

﴾[1] ، واته ئەوەی کە هۆی پەیوەندیان بووە لە دنیا دا و ئەوانی بە یەکتڕەوە بەستوە هەمو دەبچڕێت نەك لە بەر ئەوەی کەیەکتر ناناسن بەڵکو لە بەر ئەوەی کە سزای قیامەت سەختەو دەترسن ئەوانیش داوای مافی خۆیانیان لێ بکەن. هەروەها پەروەردگاری داناوبالادەست ئەفەرموێ: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوا۟ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا۟ مِنَّا كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ ۖ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ / جا ئەوانەی کە تابیع بوون دەڵێن وەڵاهی ئەگەر جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ دنیا بۆسا ئێمەش خۆمان لەوان دوور دەخەینەوە و جارێکی تر پەیڕەویان ناکەین هەروەك ئەوان ئەمڕۆ خۆیان لە ئێمە دوور خستەوەو بێزاریان لە ئێمە دەربڕیوە ، بەڵێ، مرۆڤە نەزان و نەفامەکانی دنیا ئەو کاتە بیر دەکەنەوە کە تازە کار لە کار ترازاوە. هەر ئاوەها اللە پیشانیان دەدا کردارەکانیان و دەبێت بە داخ و حەسرەتێکی زۆر بۆیان و هەناسەیان لە گەروویاندا پەنگ دەخواتەوەو قەپ بە لێوی خۆیاندا دەکەن ، بەڵام تازە چ سوودێکی هەیە بۆیان ئەو پەشیمانی و داخ و خەفەتە ، چونکە ئەوانە تازە نایەنە دەرەوە لە ئاگری جهەنم و لە ناو ئاگردا دەمێننەوە ﴾[2]، جا ئەی هەڵخەڵەتاوان بیر کەنەوەو فریای خۆتان کەون تا لە دنیا دانو بە پەلە نەفرین بکەن لە تاغووتو پەیڕەوو رێبازیانو رێبازی پەروەردگاری خۆتان هەڵبژێرن کە مانای (لاإلهإلاّ الله)

---

[1] - سورة البقرة / ١٦٦

[2] سورة البقرة / ١٦٧

یە، ئەگینا وەلاهی پەشیمان دەبنەوە لە کاتێکدا کە پەشیمان بوونەوە سوودی نیە بۆتان.

تێ بی نی:

یەکەم- ( نـد) وێنـە وە بـە دژیـش (ضـد) مانـا کراوەکـە مانـای لازمـی (نـد)ە.

دوهەم-ئەم هاوبەشیە لە خۆشەویستی و رێز لێنانداید ئەگینا هیچ کافرێك ئینکاری خالقیەت و رازقیەتی الله ی نەکردوە.

سێهەم-مانای ﴿ یحبونهم کحب الله﴾ بە دوو شێوە کراوە یەکەمیان ئەوەبوو لە پێشەوە باسمان کرد واتە کافرەکان و موشریکەکان خوایشیان خۆش دەوێت بەلاّم قیادەو شێخ و ئاغاو ئیمام و موجتەهیدو بتەکانیشیان وەك خوا خۆش دەوێت.

مانای دووهەم : واتە ئەوموشریك وبێ باوەڕانە ئەو شتانەی کە باسکران خۆشیان دەون هەروەك چۆن خاوەن باوەڕان خوایان خۆش دەوێت، بەلاّم لە راستیدا مانای یەکەم نزیکترە ، چونکە ئەوان ئەو شتانەیان هاوتای الله کردوە لە خۆشەویستیدا و لە رۆژی قیامەتدا دان بە هەڵەی خۆیان دا دەنێن و دەڵێن ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ /سوێند بە الله ئێمە لە سەر لێشێوانێکی ئاشکرا دا بووین ئەوکاتەی کە ئێوەمان کرد بە هاوتای پەروەردگاری عالەم﴾ [1]

---

[1] سورة الشعراء / ٩٧ - ٩٨

چوارەم- بەڵگەی راستی قسەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن خوامان خۆش دەوێت پەیڕەوی کردنی پێغەمبەرەﷺ وەك دەفەرموێ، ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ/ئەی محمد بڵێ، ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت و ڕاست دەکەن لەو قسانەتاندا دەی پەیڕەوی من بکەن خواش ئێوەی خۆش دەوێت﴾[1] واتە ئەگەر پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ نەکرا ئەوئیدعایە ئیدعایەکی پووچە و خواش ئەوانی خۆش ناوێت.

پێنجەم- لە بارەی شەریك دانانەوە ئایەت و فەرمودەی زۆرمان هەیە و لە هەر جێگایەکدا بە گوێرەی بۆلوان فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ باس دەکەین و لێرەدا تەنها ئەم فەرمودەیە باس دەکەین کە دەفەرموێ:{ مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ وَقُلْتُ أَنَا مَنْ مَاتَ وَهُوَ لَا يَدْعُو لِلَّهِ نِدًّا دَخَلَ الْجَنَّةَ/ هەر کەسێ بمرێ و هاوتای دانابێت بۆالله دەچێتە ناو ئاگرەوە، وە منیش وتم : هەر کەسێ بمرێ و هاواری نەکردبێتە هیچ هاوبەشێك بۆ الله نەچێتە بەهشتەوە }[2]ئیتر ئەم هاوتا دانانە چ لەپەرستن دابێت چ لەخۆشەویستی دابێت چ لەڕێز لێ نانادا بێت، تاوانێکی زۆر گەورەیەومرۆڤ دەچێتەریزی کافرانەوەو پێویستە خاوەن باوەڕان خۆیانی لی بپارێزن .

---

[1] سورة ال عمران / ٣١

[2] - رواه البخاری

الله سبحانه ئەفەرموێ : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴾ ئەم ئایەتە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا هاتە خوارەوە کە وتیان ئەی محمدﷺ خواکەمان دوورە تا بانگی بکەین یان نزیکە تا بە هێواشی قسەی لە گەلدا بکەین؟ خوای باڵادەست فەرموی، لەبارەی منەوە بەندەکانم پرسیارت لێ دەکەن و دەڵێن، خواکەمان دوورە یان نزیکە بڵێ، سابەدڵنیاییەوە من نزیکم لێیانەوەو وەڵامی بانگی بانگ کەر ئەدەمەوە هەرکاتێك بانگم کەن دەسا ئێوە وەلأمم بدەنەوەو باوەڕم پێ بهێنن ، ئومێدە ئەو کاتە ئێوە ڕاستی و حەقیقەت دەرك بکەن و بەهرەمەند ببن﴾[1] . چۆنیەتی نزیك بون لە الله ئێمە نای زانین وباوەڕمان پێی هەیە بەوشێوەیە کەهاتوە ، لەهەر کاتێك و لە هەر شوێنێکدا لە الله بپارێیتەوە بە بێ دەنگ بەرز کردنەوە وەلأمی داواکاریەکانت دەداتەوە ئێتر چ پێویستی بە وەسیلەی جگە لە بەندایەتی دەکات ، وەسیلە ئیمان و کردەوەی سالحە و مەرجی وەلأم دانەوەی گوێڕایەڵی بەندەیە بۆ فرمانەکانی الله . واتە ئەو شتەی کە داوای دەکات الله بۆی دەکات یان بە ئەندازەی ئەو شتە بەلأو موسیبەتی لەسەر لائەبات بەو مەرجەی نەڵێت دوعام کرد بەلأم الله وەلأمی نەدامەوە ، وە دەبێ ئەو پاڕانەوەش بۆ تاوان و بڕینی سیلەی ڕەحم نەبێت. هەروەکو لە فەرمودەی پێغەمبەر دا ﷺ هاتوە. واتە چەند مەرجێك هەیە بۆ وەرگرتنی پاڕانەوە کە لە خوارەوە باسیان دەکەین دەی ئەگەر وەلأمەکەی نەدراوە تاوان لە خۆمانە بۆیە

---

[1] - سورة البقرة / ١٨٩

دەفەرموێ: دەی ئێوەش وەڵامی من بدەنەوەو باوەڕم پێ بێنن بەڵکو ئێوەش بگەن بە کەماڵ و هەمو شتێکی چاك بزانن، چونکە بەباوەڕ بون ژیانی تێرو تەواو بۆ مرۆڤ دابین دەبێت وەك دەفەرموێ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسْتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ /ئەی باوەڕدارینە وەڵامی اللە و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)بدەنەوە بە باوەڕ هێنان هەرکاتێ کە بانگتان دەکات بۆ ئەوەی کە زیندوتان دەکاتەوە﴾[1]. بە راستی زیندو بوونەوەی ئینسان لە باوەڕ هێنانێکی پاك و خاوێن دایە بە اللە و بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

تێبینی :پارانەوە (الدعاء) بەشێکی گرنگە لە بەندایەتی اللە ی تاك و تەنها و کاکڵەی بەندایەتیە و بەڵگەی لاوازی و دەستە پاچەیی مرۆڤە سەبارەت بە زۆر شتی خۆی.و نیشانەی هێزو دەسەڵاتُ و زانایی و بەخشندەی و سۆزی اللە یە سەبارەت بە بەندەکانی کە بانگیان دەکات و دەفەرموێ: ﴿داوام لێ بکەن وەڵامتان دەدەمەوە﴾ وە لەم ئایەتەی کە مانامان کرد دەفەرموێ:﴿ من نزیکم و وەڵامی هاوار کەر ئەدەمەوە هەر کاتێ هاوارم بۆ بێنێت﴾ تەنانەت اللە رقیەتی لەو کەسەی کە داوای شتی لێ ناکات کە ئەمە یەکێکە لەو سیفەتە گەورانەی اللە کە لە سیفەتی بەشەر ناچێت ،چونکە بەشەر بە پێچەوانەوە هەرچەند سەخیش بێت هەر پێی خۆش نیە کە داوای لێ بکرێت. پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرموێ:{ إِنَّهُ مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللهَ تَعَالَىٰ يَغْضَبْ عَلَيْهِ/ بەبێگومان

---

[1] - سورة الأنفال / ٢٤

هەر کەسێك داوا لە اللە ی باشکۆ نەکات اللە رقی لێی دەبێتەوە}[1] نزاو پارانەوە دەبێ بە هۆی لابردن و پاڵ نانی بەڵاو ئارام بوونی دڵی مرۆڤ جا بۆ ئەوەی سوودی باشتر لەو پارانەوە وەرگرین پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرین.

١. هەوڵدەین کەخواردن و خواردنەوەو پۆشاکمان حەڵاڵ بێت.

٢. ئەگەر گونجا روو بە قیبلە بین لە کاتی دوعا دا.

٣. هەوڵدەین کە پارانەوەکانمان لەو بارو دۆخ و کاتانە دا بێت کە پارانەوەیان تێدا وەردەگیرێت وەك رۆژی جومعەو عەرەفەو رەمەزان و سێ بەشی ئاخیری شەوو بەر لە نوێژی بەیانی و کاتی سوجدەو کاتی باران بارین و بەینی بانگ و قامەت و کاتی بانگی مەغریب و کاتی بە رۆژوو بون و کاتی بەر بانگ کردنەوەو ئامین کردن لە کاتی خوێندنی ئامینی ئیمام دا و کاتی تێکەڵاو بوونی موسڵمانان و بێ باوەڕان لە کاتی جیهاد داو کاتی ترس و کاتی دڵ نرم بوون و کاتی بینینی هەر رووداوێکی گرنگ و لە کاتی سەفەردا.

٤. بەرز کردنەوەی رووی هەردوو دەست تا راستی شان.

٥. سوپاسی خوداو ناردنی درود بۆ گیانی پێغەمبەری ئازیزﷺ لە پێش و پاشی پارانەوەکەدا.

٦. دڵی ئاگا بێت و روانەتی خۆی زەبوون پیشان بدات لە کاتی پارانەوەدا.

٧. باوەڕی بە گیرا بونی دوعا هەبێت و پەلە نەکات بۆ هاتنە دی، چونکە مەرج نیە دەقی داواکاریەکە بێتە دی بەڵکو یەکێکە لەم سێ شتانە.

---

[1] - صححه الألبانی

ا ـ یان دەقی داواکاریەکەیە لە دنیادا دێتەدی.

ب ـ یان لابردنی بەڵایەکە بە ئەندازەی داواکاریەکەی.

ج ـ یان پاداشەکەی لە رۆژی دوای دا دەدرێتەوە، گرنگ ئەوەیە کە پارانەوە بێ سوود نیە.

٨- پارانەوەکە بۆ تاوان و بچڕانی خزمایەتی نەبێت.

٩- هەڵبژاردنی وشەی پڕ مانای وەک {ربنا اتنا فی الدنیا حسنة وفی الاخرة حسنة وقنا عذاب النار} ئەی پەروەردگارم لەدنیادائەوەی کە چاکە پێم بدەو لەدوارۆژیشدا ئەوەی کەچاکە پێم بدەولەسزای ئاگر بم پارێزە.

وە{اللهم انی اسئلك العفو والعافیة فی الدنیا والاخرة/ ئەی خودایە داوای چاوپۆشیو خۆشبەختیت لێ دەکەم لەدنیاو لە دوارۆژدا}

١٠- پارانەوەکە دژی خۆت و مالّ و منالّت نەبێت.

١١- سێ جار وتنەوەی پارانەوەکە.

١٢- دەست هێنان بە دەم و چاودا لە پاش پارانەوەکەدا.

ئەمانەی کە باسمان کرد هەمویان لە فەرمودەی سەحیح یان حەسنی پێغەمبەری ئازیزماندا ﷺ هاتون راستەو خۆ یان ناراستەوخۆ. تەماشای فقه السنه /ج١ ل٤٩٦-٥٠٠ بکە.

## خوای گەورە مرۆڤی بۆ خەڵق کردوە ؟

تۆزێك بیرکەرەوە لەم ئایەتانەی خوارەوە وەڵامەکەی دەزانی ، خوا ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ /من جنۆکەو مرۆڤم هەر

بۆئەوە دروستكردوە كە بم پەرستن﴾[1] ، واتە هاتنى دنیامان بۆ پەرستنى الله و بۆ تاقى كردنەوەى پەرىو ئینسانە .هەتا لەودنیادا هیچكاممان نەمان بێت بەهانە٠ وە ئەفەرموێ ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلَالَةُ ۚ فَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ /بەراستى ئێمە بۆ هەمو گەلێك پێغەمبەرێكمان ناردوە كەبەو گەلەى خۆیان بڵێن: تەنها(الله) ببەرستن و دوربكەونەوە لە هەمو تاغوتەكان، جا هەندێك لەوانە رێگەى هیدایەتى گرتوەو الله یش هیدایەتى داوەو هەندێكى تریشیان بە هۆى لاسارى خۆیانەوە گومراهىو سەر لێ شێواوى بوەتە شتێكى پێویستو چەسپاوە پێیانەوەو وازیان لێ ناهێنێ، ئینجا الله دەفەرموێ دەى با بەژییرانە بگەڕێن بەسەر زەویداو شوێنەوارەكان ببینن ئینجا تەماشا بكەنو بزانن ئەوكەسانەى كە بێ باوەڕبون چییان بەسەر هاتوە ﴾[2] وە بزانن كە سەرنویشتى ئەوانیش هەروادەبێت. پەیڕەوى هەرشتێك بكرێت جگە لە (الله) مادام ئەو پەیڕەوى كردنە لە سنورى ئایین دا نەبێت ئەو پەیڕەوى كردنەكوفرو شیركەو پەیڕەوى كراویش ئەگەرخۆى بەوەرازى بێت تاغوتە ٠ خۆ الله سبحانە ئەفەرموێ : ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ / پەروەردگارى تۆ واى فرماندواوە كە ئێوە جگە لەو

---

[1] -سورة الذاريات / ٥٩

[2] - سورة النحل / ٣٩

کەسی تر نەپەرستن﴾[1] لەفەرمودەی راستدا هاتوەکە:{الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ / پارانەوەهەرخۆی بەندایەتیە} کە ابو داود ، وترمزی و ابن ماجە لە حەدیسی نعمانی کوڕی بەشیرەوە هێناویانە.

الله سبحانه، ئەفەرموێ: ﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا / الله بپەرستن و هیچ هاوبەشێکی بۆ دامەنێن ﴾[2] .

(پۆشینی هەڵقەو دەزووجگە لەوانەش بۆ لابردنی گیروگرفتەکان‌شیرکە )

{ عَنِ عِمْرَانَ بْنُ حُصَيْنٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَأَى رَجُلًا فِي يَدِهِ حَلْقَةٌ مِنْ صُفْرٍ فَقَالَ مَا هَذِهِ الْحَلْقَةُ قَالَ هَذِهِ مِنْ الْوَاهِنَةِ قَالَ انْزِعْهَا فَإِنَّهَا لَا تَزِيدُكَ إِلَّا وَهْنًا / لە عیمرانی کوڕی حوسەینەوە هاتوە کە پێغەمبەر (ﷺ) پیاوێکی دی کە هەڵقەیەکی زەرد رەنگی لە دەستدا بۆ فەرموی : ( ئەمە چیە ؟ ) وتی : لەبەر ترس بەکارم هێناوە ، فەرموی : (دایکەنەو لای بە ، ئەوسا بێگومان ئەوە هەر ترست بۆ زیاد دەکات ، جا دڵنیابە ئەگەر بمردایتە و ئەو پارچەیەت لە دەستت بوایە ، هەر گیز رزگار نەدەبویت ) واتە لە ئاگری دۆزەخ }[3].

---

[1] - سورة الإسراء / ٢٣

[2] - سورة النساء / ٣٩

[3] رواه امام احمد بسندلاباس به .

وله عن عقبة بن عامر مرفوعا { مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلاَ أَتَمَّ اللهُ لَهُ ، وَمَنْ تَعَلَّقَ وَدَعَةً ، فَلاَ وَدَعَ اللهُ لَهُ/ له عوقبەی كوڕی عامیرەوە بە بەرز كراوەی هاتوە كە : { هەر كەسێك نوشتەیەك هەڵواسێ، سا الله بۆی تەواو نەكات ، وە هەر كەسێك شتێك هەڵواسێت بە ناوی ئەوەوە كە شتێكی لێ دور بخاتەوە، سا الله ئەو شتەی لێی دور نەخاتەوە }[1]

وفی روایة {مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَقَدْ أَشْرَكَ / وە لە ریوایەتێكی تردا هاتوە كە :{هەر كەسێك نوشتەیەك بە خۆیەوە هەڵواسێ ئەوسا بە حەقیقەت هاوبەشی داناوە بۆ الله}[2]

ولابن ابی حاتم عن حذیفة أنه رأی رجلا فی یده خیط من الحمی ، فقطعه ، وتلا قوله تعالی: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾[3] ئیبنو ئەبی حاتەم لە حوزەیفەوە هێناویەتی كە ، ئەو پیاوێكی دی كە لە دەستیدا

---

[1] اخرجه احمد (١٥٤/٤رقم ١٧٤٠٤ و ابو یعلی (٢٩٥/٣رقم ١٧٥٩)ودع الله له ،ای : ترك الله له .

٣- اخرجه احمد (١٥٦/٤رقم ١٧٤٢٢ و الحاكم (٢١٩/٤)

٣ سورة یوسف / ١٠٦ تفسیر ابن ابی حاتم (٢٢٠٨/٧رقم ١٢٠٤٠)بنحوه حذیفة حذیفة بن اليمان صاحب سر النبی ومن اعیان المهاجرین .

دەزو هەبو بۆ لابردنی تا ، ئەویش بچراندی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە کە ئەفەرموێ : { زۆربەی ئەوان باوەڕ ناهێنن بە الله مەگەر ئەوان موشریك بن }.

حوزەیفە : بریتیە لە حوزەیفەی یەمانی خاوەنی شتە پەنهانیەکانی پێغەمبەر ﷺو یەکێکە لە پیاوە دیاریەکانی کۆچکەران .

فی الصحیح عن أبی بشیر الانصاری أنه کان مع رسول الله فی بعض أسفاره فأرسل رَسُولًا أَنْ لَا يَبْقَيَنَّ فِي رَقَبَةِ بَعِيرٍ قِلَادَةٌ مِنْ وَتَرٍ أَوْ قِلَادَةٌ إِلَّا قُطِعَتْ / لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە لە ئەبو بەشیری ئەنساریەوە کە بێگومان ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بو لە هەندێ لە سەفەرەکاندا ، جا کەسێکی نارد کە : ( لە ملی هیچ حوشترێکدا گەردن بەنێك نەهێڵێ کە لە ژێ سیان گەردن بەند – کە بۆ چاوەزار کرابێ – مەگەر بیبچڕێت }[1]

و عن ابن مسعود قال : { سمعت رسول الله (ﷺ) یقول إِنَّ الرُّقَى ، وَالتَّمَائِمَ ، وَ التِّوَلَةَ شِرْكٌ / لە ئیبنو مەسعودەوە هاتوە کە وتی : ( بیستم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی فەرمو : بێگومان دوعاو نوشتەو چەورو شیرینیەکان شیرکە – تیولە،نوسراوێکە ئەنوسرێ بۆ شیرینکردنی ئافرەت بۆ پیاو یان پیاو بۆ ئافرەت کە کارێکی جادوگەرانەیە –}[2] چونکە خاوەنی ئەم سێ شتانە پشت بەوانە ئەبەستێت و ئەوانە بە کاریگەر ئەزانێ و الله

---

[1] اخرجه البخاری (٣٠٠٥) ومسلم (٢١١٥) .

[2] رواه احمد (٣٨١/١)رقم ٣٦١٥٠وابو داود (٣٨٨٣)وابن ماجه (٣٥٣٠)

ى لە بیر نەچێتەوە کە هەر خۆیەتی کاریگەرو ئەم وەسفەی اللە ئەدات بەو شتانەو ئەبێ بە موشریك ،جاچونکە کارەکە پڕمەترسیە روقیە ئەگەرچی ئایەتیش بێت مرۆڤ خۆی لێ بپارێزێ چاکترەو حورمەتی ئایەتەکەیش پارێزراو تر،.

وعن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُكَيْمٍ مرفوعاً {مَنْ تَعَلَّقَ شَيْئًا وُكِلَ إِلَيْهِ/ لە عەبدولاێ کوڕی عوکەیمە وە بە بەرز کراوەی هاتوە کە : ( هەر کەسێك هەر شتێك هەڵواسێت ـ بە خۆی یان مالّ یان ولاخ یان سەیارەی دا ـ ئەوە ئەدرێتە دەست ئەو شتەو اللە پشتگوێی ئەخات و یارمەتی نادات }[1]

إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ يَا رُوَيْفِعُ لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ بَعْدِي فَأَخْبِرِ النَّاسَ أَنَّهُ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ أَوْ تَقَلَّدَ وَتَرًا أَوْ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أَوْ عَظْمٍ فَإِنَّ مُحَمَّدًا بَرِيءٌ مِنْهُ / ئیمامی ئەحمەد لە رومەیفیعەوە هێناویەتی کە وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: ئەی رووەیفیع لەوانەیە کەتۆ تەمەنت درێژ بێ ، جا بە خەڵکی راگەیەنە کە بێگومان هەر کەسێك ریشی گرێ بدات ، یان ژێی کەوان لە مل بکات – بۆ لابردنی نەخۆشی و دەردو بەڵا – یان خۆی بە شیاکەی حەیوان پاك بکاتەوە ، یان بە ئێسقان ، ئەوسا بێگومان کە محمد (ﷺ) بێوەریە لەو کەسە}[2]

و عن سعيد بن جبير قال :{ مَن قطع تَمِيمَةَ مِن إنسَانٍ كَانَ كَعَدْلِ رَقَبَةٍ /

---

[1] رواه احمد (٤/٣١٠رقم ١٨٧٨١ و الترمذى(٢٠٧٢) والحاكم (٤/٢١٦) و الطبرانى فى (الكبير)(٢٢/٣٨٥رقم ٩٦٠

[2] اخرجه احمد (٤/١٠٨رقم ١٦٩٩٥) و ابو داود (٣٦) والنسائى (٥٠٦٧)

له سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە هاتوە کە وتی : هەرکەسێك نوشتەیەك لە کەسێك ببچڕێنێ خێری وەك ئازاد کردنی بەندەیەکە }[1]

وله عن ابراهيم قال {كَانُوا يَكْرَهُونَ التَّمَائِمَ كُلَّهَا ، مِنَ القُرآنِ وَغَيْرِهِ/ هەر ئیبنو ئەبی شەیبەوە لە ئیبراهیمەوە هێناویەتی کە هەمو نویشتەیەکیان پێ ناخۆش بو لە قورئان یان لە غەیری قورئان }[2].

باسی ئەو کەسەی کە درەختێك یان بەردێك یان هەر شتێکی وەکو ئەو دوانە بە پیرۆز بزانێ

عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ أَنَّهُمْ خَرَجُوا عَنْ مَكَّةَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى حُنَيْنٍ قَالَ وَكَانَ لِلْكُفَّارِ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا وَيُعَلِّقُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ يُقَالُ لَهَا ذَاتُ أَنْوَاطٍ قَالَ فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ خَضْرَاءَ عَظِيمَةٍ قَالَ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَ قَوْمُ مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ إِنَّهَا لَسُنَنٌ لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ سُنَّةً سُنَّةً / له ئەبو واقیدی لەیسیەوە هاتوە کە وتی : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) چوین بۆ حونەین ، وە ئێمە تازە لە کوفر دەرچوبوین ، موشریکەکان درەختێکی سیدریان هەبو کە لە بنیدا بۆ بەندایەتی کردنی دادەنیشتن ، وە چەکەکانیان پێدا هەڵئەواسی بۆ پیرۆز بون، پێیان ئەوت ( زاتو ئەنوات) خاوەنی نیشانەکان ، جا ئێمەیش دامان بەلای سیدرێکی سەوزی گەورەداو وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) (زاتو ئەنواتێکیش بۆ ئێمە دانێ ) وەك چۆن ئەوان زات و ئەنواتیان هەیە

---

[1] رواه وكيع / اخرجه ابن ابى شيبة فى (المصنف)(٣٦/٥رقم ٢٣٤٧٣)

[2] اخرجه ابن ابى شيبة فى (المصنف)(٣٦/٥رقم ٢٣٤٦٧، و ابو عبيد فى ( فضائل القرآن ) (٢٧٢/٢).

، جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە نیشانەی ناڕەزای و سەر سوڕمانەوە فەرموی : ( اللە اکبر ، بە بێگۆمان ئەوە داب و نەریتە کە ئێوە وتتان — سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە وەک چۆن بەنی ئیسرائیلی بە موسایان وت ( دەی خوایەکیش بۆ ئێمە دابنێ وەک چۆن ئەوان چەند خوایان هەیە ، وتی : بێگومان ئێوە گەلێکی نەزانن )) اعراف/ ١٣٨ بەراستی ئێوە پێ بە پێ بەسەر ڕەوشتی ئەواندا دەڕۆن ، ڕەوشت ڕەوشت}[1]

بزانە کە ئیمان ، بیرو باوەڕی ناو دەرونی و کردارە ئەمەش ئاشکرایە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر تەنانەت لە کەسێکدا هەندێ جار زۆرو هەندێ جار کەم دەبێ کەواتە ئیمان کەم و زیاد دەکات . بزانە کە کافر ئەبێت بە موسڵمان بە باوەڕ هێنان بەو شەش ئەسڵەی کە لە پێشدا باسمان کرد و اللە لە خراپەکانی پێشوی چاوپۆشی دەکات وەک ئەفەرموێ:

﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِن يَنتَهُواْ يُغۡفَرۡ لَهُم مَّا قَدۡ سَلَفَ ﴾ الانفال/ ٣٨

وە موسڵمانیش بە باوەڕنەمانی بە یەک لەو شەش شتانەی کە وتران ئەبێ بە کافرو لە ئایین دەر دەچێت و بە پاشگەز(المرتد) دەناسرێت جا ئەگەر خۆی نەگەڕایەوە بۆ ئیسلام خوێنی حەلاڵە پاش بڕیاری حاکم ، لەبەر فەرمودەی: { مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ / هەرکەسێ ئاینی خۆی گۆڕی بۆ کوفر ئەوسا بیکوژن }[2] ئاشکرایە

---

[1] اخرجه الترمذی (٢١٨٠) واحمد (٢١٨/٥رقم٢١٨٩٧)والنسائی فی (الکبرا) (٣٤٦/٦رقم١١١٨٥)

[2] - رواه البخاری و غیره

ئەم کارە بەبێ بڕیاری حاکم ئەنجام نادرێت.چونکە فیتنەکەی گەورەتر دەبێ.

بزانە کە مرۆڤ تا خۆی لە ژیاندایە کردارەکانی لەسەری تۆمار دەکرێت چاك یان خراپ ، بە مردنی کۆتایی پێ دێت بێجگە لەم چوار ڕێگایە کە پێغەمبەرمان(ﷺ) سێ یانی لەم فەرمودەیەدا کۆگردونەتەوە کە ئەفەرموێ:{ إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ/ هەرکاتێ مرۆڤ مرد کرداری خۆی کۆتای پێ دێ مەگەر لەم ڕێگانەوە یەکەم، لەچاکەیەکی بەردەوامەوە.یان زانیاریەك کەلەپاش خۆی سودی لێوەر بگیرێت. یان فەرزەندێکی چاکی کەدوعای بۆ بکات}[1]

چوارەم: ئەو کەسەی کە لە سەنگەری پێشەوەی موسڵمانان گیان لەدەست بدات ئەمیش کردارەکانی بۆ زیاد ئەکرێت هەتا ئەو کاتەی کە زیندو دەکرێتەوە بۆ حیساب.

بزانە هەر بەو شێوەیە ئەگەر کەسێك زانیاری خراپی لێ بەجێما یان جێگای خراپی دروستکرد هەتا هەبێت هەر خراپەی لەسەر ئەنوسرێ ، ئەمەش ستەمی لێ نەکراوە چونکە خۆی هۆی خراپەکەیەو هەر بەردەوامیشە .

بزانە مرۆڤ لە بنەڕەتدا اللە بڕیاری داوە کە خاوەنی ئیختار بێ بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای چاك یان خراپ چونکە بۆ تاقی کردنەوەی هێناوەتە

---

[1] - حدیث صحیح

ئەم ژیانەوە جا ئەگەر خاوەنی ئیختیار نەبێت تاقی کردنەوەکە بێ سودە، ئەوەش بزانە کە هیچ شتێك لە سنوری ئیرادەی اللە دەرناچێت ئەوەش بزانە کە ئیرادەو رەزامەندی جیان لە یەك، مەرج نیە کە هەرچی خوای گەورە ئیرادە بکات پێیشی رازی بێ و دەبی بزانین چۆن قسەئەکەن لەم بارەوە ٠

بزانە کە اللە زانایی تەواوو وردی بەسەر هەمو شتێکدا بوەو هەیەو ئەبێ وئەوەی نەبوە ئەگەر ببێ چۆن دەبێ.

هەر لە سەر بناغەی ئەو زانیاریەی کەهەیەتی ئەومتە پێش دروستبونی مخلوقات هەمو شتەکانی نوسیوە ، ئەمە مانای زۆر لێ کردن نیە بەڵکو ئەزانێ ئەوەی نیە ئەگەر ببێ چی دەکات و ئەو زانیاری خۆی نوسیوە، جا پاش و پێش نەبونەکەی بەڵگەی عالیەکەیەتی نەمانای زۆرکردنە لەخەڵك.

بزانە کە یەکەم پێغەمبەری خوا بۆخەڵك بەگشتی نوحە – علیە السلام – و ئاخیریش پێغەمبەرمانە محمدی کوڕی عەبدوڵای قورەیشی عەرەبی یە (ﷺ)

## باوەڕ بە پێغەمبەران

باوەڕ بەپێغەمبەران یەکێکە لەروکنەکانی عەقیدە،لەبەر ئەوەپێویستە لەسەر خەڵك کە باوەڕیان هەبێ بەهەمو پێغەمبەران بەبێ جیاوازی، وەك اللە سبحانە فرمان ئەداتو ئەفەرموێ: ﴿ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ

وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِىَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ / بڵێن : ئێمە باوەڕمان هێناوە بە خواو بەوەی کە ڕەوانە کراوەتە لامانو ئەوەی کە ڕەوانە کراوەتە لای ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق ویعقوب و(اسباط) بەوەی کە دراوە بە موسا وعیساو ئەوەی کە دراوە بە تەواوی پێغەمبەران

لە لایەنی خوای خۆیانەوە کە ئێمە هیچ جیاوازیەک دروست ناکەین لە نێوان ئەو پێغەمبەرانەداو هەمویان وەک یەک بە ڕاست دەزانین و پەیامی هەمویان بە حەق دەزانین و ئێمە تەنها بۆ اللە گەردن کەچین و بەندەو گوێ ڕایەڵی ئەوین.﴾[1] وەخوای گەورە ئەمە بەباوەڕی باوەڕداران دانەنێ، وەک ئەفەرموێ:﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ / ئەم پێغەمبەرە باوەڕی هەیە بەوەی

کە دابەزیوەتە لای لە لایەن پەروەردگاریەوەو باوەڕدارانیش هەمویان باوەڕیان هەیە بە اللە و بە فریشتەکانی و بە پێغەمبەرەکانی دەڵێن؛ جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کام لە پێغەمبەرانیەوە و هەمویان پێغەمبەری خوا بوون هەمویان ڕاست بوون و هەمویان ئیشی خۆیان بەتەواوی ئەنجام داوە،جاوتیان؛ بیستمان و گوێ ڕایەڵیمان کرد لێمان

---

[1]- سورة البقرة / ١٣٦

خۆشبە ئەی پەروەردگارمانو بۆ لای تۆیە گەڕانەوە﴾[1] جاالله هەندێکی لەو پێغەمبەرانە بۆ باسکردوینو هەندێکیشی باس نەکردوە، وەك ئەفەرموێ: ﴿ وَرُسُلًا قَدْ قَصَصْنَٰهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلًا لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ ۚ وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا /لەوانە کەسانێکمان لەپێشدابۆباسکردویتو هەندێکیشمان بۆباس نەکردویتو موسا بەقسە گفتو گۆی لەگەل خوادا کردوە﴾[2] ئەوانەی کەباسکراون ئەوانەن کەلەم ئایەتانەی خوارەوەناویان هاتوە، خوائەفەرموێ:﴿ وَتِلْكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيْنَٰهَآ إِبْرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ ۚ نَرْفَعُ دَرَجَٰتٍ مَّن نَّشَآءُ ۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ وَوَهَبْنَا لَهُۥٓ إِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ ۚ كُلًّا هَدَيْنَا ۚ وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ ۖ وَمِن ذُرِّيَّتِهِۦ دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَىٰ وَعِيسَىٰ وَإِلْيَاسَ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَٱلْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا ۚ وَكُلًّا فَضَّلْنَا عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[3] وەئەفەرموێ:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحًا وَءَالَ إِبْرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمْرَٰنَ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[4] وە ئەفەرموێ:﴿ وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ﴾[5] وە ئەفەرموێ:﴿ وَإِدْرِيسَ وَذَا ٱلْكِفْلِ ۖ كُلٌّ مِّنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾[6] وە

---

[1] - سورة البقرة / ٢٨٥
[2] - سورة النساء / ٦٤
[1] - سورة الأنعام / ٨٦
[1] - سورة ال عمران / ٣٣
[2] - سورة هود / ٥٠
[3] - سورة الأنبياء / ٨٦

ئەفەرموێ:﴿وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًا﴾[١] وە ئەفەرموێ:﴿ وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾[٢] وە ئەفەرموێ:﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا﴾[٣] ئەم پێغەمبەرانە کە بیستوپێنج کەسن کەناویان لەقورئاندا هاتوەوتەواوی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ هەرلەئادەمەوە هەتاخاتەم هەمویان بۆ ڕێنمای خەڵک ڕەوانە کراون، وەهیچ گەلێك بێ پێغەمبەر نەبوە کەبانگیان کردون بۆ یەکتا پەرستیو ناسینی خوای باڵا دەستو ڕێنمای کردنیان بۆ ڕێگای ڕاستو موژدەی بەهەشتیان داومبەپیاو چاکانیانو خراپەکارانیان لە تۆڵەو سزای دواڕۆژ ترساندوە، ئەوەتە ئەفەرموێ:﴿ تَٱللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ /سوێند بەالله بۆهەموگەلێکی پێش تۆ ناردراومان بۆناردوە﴾[٤] ژمارەی پێغەمبەران سەلامی الله یان لێ بێ هەرالله خۆی ئەزانێو بەڵگەیەکی سەحیح نیە لەسەر ژمارەیان، گەرچی وتراوە سەدو بیستو چوارهەزار یان دووسەدوبیستوچوارهەزار پێغەمبەرن (علیهم السلام).

## ناسینی پێغەمبەرمان درودی خوای لێبێ .

---

[٤]- سورة هود / ٦١
[٥]- سورة الأعراف / ٨٥
[٦]- سورة الأحزاب / ٤٠
[٧]- سورة النحل / ٦٣

پێغەمبەرمان درودی خوای لێبێ ناوی محمده کوڕی عەبدلّای کوڕی عەبدولموتەلیبه. دایکی ناوی ئامینەی کچی وەهەبه عەرەبەو لەتیرەی قورەیشه، له دوانزەی مانگی ربیع الاول لەسالّی فیل دا بەهەتیوی لەدایك بوەو لەتەمەنی شەش سالّیدا دایکی لەئەبوا ـ جێگایەکه لەنێوان مەکەو مەدینەدا ـ لەکاتی گەڕانەوەی لەمەدینه لەمالّی خالّوانی وەفاتی کردوەو لەتەمەنی بیستوپێنج سالّیدا یەکەم خێزانی هیناوه کەخاتون خەدیجەی کچی خوێلیدەو تەمەنی چل سالّ بوەو بێوەژن بوەو یەکێك بوه لەژنه هەرە ناودارەکانی قورەیش، منالّەکانی بێجگه لەئیبراهیم که له ماریەی قیبتی بوه هەمویان لەوئافرەته بەرێزەن کەچوارکچ بەناوی زەینەب و روقیەو کلسومو فاتیمەو دووکوڕ بەناوی قاسمەوتەیب بون، وه ئەم منالّانەی هەمویان پێش خۆی وەفاتیان کردوه بێجگه لەفاتیمه کەپاش نۆ مانگ له وەفاتی پێغەمبەرﷺ وەفاتی کردوه.

لەتەمەنی چل سالّیدا الله کردی بەپێغەمبەر لەکاتێکدا که لەئەشکەوتی حیرادا سەرگەرمی خواناسیو بەندایەتی بو بەناردنی سەرەتای سورەتی عەلەق بەجبرەئیل دا که روداوەکەی بەناوبانگه. وه پاش سێ سالّ فرمانی پێ کرا کەرای بگەیەنێت، پاش ئەوه لەلایەن خزمانیەوه خۆیوبارەکەمو بێدەسلاّتەکانی ئەشکەنجەو ئێشو ئازارێکی زۆریان چەشت که لەوماوەدا بۆبلاّو کردنەوەی ئەوبانگەوازه پیرۆزەی کەپێی سپێر رابو لەزۆر دەرگای دا بەلاّم بێ سودبو، پاش هەشت سالّی ئەوبانگەوازو ئێشو ئازاره لەشەوێکدا خوای بالاّ دەست شەوڕەوی پێکردو لەمەکەوه بردیه بەیتولوقەدەس و لەوێشەوه بەرزی کردەوه بۆ

ئاسمانەکانو نزیکی کردوە لەبارەگای خۆی کەهەر خۆی دەزانێ چۆنە (الاسراءوالمعراج)وەلەوشەوەدا پێنج نوێژی لەسەر خۆیو ئومەتەکەی فەرزکرد، وە هەرلەوسەفەرەدا گەشتێکی بەهشت وجهەنمی بەوشێوەی کەلە فەرمودەکانیدا هاتوە پێکردوزۆر شتی پیشان درا، هەرلەوشەوەدا هێنایەوە مەکە.

پاش کەمتر لەدووسالّی ئەورووداوەبەفرمانی الله خۆیو یارەکانیی لەمەکەوە کۆچیان کرد بۆمەدینەو لەوێ بناغەی حکومەتی الله ی دامەزراندو هەرلەرێگادا ماوەی غەزاکردنی پێدرا﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ /بەوانەی کەشەڕیان لەگەل کرا ماوەدرا کە غەزابکەن چونکە ستەمیان لێ کرا، وەبەبێگومان خوا بەتوانایە لەسەریارمەتی دانیان﴾[1]

## خێزانەکانی

خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ دایکی موسڵمانانن ئەبێ بەوجاوە تەماشابکرێن خوانەفەرموێ:﴿ ٱلنَّبِىُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ / پێغەمبەر لەپێشترە بۆ باوەڕداران لەنەفسی خۆیان و هاوسەرەکانی دایکیانن. ﴾[2]. پاش خاتون خەدیجە ئەم خێزانانەی هێناوە(سەودە، عائیشە، حەفسە، زەینەب ئومولەساکین،کەئەم هاوسەرەیشی لەژیانی خۆیدا وەفاتی کردوە.ئینجا ئومو حەبیبە، ئومو

---

[1] – سورة الحج / ٣٩

[2] – سورة الأحزاب / ٦

سەلەمە، زەينەبى كچى جەحش،جوەيريە، سەفيەومەيمونە خوالەھەمويان رازى بێت ـ كەئەم نۆيانەى تر پاش خۆى وەفاتيان كردوە.

## پەيامەكەى بۆ ھەمو خەڵكە

ھەموگەلێك پێغەمبەرى خۆى بوەو ئەركى راگەياندنى فرمانى خوابوە بەوانوكارى بەگەلێكى ترەوەنەبوە، سەرەكى ترين كارى ھەمويشيان ناساندنى خواو يەكتاپەرستى بوە ـ عليهم السلام ـ وەك خوائەفەرموێ:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ / بۆ ھەمو گەلێك رێنمای كەرێكمان ناردوە كە اللە بپەرستنو لەتاغوت دوربكەونەوە﴾[1] بەڵام پێغەمبەرمان ﷺ بۆ ھەمو خەڵكە بە ئينسانو جنۆكەيشەوە،وەك خواى باڵادەست ئەفەرموێ:﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا / ئەى خەڵكينە بێگومان كە من رەوانە كراوى خوام بۆلاى ھەموتان﴾[2] بەڵێ محمد ﷺ كۆتايى پێغەمبەرانەو پاش ئەوپێغەمبەرێكى تر نايەتو بەرنامەكەى بۆھەموخەڵكەو تا كۆتاى جيھان ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە خواى باڵادەست ئەركى پاراستنى گرتوەتە دەستخۆىو دەيپارێزێ وكەس ناتوانێ كەمو زيادێكى لێ بكاتوپێى نەزانرێتو بەرپەرچ نەدرێتەوە كەئەمەش گەورە ترينو ناشكراترين موعجيزەى پێغەمبەرايەتى پێغەمبەرمانە ﷺ .

## پێغەمبەران عليهم السلام بەشەرن

---

[1]- سورة النحل / ٣٦

[2]- سورة الأعراف / ١٥٨

پێغەمبەران بەشەر بوون و هیچ تایبەتمەندێکی خوایيان نەبوە ئەوەتە سەرداری پێغەمبەران ﷺ ئەفەرموێ: { لَا تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ/. زیادەرەوی مەکەن لەمن داو لەسنوری خۆم دەرم مەکەن وەك دیانەکان کوڕی مەریەمیان لەسنور دەرکرد- دەیان وت: کوڕی خودا یان خودای سێهەم - ئەوسا من هەربەندەی خودام جابلێن: بەندەی خواو پێغەمبەری خوا}[1].

## جێ نشینەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

جێ نشینە سەرراستەکان چوارکەسن کەبەتەرتیب لەپاش پێغەمبەر (ﷺ) کاروباری ئەم ئاینە پیرۆزەیان بەجوانی بەڕێوە بردوە کە بریتین لە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی خوا لەهەمویان ڕازی بێت.

## موژدەی بەهەشت پێدراوە کان

ئەوانەی کەموژدەی بەهەشتیان پێدراوە دە کەسن بریتین لەوچوار جێ نشینە بەڕێزانە (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی) وتەلحەو زبەیر و عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و سەعدو سەعیدو ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح کەئەمانەلەدنیادا پێغەمبەر ﷺ موژدەی چونە بەهەشتی پێداون کەلەهەمو یارەکانی تر گەورەترن. پاشان ئامادەبوانی غەزای بەدر ئینجا هەمو یارەکان پاشان تابعین پاشان هەر کەسێك کەبەجوانی پەیڕەوی لەوان بکات هەتا کۆتای دنیا، وەك ئەفەرموێ: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ

---

[1] - رواه البخاری

ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ / وەئەوانەی کەلە پێشدا باوەڕیان هێناوە لە کۆچەریو یارمەتی دەر، وەئەوکەسانەی کە تابیعی ئەوانن بە چاکە کە اللە لە وان رازییەو ئەوانیش رازیین لەفرمان ویاساکانی ئەوزاتەو لەو نیعمەتانەی کە پێی داوون‌و ئامادەی کردوە بۆیان چەندین باخچە کە چەندین جۆگایان بەناودا دەڕوات‌و بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوەو هەرگیز لە ناویدا دەرناچن جابەراستی ئەومیە بەهرەی زۆر گەورە.. ﴾[1]

وەباوەڕمان وایە کەموسڵمانانی ئەوسێ سەدەی سەرەتاییە لەهەمو موسڵمانانی پاش خۆیان راستروچاکترن وبەوان ئەوترێ پێشوانی چاك(السلف الصالح) چونکە پێغەمبەرمان ﷺ لەفەرمودەی{خیرالقرون قرنی} شایەتی چاکیەتی بۆداون.

## پێشەوایی لەئیسلامدا

موسڵمانان فەرزە لەسەریان کە پێشەوایەکی گشتیان هەبێت بۆسەرپەرشتی کردنی کاروباریان وچاودێری ئایین‌و سەقامگیرکردنی وپاراستنی موسڵمانان لەدین دوژمنان، ئەومبو یارەکانی پێغەمبەرمان ﷺپاش وەفاتی نەیان ناشت تاپێشەوایەکی راستگۆو نەترسیان هەڵبژارد کە بریتی بو لە(ئەبوبەکری سدیق) هاوڕێی پێغەمبەرمان ﷺ و یەکەم باوەڕکەر بەشەورەوی‌و سەرکەوتنی بۆ پێشگای اللە (الاسرا والمعراج) ورەفیقی هەمیشەیی‌و هاوڕێی غاری‌وئەوکەسەی کە پێغەمبەرمان ﷺ لە

---

[1] سورة التوبة / ١٠٠

كاتى نخۆشى مەرگيدا داينا بۆ ئيمامەتى نوێژى موسڵمانان لەجێگاى خۆيداويەكەم نماينەيشى بو بۆحەج .هەربۆيە هەڵبژاردنى بۆ ئەوئەركە قورسە بەئيجماعى ئومەت بوە.واتەبونى پێشەوايەكى خەمخۆر بۆئايين‌و موسڵمانان هەميشە ئەبێ هەبێت ئەگينا موسڵمانان گوناهبارن، ئيسلام رازى نيە سێ كەس بەيەكەوە سەفەربكەن مەگەر يەكێكيان بكەن بە ئەميرى خۆيان‌و دەبێ لەوسەفەرەدا بڕيارەكانى ئەنجام بدەن مادام تاوان نەبێت،ئەى چۆن دەبێ ئەم ئيسلامە گەورەيە بێ پێشەواو ئەميربێت لەحاڵێكدا كە خواباسى پەيڕەوى كردن ئەكات‌و دەفەرموێ:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ، / ئەى خاوەنِ باوەڕان گوێڕايەڵى الله بكەن‌وگوێڕايەڵى پێغەمبەر ﷺبكەن وە ئەوانەش كە خاوەنى ئەمرن لە ناو خۆتاندا﴾[1] ؟ واتە دەبێ هەميشەسەرپەرشتتان هەبێ‌و دەبێ پەيڕەوى فەرمانەكانى بكەن.

## هاتنى قيامەت ورووداوەكانى

رۆژێك دێت كەئەم دنيايە كاول ئەبێ وهەموچياكان ئەبن بەتۆزو با بەملاوبەولايدا دەبات‌وهەموچاڵيەكانى زەوى پێ پردەكاتەوە كە لەو زەويەدا هيچ بەرزى‌و نزمييەك نامێنێ‌و بەفرمانى الله فووبە كەڵەشاخدا ئەكرێت ئەوەى كە گيانلەبەرە هەموى دەمرێ پاش ماوەيەك كەهەندێ ئەڵێن چل ساڵە ديسان بەفرمانى الله جارێكى ترفوو بە كەڵەشاخدا(صور) ئەكرێت‌و هەمو زيندەوەران زيندو ئەكرێنەوە ، وەك ئەفەرموێ:﴿ وَنُفِخَ

---

[1] - سورة النساء / ٥٩

فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ / بە ئەمری (الله)، کە فووکرا بە کەڵەشاخدا لەلایەن ئیسرافیلەوە ئەو کاتە هەرچی گیانلەبەر هەیە لەناو ئاسمانەکانو لەناو زەویدا بێ هۆش دەبن‌ودەمرن جگە لەوانەی کە (الله) ویستی لە سەرمانیانە پاشان جارێکی تر فووی پێدا دەکرێت جا ئەوسا دەست بەجێ هەڵدەستەوە کەبەچاوی خۆیان ئەم راستیە دەبینن.﴾[1] جاهەموخەڵک لەزەوی مەحشەردا کۆئەکرێنەوە بەروتو قوتیو پێ خاوسیو سونەت نەکراویو رۆژ دێتەیەك میلی، جا هەر کەسێك بە گوێرەی کرداری خۆی لەناوقوڕولیتەی عارەقی خەڵکدایە، هەیە تاقاپیو هەیەتا چۆکیو هەیە تاناوکیو هەیە تاچەناکەی، بەڵام حەوت تاقم هەیە لەورۆژەدا کەلەژێر سێبەری عەرشی خوادان کەجگە لەوسێبەرە سێبەرێکی تر نیە وەك لە فەرمودەی سەحیحدا هاتوە{ سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمْ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ الْإِمَامُ الْعَادِلُ وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ أَخْفَى حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ }[2]

حەوت تاقم هەن کەخوا لەسێبەری خۆی سێبەریان بۆئەکات لەورۆژەدا کەهیچ سێبەرێك نیە جگەلەسێبەری خۆی: پێشەوای دادپەروەر ، گەنجێك کە لەبەندایەتی پەروەردگاریدا پەروەدە بوبێت،

---

[1] سورة الزمر / ٦٨
[2] متفق عليه

پیاوێك كه دڵی پەیوەست بێ بەمزگەوتانەوە، دووپیاو كەیەكتریان خۆشبێت لەبەر خواوەهەر لەسەر ئەوە كۆببنەوەوەهەر لەسەر ئەویش لەیەك جیابنەوە، پیاوێك كه ئافرەتێكی خاوەن پایەوقەشەنگ بانگی بكات بۆداوێن پیسی بەڵام ئەوبڵێ بەڕاستی لە خوا ئەترسمو ئەوكارەنەكات، پیاوێك كه چاكەی كرد بیشارێتەوە كه دەستی چەپی نەزانێ دەستی ڕاستی چی بەخشیوە،وەپیاوێك كەلەچۆڵێدا ناوی الله ی بردوە فرمێسك بەچاوەكانیدا هاتوەتەخوارەوە.

## شەفاعەتی گەورە

پاش ماوەیەكی زۆرو هەراسان بونی خەڵك ئەوەندە بەتەنگ دێن تاقمێك لەوخەڵكە ڕاوێژ لەگەل یەكتردا دەكەن بەڵكو ڕێگایەك پەیدا بكەن بۆ دەرچون لەوجێگایە ئەگەر بۆدۆزەخیش بێتا ئینجا بیردەكەنەوە كەبچن بۆلای ئادەم كەالله هەر بەخۆی دروستی كردوە بەڵكو تكایان بۆبكاتو لەوتەنگانە سەختە رزگاریان ببێت، بەڵێ دەچن بەڵام ئادەم علیەالسلام ئەفەرموێ:من لەدنیادا نافەرمانیەكی خوام كردوە وخوایش نەمرۆ وا ڕقی هەستاوە كەهەرگیز وانەبوە ونابێ، بڕۆن بۆلای نوحوئەویش هەروەها بەڕێیان ئەكات بۆلای ئیبراهیم ئەویش بۆلای موساو ئەویش بۆلای عیسا(علیهم السلام)ئەویش ئەڵێ بچن بۆلای محمد جاكاتێ كەدێنەلای ئەفەرموێ، بەڵێ من بۆ ئەوە دانراوم وەك ئەفەرموێ:{ لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لِأُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَهِيَ نَائِلَةٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِي لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا / بۆهەمو پێغەمبەرێك دوعایەكی وەرگیراو بوە جا هەر

پێغەمبەرێك پەلەی کردوە بۆ ئەودوعایە ولەدنیادا کردویەتی، وەمن دوعای خۆمم شاردوەتەوە ، تا شەفاعەت بێت بۆ نومەتەکەم لەرۆژی قیامەتدا جا ئینشائەلا ئەگات بەهەرکەسێ بمرێ وهیچ هاوبەشییەکی بۆالله دانەنابێت }[1] ئەوسا لە پێشگای الله دا سوجدە دەبات و بەوشێوەی کەالله ئەوکاتە فێری دەکات یادی الله دەکاتو سەر بەرزناکاتەوە تاالله ئەفەرموێ: سەرت هەڵبڕەو داوابکە پێت دەدرێت و تکاوشەفاعەت بکە شەفاعەتت لێوەرئەگیرێ ئەوسا پێغەمبەرمان ﷺداوای ماوەدان بەشەفاعەت کردنی پێغەمبەران علیهم السلام دەکات جاپەروەردگاری میهرەبان ماوەدەدات و شەفاعەت دەست پێدەکات کەئەم شەفاعەتەی پێغەمبەرمان ﷺ شەفاعەتی گەورەی پێدەوترێت چونکە تەواوی نەوەی نادەم بەو شەفاعەتەی دەزانێ و ئەبێ بەهۆی رزگار بونی خەڵك لەسەرای مەحشەر ئینجا پەڕاوی کردارەکانی خەڵك بلاو ئەکرێتەوە جائەوەی کە بەدەستی راستی بدرێت لەخۆشیدا هاوارئەکاتوئەڵێ: ها، خەڵکینە پەڕاوەکەم بیخوێننەوەوخۆشی و شادمانی هەمو لەشی ئەگرێتەوە بەڵام ئەوانەی کە بەدەستی چەپی ولەپشتیەوە پەڕاوی کردارەکانی پێ بدرێت ئەوەندە شەرمەزارە لەخوای دەوێت کەس پێی نەزانێت، ئەڵێ خۆزگا هەرزیندو نەبومایەوە بەڵام ئەو خۆزگەیە بێسودەوەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِيَمِينِهِۦ فَيَقُولُ هَآؤُمُ ٱقْرَءُوا۟ كِتَٰبِيَهْ إِنِّى ظَنَنتُ أَنِّى مُلَٰقٍ حِسَابِيَهْ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ فِى جَنَّةٍ عَالِيَةٍ قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَآ أَسْلَفْتُمْ فِى

---

[1] متفق علیه و اللفظ لترمذی

ٱلْأَيَامِ ٱلْخَالِيَةِ وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ فَيَقُولُ يَٰلَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَٰبِيَهْ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ /ئەوسا ئەو کەسەی کە بەدەستی ڕاستی نامەی کردارەکانی پێ بدرێت جالەخۆشیاندا هاوار دەکات‌و دەڵێت بگرەو بیخوێننەوە نامەی کرارەکانی من، بێگومان من دڵنیابوم کە دەگەم بە حیسابی خۆم بۆیە باش خۆم بۆ ماندو کرد، جا ئەو کەسە لەناو ژیانێکدایە کە ژیانێکی خۆشە‌و هیچ ناخۆشیەکی تێدانیە‌و لەناو باخچەیەکدایە کە جێگاو کۆشك‌و درەختانی هەمویان بەرزن،کە هێشوی میوەی ئەو باخچەیە هەرچەند بەرزیش بێت نزیك دەبێتەوە بۆ خاوەنەکەی، ـ جاپێیان دەوترێت ـ بخۆنەوە عافیەتتان بێت بەهۆی ئەو ئیشە باشانەی کە دەست پێشخەریتان کردبو بۆی لەو زەمانەی دنیا کە ڕۆیشت. وە ئەو کەسەی کە نامەی کردارەکانی بە دەستی چەپی پێ بدەردێت (ئەوەندە شەرمەندە دەبێت‌و سزای لەبەرچاو دیارە) دەڵێت خۆزگە نامەی کردارم پێ نەدرایە،حیسابی خۆمم هەر نەزانیبایە،خۆزگە ئەم مردنەم بۆ هەمیشەبووایە‌و زیندوو نەبووماینەوە،مالەکەم هیچ سوودی پێ نەدام،دەسەڵاتو هێزم لەناوچوو،﴾[1] هەر وەهاپێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ،{ إِنَّ اللَّهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ فَيَقُولُ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ أَيْ رَبِّ حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيَقُولُ الْأَشْهَادُ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ

---

[1] سورة الحاقة / ١٩ ـ ٢٧

عَلَـــى الظَّـــالِمِينَ/ بێگومـان کـه الله بـاوەڕداری واهەیەکەلـەخۆی نزیـک دەکاتەوەئینجا باڵی دەخێتە سەریو دایدەپۆشێت ئەوسا دەفـەرموێ: ئایـا فلاّن گوناحت دەزانی؟ ئایـا فلاّن گوناحـت دەزانـی جـا یـەژێ: بـەڵێ ئـەی پـەروەردگارم، هـەتاوای لـێ دەگـات کـه دان بـه گونـاحی خۆیـدا بنێـتو ئیتربێـی وایـه تـازه لەناوچـوه،خوا دەفـەرموێ: لـەدنیادا بـۆم شـاردیتەوەو ئەمڕۆش لێت خۆش دەبم جـا نامـەی چاکه کـانی پـێ دەدرێـت، بـەڵام بـۆ خوا نەناسو دووروئەوسا شایەتەکان لەبارەیانەوه دەڵێن: ئائەوانه درۆیان بـەدەم پـەروەردگاری خۆیانـەوه کـردوه، هۆخەڵکینـه ئاگـادارین، لەعنـەتی خـوا نەسـتەمکاران}[1]. ئینجا هـەمو دەبرێنـه سـەرپردی سیرات کەبەسـەر جەهەنمدا دەڕوات، جا لەوکاتەدا ئەم زەویه دەگـۆڕێ بەزەوییـەکی تر،ئینجا ئەوانـەی کەنامـەیان بەدەستی چـەپ وەرگرتوەدۆزەخین،جـا فریـشتەکانی مـەئمورسـەروقاچـیان دەگـرنو لـەوپردەوه فڕەیـان دەدەنـه نادۆزەخـەوه ئـەوانی تـریش تـا نامـەی تێپـەڕبونیان پـێ نـەدرێت ماوەیـان پێنـادەن کەتێپـەڕبن پـاش وەرگـرتنی نامـه ئینجا هـەر کـەس بـەگوێرەی کـرداری خۆی بەسەر ئەوپردەداتێدەپەڕێ هەندێکی وەك بروسكو هەنـدێکی وەك سـوار چـاكو هەنـدێکی وەك پیـادێکی سـاقو هەندێکیـشی بـه گاوەڵکـێ وسـەدان بـرینی لـێ دەکـرێ تارزگـاری دەبـێ، وە پـێش هـەمو کـەس پێغەمبـەرمان ﷺ لەوبـەری پردەومیـەو داوای رزگـاربون دەکـات بـۆ ئومەتەکەی.

## ئەزانی موفلیس کێیە؟

---

[1] – رواه البخاری

موفلیس ئەوموسڵمانەیە کەنامەی بەدەستی راستی وەرگرتووەو لەپردی سیرات پەڕیوەتەوە بەڵام جنێوی‌داوەبەم‌وبختیانی کردوە بۆئەوەو مالی ئەمەی خواردوەو خوێنی ئەوی رژاندوەو..و..هتد جاهەرکەسێك لەوانەدێت‌وبەشێك لەعیبادەت‌و چاکەکانی دەبات تاهیچی نامێنێ بەڵام هێشتا حەقی خەڵکی لەسەرماوە ئینجا لەتاوانی ئەوانەی ئەخرێتە سەرو بەرەو جهەنم دەیگێڕنەوە. ئەوسایەکەم پرسیار لەناوعیبادەتەکاندا لەبارەی نوێژەوەیە، وەیەکەم پرسیار لەبارەی خەڵکەوە پرسیاری دەراوسێیەو یەکەم پرسیاری مافەکانی خەڵك لەبارەی خوێن‌وکوشتنی ناحەقەوەیە، پاش تەواوبونی ئەوحیسابە ئینجا بەرەو دەرگای بەهەشت دێن‌و یەکەم کەس کە لەدەرگای بەهشت دەدات پێغەمبەرمانەﷺ ئەوەڵ کەسە کەدەچێتە بەهشتەوە ئینجا ئومەتەکەی کەئاخر ئومەتە لەدنیاداو ئەوەڵ ئومەتەلەچونە بەهشتدا.

## بەهەشت‌وخۆشیەکانی

بەهشت ئەوجێگا پرخێرو بەیرەیە کەپەروەردگاری میهرەبان ، بەسۆزو بەخشندەیی خۆی ئەیبەخشێت بەباوەڕداران کەدەفەرموێ:﴿ وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ أُعِدَّتۡ لِلۡمُتَّقِينَ / پەلەبکەن بۆبەهەشتێك کەپانیەکەی بەئەندازەی ئاسمانان‌و زەویە﴾[1] وەئەفەرموێ:﴿ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ / بەکاسەی

[1] سورة ال عمران/ ١٣٣

زێڕین‌وپەردا‌خانی پڕلەمیوەو شەرابدا بەناویانداد‌ێن‌و دەچن، وەلەناویدایە ئەوەی کەنەفس بیەوێ وچاوچێژی لێ وەرگرێت﴾[1] وە ئەفەرموێ:﴿ مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ ۖ فِيهَآ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى ۖ وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ ۖ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ / وێنەی ئەو بەهشتەی کە بە پەرهیزکاران بەڵێن دراوە ئا بەم شێوەیە کە لەناویدا چەندین جۆگای ئاوی تێدایە کە نەگۆڕاون‌و چەندین جۆگای شیری تێدایە کە ئەوانیش تامیان نەگۆڕاوەو چەندین جۆگای شەرابی تێدایە کە پڕ تامە بۆ ئەوانەی کەدەیخۆنەوەو چەندین جۆگای هەنگوینی پاڵفتەی تێدایە سەرەڕای ئەوەش لە هەمو بەروبومێکیان بۆ هەیەو چاوپۆشی پەروەردگاری خۆیشیان دەیانگرێتەوە ئایا ئەو کەسەی ئالەم ژیانەدا بێت وەکو ئەو کەسە وایە کە هەمیشە لەناو ئاگردابێت‌و ئاوی داخی وایان پێ بدرێت کە ڕیخۆڵەکانیان پارچە پارچە بکات؟﴾[2] بەراستی ئاو ومیوە و درەختەکانی ناوی‌وپۆشاکی سەوزی تەنک‌و قایمی هەورێشمی تەنها ناوەکانی وەک ناوی ئەم دنیایە ئەگینا هیچی لەم دنیایەدا دەس ناکەوێت‌وتاپێی نەگەین ناتوانین لێی حاڵی ببین، خواردن‌و خواردنەوەهەیە بەڵام میزوپیسی‌و بەڵغەم نیەو تەمەنی هەمومرۆڤێکی بەهشتی لە سی‌وسێ ساڵیدایەو هەرگیزلەوتەمەنە دەرناچن‌و شەست

---

[1] سورة الزخرف / ٧١

[2] سورة محمد / ١٥

گەزبالأیەتی لەحەوت مەتر قەبارەداو منالأنی هەمیشە منالّی تێدایە کەهەمیشە بەبێ ماندوبون سەرقالّی خزمەتکردنو ماندونابن وەك مێش هەنگ، سەرماوگەرمای تێدا هەست ناکرێت، ئەمە هەمیشەییەودوای نایەت، هەموشتەکانی ناوی بەناوو درەختو میوە وبالّندەکانی رام وگەردن کەچی بەهەشتیانن، درەختی وای تێدایە سەدسالّ سوار بەژێریدا بڕوات هێشتا لەژێری دەرناچێت، ئافرەتەکانی حەفتارەنگ پۆشاکیان لەبەردایەو کەلەژێر ئەوانیشەوگۆشتی ئەبینرێتو لەناوگۆشتیدا ئێسقانی دیارەولەناو ئێسقانیدا مۆخی ناوئێسقانی دەبینرێتو هەموئافرەتێکیشی تەنها چاوی لە هاوسەری خۆیەتی، جافەرمون با لەسورەتی (طور)وپاشان (الرحمن)موە سەرێك لەوبەهەشتەبدەین، خوای زاناوکاربەجێوشکۆدار ئەفەرموێ،﴿ إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ وَنَعِيمٍ فَٰكِهِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمْ رَبُّهُمْ وَوَقَىٰهُمْ رَبُّهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ كُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ هَنِيٓـًٔۢا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ سُرُرٍ مَّصْفُوفَةٍ ۖ وَزَوَّجْنَٰهُم بِحُورٍ عِينٍ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَآ أَلَتْنَٰهُم مِّنْ عَمَلِهِم مِّن شَىْءٍ ۚ كُلُّ ٱمْرِئٍۭ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ وَأَمْدَدْنَٰهُم بِفَٰكِهَةٍ وَلَحْمٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ يَتَنَٰزَعُونَ فِيهَا كَأْسًا لَّا لَغْوٌ فِيهَا وَلَا تَأْثِيمٌ وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ قَالُوٓا۟ إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِىٓ أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَىٰنَا عَذَابَ ٱلسَّمُومِ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلُ نَدْعُوهُ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْبَرُّ ٱلرَّحِيمُ [1] / بێگومان پەرهیزکاران وان لەناو باخچەگەل‌و نازو نیعمەتدا، ڕادەبوێرن‌و

---

[1] - سورة الطور / ١٧ - ٢٨

شادمانن بەوەی کە پەروەردگاریان پێی بەخشیون‌و پەروەردگاریان لە سزای دۆزەخ پاراستوونی، ئەوسا پێیان دەوترێت، بخۆن‌و بخۆنەوە لەجیاتی ئەوەی کە کردووتانە‌و عافیەتتان بێت، لەسەر تەختی ڕیزکراو پاڵ دەدەنەوەو کچی سپی‌و چاو گەورەمان پێداون، وە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو ئەوانەش کە پەیڕەویان کردوون لە زاو ڕۆڵەکانیان بە بیرو باوەڕ ئەوە زاو ڕۆڵەکانیان پێدەگەیەنین لە بەهەشتداو هیچ شتێکیش لە چاکەی ئەوان کەم ناکرێتەوەو هەمو کەسێکیش لە بارمەتەی کردەوەی خۆیدایە﴾[1]، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { إِنَّ اللهَ لَيرفَعُ ذُرِيَّةَ الْمُؤمِنِ إِليهِ فِي دَرَجَتِهِ وَإِن كانُوا دُونَهُ فِي الْعَمَلِ لِتَقَرَّ بِهِم عَينُه ثُمَّ قَرَأَ [وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ...الآية] ثُمّ قَال وَمَا نَقَصنَا الآباءَ بِما أَعْطَينَا الْبَنِينَ / بێگومان کەالله سبحانه، نەوەی باوەڕدار بەرز دەکاتەوەبۆلای هەرچەند لەکرداری چاکیشدا لەپلەی ئەودا نەبێت تاچاوی بەوان ڕۆشن بکاتەوە لەپاشان ئەم ئایتەی خوێندەوە﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱتَّبَعَتۡهُمۡ ذُرِّيَّتُهُم بِإِيمَٰنٍ ...الایە﴾ پاشان فەرموی، خوافەرموی،ئێمە لەپاداشتی باوکانی ئەوانمان کەم نەکردوەتەوە بەهۆی ئەوبەخششەی کەداومانە بەنەوەکانیان}[2] بەڵێ باوەڕداران مادام باوەڕیان هێنابێت دەگەیەنرێن بە پلەی بەرزی باوکانیان لە بەهەشتدا ، وە میوەی فرەوان‌و هەر گۆشتێك کە ئارەزۆی بکەن پێمان داون،لەوێدا پیاڵەی شەراب بەیەکتر دەگۆڕنەوە جا نە قسەی پڕو پوچی

---

[1] - سورة الطور / ١٧ - ٢٨

[2] – سلسلة الصحيحة

تێدایەو نەگوناهباریش دەبن تێیدا بەڵکو هەرکەیەو سەیرانوسەلام سەلامە، وە خزمەتکاری تازە پێگەیشتوی کوڕانیان هەیە کە بە خزمەتکردنیان سەرگەرمن ئەوەندە سپین هەروەکو دانەی مرواریین لەناو تێکوڵدا کە هەرگیز تۆزی لێ نەکەوتبێت، جارووەکەنە یەکترو لە یەکتر دەپرسن لەو نازو نیعمەتەی کە خودا پێی داونو چۆن ئەو خێرە گەورەیان دەستکەوتوە؟ دەڵێن: بۆیە ئەمەمان پێدراوە چونکە بێ شك ئێمە لە دنیادا لەناو خاوخێزانی خۆماندا لە خودا دەترساینو خۆمان لەو شتانە دەپاراست کە خودا لێمان عاجزببێت ، ئەوساخوایش ئەم چاکەیەی لەگەڵ ئێمەدا کردو لەو سزا ژەهراویە پڕ ژانەی پاراستین،بێگومان ئێمە لە دنیادا هەر ئەومان دەپەرست چونکە ئەوبەبێشك چاکەکارو میهرەبانە﴾ وە لەسورەتی رەحمان دا ئەفەرموێ:﴿ وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ جَنَّتَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ذَوَاتَآ أَفْنَانٍ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِمَا مِن كُلِّ فَٰكِهَةٍ زَوْجَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ مُتَّكِـِٔينَ عَلَىٰ فُرُشٍۭ بَطَآئِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ ۚ وَجَنَى ٱلْجَنَّتَيْنِ دَانٍ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِنَّ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ كَأَنَّهُنَّ ٱلْيَاقُوتُ وَٱلْمَرْجَانُ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ وَمِن دُونِهِمَا جَنَّتَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ مُدْهَآمَّتَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِمَا عَيْنَانِ نَضَّاخَتَانِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِمَا فَٰكِهَةٌ وَنَخْلٌ وَرُمَّانٌ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ فِيهِنَّ خَيْرَٰتٌ حِسَانٌ

فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ لَمْ يَطْمِثْهُنَّ إِنسٌ قَبْلَهُمْ وَلَا جَآنٌّ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ مُتَّكِئِينَ عَلَىٰ رَفْرَفٍ خُضْرٍ وَعَبْقَرِيٍّ حِسَانٍ / [1] وە بۆ هەر كەسێك كە لە دنیادا لە پەروەردگاری خۆی ترسابێت لە رۆژی قیامەتدا دوو باخی هەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی،{ إِنَّ فِي الْجَنَّةِ جَنَّتَيْنِ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا مِنْ فِضَّةٍ وَجَنَّتَيْنِ آنِيَتُهُمَا وَمَا فِيهِمَا مِنْ ذَهَبٍ وَمَا بَيْنَ الْقَوْمِ وَبَيْنَ أَنْ يَنْظُرُوا إِلَى رَبِّهِمْ إِلَّا رِدَاءُ الْكِبْرِيَاءِ عَلَى وَجْهِهِ فِي جَنَّةِ عَدْنٍ / بێگومان لەناو بەهەشتی گەورەدا دووباخچە هەیە کەزەرفەکانیو هەرچی تێدا هەیە لەزیوەو دووباخچەی تر کەزەرفەکانیو هەرچی تێدا هەیە لەزێرەو لەنێوان ئەوگەلەو لەنێوان ئەوەی کەبڕوانن بۆ پەروەردگاری خۆیان تەنها عەبای گەورایەتیە لە سەر ڕوی ئەوزاتە، لەناو باخچەی هەمیشەیی حەسانەوەدا }[2]. سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ هەردوو باخەکە خاوەنی درەختی جڕوپڕو بە پەلکوپۆن، دەسا ئێوە ئەی جنۆکەو مرۆڤ بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ لەناو ئەو دوو باخچەدا دوو چاوگەی ئاوی تێدایە کە هەمیشە دەڕوات، سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ لەناو ئەو دوو باخچەدا هەمو میوەیەکی تێدایەو جووتی یەکن‌ولەیەك دەچن، سا ئێوە ئەی جنۆکەو مرۆڤ بە کام چاکەی پەرودردگارتان باوەڕ ناکەن؟ لەسەر ڕایەخگەلێك کەتانەکانیان لە

---

[1] سورة الرحمن / ٤٦ ـ ٧٦

[2] رواه مسلم و غيره

هەورێشمی ئەستورە پاڵێانداوەتەوەو میوەی گەیشتوی ئەو دوو باخە نزیکە لێیانەوەو بە هەر شێوەیەك بن دەستیان پێی دەگات، سا ئێوە ئەی جنۆکەو مرۆڤ بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ وە لەسەر ئەو ڕایەخانە ئافرەتانێکی لەسەرە کە هەر چاویان لە هاوسەرەکەی خۆیانەو کەس لەو بە جوانتر نازانن و ئەو ئافرەتانە هەمویان کچن و پێش ئەو مێردەی خۆیان نە جنۆکەو نەمرۆڤی تر توخنیان نەکەوتون، سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ ئەو ئافرەتانە ئەوەندە پاك و سپی و جوانن هەر دەڵێی مرواری گەورەو بچوکن لەوناوەدا پرژاون، سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ لەم بارەوە دەیان فەرموودە هەیە بەڵام ئێمە لێرەدا یەکێك لەو فەرمودانە دەهێنین کە دەفەرموێ: {إِنَّ أَوَّلَ زُمرَةٍ تَدخُلُ الجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ القَمرِ لَيلَةَ البَدرِ، وَالَّتِي تَلِيهَا عَلَى أَضوَإِ كَوكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّماءِ، لِكُلِّ امرِىءٍ زَوجَتَانِ اثنَانِ، يُرَى مُخّ سُوقِهِما مِن وَرَاءِ اللَّحمِ، وَمَا فِي الجَنَّةِ أعزَب /بێ شك یەکەم تاقمێ کە دەچنە بەهەشتەوە لەسەر وێنەی مانگی چواردەمن و ئەوەش پاش ئەوان دەچێت لەسەر شێوەی ڕوناکترین ئەستێرەی ئاسمانگە، هەر پیاوێکی بەهەشتی دوو هاوسەری هەیە کە مۆخی قاچیان لەژێر گۆشتەوە دیارە، وە لەناو بەهەشتدا هیچ کەس بێ هاوسەر نیە}[1] ئایا پاداشتی چاکەو خوداپەرستی و یەکتاپەرستی جگە لە چاکە کە بەهەشت و نازو نیعمەتەکانیەتی شتێکی تر هەیە؟ واتە ئەوان منیان پەرستوەو منیش بەهەشتیان پێ دەدەم، جابە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ جگە لەو دووانە دوو باخچەی تریش

---

[1] - رواه مسلم و غيره

هەن كە پلەيان كەمترە لە دوو باخچەكەى پێشوو، سا ئێوە ئەى جنۆكەو مرۆڤ بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ ئەو دوو باخچە ئەوەندە سەوزو تێرئاو و بە ڕەونەقن لە دوورەوە ڕەش دەنوێنن، سا ئێوە بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ لەناو ئەو دوو باخچەدا دوو چاوگەى ئاوى تێدايە كە هەڵدەقوڵێن، سا ئێتر ئێوە ئەى جنۆكەو مرۆڤ بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ لەناوياندايە ميوەى زۆرو دارخورماو هەنار، سا ئێوە بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ لەناو ئەو باخچانەدا ئافرەتانى چاك‌و جوانى تێدايە، سا ئێوە بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ ئافرەتى چاو گەورەو چاوڕەش لەناو ئەوخێوەتانەدان، دەسا ئێوە بە كام چاكەى پەروەردگارتان باوەڕ ناكەن؟ لە فەرموودەى سەحيحدا كە ئيمامى بوخارى‌و مسلم هێناويانە هاتووە كە پێغەمبەرى خودا ﷺ فەرمويەتى:

{إنَّ في الجَنَّةِ خَيمَةً مِن لُؤلُوءَةٍ مُجَوَّفَةٍ عرضُها سِتُّونَ ميلاً (طولُها سِتُّونَ ميلاً )في كُلِّ زَاويَةٍ مِنها أهلٌ مايَرَونَ الاخَرينَ، يَطُوفُ عَلَيهِمُ المُؤمِنُونَ/ بێگومان لەناو بەهشتدا خێوەتى مرواری ناوبۆشى تێدايە پانايیەكەى شەست، میله (و درێژیەكەشى شەست میله/ له هەمو گۆشەیەكى ئەو خێوەتەدا خێزانى باوەڕدارانى تێدايە كە ئەوانى تر نایبینن، كە باوەڕداران بەسەریاندا دەسوڕێنەوە}[1]. جا پەروەردگار دەفەرموێت: كە ئەو ئافرەتانە پێش ئەو هاوسەرەى خۆیان نە مرۆڤو نە جنۆكە توخنیان نەكەوتون‌و هەمیشە كچن، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: { وَلَوْ اطَّلَعَتْ امْرَأَةٌ مِنْ نِسَاءِ أَهْلِ

---

[1] - رواه مسلم

الْجَنَّةِ إِلَى الْأَرْضِ لَمَلَأَتْ مَا بَيْنَهُمَا رِيحًا وَلَطَابَ مَا بَيْنَهُمَا وَلَنَصِيفُهَا عَلَى رَأْسِهَا خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا / ئەگەر ئافرەتێك لەئافرەتانی خەڵکی بەهشت بێنە سەر زەوی نێوانی ئاسمانگ‌وزەوی پڕدەکەن لەبۆنی خۆش ونێوانیان پاك‌وخۆش دەبێت‌و بەراستی ئەوسەرپۆشەی کەلەسەر سەریەتی چاکترە لەدنیاو لەوەی کە تێیدایە }[1] سا ئێوە بە کام چاکەی پەروەردگارتان باوەڕ ناکەن؟ شانیان داناوە لەسەر پایەخ‌و پاڵپشتی بەرزو بە پارچەی سەوزو نایاب‌و جوان داپۆشراو﴾بەڵێ ئەوەی کەباسمان کرد لەبارەی بەهشتەوە نمونەیەك بو داواکارم لەخوای میهرەبان کە پیکات بەنسیبی هەمومان . ئایا ئەزانی کەبەهشت دەشتێکی کاکی بەکاکیەو درەخت‌و چێنراوەکانی( سبحان الله، الحمدلله، لااله الاالله، الله اکبر)ـە جا چەند دەتوانی لەدنیادا بۆخۆتی بنیژە، بەراستی هەرئەوجێگایە شایستەی کێبەرکێ بۆ کردنیەتی. ئایا ئەزانی کەساقی درەختەکانی بەهشت هەمویان لەزێڕن؟ پێغەمبەری خوا ـ درودی خوای لێ بێ ـ ئەفەرموێ:

{ مَا فِي الْجَنَّةِ شَجَرَةٌ إِلَّا وَسَاقُهَا مِنْ ذَهَبٍ / هەرچی درەخت هەیە لەبەهشتدا قەدەکانی لەزێرە}[2].

ئایائەزانیت کەباوەڕداران لەبەهشتدا خوای خۆیان ئەبینن هەروەك چۆن لەدنیادا مانگی چواردە ئەبینن؟

ئایائەزانیت کە ئەم ئومەتە لەچاو گەلانیتردا وەك یەك تەڵ موی سپی لەگایەکی رەشدا یان یەك تەڵی رەش لەگایەکی سپیدا وایە؟ لەگەل

---

[1] - رواه احمد و الألبانی صحیح

[2] - الترمذی حسن لغیره

ئەوەشدا نیوەی خەڵکی بەهەشت لە ئەم ئومەتەی پێغەمبەرمانە صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ ولله الحمد والمنة.

## جەهەنم و ناخۆشیەکانی

جەهەنم ئەوجێگا ناخۆشەیە کەپەروەردگار داینـاوە بۆ خوانەناس‌و موشریك‌ومونافق‌و دەغەڵ‌وستەمکارو تاوانباران کەخاوەنی ئاگرێکی داخی وایە کەپەنجاونۆ پلە گەرماییەکەی لەم ئاگرەی خۆمان گەرم تـرە کەئێمە بەم ئاگرەی خۆمان ئاسن ئەتاوێنینەوە، لەناو ئەوئاگرەدا درەختی زەقنەموت هەیە کەبەرەکەی وەك دڕکی حوشترخوارەو خواردنی دۆزەخیانەو هەرچی ئەکەن لەگەرویان ناچێتە خوارەوە بەڵام هەردەبێ بیخۆن جا بەپەلە بۆئەوەی کەلەگەرویان بچێتە خوارەوە ئاوی داخی وای بەسەردا دەکەن کە ڕێخۆڵەکانیان پارچەپارچە دەکات بەڵام نامرن تا لەوە رزگار ببن، تەنانەت پەل‌وپۆی ئەودرەختە ئەوەندە ناشیرینە هەر تەماشاکردنی ئێش‌وئازارە بۆدۆزەخیان ، چەندین جۆری تر سزای تێدایە، لەوانە ئاوی داخ کەبەسەریاندا ئەکرێت‌و دەرخواردیشیان ئەدرێت، لەغاوی ئاسنین‌و پێوەندی حەفتاگەزی، هەڵبەزو دابەزێکردنیان لەناو ئاگردا وسزادانیان بەماری ناو ئەوئاگرەودەیان سزای تر کە لە ئایەت و لە فەرمودەی دروستدا هاتون کە باوەڕبون پێیان واجبە جا لێرەدا لەبەر کورتکردنەوەی باسەکە هێنانی بەڵگەکان ئەخەینە ئەستۆی خۆتان.

## پاشگەزبونەوە لەئیسلام

هەرموسڵمانێك وازلەئایینی ئیسلام بێنێ کەژیرو بەکەیفی خۆی بێو بچێتە سەر هەر ئایینێکی تر ئەوکەسە بەپاشگەزبو دادەنرێتو هەموعیبادەتەکانی پێشوی هەڵدەوەشێتەوەو پاش داوا کردنی پەشیمان بونەوە ئەگەرنەگەڕایەوەبۆسەر ئایینی ئیسلام دەبێ بکوژرێت،وەك لەپیشدا باسمانکردکە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی: ( مِنْ بدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلوه) جائەوپاشگەزبونەوە لەبیروباوەڕدابێ وەك هاوەڵ دانان بۆالله یان دان پێدا نەنانی یان باوەڕی بە سیفەتێك لە سیفەتە زانراوەکانی نەبێ یان شتێکی بۆ دابنێت کە الله خۆی بەدرۆی ئەخاتەوە وەك منالۆوهاوسەرو هاوشێوە یان باوەڕی بەفریشتەکان یان جنۆکە یان پەڕاوەکان یان پێغەمبەران یان باوەڕنەبون بە قەزاوقەدەرخەیرو شەڕی نەبێ یان هەر شتێکی زانراوی تری ئایینی وباوەڕی پێی نەبێ ئەوکەسە پاشگەزبوەیەو کافرە. مادام لەپێشدا ئیسلامی ناسیبێ.

یان ئەوپاشگەزبونەوە لە وتاردابێ وەك ئەوەی کە سوێند بخوات بەدرۆ بەغەیری ئایینی ئیسلام یان بڵێ: من بێوەریم لەئیسلام یان جنێو بەالله یان قورئان یان پێغەمبەر بدات بەراستی بێ یان بەشۆخی ئەوە ئەوکەسە کافر دەبێ هەروەها زانایان یەك قسەن لەبارەی کافربونی ئەوکەسەی کە قسە بەدایکی باوەڕداران خاتون عائیشە بڵێ. هەروەها هەرکەسێك بەقسە هێرش بکاتە سەر ئایینی ئیسلامو تانەو تەشەری لێ بدات یان بانگەوازبکات بۆ بیروباوەڕێکی بێدینیو خوانەناسی ئەوەش کافرو پاشگەزبووەیە.یان ئەوپاشگەزبونەوە لە کردارداببێ.

## باشترین خەڵك پاش پێغەمبەران یارەکانن (الاصحاب)

باشترین خەڵك پاش پێغەمبەران یارەکانن (الاصحاب) خوا لێیان رازی بێت، کە باشترینیان ئەبو بەکرەو پاشان عومەرو پاشان عوسمان و پاشان عەلی یە – خوا لە هەموویان رازی بێت – یارەکان هەمویان بە خەلافەتی ئەو چوار کەسە رازی بون و یەکتریان خۆش ویستوە ئەوە ئەبینین دواترینیان عەلیە لە خەلافەتدا کوڕی خۆی ناو ناوە بە ناویانەوە ، ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانی هەبوە بەڵام دین دوژمنان وا پیشان ئەدەن کە ئەوانە دوژمنی عەلی و عەلیش دوژمنی ئەوان بوە لە حاڵێکدا کە عەلی کەلسومی کچی خۆی داوە بە عومەر خوا لە هەموویان رازی بێت،ئایا دەگونجێ مرۆڤی خواناسی نەترس کچی خۆی بدا بە دوژمنی؟

بزانە کە خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دایکی باوەڕدارانن و بێ ڕێزی بەوان بێ ڕێزی بە دایك کردنەو تاوانێکی گەورەیەو نسبەتی داوێن پیسی لەوان تانەدانە لە پێغەمبەر و گاڵتە پێ کردنیەتی کە بەدەقی قورئان کافر دەبن ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ / بڵێ ئایا ئێوە بە خواو بە نیشانەکانی و بە پێغەمبەرەکەی گاڵتەئەکەن بەهانە مەهێننەوە بە حەقیقەت پاش باوەڕبونیشتان کافر بوون﴾[1]. پێم بێژن کێ هەیە نیسبەتی زینا بدرێ لە خێزانی و پێخۆشحاڵ بێت ؟ بەتایبەت ئەوپێغەمبەرە بە غیرمتەی (ﷺ)کەلەسەر بێڕێزیکردن بەنافرمتێکی موسڵمان حەوسەد جولەکەی لەمەدینەدا دەر کردوە؟!! پەروەردگاری عالەم کاتێ کە ئەفەرموێ :

---

[1] سورة التوبة / ٦٥

﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ۗ / پێغەمبەر مافی زیاتری هەیە لەسەر باوەڕداران لەنەفسی خۆیان و خێزانەکانی دایکانتانن ﴾[1] هیچکامیانی جیا نەکردۆتەوە هەر وەکو دەربارەی یارەکان ئەفەرموێ : ﴿رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ / الله رازیە لەئەوان ئەوانیش رازین بەوەی کە الله پێیان دەبەخشێت﴾[2] پێویستە لە سەر موسڵمانان رێزی یارەکان بگرن و قسەی ناشرین سەبارەت بەوان نەکەن چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ :

{ لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ/ جنێو بە یارەکانم نەدەن بەڕاستی هەر کام لە ئێوە - کە تازە موسڵمان بوون - ئەگەر بە ئەندازەی چیای ئوحود ببەخشێ ناگات بە بەخشینی پڕ مشتی یەکێکیان یان نیوەی مشتی }[3]

ئاشکرایە کە پێویستە لەسەر موسڵمانان دژایەتی ئەو جۆرە رەفتارە پیس و بێ رەوشتیە بکەن، چونکە هەتکی حرومات‌ەو هەتکی حروماتیش بەرپەرچدانەوەی واجبە لەسەر موسڵمانان .

بزانە بە وتنی شایەتومان مرۆڤ دێتە ناو چوار چێوەو دائیرەی ئیسلامەوەو ئەرکە ئیسلامیەکانی لەسەر پێویست ئەبێ کە لە مانای ئیسلام و ئیمان و ئیحساندا زانیوتەو ئەبێ بە موسڵمان تەماشای بکەیت و نوێژی لە پشتەوە بکەیت و ئەگەر مرد نوێژی لەسەر بکرێت – بێجگە

---

[1] – سورة الأحزاب /٦

[2] - سورة البينة / ٨

[3] – متفق عليه

لە شەهید ـ بەو مەرجەی شتێك نەكات كە لەو چوار چێوەیە دەری بكات

بزانە ئەو شتانەی كە مرۆڤ لەو چوار چێوەیە دەر ئەكات زۆرن بەلأم زانایان دەشتیان داناوە كەكۆكەرەوەی ئەو شتانەن ٠

یەكـەم ؛ هـاوەڵ دانـان بـۆ الله لـە بەندایەتیـدا وەك الله سـبحانه ئەفـەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ بە بێگومان كە الله هەرگیز خۆش ناوێ لەوەی كە شەریكی بۆ قەرار بدرێت‌ولە تاوانی شرك هەرگیز چاوپۆشی ناكات مەگەر تەوبە بكات، وە لە خواروی شركەوە الله لە گوناهەكانی تر خۆش دەبێت بۆ هەر كەسێك كە ئارەزۆی لێ بێت ئەگەر تەوبەشی لەوتاوانە نەكردبێت، وە هەر كەسێك هاوبەش بۆ الله دابنێت بە راستی درۆو گوناهێكی گەورەی كردوە﴾[1].

وە ئەفـەرموێ ؛ ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ بەبێگومان هەر كەسێك هاوبەشی دانێ بۆ الله ، ئەوسا بەحەقیقەت الله پش بەهەشتی خۆی قەدەغە ئەكات لەو كەسەو جێگای ئاگری جەهەنەمە، وە بەم ئیشە نارەوایە دەبن بە ستەمكار ـ و بۆستەمكارانیش هیچ یارمەتی دەرێك نیە﴾[2].

---

[1] – سورة النساء / ٤٨

[2] –سورة المائدة / ٧٢

پێغەمبەرمان ﷺ کابرایەکی ناردو فەرموی: جار بدەو بڵێ:{ أَلَا لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ إِلَّا نَفْسٌ مُسْلِمَةٌ / ئاگادارین بە راستی ناچێتە بەهەشتەوە مەگەر موسڵمان بێت}[1] واتە پێغەمبەران هەمویان یەک دەنگن لەوەدا کە موشریک ناچێتە بەهەشتەوە. داوا کردن لە مردو و پاڕانەوە لێی و نەزر بۆ کردن و سەر بڕینی حەیوان لەلای گۆڕدا بە نیشانەی ڕێزگرتن و داوای شت لێ کردن لەم بەشە دانراون و مرۆڤی باوەڕدار لە باوەڕ دەر ئەکات . الله سبحانه، هەمومان لەم ئیشە نا پەسندانە دور بخاتەوە .

دووهەم : کەسێک لە نێوان خۆی و الله دا واسیتە دابنێ وداوای شەفاعەتی لێ بکات و پشتی پێ ببەستێت ئەمەش بە کۆی دەنگی زانایان کافر ئەبێ و لە دین دەرئەچێت ، خوا ئەفەرموێ : ﴿قُلْ إِنَّمَا أَدْعُوا رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِهِ أَحَدًا/ ئەی محمد ﷺ بڵێ: من هەر تەنها هاوار لە خوا دەکەم و هیچ کەسێک ناکەم بە هاوبەشی﴾[2] .

سێهەم : جادو ( السحر ) بە هەمو جۆرەکانیەوە مرۆڤ لە ئایین دەر دەکات و کافر ئەبێ . خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَا إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ / وە ئەو دوو فریشتە هیچ کەسێکیان فێری سیحر نەدەکرد هەتا پێیان ئەوتن ئەوسا ئێمە هەر بۆ تاقی کردنەوە هاتوین سا خۆتان کافر مەکەن بە فێربونی سیحر ﴾[3]

---

[1] – متفق علیه

[2]- سورة الجن / ٢٠

[3] سورة البقرة / ١٠٢

چوارەم : هەر كەسێك موشريك بە كافر نەزانێ يان گومانى هەبێت لە كوفرى نەواندا ، يان بڵێت مەزهەبەكەيان راستە چونكە رازى بوون بەكوفرەكوفرە • بێگومان ئەو كەسە وەك نەوە وايە كە دانى بە كوفردا نابێ ، مادام ئينكارى نەكات •

پێنجەم : كەسێك پێى وابێ كە رێبازى جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) تەواوترەو فرمانى ئەو جوانترە لە فرمانى پێغەمبەر (ﷺ) وەك ئەو كەسەى كە حوكمى تاغوت بە چاكتر دابنێت تاحوكمى الله جل جلاله ئەوسا ئەويش بە ئيجماع كافر دەبێ .

شەشەم كەسێك رقى ببێ لە شتێك لەوانەى كە پێغەمبەر (ﷺ) هێناويەتى با كاريشى پێ بكات ئەويش كافر ئەبێ لەبەر ئەم فەرمودەيەى كە الله ئەفەرموێ : ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ / ئەوەش لەبەر ئەوەبو چونكە بەبێگومان ئەوان خۆشيان نەدەهات لەوەى كە خوا رەوانەى كردبو، ئەوسا(الله)يش كردارەكانيانى لێ هەڵوەشاندنەوە﴾[1] .

حەوتەم : گاڵتە كردن بە شتێك لەوانە كە پێغەمبەر (ﷺ) باسى كردون وەك پاداشت و سزاو بەهەشت و دۆزەخ ، خواو نيشانەكان و پردى سيرات و هەر شتێك لە ئايينداا ناسرابێ بەلگەيش ئەو ئايەتەيە كە لە پێشدا باسمانكرد ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ ..﴾، كە بەوانە كابراى باوەڕدار لەباوەڕ دەر ئەچێت و كافر ئەبێ •

---

[1] سورة محمد / ٩

هەشتەم : پشتگیری موشریکان و یارمەتیدانیان دژی باوەڕداران بەڵگەی ئەمەش ئەمەیە کە اللە ئەفەرموێ : ﴿ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ / ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە هەرگیز جولەکەو گاور نەکەن بە دۆست و یارمەتی دەری خۆتان ئەوانە خۆیان هەندێکیان دۆست و یارمەتی دەری هەندێکیانن و هەر کەسێك لە ئێوە کەئەوان بکات بە دۆستی خۆی دەی بە راستی ئەویش لەوان دادەنرێت بەبێگومان کە اللە سبحانە هەرگیز گەلی ستەمکاران رێنمایی ناکاتونایانگەیەنێت بەخۆشبەختی ﴾ [1]

نۆهەم : هەرکەسێ پێی وابێ کە هەندێ کەس ئەتوانن لە یاسای پێغەمبەر(ﷺ) دەربچن ئەوسا ئەوەش کافر ئەبێ، وەك ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ / وە هەر کەسێك رێبازێك بێجگە لە رێبازی ئیسلام هەڵبژێرێت ئەوسا با بزانێت هەرگیز لێی وەرناگیرێت و ئەو لە رۆژی قیامەتدا لە ریزی زیان لێکەتوانە ﴾ [2].

دەهەم : پشتکردنە ئایینی خوا نەفێزی ببێ و نە کاری پێ بکات ئەمە با باوەڕیشی هێنابێ لە ئایین دەر ئەچێت و کافر ئەبێ ، لەبەر فەرمودەی خوای بەڵادەست کە ئەفەرموێ :﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ

---

[1] ـ سورة المائدة / ٥١

[2] – سورة ال عمران / ٨٥

عَنْهَآ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ / وە کێ هەیە ستەمکارتر لەو کەسەی کە بە نیشانەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاری بکرێت پاشان پشتیشی تێ بکات؟ بەبێگومان کە ئێمە تۆڵە لە ستەمکاران وەردەگرین ﴾[1] بزانە ؛ کە فرمان بە چاکەو بەرگری لە خراپە ئەرکی سەر شانی موسڵمانانە و ئەبێ ئەنجامی بدەن .

لەبەر فەرمودەی پەروەردگاری بالا دەست کە ئەفەرموێ ؛ ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ /جا لە ناو موسلمانانەدا پێویستە کۆمەڵێکی تایبەت هەبێت کە خەڵکی بانگ بکەن بۆ ئیسلام . کە ئیسلام هەموی خێرە و تاکە ئیشێکی تێدا نیە کە خێر نەبێت . ئەوسا فرمان بکەن بە چاکەو بەرگری بکەن لە خراپە، جا بە راستی ئانەوانە رزگارن﴾[2] بە پێچەوانەوە ئەگەر وا نەکرا موسڵمانان شەرمەندەو سەر شۆڕ دەبن وەك ئەمڕۆ.

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەفەرموێ :{وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ، أَوْ لَيُوشِكَنَّ اللَّهُ تَعالى أن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عِقاباً مِنْهُ، ثُمَّ تَدْعُونَهُ فَلا يُسْتَجَابَ لَكُمْ " / سوێند بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە دەبێ فرمان بدەن بەچاکەو بەرگری بکەن لەخراپە ئەگینا

---

[1] - سورة السجدة / ٢٢

[2] - سورة ال عمران / ١٠٤

نزیکه خوای بالادەست سزاتان بۆ بنێرێ، پاشان بانگی بکەن و وەلام نەدرێتەوە}[1]

بزانە حوکم کردن بەوەی کە خوا ڕەوانەی کردوە واجبە لەسەر هەمو موسڵمانان و هەرکەسێ لەو یاسایە لادات بە عەمدی کافرەو هەمو فرمانێك کەپێچەوانەی قورئان بێ فرمانێکی نەزانانەو بێ سودە.

بزانە کە کرداری مرۆڤ دوو بەشە ، هەڵبژاردن (الاختیاری ). وەناچاری ( الاضطراری ) مرۆڤ لەسەر یەکەمیان پاداشت و سزا وەردەگرێ ، بەڵام لەسەر دووهەمیان نە پاداشت هەیەو نە سزا ٠

بزانە کە خوا تاکەو وێنەی نیە لە زاتیدا و لە سیفاتیداو لە کرداریداو هیچ کەس وەك ئەونیەوە ئەوناوو سیفەتانەی کەلەشێوەی ئەوناووسیفەتانەی خودانو ئێمە بۆخۆمانی دادەنێین تەنهاناووسیفەتی روتنوهیچی تر٠

بۆ نمونە : کابرایەك ناوی کەریمە بەڵام لەوانەیە هەندێ جار ئەو کەرەمەی تێدابێ بە شێوەیەك بەڵام هەرگیزای هەرگیز ناگاتە کەرەمی الله ، بەڵکو لەوانەیشە ئەوکەسە بەپێچەوانەی ئەو سیفەتەش بێت ، واتە کابرای کەریم رەزیل بێت ٠

بزانە شەفاعەت واتە پاڵپشتی و یارمەتیدان دوو جۆرە : یەکەم : شەفاعەت لە قیامەتدا ئەمە تایبەتی الله یەو داوا لەکەس ناکرێت تا ئەو زاتە ماوە نەدات وەك خوای بالادەست ئەفەرموێ ، ( قُل لِلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعاً / بڵێ تەواوی شەفاعەت هەر مافی الله یە ) .

---

[1] قال الترمذی حدیث صحیح

ئیجازە دانیشی دوو مەرجی هەیە یەکەم : ئەبێ خوا ئیجازە بدات بۆ شەفاعەت کەر کە شەفاعەت بکات وەك ئەفەرموێ :﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ / کێ هەیە کە لەلای الله تکابکات و شەفاعەت بکات مەگەر بە ئیزنی خۆی بێ ؟ ﴾[1].

دووەم : رازی بێت بە شەفاعەت بۆکراو وەك ئەفەرموێ :﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ / شەفاعەت ناکەن مەگەر بۆکەسێ کە الله پێی رازی بێ ﴾[2].

جۆری دووهەمی شەفاعەت لە نێوان خەڵیکدایە ئەمە کردارێکی چاکە لە کرداری چاکەداو حەرامە لە کرداری حەرامدا هەروەك الله سبحانه ئەفەرموێ : ﴿ مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ / هەرکەسێ شەفاعەتێکی جوان بکات ئەوە بەشێکی چاکەی بۆ هەیە ، وە هەرکەسێك شەفاعەتێکی خراپ بکات ئەویش بەشێکی لەو خراپەیە بۆ هەیە﴾[3]

بزانە وەسیلەش هەر دوو جۆرە : جۆرێکیان دروستە وەك ئەوەی کە کارێ لە کارە باشەکانی خۆی بکات بە وەسیلە بۆ ئەوەی کە الله ئەو مەبەستەی کە داوای دەکات بۆی جێ بەجێ بکات وەك ئەوکەسە بڵێ بە هۆی ئەو باوەڕەی کە هەمە پان ئەو نوێژەی کە بۆت ئەکەم یان ئەو

---

[1] - سورة البقرة / ٢٥٥
[2] - سورة الأنبياء / ٢٨
[3] - سورة النساء / ٨٥

چاکەیە لە فلان ڕۆژدا کردومە ، ئەمە مانای ئەو ئایەتەیە کە ئەفەرمویّ : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓاْ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ / ئەی باوەڕداران لەخوا بترسن وەسیلەو هۆ پەیدا بکەن بۆلای ئەوو جیهاد بکەن لەڕێگای دا ئومێدە کەرزگاربن ﴾[1] .

وەك ئەو فەرمودەیەی کە باسی ئەوسێ کەسەمان بۆئەگێڕێتەوە کە لە دوایدا دەرگای ئەشکەوتەکەیان بۆ کرایەوە ، چونکە باشترین کرداری خۆیان کرد بە تکا کار لەلای اللە .

جۆری دووهەم کە قەدەغەیە ئەوەیە کە لە شەرعی اللە دا نەهاتوە وەك کردنی پیاوچاکانی مردو بە تکاکارو داوای یارمەتیان لێ بکرێت کە ئەمە بە ئیجماعی پێشەوایانی ئایین حەرامەو دروست نیە . کە لە پێشدا وەلأمی هەندێ قسەی نەزانان دراوەتەوە کە زاتی اللە بە خەڵك ئەشوبهێنن .

بزانە زیارەتی گۆڕستانیش بۆ پیاوان دوو جۆرە ،جۆرێکیان شەرعی یەو دروستە کە بریتیە لەوزیارەتەی کە بە مەبەستی بیرکردنەوە لە قیامەت و پاشە ڕۆژ سەردانی ئەو گۆڕستانە ئەکرێت لە بەر فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرمویّ ،{ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا / من لە پێشدا ئێوەم مەنع کرد کە سەر لە گۆڕستان بدەن}[2] . چونکە ئەو کاتە تازە لە شیرك و بت پەرستی ڕزگاریان ببون و بە باشی مانای یەکتا پەرستیان نەدەزانی جا کاتێ لە یەکتا پەرستی شارەزا بونو شیرك و بت

---

[1] سورة المائدة / ٣٥
[2] رواه مسلم

پەرستیان بە تەواوی فرەدا — جا ئێستا برۆن سەر لە گۆڕستانەکان بدەن، تا دوا رۆژتان بخاتە بیرەوە ٠

جۆری دووهەم کە شەرعی نیە ئەو سەردانەیە کە کابرا ئەچێت داوای شت لە مردوان ئەکات وداوای بەدەمەوە هاتن و یارمەتیان لێ دەکات کە ئەم پارانەوەیە عیبادەتەو نابێ لە جگە لە اللە داوا بکرێت ٠ اللە سبحانە، لە زەمی ئەوکەسانەدا کە ئەم پیاو چاك و خاوەن گۆڕانە بە فریاد رەس یان تکاکار یان لابردنی گیرو گرفتەکان یان پێدانی منالّ و جگە لەوانەش لەو خاوەن گۆڕانە دەکەن ، ئەفەرموێ :﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ / ئەوکەسانەی کەجگە لەاللە ئەکەن بەدۆستویارمەتی دەری خۆیان . ئەڵێن . ئێمە هەر بۆ ئەوە لەوانە ئەپارێینەوەکە لە اللە نزیکمان بکەنەوە ﴾ [1]

وە لە سوورەتی یونسدا وتمان ئەوانە ئەڵێن﴿هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ / ئەوانە شافیعی ئێمەن لە لای اللە بەڵێ ئەم جۆرە سەردانە ی گۆڕستانەکان تاوانەو حەرامە ﴾[2].

ئەڵێن جارێکیان کابرایەك لەلای گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) دوعای ئەکرد عەلی کوڕی حوسین دی و مەنعی کردو وتی : بێگومان پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی :{ لَا تَتَّخِذُوا قَبْرِي عِيدًا / گۆڕم مەکەن بە جێگای هەمیشە سەرلێدان و دوو بارە کردنەوە }[3] واتە ئەگەر تۆ لە خوا

---

[1] - سورة الزمر / ٣
[2] - سورة يونس / ١٨
[3] - رواه احمد وغيره

ئەپارێیتەوە بۆ لەوێدا ؟ خۆ الله لە هەمو جێگایەکدا ئاگای لە تۆیە ، تەنانەت سەلام کردن لە پێغەمبەر (ﷺ) لە دورو لەنزیکەوەوەکو یەکەو الله فریشتەگەلێکی داناوە بۆ گەیاندنی سەلامەکان بە پێغەمبەرمان (ﷺ) ئەویش خەلاتێکی الله یە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئومەتەکەیشی کە لە هەر کوێدابن سەلام لە پێغەمبەرەکەیان بکەن دڵنیابن کە پێی دەگات

بزانە کە سەفەری دور دروست نیە مەگەر بۆ یەکێك لەم سێ شوێنانە یەکەم : بۆ مالّی خوا لە مەکە٠کەیەك نوێژ لە مەکەدا بە سەد هەزارە ٠

دووهەم : بۆ مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینەدا ٠کە یەك نوێژ لەم مزگەوتەدا بە یەك هەزارە ٠

سێهەم : مزگەوتی ئەقسا لە فەلەستین ٠ کە نوێژێك لە ئەقسادا بە پێنج سەد نوێژە ٠بزانە گەشت و سیاحەتی موسڵمانان جیهادە لە ڕێگای الله دا ٠

بزانە فێربونی سیحرو کار پێکردنی کوفرەو هیچ سودێکی تێدانیە، بەڵکو هەر تاوانە ٠بزانە سێ پاری شەرعین ، تیر ئەندازی و سواری و یاری پیاو لەگەل خێزانی خۆیدا باقی بێ سودو کات بە فیڕۆدانە، وەئەگەر لەسەر بردنەوەو دۆڕانیش بێت ئەوە قومارە بە تایبەت تۆپانێی ئێستا حەرامەو تەماشا کردنیشی حەرامە ٠

بزانە کە مرۆڤ بە حەوت قۆناغدا دەڕوات ٠

یەکەم : قۆناغی ( نطفە ) یە کە لە پشتی پیاوەوە ئەگات بە ڕەحمی ئافرەت و لەوێ دەگرسێت.

دووهەم : قۆناغی ( علق ) بە شێوەی زالو یان خوێنێکی مەیوەو بە دیواری رەحمدا هەڵواسراوە .

سێهەم : بە شێوەی پارویەکی دان پێدانراوە کە لە پاش سەدو بیست رۆژ گیانی تێدەکرێت .

هندێ جار لە چڵ رۆژیدا گیانی تێ دەکرێت پاش ئەمانە کە قوناغی چوارەمە لە دایك ئەبێ و کۆرپەلەیەکەو پێ ئەنێتە قۆناغێکی ترەوە کە لە حەوت ساڵیدا پێویستە لەسەر باوك و دایك کە فرمانی نوێژکردنی بەسەردا بدات وە لە دەساڵیدا ئەگەر تەی کرد لێی بدات وە لە پانزە ساڵیدائەگەر کوڕ بو نوێژی نەکرد ئەبێ دەری بکات ، هەر باوك و دایکێك ئەم رەفتارەی لەگەڵ منداڵەکەیدا نەکرد ئەوە تاوانبارە با منداڵەکەیش پاشان باش دەرچێت، وە دەبێ لە سەرەتاشدا ناوێکی جوانی بۆ دانێ.

پێنجەم : مردن و قۆناغی بەرزەخ کە لەوێشدا ژیانێك هەیە بۆ رۆح ، سزاو خۆشی ئەبینێ کەبەدەقی ئایەت وفەرمودە سابتە .

شەشەم : زیندو بونەوە بۆ مەحشەر کە هەمو مەخلوقات زیندو ئەکرێتەوەو رۆژ دێتە یەك میلی و هەرکەس بە گوێرەی کردەوەی رەفتاری لەگەڵدا ئەکرێ هەندێ هەیە تا قولە قاپی و هەندێ هەیەتا ئەژنۆی و هەندێ تا ناوکی و هەندێ تا چەناکەی لە ناو قوڕی عارەقی خەڵکی مەحشەردایەکە حەفتا مەتر قولای زەوی تەڕ ئەکات ، حەوت کۆمەڵیش هەن کە لەو رۆژەدا لە ژێر سێبەری عەرشی اللە دان کە هیچ سێبەرێك نیە بێجگە لەو سێبەرە پیرۆزەو لای کەم ماوەی پەنجا

هەزارسالّە وەك لە فەرمودەی سەحیح دا هاتوە کە لە پاشدا شەفاعەت دەست پێ دەکات ، کە پێغەمبەرمان(ﷺ) یەکەم شەفاعەت دەکات کە بە شەفاعەتی گەورە بەناوبانگە ئینجا رێگای شەفاعەت ئەدرێ بە پێغەمبەران ( علیهم السلاَم ) ٠

ئینجا بەرەو پردی پەڕینەوە بۆ بەهەشت ( پردی سیراَت ) ئەبڕێین لەو کاتەدا ئیتر ئەم زەویە ئەگۆڕێ بە زەوییکی تر ٠

بزانە کەهاتنی دەجال راستەو فیتنەیەکی گەورەیەو هاتنە خوارەوەی عیساو کوشتنی دەجال کە بەدەستی ئەو دەبێ لەشاری (لود)ی فەلەستین دا راستەودێتەجێ.

بزانە کە ئەم جیهانە دوای دێت و رۆژ ئەکوژرێتەوە یان لێڵ ئەکرێت و ئەستێرەکان هەڵدەوەرن و چیاکان دەبن بە تۆزو با، بەملاو بەولایان دەبات و چاڵ و جۆڵەکانی ئەم زەویەی پێپڕ ئەکاتەوە کە ئەم زەویە ئەبێ بە دەشتێکی کاکی بە کاکی و نە بەرزی و نە نزمی تێدا نامێنێ ، بەڵام لەو کاتەدا هیچ باوەڕدارێك نامێنێ و اللە ی میهرەبان ئەوان بە هۆی بایەکەوە گیان ئەکێشێ و ئەو روداوە سەختە نابینن تەنها خوا نەناسان ئەمێننەوە کە هیچ شەرم و شورەییەکیان لەلا نابێو وەك حەیوان لە یەك هەڵدێن جا دنیا بەسەر ئەواندا کاول دەبێ ٠

بزانە بڕیاری دۆزەخی یان بەهەشتی بوون بۆ هیچ کەسێك بە تایبەتی نادرێ مەگەر بەنەس سابت بوبێت بەلاَم چاوەڕێی پاداشتی چاك ئەکرێت بۆ چاکە کاران و مەترسی سزا هەیە بۆ خراپە کاران، بەلاَم بەگشتی کافر دۆزەخیە و باوەڕدار بەهەشتیە ٠ هەروەك اللە سبحانە،

ئەفەرموێ ، ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَٱلْمُشْرِكِينَ فِى نَارِ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ شَرُّ ٱلْبَرِيَّةِ / بێگومان ئەوانەی کەکافرن کە جوو دیان و موشریکن لە ناو ئاگری دۆزەخدان هەمیش ئەمێنننەوە لە ناویدا کە ئەوانە خۆیان خراپترین دروستکراوی خودان ﴾[1]. وە ئەفەرموێ ،﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ / بێگومان ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردوە ئەوانە خۆیان چاکترین دروستکراوی اللە ن ، پاداشتی ئەوانە لەلای پەروەردگاری خۆیان باخچەکانی دانیشتنە کە بە ژێریاندا روبارەکان دەڕۆن ئەمێننەوە تیایاندا بۆ هەمیشە کە اللە رازیە لەوان و ئەوانیش رازین بەو پاداشتەی کە اللە پێی داون ئەوە بۆ کەسێکە کەلە پەروەردگاری خۆی بترسێت﴾[2]

بزانە کە هیچ کەسێك جگە لە اللە نهێنیەکان نازانێ و هەرکەسێ ئیدعای غەیب زانین بکات یان شێتە یان جادو گەرو فریودەرە ، اللە ئەفەرموێ،﴿ قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ / بڵێ نە لەئاسمانان و نە لە زەویدا هیچ کەس جگە نە اللە

---

[1] سورة البينة / ٦
[2] سورة البينة / ٧ ـ ٨

غـــەیب نـــازانێ ، وەهەســـت ناکـــەن کـــە کـــەی زیندو ئەکرێنەوە﴾[1] .کەئەمەلەپێشدا بەدرێژی زانیوتە.

زانستی پێغەمبەران – سەلامی خوایان لێ بێت – پاش ئەوەیە کە اللە شارەزای کردون و زانستی دۆستەکانی خوایش هەروەهاو پێش ئەوەی کە ئەم شتانەیان بە هەر رێگایەك لەلایەن اللە وە بۆ رۆشن کرابێتەوە هیچیان لەو بارەوە نەزانیوە ٠

بزانە کرداری مەخلوق دروستکراوی خوایەو کەسبی خەلکە﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ / اللە ئێوەی دروست کردوە و ئەوەیش کە ئەیکەن ﴾[2] وە ئەفەرموێ ،﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَىْءٍ / اللە دروست کەری هەمو شتە ﴾[3] واتە مرۆڤ ئیرادە ئەکات و بەرەو ئەوکارە رو ئەنێت بەلاّم ژیری و هێزو توانایی بۆ ئەو کارە هەراللە خۆیەتی ئەیدات بەوکەسە .بۆ نمونە ، کاتێك قوتابخانەیەك دروست ئەکرێت ئەگەر لە خوارەوە تەماشای بکەیت ئەڵێیت کرێکار دروستیان کردوە کەمێ بەرەو ژورتر ئەڵێیت فلاّنە موهەندیس دروستی کردوە کەمێ بەرەوژورتر ئەڵێیت وەزیری پەروەردە دروستی کردوە کەمێ بەرەو ژورتر تەماشا بکەیت ئەڵێیت حکومەت دروستی کردوە ، قسەکانیش هەمویان راستن و دژی یەکتر نین با لە روالّەتیشدا وا دەرکەوێت کە دژی یەکن ، ئەمە بزانە بۆ هەمو ئەوشتانەی کە مرۆڤ ئەنجامی ئەدات یان بۆی ئەنجام نادرێت لە خوارەوە

---

[1] -سورة النمل / ٦٥

[2] - سورة الصافات / ٩٦

[3] - سورة الزمر / ٦٢

تەماشاكەيت مرۆڤەو لە سەرەوە تەماشا بكەيت الله يە – جل جلاله – لە راستيدا مرۆڤ توانای هەلبژاردنی پێدراوە جا لەسەر ئەو هەڵبژاردنەی تۆڵە يان پاداشت وەرئەگرێ. بەهيوای سود وەرگرتنی براوخوشكانی موسڵمانم.

عبدالقادر توحيدی

١٥/شەعبانی/١٤٣٣ كۆچی، هەولێر